# تیۆری مەدەنیەت ..
## سەرچاوەی سەرهەڵدانی مەدەنیەتی خۆرئاوا

ن. موکوتساوا یوکیچی
و. بۆ فارسی: جەنگیز پەهلەوان
و. بۆکوردی: ستار کریم

جیاوازی نێوان مەدەنیەتی خۆرئاوا و مەدەنیەتیەکانی تر لەوەدایە کە لە کۆمەڵی خۆرئاوادا یەکسانی بیروباوەڕ بوونی نییە, بیروباوەڕی جۆراوجۆر لەپاڵ یەکدا ئامادەن. بۆئەوەی لە یەك شێوەدا ئاوێتەبن. بۆنموونە هەندێ تیۆریی هەیە کە پشتیوانی لە توانای حکومەت دەکەن, لەکاتێکدا کە هەندێ تیۆریی تر هەن کە پاڵپشتی لەپێشکەوتنی دەسەڵاتی مەزهەب دەکەن. لەوانەش لایەنگرانی پاشایەتی, حکومەتی دینی, حکومەتی ئەشراف زادەکانو حکومەتی دیموکراسی. هەریەکەیان بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات, هەریەکەیان پابەندی تیۆری خۆیانن. گەرچی لەنێوانیاندا ململانێ هەیە, بەڵام هەرگیز هیچکامێکیان بەتەنیا سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنن. لەبەرئەوەی کە ململانێ هەرگیز بەقازانجی لایەنێك تەواونابێت, هەموو لایەنەکان ناچارن بێ ویستی خۆیان لەگەڵ یەکتری بژین. کاتێك کە ژیان لەگەڵ یەکتریدا دەستپێدەکەن سەرباری ناکۆکی نێوانیان, هەریەکەیان مافەکانی ئەوی‌تر بەرەسمی دەناسێتو مۆڵەت ئەدات کە بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات. لەو

دیــدەوە کــە هــیچ تیۆرێــك بەتــەنیا ناتوانێــت هــەموو حاڵەتــەکان بگرێتەئەســتۆی خــۆی و دەبێــت رێگەبــدات قوتابخانــە فکریــەکان پانتاییەکیان هەبێت بۆ چالاکیەکانیان, هەریەکەیان بەراستگۆییەوە بەرامبەر بە هەڵوێستی خۆی لە سنوورێکی دیاریکراو لە مەدەنیەتدا رۆڵێك دەبینێت و کاتێك هەموویان لەتەنیشت یەکەوە دابنێین لەئەنجامدا لەیەك مەدەنیەتــدا کۆدەبنــەوە. بەوجۆرەیــە کــە ســەربەخۆیی و ئــازادی لــە خۆرئاوادا گەشەیکردوە.

مەدەنیـەتی ئـەمڕۆی خۆرئـاوا لەگـەڵ رووخـانی رۆم دەسـتیپێکرد. دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی رۆم لەسـەدەی چـوارەمی مـیلادیدا بـەرەو ئاوابوون رۆیشت و لەسەدەی پێنجەمدا گەیشتە لاوازترین ئاستی خۆی. بەربـەرەکان لـە هـەموو لایەکـەوە هێرشـیان کردەسـەری‌و ئـیتر نـەدەکرا دەسـەڵاتی فراوانـی ئیمپراتۆریـەتی رۆم بەزیونـدویی بمێنێتـەوە. هـۆزە ژەرمەنیەکان بەهێزترین هـۆز بـوون. فەرەنسـیەکانیش هـۆزێکی ژەرمنـی بـوون. ئـەم هـۆزە سـەرەتاییانە ئیمپراتۆریەتەکـەیان رامـاڵی و بونیـادی سـەدەها ساڵەی رۆمیـان لـەناوبرد. لەئەنجامـدا دەسـەڵاتێکی توندوتیـژ, بەبێ رکابەر بوە فەرمانڕەوای کۆمەڵ. چەند هۆزێکی سـەرەتایی, مێگـەل ئاسا هەمووشتێکیان بەتەخت‌و تاراج برد. لەئەنجامدا, هەندێك گـەلی نـوێ بنیـات نـراو هەنـدێك گـەلی تـر ئاوێتـەی یـەکتر بـوون. لـەکۆتایی سـەدەی هەشتەمدا سەرۆك هۆزی فەرەنکیـەکان بـەناوی (شـارلمانی) دەسـەڵاتی خۆی بەسەر فەرەنسای ئێستا و, ئەڵمانیا و ئیتالیا فراوانکرد و بـەوجۆرە ئیمپراتۆریەکی گەورەی دامەزراند. هەوڵەکانی ئـەو هەتاڕادەیـەك بـەرەو یەکگرتنی ئەو وڵاتانەی ئەوروپا بوو, بەڵام لەدوای کۆچکردنی, ئەو گەلانە لەیـەکتری دوورکەوتنـەوە و هەوڵـەکانی بـێهودە مایـەوە. لـەم قۆناغـەدا ناوی فەرەنسا و ئەڵمانیاو هەنـدێ نـاویتریش هاتـەبوون. بـەڵام بونیـادی نەتەوەییان بوونی نەبوو. دانیشتوانی هەریەکە لەو وڵاتانـە کەوتبونـە ژێـر توندوتیژو نەیاندەتوانی خواستەکانی خۆیان بەدەست بێنن.

لە دیدی ئەمڕۆدا ئەو قۆناغە بەجیهانی بەربەریـەکان ناودەبرێـت, یـا چــەرخی تــاریکی. چــەرخی تــاریکی نزیکــەی ٧٠٠ ســاڵی خایانــد, لــە رووخاندنی رۆمەوە هەتا سەدەی دەیەم.

## دەسەڵاتی کلێسا

کلێسای مەسیحی لە قۆناغی چەرخی تاریکیدا توانی بونیادی خۆی بپارێزێ. لەدوای رووخاندنی رۆم وا دەهاتەبەرچاو کە کلێساش لەناودەچێت, بەڵام بەوجۆرە نەبوو. نەوەك تەنیا کلێسا لەناوبەربەرەکاندا بەردەوامی بەخۆیدا, بەڵکو هەتا بەتوندی هەوڵیدا بەربەرەکانیش بەرەو ئایینی نوێ بهێنێ و رایانکێشێتە ناو کلێسا. بەراستی ئازایەتی و زیرەکییان بێئەندازەبوو. چونکە نەیدەتوانی سود لەرێورەسمە ئاینیە بڵندەکان وەربگرێ تا بەرەبەرە جاهیلەکان رێنمایی بکات, لەو رووەوە رێورەسمی نوێو گەلێك ئاینی خۆکردی داهێنا هەتا خەڵکی بەرەو لای خۆی رابکێشێ و لەئەنجامدا باوەڕیان بجوڵێنێ. گەرچی لە دیدگایەکی باڵاتری مەودای مێژووییەوە دەبێت کلێسا بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی بەفێڵ بەرەو خۆی راکێشا, سەرزەنشت بکرێت, بەڵام لەوقۆناغەدا بێیاسایی بەتەنیا سەرچاوەی دەستووری ئەخلاقی دادەنرا. بەبێ رێنمایی کلێسا لەو رۆژگارەدا هەموو ئەوروپا نەیاندەتوانی لە جیهانی جەنگەڵ باشتربن. لەبەرئەوە ناتوانین ئەو کارە شایستانەی کە کلێسای مەسیحی لەو رۆژگارەدا ئەنجامیدا بەکەم دابنرێتو ئەو دەسەڵاتەی ئەو دەمە پەیدایکرد بەرێکەوت دابنرێ. بەگشتی, کاروباری پەیوەست بەجەستەی مرۆڤ, لەئەستۆی دەسەڵاتی جەستەییو دونیایی بوو و کاروباری پەیوەست بە رۆح لە خزمەتی دەسەڵاتی کلێسادا بوو بەشێوەیەك کە لەئەنجامدا هێزە دونیایەکان روبەڕوی هێزە ئاسمانیەکان بوونەوە. بەهەرحاڵ قەشەکانی کلێسا هاتنە ناو کاروباری دنیایی و لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکیدا لە شارەکان خزمەتیان دەکرد, ئەمەش هەمان ئەو رێسایە بوو کە لە رۆژگاری ئیمپراتۆریەتی رۆم مابوونەوە, بەڵام ئەوان تەنانەت لەوقۆناغەشدا دەسەڵاتی خۆیان پاراست. بەشداری قەشەکان لە کۆبوونەوەی کاروبارە دونیایەکانی پاش ئەوقۆناغەشدا ریشەی لە رابردوویەکی دێریندا هەبووە.

## سەرچاوەی حکومەتی جەماوەریی

ئەوکاتەی کە ئیمپراتۆری رۆم دامەزرا, زۆرینەی شاروشارۆچکەکان ئاوێتەی یەکتربوون, سنووری دەسەڵاتی یاسایی رۆم لە شارو و شارۆچکەکان کۆببۆوە (چڕببۆوە).

هەر شارێك یان شارۆچکەیەك یاسای خۆی هەبوو, هەروەها بەپەیڕەوی‌کردن لە دەستوورەکانی رۆم, کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبرد. هەموویان بەیەکەوە ئیمپراتۆرەکەیان پێك دەهێنا, هەتا دوای روخاندنی رۆم, رێسای کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شارەکان وەکوخۆیان مابونەوە, ئەوکارەش بووە هۆکارێکی تری شارستانیەتی داهاتوو.

## سەرچاوەی پاشایەتی

تەنانەت ئەوکاتەی کە ئیمپراتۆریەتی رۆم رووخا, ئەو واقیعەی کە ماوەی سەدەها ساڵ بەناوی ئیمپراتۆری رۆمو فەرمانڕەواکانیشی بە ئیمپراتۆر ناوبرابوون, لە بیرومێشکی خەڵکی‌دا مایەوە. چونکە ئەو ناوانە لە یادەوەری خەڵکدا نەسڕابۆوە, ئەندێشەی رەهای ئاینیش لەگەڵ ئەودۆخەدا بەردەوام بوو. تیۆری‌یەکانی دروستبوونی (پاشایەتی) لەودەمەوە سەریهەڵدا.

## گیانی ئازادی و سەربەخۆیی بەبەربەرەکانی ژەرمەنیەکان

لەو رۆژگارەدا هۆزەکانی بەربەر لەسەرتاسەری ئیمپراتۆریەکەدا بڵاوببونەوە. بەبەراوردکردنی بەڵگەنامە دێرینەکانی بەربەرەکان بەسەختی دەتوانرێت پەی بە رۆحیەتو هەڵسوکەوتیان ببرێت.

بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی رووداوەکانی رۆژگار ئەتوانیت هەست بەوە بکەیت کە ئەوانە دڕندە و توڕە و نەیار بوون بە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی, دواکەوتوویی ئەوانە دەبێت لەئاستی دواکەوتوویی گیانەوەراندا بووبێت. بەم جۆرە ئەگەر بەوردی سەرنجیان لێبدەین, ئەوانە دەبێت رۆحێکی بێباك و سەرکێش و خویەکی پشتبەستن بەخۆ و سەربەخۆیشیان هەبووبێت.

رۆحیـەت و خـوی ئـەوانیش دەبێـت لـەناخی سروسـتی بەشـەرىیەوە هاتبێت, هەریەکەیان خۆیان بە کەسێکی سـەربەخۆ دادەنـا, هەریەکـەیان هـەوڵی خۆشـبەختیان ئـەدا, هەریـەك لەوانـە ئارەزوویـەکی پاڵەوانانـە و رۆحیەتێکی بێپەروای هـەبوە, تەنانـەت گـەر بیویسـتبا نەیـدەتوانی ئـەو ئارەزوە ناوەکیانـەی خەفـەبکات. رۆمـی دێـرین چـەند تیـۆرێکی تایبـەتی خۆی هەبوو سەبارەت بەئازادی, هەروەها کلێسای مەسیحیش کەسانێکی تایبەتی خۆیان هەبوو کە لایەنگری ئازادی بوون. بەڵام ئـەو ئەندێشـەیەی ئازادی و خۆبەڕێوەبردنە بەواتای ئازادی بوو بـۆ یـەك نـەژاد و یـەك هـۆز. ئەوانـە چـەمکی ئازادیـیان ئەوەنـدە فـراوان نـەکردبۆوەو کـە تاکەکـەس بگرێتەوە. رۆحیەتی ململانێی سەربەخۆیی تاکەکەس و گەشـەی تـەواوی ئارەزووەکـانی ئـەو لەسـەرەتاوە لەژەرمەنیەکانـەوە سەرچـاوەیگرت. رۆحی ئازادیو سەربەخۆیی لـە مەدەنیـەتی ئاینـدەی ئـەوروپا کـە هـەتا ئەمڕۆکە وەك گەوهەرێکی بێهاوتایە, لە ژەرمەنەکانەوەبوو.

## میرنشینە فیوداڵیەکان

لەئەنجامدا چەرخی تاریکی کۆتاییهات, هۆزە گەڕۆکـە داگیرکـەرەکان نیشـتەجێبوونو چـەند میرنشـینێکی فیـوداڵی وەکـو سیسـتمی نـوێی دەسەڵات دامەزرا. ئـەم سیسـتەمە لەسـەدەی دەیـەم دەسـتیپێکردو تـا سەدەی حەڤدەیەم کۆتایی پێنەهات. ئەوقۆناغە بـە سیسـتەمی فیـوداڵی ناوبراوە. لەچەرخی فیوداڵیدا فەرەنساو ئیسـپانیا بـەپێی ئـەو سیسـتمە بەڕێوەدەچوونو هەریەك لە وڵاتەکان فەرمانڕەوای خۆیـان هـەبوو, بـەڵام فـەرمانڕەواکانیان تـەنیا چـەند سـەرۆکێکی دەسـتکردوکارتۆنی بـوون. وڵاتـەکان بەسـەر چـەند میرنشـینێکی جۆراوجـۆر(*) دابەشـکرابوون کـە هەریەکـەیان میرێکـی جـەنگاوەر بەتـەنیا بـەڕێوەیدەبرد. ئەوانـە چـەند یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆیان پێکدەهێنا کە بەشێوەیەکی بـاو لـەناو کۆشـکێکدا کـە لەسـەر لوتکـەی شـاخێك دروسـتکرابوون, کۆدەبونـەوەو, باجـدەرەکانیان بەشـێوەی خـەڵکی ئاسـایی لـە بنـاری شـاخکەدا جێگیردەبوون. ئـەوان خـەڵکی ئاسـاییان بـە بەنـدەی خۆیـان دەزانـی و

*principality

ناوی ئەشرافیان (گەورەی ناوچەیەك)یان بۆ خۆیان دانابوو. بە دروستکردنی بونیادی سەربەخۆی سیاسی باکی هیچ کەسێکیان نەبوو هەمیشه لەگەڵ یەکتریدا لەجەنگدا بوون, لە چەرخی تاریکی, ئازادی لە کۆمەڵدا بەسەرنجدان بە تاکەکەسەکان بەدیهاتبوو, بەڵام لە کۆمەڵی فیودالیدا شێوەی بارودۆخەکە بە ئاستێکی زیاتر گۆڕابوو, ئازادی تەنیا پەیوەست بوو بە گەورەکان کە هەم خاوەنی زەوی بوون و هەم خاوەنی کۆیلەو رەعیەت. یاسای گشتی بوونی نەبوو کە رەخنە لەوان بگرێت. هەر میرێك لە کۆشکی خۆیدا حوکمڕانی رەها بوو. تەنیا رێگری رەهای داهاتووی ئەو مەترسییە دەرەکییەکان بوو کە لەلایەن میرەکانی ترەوە روبەڕویدەبوەوە یان لاوازیی دەسەڵاتی خۆی. حاڵەتی حوکمکردن بەگشتی لەسەرتاسەری ئەوروپا بەوجۆرە بوو خەڵکی لەناو سنووری دەسەڵاتی فیودالیدا لەگەڵ یەك فیودالدا سەروکاریان هەبوو نەوەك لەگەڵ پاشایەك. ئەو شوێنانەی کە بەناوی فەرەنسا, ئیسپانیا وك بەشێك لەوان ناسرابوون هێشتا وەك چەند گەلێکی سەربەخۆ نەناسرابوون‌و سەربەخۆیان وەرنەگرتبوو.

## دەسەڵاتی گەورەی کلێسا

لەوەی کە لەپێشتردا باسمان کرد ئەتوانین ئەوە وەربگرین کە جڵەوی دەسەڵات لە قۆناغی فیودالیدا لە سنووری دەرەبەگەکاندا جێگیربوو, بەڵام ئەوە سەرجەم بارودۆخەکەی نەدەگرتەوە, لەبەرئەوەی کە مەحسیییەت بەناو دڵی بەربەرەکاندا چووبووە خوارێ و باوەڕی ئەوانی بەدەست هێنابوو لە سەدەی یانزەهەم تا سەدەی سیانزەهەم گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی خۆی. کارێکی رێکەوت نەبوو کە کلێسا توانی دەسەڵاتێکی وەها بەدەستبێنێ. دووربینی لە ژیانی مرۆڤدا ئەوە پیشان ئەدات, کە گەرچی مرۆڤ دەتوانێت بە دەسەڵاتێکی کاتی بگات, کە ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت ئەتوانێت ملیۆنەها لە دوژمنەکانی لەناوبەرێت, کە ئەگەر لەتوانایدا بێت ئەتوانێت هەمووو سەروەت و سامانی جیهان بۆ خۆی قۆرغ بکات, هەروەها وادێتەبەرچاو کە مرۆڤ ئەتوانێت بەدرێژایی توانا و دەسەڵاتی ئەوەی کە لای پەسەندە ئەنجامی بدات, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بەقولی لەنهێنی ژیان‌و مەرگ بگات. لەبەرامبەر ئەو

نهێنیەدا تەنانەت قارەمانێتی و دەسەلاتی مرۆڤێکی وەك (شارلمانی) یا دەسەلاتی رەهای ئیمپراتۆرێکی وەك (چیَ ئین) بیَچارەو دەستەوسانە. سەروەتو پایە و دەسەلات وەك ئەو هەورانەیە کە با بەناویاندا دەڕوا و پەرت و بلاویان ئەکاتەوە, هەروەها ژیانی مرۆڤیش لە شەونمی بەیانیان زیاتر دەوامی نیـیە. لاوازترین خالی مرۆڤ لەنێو ژیاندا درك نەکردنیەتی بەنهێنیەکان, خالێکی لاواز کە ناتوانێت بەشێوەیەکی تەواو نهێنیەکانی ژیان بپشکنێ. کاتێك کە هێرش بېرێتەسەر ئەو خالە سستە مرۆڤ دەپەشۆکیَو لاوازیی خۆی دەردەخات. لەبەرئەوەی کلێسا رایگەیاند کە رۆلی شایستەی مەزهەب لەوەدایە کە ئەو رەمزانە روون بکاتەوە و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی پەروەردگار رۆشن بکاتەوە, هەروەها لەبەرئەوەی بوێری هەبوو کە وەلامی دودلیەکانی مرۆڤ بداتەوە, ئایا ئەوە دەبێت کە وای بۆ بچێت کە کەسێك ئەتوانێت خۆی لە رۆلی کلێسا غافل بکات؟

بێجگە لەوە چونکە ئەو قۆناغە, چەرخی تاریکی ئەندێشە بوو و بەبیَ بەلگە باسی دەکرد, خەلکی هەتا ئەندێشە پووچەکانیان قبول دەکرد. لەو شوێنەی کە هەموو ولاتەکە رۆحی باوەڕی مەزهەبی و دروستی ئایینی بزواندبووی, کەشێك بۆ بیروباوەڕە تایبەتیەکان نەمابۆوە. ئەم چەوسانەوەیە و سەرکوتکردنی رۆحیە لەگەل ئەو چەوساندنەوەیەی کە شازادەکانی فیودالی لەسەر خەلکانی خۆیان دەیان کرد. ئەوەندە جیاوازی نەبوو. خەسلەتی بارودۆخی ئەو رۆژگارە وەها بوو کە ئەتوانین بلێین مرۆڤ بەسەر دوو بەشدا بەواتای جەستە و رۆح دابەش ببوو. دەسەلاتی دنیایی فەرمانڕەواکانی فیودالی لەسەر هەلسوکەوتی جەستە چاودێربوون, لەکاتێکدا کە شێوەی کارکردی رۆح بەفەرمانی مەزهەب بوو. دەسەلات دنیایی, جیهانی جەستە و دارایی لەژێر دەست دابوو, لەکاتێکدا کە مەزهەب چاودێری جیهانی رۆحانیو میتافیزیکی دەکرد.

ئەودەمەی مەزهەب کاروباری جیهانی رۆحانی گرتەدەستو سەرنجی خەلکی ئەوەندە راکێشا بوو کە زیاتر بوو لە دەسەلاتی دنیایی, ئیتر کلێسا بەوجۆرە درێژەیپیَنەداو لەخۆی پرسی: (کامەیان گرنگترە, رۆح یا جەستە؟ جەستە, هەیکەلێکە و لایەنی دەرەکی هەیە" رۆح, ریشەییەو لەناخدایە.

ئێمە کە ئێستا چاودێری هەست و نەستیان دەکەین, بۆچی دەبێ هەیکەلی دەرەکی فەرامۆش بکەین؟ بە هەر رێگەیەك بکرێت دەبێت دەست بەسەر هەردووکیان بگرین, لەو رووەوە هێرشیان کردەسەر دەسەلاتی فەرمانڕەوا دونیایەکانو لەئەنجامدا کۆتایهێنان بەرۆمو بەداگیرکردنی شوێنەکانو یا بێبەشکردنی دەسەلاتداران لەپلەوپایەشیان زەمینەی بۆ حوکمڕانی کلێسا بەسەر زەویو ئاسماندا رەخساند.

هەر لەو قۆناغەدا بوو کە (پاپ گریگۆری), هانری چوارەم ی لە ئەلمانیا کرد بە کافر, ئەو لە بەفرێکی قورسی زستانێکی سەخت بە پیادەڕەوی و سێ رۆژ و شەو لەبەرامبەر دەروازەکانی رۆمدا وەستا, گریا و داوای بەزەیی کرد.

## سەرهەلدانی حکومەتی جەماوەری

سەرئەنجام هێرشی بەربەرەکان سەرکوت کراو دەسەلاتی میرنشینە فیودالیەکان بە پتەوی جێگیربوو. کاتێ کە میرەکان کۆشکەکانی خۆیان دروستکرد و بەدلنیاییەوە تیایدا جێگەی خۆیان گرت, ئیتر بەوە رازینەبوون کە خواردنی تەواو و کۆشکێکی جوان لەئامێزیانە.

نوێخوازیو خۆشگوزەرانی پەرەیسەند. لە هەولدانی پۆشاکی باشتر و خواردنی بەتام تردا بوون و بەجۆرە پێویستی زیاتر و هەمەجۆری بابەتی رۆژیان داهێنا, ئیتر هیچ کەسێك بە ئارودۆخی سەرەتایی رۆژگاری دێرین رازینەبوو. هەرئەوەندەی پێویستیەك بهاتبایەتەگۆڕێ کەسێك دەهاتو پێویستیەکەی دابین دەکرد, رەنگە ئەمەش لەبەر دروستکردنی جادەی نێوان شارەکان بووبێ. لێرەولەوێ چەند شارێك پەیدابوون و وردە وردە دەولەمەندان و سەرمایەداران دەرکەوتن. بەواتایەکی تر ئەم چەرخە شایەتی بوژاندنەوەی ئەو شار و شارۆچکانە بوو کە لە رۆژگاری رۆمدا لە حالەتی وێرانەدا مابوونەوە. بەلام ئەوەش بەو واتایە نییە کە دانیشتوانی شار یەکەم جار کە کۆبوونەتەوە, بەدەسەلات بوون. بەرەبەرە جەنگاوەرەکان نەیانتوانیبوو چێژی پێشووی خۆیان لە توندوتیژی و بەتالان بردن فەرامۆش بکەن بەلام بە زیادبوونی پێشکەوتنی رۆژگار زیاتر لەو سنوورە نەیانتوانی, لەبەرئەوە چاوتێبڕینی ئەوان لەناو دانیشتوانی شارەکاندا دەم و دەست پوچەل دەکرایەوە

بەوشێوەیەی کە لەبەر دیدی خـەڵکی ئـەو شـارانە کاتـێ کـە جـەنگاوەرە فیودالّیەکان بۆ کرینی کەلوپەل دەهـاتن, بـە کرێـار دادەنـران هـەتا کـە لەکاتێکدا کە هەڵسوکەوتیان لەگـەڵ جنگاوەرەکـان دەکـرد لەهەمانکاتـدا دەبوایـە لەبەرامبـەر نیـەتی خراپـی راوروتیـان ئامادەبوونیـان هـەبێت. لەئەنجامدا دانیشتوانی شار و شارۆچکەکان چەند دیوارێکیان دروست کرد لە پشتەوە هێزەکانی خۆیان وەك بـەرگریکردن لەبەرامبـەر هێرشـبەرانی دەرەکـی دادەنـا. بـەوجۆرە مـەیلێك دروسـت بـوو کـە هـەم لـە قـازانج و هـــەروەها لـــە ناخۆشـــیدا هاوبەشـــی یـــەکتری بکـــەن, لەکاتێکـــدا کـــە کۆبوونەوەکان رێکـدەخرا, خـەڵك بـەدەنگی جـەڕەس لـە دەوری یـەکتری کۆدەبوونەوە, لە دڵێکی پاکەوە پەیمانیان دەبەست بـۆ پشـتیوانیکردنی ئەو گروپ و دەستەیە, وەفاداری بەرامبەریان بۆ یەکتری دەرئـەبڕی. لـەو کۆبوونەوانـەدا ژمارەیـەك پیاویـان لـەناو گروپەکـەدا هەڵـدەبژارد هـەتا بۆئـــەوەی رابەرەکانیشـــیان لێپرســـراوێتی بـــەرگریکردن لـــە دیوارەکـــان (شـــووراکان) بگرنەئەســـتۆ. کاتـــێ کـــە ئـــەو ســـەرکردانە هەڵدەبـــژێران, دەسەلاتی رەهایان دەخستەکار. هەرئەو کارە خۆی شـێوەیەکی تایبـەتی حوکمڕانی بوو. تەنیا سنووردارییەکەشی ئـەوەبوو کـە خـەڵك دەسـەلاتی هەڵبژاردنی کەسێکی تریان هەبوو لە جێگەی یەکێکی تر.

ئەو شارە سەربەخۆیانەی کە جەماوەری خەڵکی شار پێکیان هێنـابوو بـــە (شـــارە ئازادەکـــان)[1] نـــاودەبران. چ بـــەهۆی خـــۆڕاگری لەبەرامبـــەر فەرمانـــەکانی پاشـــا و چ بـــەهۆی جـــەنگ دژی ســـەربازەکانی مـــیر, بەهەرشـێوەیەك هەمیشـە لەحاڵـەتی جەنگدابوون. لـە نزیکـەی سـەدەی یانزەهـەم زۆربـەی ئـەو جـۆرە شـارە ئازادانـە لـە ئـەوروپا سـەریهەڵدا. (میلان) و (لۆمباردی) لە ئیتاليا دەتوانرێت بە بەناوبانگترینی ئـەو جـۆرە شـارە ئازادانـە دابنرێـت. لەئـەڵمانیا لەسـەرەتای سـەدەی سـیانزەهەمدا شارەکانی (لوبك), (هامبۆرگ) و شارەکانی تر یەکێتیـەکیان پێکهێنـا کـە بە (یەکیەتی هانزایی)[2] ناونرا. کاتێ دەسەلاتی ئەوان گەیشتە پلەیەك کە

[1] شاری ئازاد: بە واتای شارێك یان شارۆچکەیەکە کە دانیشتوانەکەی ئازادن.

[2] Hanseatic Legue

یەکگرتنێکی پێکەوەگرێدراو لە پەنجاو هەشت شاریان پێکدەهێنا. نە شاکان و نە شازادەکانی فیودالی هیچیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا نەبوو لەئەنجامدا پەیمانێك بەسترا کە سەربەخۆیی ئەوانەیان بەرەسمی ناسی. شار و چارۆشکە جۆراوجۆرەکان مۆڵەتیان پێدرا دیوارەکانی خۆیان دروست بکەن, سوپا پارێزگاریان بکات چەند یاسایەکیان دانا و خۆیان حکومەتیان بردبەڕێوە. لە رووی شێوە وەك وڵاتە سەربەخۆکان بوون.

## رۆڵی گەورەی جەنگە سەلیبیەکان

کەواتە بەوجۆرەی کە لەپێشەوە باسکرا, لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەم بونیادی کلێسا, پاشاکان, دەرەبەگەکان و خەڵکی ئاسایی هەریەکەیان لە رێرەوی دیاریکراودا دەگۆڕدران و پلەیەکیان لە دەسەڵات پراکتیزە دەکرد. هەموو ئەو هۆکارە پێویستیانە بۆ رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی هەبوو بەڵام هێشتا بەئاستێك لەیەکتریدا تێکەڵاو نەببوون کە یەك حکومەت و یەك وڵات سەرپێ‌بکەوێت ئەوەش کە خەڵکی لەپێناویدا جەنگی بوون هەرگیز لە هەندێ ناوچەی تایبەتی زیاتر نەبوو, هێشتا بەرەو یەکگرتنێکی گشتی نەرۆیشتبوو.

دوایی لە ساڵی ١٠٩٦ جەنگەکانی سەلیبی دەستیپێکرد. جەنگەکانی سەلیبی میللەتەکانی ئەوروپای دەگرتەوە بۆئەوەی هێزەکانیان لەپێناوی مەزهەب رێك بخەن و دەیانویست خاکی ئاسیای بچووك رزگاربکەن. جەنگە سەلیبیەکان بووەهۆی یەکگرتنی میللەتەکانی ئەوروپا و دەرکەوتنی ئاسیا بەشێوەی دوژمنی هاوبەشی ئەوان‌و دروستکردنی وێنەی ئەوروپا لەبەرامبەر ئاسیا, لایەنی ئێمە لەبەرامبەر لایەنێکی ترو توانیان هەستی خەڵك بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو یەك بخەن.بێجگە لەوە چونکە جەنگەکانی سەلیبی وەك نیگەرانی‌یەکی گرنگی میللی بۆ خەڵکانی هەر وڵاتێك دەرکەوتبوو, دانیشتوانی هەموو وڵاتەکان لەرووی بەرژەوەندیشیانەوە یەکیان گرتو بەجدی بیریان لە خۆشگوزەرانی وڵاتی خۆیان کردەوە.

لەم روەوە ئەتوانین بڵێین تەنیا ئاراستەی جەنگەکانی سەلیبی ئەوەبوو کە خەڵکی ئەوروپا هوشیار بن و خەڵکی هەر وڵاتێك بەرامبەر بە وڵاتی خۆی هوشیاری پەیدابکات. لەشکرکێشی‌یەکانی جەنگەکانی

سەلیبی کە لە ساڵی ١٠٩٦ دەستیپێکردو ئەو جەنگانە چەندجارێك وەستانو سەریانهەڵدایەوە و لەئەنجامدا لەساڵی ١٢٧٠ بەشێوەیەکی تەواو وەستا.

گەرچی جەنگەکانی سەلیبی لە بنچینەدا لەژێر کاریگەریی حەماسی مەزهەبیدا هەڵگیرسا بەڵام دوای (٢٠٠) ساڵ روبەڕوی شکست بوەوە. خەڵکی ئەوروپا لەو جەنگانە ماندووببوون. هەتا فەرمانڕاواکانی وڵاتەکان هەستیان بەوەکرد کە جەنگە مەزهەبییەکان وەك جەنگە سیاسییەکان گرنگ نین. ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە رۆیشتن بۆ ئاسیا و رزگارکردنی خاکەکانیان دەستکەوتێکی کەمتری هەیە لەوەی کە سنوورەکانی خۆیان لە ئەوروپا فراوان بکەن. بێجگە لەوە جەنگاوەرە دلێرەکان ئیتر حەزیان نەدەکرد لەسوپادا خزمەت بکەن, لەئەنجامدا خەڵکیش بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەو کەوتنە باسکردنی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی لە وڵاتەکانیان وردە وردە لە بیرۆکەی رزگارکردنی خاکی وڵاتانی دوور بێزار بوون. گەرم و گوڕی ئەوان بۆ رزگارکردن وردە وردە نەما و لەکۆتاییدا هەمووشی لەناوچوو. بەڵام ناتوانین جەنگەکانی سەلیبی بە شکستێکی تەواو ناو ببەین. گوندنشینانی دواکەوتووی وڵاتانی ئەوروپی کە حەزیان بە فەرهەنگی خۆرهەڵاتی ئەکرد ئەم فەرهەنگەیان لەگەڵ خۆیاندا بردەوە بۆ وڵاتەکانیان کە بەشێکی گەورەی لە پێشکەوتنی ئەواندا هەبوو. لەهەمان کاتدا لە جیاوازی خۆرهەلات و خۆرئاوا تێگەیشتن. لەرێگەی ئەم هوشیارییەوە کۆمەڵە سیاسییەکانی خۆیان جێگیرکرد.

## یەکگرتنی دەسەلاتی میللی

لە چەرخی فیودالیدا فەرمانڕەواکانی وڵاتە جیاجیاکان تەنیا چەند سەرۆکێکی لاوەکی (کارتۆنی) بوون, بەڵام نەیاندەتوانی ئەو راستیە قبوڵ بکەن. لەلایەکی ترەوە دانیشتوانی شارەکان لە هەموو وڵاتەکاندا ئاسۆی هزری خۆیان فراوان دەکرد, لەوەی کە لە جەنگی دەسەڵاتی نێوان دەرەبەگەکاندا مادەم وەك دامەی شەترەنج بن, ناڕازیبوون. لەو روەوە لە کۆمەڵدا جۆرێك ناڕەزایی هاتە مەیدانەوە هەتا دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بخەنەلاوە. نموونەیەك لەو رووداوە لە فەرەنسا لەکۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەم دەبینین کە (لویسی شانزەهەم)

دەرەبەگایـەتی بەرکـەنار کـرد هـەتا دەسـەڵاتی بنەماڵـەی پاشـایەتی بگەڕێنێتەوە. لەبـەر رۆشـنایی مێـژوودا دەرکـەوتووە کـە ئـەو فێڵبـازێکی زەلیلو لاوازو فەرمانڕەوایەکی خەڵەتێنەر بووە. بـەڵام ئـەو وەهـا نـەبوو. ئێمـە دەبـێ بەچـاوی ئـەو گۆڕانکاریيانـەی کـە لەوقۆناغـەدا رووی‌دابـوو, لــێ‌بڕوانین. لەکاتێکدا کـە لـە رۆژگارەکـانی رابـردوودا کۆمـەڵ تـەنیا لـە رێگــەی دەســەڵاتی چــەکەوە بــەڕێوەدەبرا, بــەڵام لــە رۆژگــاری ئــەودا دەســەڵاتی ئــەقڵ جێــی ئــەوەی گرتبــۆوە. تــەکتیك لــەجێی گوشــار سەری‌هەڵدا, گفتوگۆی سیاسی جێگەی چەوساندنەوەی گرتـەوە. ئەگـەر سـەرنجی بـدەین کـە بـە چ شـێوەیەك هۆشمەندانـە بـە گفتوگـۆ چـەند گرفتێکی چارەسەردەکرد, هەندێ جار بە هێنانـەوەی بەڵگـە, هەنـدێ‌جار بەهۆی تەکتیك, ئەوە دەردەکەوێ گەرچـی شـێوازێکی سـەرەتایی بـووە, بـەڵام ئامـانجی کارەکـانی کـەمێك پێشـکەوتووبوون, لەبەرئـەوە حـەزی دەکرد لەبەرامبەر دەسەڵاتی چەك گرنگی‌بدات بە شێوازە مەدەنی‌یـەکان. لەو رۆژگارەدا فەرەنسا تـەنیا وڵاتێـك نـەبوو کـە بنەماڵەیـەکی پاشـایەتی دەسـەڵاتی سیاسـی بەدەسـت هێنابێـت, هـەمان رووداو لـە (ئینگلسـتان, ئـەڵمانیا و ئیسـپانیا)ش رووی‌دا دیـارە لـەو وڵاتانـەدا پاشـاکان دەبووایـە لەبەر ئەو ئامانجە بجەنگن هەتا دەرەبەگەکان کە دوژمنی هاوبەشیان بوو لەناوی‌بەرن. بەوجۆرە حاڵـەتێك دروسـت بـوو کـە توێـژەکانی سـەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵ پەیوەست بوون بەیەکەوە تا توێـژی ناوەنـدی کۆمـەڵ سەرنگوم کەن. لەئەنجامدا فەرمانەکانی حکومەت لەیەك شوێندا چڕبۆوە و جۆرێك بونیادی حکومەت پەیدابوو. هەروەها لەئەنجامدا لەو رۆژگـارەدا سودوەرگرتن لە چەکی گەرم رەواجی پەیداکرد و تواناکانی کۆن لـەبارەی سوودوەرگرتن لە تیر و کەوان و ئەسپ سواری فەرامۆش کران. ئـیتر هـیچ کەس ترسی لە هەڕشە و گوڕەشەی جـەنگاوەرانی ئەسـپ سـواران نـەما. هەر لەو رۆژگارەدا هونـەری چـاپ داهێنـرا و رێگەیـەکی تـازە لەبەرامبـەر پەوەندی‌یەکان لە کۆمەڵدا کرایەوە. ئەقڵ مـرۆڤ بـەرەوپێش چـوو, نرخـی شتەکان گۆڕان. دەسـەڵاتی ئـەقڵی تـوانی رێ لـە دەسـەڵاتی توندوتیـژی بگرێ.

ئەسپ سوارانی دێرینی فیوداڵی بەجارێ دەسەڵاتی خۆیان لەدەستداو لەشــوێنێك لــەنێوان چــین و توێــژی ســەرەوە و خــوارەوە دانیشــتن. بەهەڵسەنگاندنی حاڵـەتی ئـەو رۆژگـارە دەتـوانین بڵـێین کـە سـەرئەنجام دەسەڵاتی میللی بەرەو حکومەت چڕبۆوە و لە جوڵەدا بوو.

## بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی، ئامازەیەکی مەدەنی

کلێسای ڕۆم بۆ ماوەیەکی درێژ کەڵکی لە ئیمتیازە تایبەتییەکانی خۆی وەرگرت. لەڕوی ڕواڵەتەوە وەك حکومەتێکی کۆنو فاسید بوو کە لەکاری خۆیدا بەردەوام بوو نەی دەهێشت لەناو بچێت. گەرچی لەناوەوە بەتەواوی خراپ بوو بە هەموو توانایەوە پەیوەست بوو بە شێوازە کۆنەکانو لەبەرامبەر گۆڕاندا، هەڵسو کەوتی نامۆی دەنواند. بەڵام لەکۆمەڵگەی نامەزهەبیدا عەقڵی بەشەر هەمیشە لەحاڵەتی پێشکەوتندا بوو. ساویلکەییو خۆش باوەڕی ڕابردوو بۆ درێژەکێشانی دەسەڵاتی ئایین، ئیتر بەس نەبوو، ئیتر خوێندن هەر لەچوارچێوەی قەشەکاندا نەبوو، خەڵکیش فێری خوێندن بوون، کاتێ کەخەڵی خوێندەواربوونو بەدوای فێربوونی زانستەکاندا ڕۆیشتن چارەیەکیان نەبوو تەنیا ئەوەنەبێ کەدەربارەی شتەکان دوو دڵ بن. بەڵام کڵیسا ڕەت کردنەوەو دوودڵی بەهەر شێوەیەك قەدەغەکردبوو بەم جۆرە نێوانی ئەم دوو بیرکردنەوەیە رووی لەگرژیکرد. لەوانەیە بتوانین سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی بۆئەوقۆناغە بگەڕێنینەوە. لە ساڵی ١٥٢٠ بوو کە (لوتەر) پێشەوای ناسراوی جوڵانەوەی چاکسازیی ئایینی، یەکەمجار لەدژی پاپای رۆم هەڵساو پشتگیری لەتێوەرەتازەکان کرد. ئەو لەسەر بیرو مێشکی پیاوان بەحەدێکی بێ وێنە کاریگەریی بەجێ هێشت. بەڵام ئایینی کۆن وەکو ئەو شێرەو پاپا وەك شێرێکی بەتەمەن دەینواند کە هەرچەندە دەسەڵاتیشی لەحاڵتی ئاوا بووندابوو، بەڵام لەهەرحاڵەتێکدا شێر هەر شێرە. بەچکە پڵنگ، ئایینی نوێ وەکو پڵنگ بوو، نەدەکرا چارەنووسی ململانێو جەنگ لەنێوان ئەو دووانەدا بەئاسانی دیاریبکرێ. بەو هۆیەوە لەئەنجامدا وڵاتانی ئەوروپایی تووشی جەنگە مەزهەبییەکان بوون کە زیانێکی زۆری مرۆیی لێ کەوتەوە. لەکۆتایدا، گروپێکی مەزهەبی نوێ واتا ( پرۆتستان ) هاتە کایەوە، مەزهەبە کۆنەکەو تازەکە هەردووکیان لەجێگەی خۆیان مانەوە گەرچی هەوڵەکانی لۆتەر بێ هودەنەبوو، ئەگەر ئێمە بێتو ژمارەی ئەو کەسانە لەبەرچاو بگرین کە لەوجەنگەدا گیانیان سپارد، ئەوا دەبینین کە مەزهەبی تازە قوربانییەکی گەورەی دا. بەڵام بەچاوپۆشین لەوە کە ئەم مەزهەبە تازەیە بەگران تەواوبوو یان نا، ئەگەر سەیری ئەو ئامانجانەی بکەین کەبە هۆی ئەوەوە جێگیر بوو، دەبینین کە

مەسەلەکەی دروستی و نادروستی فێربوونی ئاینینی نەبووە، بەڵکو ئەوە بوو کەئایا ئەتوانێت گیانی ئازادی کەسەکان بەرەوا دابنێت یان نا. مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ئایا مەزهەبی مەسیحی دروستە یان نا. بەڵکوو رووبەرووبونەوەویەك بوو دژی دەسەلاتی سیاسی رۆم. لەئەنجامدا ئەتوانین بڵێین کە ئەم ململانێیە، رۆحی ئازادیی لەلای خەڵکی دەرخستو نیشانەیەك بوو لەپێشکەوتنی مەدەنیەت. سەرئەنجام لەکۆتایی سەدەی پانزەهەمدا لەولاتەجۆراو جۆرەکانی ئەوروپا دەسەلات لەژێر چاودێری هەریەکە لەحکومەتەکان چڕ بۆوە. لەسەرەتادا هەموو خەڵك بەرامبەر بەبنەماڵەی پاشایەتی وەفاداربوونو لەوکارەدا ئاگاداری ئەوە نەبوون کە لەپاڵ حکومەتدا، خۆشیان خاوەنی دەسەلاتن. پاشاکان بەدوای یەکدا دەبوایە لەسەر دەسەلات پشتیان بەخەڵکی ئاسایی ببەستایە هەتا رێزو گەورەییان لە جێگەی خۆی بپارێزن. لەبەر ئەو ئیمتیازانەی پێشوو، پاشاکانو خەڵك پەیمانێکی سیاسیان بەست هەتا هەردووکیان سوودمەند بن. ئەنجامەکەش ئەوە بوو کە ئارامیو سودی بەخەڵكو پێگەیان بەخشی یان حکومەت دەسەلاتی زیاتری دا بەوان. ئەم گۆڕانکاریە، لەسەدەکانی شانزەهەمو هەڤدەهەم، بووە هۆی ئەوەی کەوردە وردە فیوداڵی نەمێنێت. گەرچی ململانێی مەزهەبی هەرگیز کۆتایی نەهات بەلام هاوشان لەگەڵ یەکتریدا ئەنجام ئەدرا، حکومەتو خەڵك بەشێوەی هێزە چارەنووس سازەکان لەو ولاتانەدا دەرکەوتن. بە هەرحاڵ هەوڵ دان بۆ سنووردانانی دەسەلاتی سیاسی، فەسادی خاوەن دەسەلاتی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەدەسەلاتدا بە سەر دەبەن، فەرمانڕەوایانی ئەو ولاتانەش جیا نەبوون لەو فەسادە. لەوانەیە هەر ئەوە بووبێ کە بووە هۆی روو بەرووبوونەوە لەنێوان خەڵكو پاشایەتی. ئینگلستان لەو زەمینەدا لەپێشەوە بوو. لەوپارچەدا دەسەلاتی بنەماڵەی پاشایەتی گونجابوو، بەلام خەڵکیش لەرێگەی کاروباری بازرگانیو پیشەسازی خۆش گوزەرانی خۆیان زیاتر کرد، زیاتر لەکەسێك چەندین کەس توانیان بەکڕینی زەوی دەرەبەگەکان، ببنە خاوەنی زەوی. کاتێ کەخەڵکی بووە خاوەنی پارەو موڵك، دامەزراوەی ئابوریان دروست کردوو لەرێگەی بەگەڕخستنو کاروباری بازرگانی ناوخۆییو دەرەکی وەك کەسایەتیە گرنگەکانی میللەت دەرکەوتن، لەو رووەوە نەیان توانی لەکەنارەوە دابنیشنو بوونە چاودێری چەوساندنەوەی بنەماڵەی

پاشایەتی. لەچەرخی رابردوودا بزوتنەوەی (پرۆتستان) ی لەدژی رۆم تەقییەوە. لە کاتێکدا کە ئەو جولانەوە چاك سازیە لەرووی نەوعیەتەوە لەگەڵ یەکتری جیاوازبوون، بەو جۆرەی یەکێکیان مەزهەبی بوو ئەوی تریش دنیایی (نامەزهەبی)، هەتا ئەم خاڵە بەیەکەوە هاوبەشن کەرۆحی سەربەخۆیی و ئازادی‌یان پرشنگدار کردو شایەتی پێشکەوتنی مەدەنیەت بوون. بەو جۆرە وادێتە بەرچاو ئەو تۆوانەی کە لەناو شارە ئازادەکانی پێشوودا ناشتیان لەکۆتاییدا گەیشتەبەر. لەدوای ئەوە کە (چارلزی یەکەم) لەساڵی ١٦٢٥ هاتە سەر تەختی دەسەلات، گفتوگۆیەکی توندوتیژ ئامێز دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ناکۆکی‌یە مەزهەبی‌یەکان بەیەکەوە لەئارادابوو. وتووێژ دەربارەی کردنەوەی پارلەمان یان داخستنی گفتوگۆی باش و ناکۆك هەبوو، بەدوایدا ئەو جۆرە گفتوگۆیانە زیاتر دەرکەوتوو لەئەنجامدا لەساڵی ١٦٤٩ دەسەلاتی پاشایەتی رەت کرایەوە. بۆ ماوەیەك جۆرێك لەحکومەتی کۆماری بەرپابوو کەلاواز بوو. لەدوای ئەوە شۆڕشی جۆراوجۆری ناوخۆیی دەرکەوت. تەنیا لەدوای ئەوەی کە (ویلیام سێیەم) لەساڵی ١٦٨٨ چووە سەر تەختی دەسەڵات. چەند گۆڕانکاریی‌یەکی گەورە لە رەوتە سیاسی‌یەکان روویدا. لەکۆتایی‌دا، حکومەتی پاشایەتی یاسایی لەسەر بنەمای ئازادی جێگیر بوو کە ئەو جۆرە حکومەتە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. لەفەرەنسا لەقۆناغی حکومەتی (لویسی سیانزەهەم) لەسەرەتای سەدەی هەڤدەهەم، بەهۆی دەسەڵاتی (کاردینال ریشۆ) بچوکترین بنەماڵەی پاشایەتی گەیشتە پلەیەکی بەرز. کاتێ کە (لویسی چواردەهەم) لەجێگەی ئەو لە ساڵی ١٦٤٣ هاتەسەر تەخت، منالێکی پێنج ساڵە بوو کە هیچ شارەزایی لە کاروباری خەڵکیدا نەبوو، بەوجۆرە ئەگەرچی هەندێ مەسەلەی زۆری ناوخۆیی دەرەکی هەبوون، وڵات لەو قۆناغەدا بەهیچ جۆرێك دەسەڵاتی خۆی نەدۆڕاند کاتێ گەیشتە تەمەنی لاوی، توانا سروشتی‌یەکانیشی بەتەواوی پێگەیشت. ئەو لێپرسراوێتی‌یانەی کە باوو باپیرانی بەمیرات بۆیان بەجێ‌هێشتبوو، قبوڵی‌کردو بەخۆشی و وەفاداری‌یەوە وڵاتەکەی گرتەدەست و کە دەستی ئەدایە هەر جەنگێك لەگەڵ دوژمنەکانی، سەرکەوتوو ئەبوو، لە قۆناغی دوورودرێژی (٧٢) ساڵەی پاشایەتی ئەودا دەسەڵاتی خێزانی پاشایەتی فەرەنسا گەیشتە لوتکەی خۆی. بەڵام لەدواساڵەکانی تەمەنی‌دا دەستەی سەربازیشی

لاوازبــوو، کارەکـانی حکومــەت لاواز بــوو، چــەند لاوێکــی بەدرەوشــت لەخێزانی پاشـایەتی دەرکـەوتن. کاتـێ کـە لویسـی چـواردەهەم پـیر بـوو، تەنیا هەر ئـەو نـەبوو کـە پـیر ببـوو، دەسـەلاتی پاشـایەتیش لـە هـەموو ئەوروپا پیر و بێتوانا ببوو.

جیهانی لویسی پانزەهـەم بێئەنـدازە خـراپ بـوو، هـەتا لـە کۆتـاییدا بێیاسایی جێیگرتەوە. فەرەنسا بەبەراوردکردن بە رابردووشی ئێسـتا لـە هەموو ولاتانی تر ئـالۆزتر بـوو.لەگـەڵ بـوونی ئـەو مەدەنیەتـەی میللـەتی فەرەنسا لەو بەشەدا لە رووی سیاسـییەوە بەرادەیـەك پێشـکەوتبوو کـە لەگەڵ قۆناغەکانی رابردووی جێی بـەراورد نـەبوو. گەرچـی ئەندێشـەکانی پەیوەست بە ئازادی لە لێکۆڵینەوەکانی زانایان لە سـەدەی حەڤدەهەمـدا بـوونی هــەبوو، بــەلام بەناچــاری ئــەوان بیروباوەریــان ســنووردارببوو، لەکاتێکدا کە لە سـەدەی هەژدەهـەم شۆرشـێکی تـەواو لـە ئەندێشـەکانی مەزهـەبی و سیاسـی، فەلسـەفی و زانسـتی روویدا. لێکۆڵینـەوە، هـەموو سـنورەکانی بـری: خـەڵکی دەسـتیان دایـە لێکدانـەوەو تاقیکردنـەوەی شتەکان. ئەم جۆشە تازەیە لەبارەی توێژینـەوە و ئەگـەرەکان بووەهـۆی ئەوەی خەڵك هەست بەوە بکات هیچ رێگرێك لەسـەر رێگـای پێشـکەوتنی کۆمەلایەتی ئەندێشەی بەشەردا نییە. بـەکورتی لـەو رۆژانـەدا حکومـەتی پاشایەتی بەهۆی دواکەوتوویی تووشی فەسـاد ببـوو، تواناکـانی بیریـاری خــەڵکی زۆر بــەهێزبوو بــەجۆرێك کــە رووبەرووبونــەوەی نێــوان پاشــا و خەڵکی مەحاڵ نەبوو. شۆرشی فەرەنسا لەساڵی ١٧٨٩ دەرئەنجامی ئـەو شۆرشـە بـوو. گەرچـی ماوەیـەکی کـەم بـە سـەد سـاڵ لـەنێوان شۆرشـی ئینگلیز لە ١٦٠٠ و شۆرشی فەرەنسادا هەیـە، بەبـەراوردی هۆکارەکـانی و ئەنجامەکانیان ئەوە دەرئەکەوێ کـە هـەردووکیان بـەوردی خـاوەنی یـەك نموونە بوون.

لەسەرەوە باسێکی گشتی مەدەنیـەتی خۆرئاوامـان پیشـان دان. ئـەو وەرگێرانانــەی لــە پــەرتوکی (مێــژووی مەدەنیــەت) لەنووســینی (گیــزۆ) لەبەردەستایە، بۆ دەستکەوتنی زیاتری زانیـاری دەبێـت بگەرێیتـەوە بـۆ ئـەو پەرتووکـە. ئەگـەر زانسـتخوازان هـەموو بەشـەکانی ئـەو پەرتووکـە بخوێننەوە، ئەتوانن سودێکی گەورەی لـێوەربگرن.

# كەسێتی دوفاقی
# لەسروشتی پێكهاتەی كوردەواریدا

ن: نیهاد جامی

بۆئەوەی توانای ئەوەمان هەبێت لەو هۆكارانە قسەبكەین, كە لەپشت دووفاقی كەسێتی لەكوردەواریدا وەستاوە, پێویستمان بەتێگەیشتنێكی سۆسیۆلۆژیانە هەیە بۆ ناسین, ناسینی كۆمەڵێك لەوەی ئەو دیاردە كۆمەڵایەتیە بۆچی لەناو فەرامۆشكراوەكانی گەشە بەخۆیدەدات, تا دواتر لە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیەوە دەپەڕێتەوە نێو كایەی سیاسی, بۆئەوەش پشت دەبەستین بە چەمكی (دووفاقی) لای سۆسیۆلۆژیستی عێراقی (د. علي الوردي), نەك لەبەرئەوەی ئەو چەمكە بۆ كوردەواریی هەمان دەرەنجامەكانی ئەومان پێدەبەخشێتەوە, بەڵكو بەپێچەوانەوە, زۆرجار خاڵی بنەڕەتی بۆ جیاوازیی تیادەردەكەوێت, كەوابێ ئەی ئەو دەسپێكە چیە وامان لێدەكات پشت بە نووسینەكانی ئەو ببەستین؟ پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت و بەهەند وەریبگرین" كە گەر چەمكی خود بەشێوەیەكی گشتی واتایەكی جیاوازی هەبێت لەگەڵ خودی كۆمەڵێكی دەستنیشانكراو, ئەوا ئەو نەتەوەیەی كە كلتوری كەوتۆتە ژێر هەڕەشەی ئەو كۆمەڵە, زۆرینەی دەرەنجامە كۆمەڵایەتیەكانی لەو كۆمەڵە دەچنەوە, كە لەناویدا تواونەتەوە و سیما كلتوریەكانی خۆی ونكردووە, بۆیە كاتێ بۆ قسەكردن لە كوردەواریی و مرۆڤی ئەم كۆمەڵە راستەوخۆ پشت بە تێڕوانینەكانی ئەو سۆسیۆلۆژیستە دەبەستین, هۆیەكەی ئەوەیە كە كوردەواریی بەهۆی

فـەرمانڕەوایی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عێراقــەوە سیسـتمێك بیرکردنـەوە و جـۆری سـزا و خۆسـەپاندنی نـەریتی لـەو کۆمەڵـە دروسـت کـردووە، کـە وایکردووە بەدرێژایی زەمەن سیما کلتوریەکانی لـیبسەنێتەوە و تادواجار لە (خودێکی کوردیی) گۆڕیویەتی بـە (خـودێکی عێراقـی)، بـەڵام خودێك بەمانای کۆمەڵێك لێکچوون، نەك بەواتای گۆڕینی بۆخودێکی ئایدیۆلۆژیی، کە ئینتیما بۆ ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت بکات، چونکە ئەوەیان مەسـەلەیەکی تەواو جیاوازە، بۆئەوەی بەراوردبکەین لـەنێوان ئـەو دووانـە هەوڵـدەدەین پێناسێکی سۆسیۆلۆژییانەی خود بخەینەڕوو، تا لەوێوە قسە لـەو خـودە کوردییە بکەین.

یـەکێك لـەو پرسـیارانەی سۆسیۆلۆژیسـتەکان بۆچـوونی جیاوازییـان لەبارەیـەوە هەیـە، ئـەو پرۆسـەیەی ناونانـە کـە ئامـاژەی بـە خـود داوە، بەوەی خود چ وەزیفەیەکی هەیە و کێ ئەوناوەی لێناوە و سیماکانی ئـەو خودە چۆن لەمرۆڤدا کەسێتیەکی تایبەتمەند دروست دەکەن، کە ئـەوەی بۆچوونەکان لەخاڵێکدا لێکنزیك بکاتـەوە ئەوەیـە کـە (کەسـێتی مرۆیـی پێکهاتەیـەکی جوڵەییــە و هەوڵـدانێکی بەردەوامــە لـەپێناو سـەرکەوتن لــــەنێوان ئـــارەزوە سروشـــتیەکانی مـــرۆڤ و بنـــەماکانی کۆمـــەڵ بەسەریداسەپاندووە)[1].

ئەگەر لـەو پێناسـەیەوە سـەیری کەسـێتی کـوردیی بکـەین، دەبینین خودێکە بەردەوام لەسەر بنەما سەپێندراوەکانی ئاکاری کۆمەڵ ئارەزووە سرووشتیەکانی خۆی چەپاندووە، بەواتای سـەرکەوتنی ئـەو بـۆ گەیشـتن بەو ئارەزووە نییە، بەڵکو داکۆکیکردنە لە شوناسی کۆمەڵایـەتی، بـەوەی چـەمکێکی نـەگۆڕ بەسیسـتمی ئاکـاری کـوردیی ببەخشـێت، ئەوەشـە بێدەنگی کـردووە بـە خەسـڵەتێکی دیـاریی ئـەو خـودەی کـە لەبەرامبـەر سـەرکوتکاریەکانی دامــەزراوە کۆمەڵایەتیــەکان تــەواو بێـدەنگ بێــت، وەنەبێت ئەوەش لە بڕوابوونی سەرچاوەی گرتبێت، بـەڵکو لـە دووفـاقیی ئەو خودە هاتووە، کە لەناوخۆیدا کەوتۆتـە ململانێـوە، ململانـێ لـەنێوان ئارەزووەکانی ئەو بۆ ئازادبوونی خـود و سیسـتمی سـەپێندراوی کۆمـەڵ، ئەوسـاتەش خـود دەبێـت بەکەسـێك کـە دووفـاقی خـۆی لەگـەڵ کۆمـەڵ گەشەپێبدات، چونکە هەر ئەو خودەیە لەناو کۆمەڵدا نوێنەرایەتی گشـتی

دەکات و دواجار کۆمەڵێکی دووفاقی لەنێوان (ئارەزوو/سەرکوتکردن) دروست دەکات, کۆمەڵێك وەك چۆن لەو دوانزە ساڵەی دوایی بینیمان کە حزب هەموو سەرکوتکاریەکانی نێو (خێزان, عەشیرەت, دەوڵەت) ی لەناوخۆیدا کۆکردەوە و ئارەزووە سرووشتیەکانی خودی دنیای ئێمەی کوشت.

کاتێك کۆمەڵێك لەناو دووفاقیەت گوتاری خۆی بەرهەمبێنێت, ئەوکات هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵە دەبێ بەخەونی هەمووان, کۆمەڵێك تەنیا لەناو ئەو خەونەدا نامێنێتەوە, بەڵکو لەدەرکەوتنی سیماکانی زەبروزەنگ و بەدەنگهاتنی خود لەو کۆمەڵە, هەڵوەشاندنەوەی ناوەندی ئەقڵی دەبێت بە پرۆسەیەکی کاربۆکرا, بەوەی خود ناچاردەکات گۆڕانی ئەو سیستمە بکات بە خەونی حەقیقەت.

چونکە ئەوە کۆمەڵە فرمانەکانی دەرەوەی خۆی دەسەپێنێت, نەك فەرمانڕەواکانی دەرەوەی کۆمەڵ, ئەوە نە ئاینە چەپاندن دەسەپێنێتە سەر خود و نە حزبیشە ئەوەمان بەباڵادەبڕێ, کە دەبێت مەرگدۆست بین و خوێنی خۆمان بکەینە ئاڵای حزب, بەڵکو کۆمەڵ نەریتێکی هەیە و دەیەوێت بەردەوام بەرجەستەی فەرمانەکانی بکات، کە خودی لەناو خۆیدا تواندۆتەوە و گوتارێکی بێئیرادەیی بنیات ناوە, شکستی خەونی خود پێوەندی بەو کلتورەوە هەیە, کە لەسەر رابردوو وێنای داهاتوو دەکات, بەوەی مەرجەعی پێشبینیەکانی بەحیکایەتەکانی رابردوو دەبەستێتەوە, ئەو حیکایەتانەی پێمان دەڵێن, ئەوەیە هاوکێشەی نەگۆڕی ژیان, باپیران وا ژیان ئێوەش هەروا دەبن, حیکایەتی گەڕانەوە بۆ زەمەنی مێژوویی, بەومەبەستەیە کە لە زەمەنی هەنووکەیی خۆمان بیرنەکەینەوە, بەڵکو پێڕەوی نەریتەکانی زەمەنی باپیران بکەین, ئەوجۆرە بیرکردنەوەیەش خودێکی شکستخواردووی بنیاتناوە کە هەرگیز رێگەی ئەوەی پێنەدراوە داهاتووی لەسەر ویستو ئیرادەی خۆی بنیات بنێت, بەڵکو ئەو ئیرادەیە کوژراوە, و تەسلیمی قەدەرێکی کۆمەڵایەتی کراوە, قەدەرێك لەسەر بەخت و فاڵ و جادوو دەبردرێتە ئاستی بەرزبوونەوە, بەوەی پێشتر کەسێك لە رێککەوتێك لەو رێگەیە سەرکەوتووە, ئیدی ئەوە پێوەندیی بەڕاستی ئەو قەدەرەوە هەیە, نەك بەهێزی نەستی ئەو خودە, کە توانای سوودوەرگرتنی نییە لەهێزی

نەست, چونکە ئەوە پێوەندیی بە نەستەوە نییە, بەڵکو پێوەندیی بەدۆخی ئابووری یان رامیاریی خودەوە هەیە, دەکرێت ئەو دۆخە ئابوورییەی نەریتێك سەرىدەخات, لە نەبوونی ئەو دۆخە ئەو نەریتە نەتوانێت کەسێکی تر وادەربکات, چونکە لە بنەماوە پێوەندی بەدۆخەکەوە هەیە, بۆیە ئەو کەسێتیەی بەسەرکەتوو دەناسرێت لەو تێگەیشتنە پێوەندیی بە دۆخەکەوە هەیە, ئەوەیان پێوەندی بە کەسێتیی سەرکەوتوو نییە, ئامادەبوونی دۆخێکە سەرىدەخات و پێوەندیی بە نەستی خولقێنراو نییە, بۆیە سەرکەوتنی کەسێتی پێوەندیی بە دۆخەکانەوە نییە, بەڵکو پێوەندیی بەهێزیی نەستەوە هەیە, هێزێك کە تاکەکانی ناو کوردەواریی بڕوا بەو هێزە ناکەن, کە لە پشت ئیشکردنەکانی مرۆڤە, ئەو هێزەی تەکنەلۆژیای خستە نێو ماڵەکانمان, هێزی نەست و توانای خولقێنراوی مرۆڤە, هیچ کەسێتیەکی سەیر لەپشت دروستکردنی کۆمپیوتەر و سەتەلایت و پێوەندیکردن لەرێگەی ئینتەرنێتەوە نییە, تەنیا ئەوەندە نەبێت ئەوانەی دروستیان کرد, توانیویانە سوود لە زیرەکیی نەستی خۆیان وەربگرن, بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لەناو کۆمەڵێکداین, بەشدارنین لەو هێزە, بەڵکو گۆڕانەکان دێنە ناو ئێمە و ئێمە نەبووینە بەشێك لەناو گۆڕانەکان, ئەوەش وایکردووە پرسیاری خودی کوردیی ببێت بە پرسیار لە چۆنیەتی ستایشکردن, بەوەی چۆن ستایشی ئەو هێزە بکەین, کە چۆن ئەو ماتریالانەی بۆ بەرهەمهێناوین, کوردەواریی لەساتەوەختی بەشدارینەکردن لەناو گۆڕانەکان, تەنیا بینەرێکی ئەو سینەمایەی گۆڕانکارییەیە, دواتر کە چاو دەکاتەوە دەبێت تێکەڵی ئەو دۆخە بێت, ئەوەش تەنیا لە ئاستێکی دەستنیشانکراو دەرنەکەوتووە, بەڵکو لەهەموو ئاستەکانی ژیان بەروی کۆمەڵ دەرکەوتووە, هەموو ئەمانەش بۆ ئەو تەنیا هێزێك فرێیداوە.. کە هێزێکی ئەفسوناوییە, ئەوەش هەمان وێنەی بەئاگاهاتنی کۆمەڵی عێراقی هەیە, کە (علي الوردي) رووداوی جەنگی جیهانی بۆئەو کۆمەڵە بەئاگاهاتنی کۆمەڵێکی نوستوو ناودەبات.

بێئاگایی خوود لە کوردەواریدا, هەر تەنیا خەوتنی تاکەکانی ناو کۆمەڵ نییە, بەڵکو لەکاتی هەستکردن بەو هێزە دەروونیەی کە ناتوانێت بۆ ژیان بیگوازێتەوە و لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان هەوڵی نکوڵیلێکردنیش

دەدات, كەچی زۆرجار لای چەند كەسێكی نزیكی خۆی دان بەو هێزە دەنێت, ئەو حاڵەتەش جۆرێكی تری دووفاقییە لە كەسێتی نێو كۆمەڵدا, كە شكستی كەسێتی هۆكارێكی سەرەكییە بۆ بڕوانەبوون, بەڵام داننەنان بەو شكستە وایكردووە كەسێكی دووفاق دەربچێت, چونكە ئەگەر بڕوا بەو شكستە بێنێت, دەتوانێت سوود لەو هێزە دەرونیەی خود وەربگرێت.

(ئیبن خەلدون) بڕوای وایە كە جیاوازییەكی جەوهەری نییە لەنێوان موعجیزەی پێغەمبەران و فێڵی سیحربازان, چونكە هەردووكیان سەرچاوەكەیان دەچێتەوە سەر دەروونی مرۆیی, ئەم دەروونە دەتوانێت بیكات بە پەیامبەر, وەك چۆن لەتوانایشیدایە كەسێكی شەڕانگێزی لێدەربچێت, بۆئەوەی باشتر لەمەبەستەكە حاڵیبین, خەونەكەی یوسف بەنمونە دێنینەوە, توانای نەستی یوسف لەناو خەوندا تواناكە لەگێڕانەوەی خەونەكەدا باوكی مژدەی پێغەمبەرایەتی پێدەدات, ئەو توانایەی كە یوسف لەناو خەونەكەی لە بینینی مانگ و ئەستێرە دەبینێت دەروونە, وەك چۆن دیسان ئەوەش دەروونە وا لە براكانی دەكات, كە مادامەكی باوكیان بایەخی زیاتر بەو برایەیان دەدات دەبێت بیكوژن, دواجار یەك لەو برایەی كە داوادەكات نەیكوژن و بیخەنە ناو بیرەوە, دەروونی برایەكە بۆ هاوڕابوون لەسەر ئەو دەروونەی كە كۆك بن لەسەر خستنەناو بیرەوە, ئەگەر لەو نمونەیەوە سەیربكەین دەبینین, هێزی یوسف هەمان هێزی براكانیەتی, بەڵام هێزێك بۆ یەكێك دەیكات بە پێغەمبەر و بۆئەوانیتریش شەڕانگێز, ئەوەش فرۆید ئەو هێزە شاراوەیەی خستەڕوو, كە توانا شاراوەكانی نەست دەسەڵاتیان وەك تواناكانی ئەقڵ هەیە, ئەوانەی ئەقڵ ئیدراكیان پێناكات, نەست لای خۆی كۆیدەكاتەوە, ئەوەش خاڵی گەشەكردنی دەروونناسی بوو, ئەگەرچی لەئەمڕۆدا سایكۆلۆژیستەكان ئەو پێكهاتەیەی فرۆید وەردەگرنەوە, بەڵام لەگەڵ بونیادەكانی ناو ئەوپێكهاتەیە هاوڕا نین, چونكە بەلای ئەوانەوە (ئەقڵی ناوەكی بەتەنیا خەزێنەیەك نییە بۆ ئارەزووە چەپێنراوەكان, وەك فرۆید پێشبینی دەكرد)[٢].

چونکە فرۆید ئەقڵی ناوەکی بەئارەزووی چەپێنراوی سێکسی دەبەستەوە, کەچی سایکۆلۆژیستەکان لەم رۆژگارەدا ئەقڵی ناوەکی بۆ هەموو ئارەزووە سێکسی و ناسێکسیە چەپێنراوەکان دەگەڕێننەوە, ئەوە لەکاتێکدا ئەو رەخنەیە لەناو رۆشنبیریی ئێمەدا بەمەرگی فرۆید راڤەدەکرێت, بەو مردنە رۆشنبیریی کوردیی خۆی لە دیدگای فەلسەفی ئەو فەیلەسوفە دەدزێتەوەو ئەو دەبێت ئەوە بزانێت, رەخنەگرتن لە دەقێکی فەلسەفی دەستنیشانکراوە, بەتایبەت فرۆید, کە دەرگایەکە بۆ بیرکردنەوە لە (دووفاقیەت).

دووفاقیەتی (ئارەزوو/سەرکوتکردن) کە ستراتیژیی بێدەنگی کەسی دووفاقی دەخولقێنێت, بەئازادکردنی نەست و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لێی دەرگایەك بۆ ئەو توانا شاراوەیە ئاوەڵادەکرێت, بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بونیادە سەرکوتکراوەکان, بەڵام دەبێت ئەوەش جیابکەینەوە, کە ئەگەر دووفاقیەت لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گوزارشت لە نەخۆشیەکی دەروونی بکات کە خود تووشی دەبێت, ئەوا لەڕووە سۆسیۆلۆژییەکەی بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی راڤەدەکرێت, کەواتە دەبێت حەقیقەت لەکوێدابێت؟ نەست دەتوانێ حەقیقەت بکات بە موڵکی خۆی یاخود حەقیقەت تەنیا ئەقڵ خاوەنداریتی دەکات؟ ئەگەر حەقیقەت بەرۆڵەی شەرعیی ئەقڵ بزانین, ئەوا دەبێ بڕوامان بەو چەمکە ئەفلاتونیەش هەبێت, کە ئەقڵی مرۆیی بەئاوێنەی حەقیقەت سەیردەکات, ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی (مانهایم)ە, کە بڕوای وایە, ئامادەبوونی حەقیقەت لەدەرەوەی ئەقڵی مرۆییە, ئەوەشە مانهایم هاوڕادەکات لەگەڵ (جۆن دیوی) چونکە (دیوی) تەوا ئەو رەتدەکاتەوە, کە ئەقڵ حەقیقەت بخولقێنێت, بەڵکو لای ئەو ئەقڵ کارێکی تری هەیە, ئەویش هەوڵدانە بۆئەوەی لە ململانێدا سەربکەوێت, بەڵام لەناو هەردوو دیدگا هاودژەکە ئەو بۆچوونە لۆژیکیە وەردەگرن, کە (ئەقڵ بەشێك وەردەگرێت لە حەقیقەتی دەرەکی, دواتر لەلای خۆیەوە بەشێکی تری بۆ زیاددەکات, بۆئەوەی ئەو وێنەی حەقیقەت تەواو بکات, کە وێنایکردووە, ئەوەشە وای لە هەموو تاکێك کردووە, کە حەقیقەتێکی تایبەت بەخۆی هەڵگرتبێت, وەك چۆن جانتا هەڵدەگرێت)[٣].

دووفاقیـەت ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتیـە لـەناو کـوردەواریی لـەکوێوە سـەری‌هەڵداوە؟ ئـاخۆ دیاردەیەکـە لـە دووفاقیـەتی کۆمـەڵی عێراقیـەوە وەرگیراوە, یاخود پەیوەندی بە هەناوی کورد خۆیەوە هەیە؟

ئەوەی جێگەی گومانکردن نییە ئەوەیە, کۆمـەڵی عێراقـی کۆمەڵێکـە هەر لەکۆنەوە بەخەڵکانێك ناوبراون, کە سەرچاوەی دووبەرەکی‌نانـەوەن, بەڵام ئەو خاسیەتە لەکوردەواریدا بەدی‌نـەکراوە, بـەڵکو کۆمـەڵێك بـووە, ئەوەی کە تووشی دووفاقی کردووە پێوەندی هەبووە بە نۆستالۆژیی ئـەو خودە بەبەها کۆمەڵایەتیەکان و خەونی رزگـاربوون لـەو بەهایـە, ئـەوەش بووەتـە مایـەی ئـەوەی دووفاقیـەتی ئـەو خـودە سـەرباری دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتی, بەڵام خاڵی نیـە لـە ئاسـتێکی سـایکۆلۆژیی, چـونکە ترسـی مردن دووفاقیەتی لاکردووە بە دیاردەی کۆمەڵایەتی, بۆیە ئەو قۆناغانەی کـوردەواریی پێیـدا تێپـەڕیووە وابەسـتە نـەبووە بـە سروشـتی دۆخـی کۆمەڵایـەتی, بـەڵکو دۆخێـك بـووە کـە هێنـانی تـرس بـووە, وایکـردووە دەسـبەرداری رابـروو ببێـت و دۆزەخ و بـەهای نـوێ قبـوڵ بکـات, بۆیـە ئینتیمای یەکتاپەرستی ئەو کۆمەڵە لە بڕوابوونەوە نەهاتووە, بەڵکو ترس لـە شمشـێر گۆڕییـەتی, ئـەو گۆڕانـە بووەتـەهۆی دووفاقیـەك لـەنێوان رابردوویـەك کـە بـەمولکی خـۆی دەزانێـت و ئێسـتایەکیش کـە بەسـەریدا سـەپێنراوەو ئـەو دووفاقیەتـە لـە هـیچ سـاتەوەختێك لـەکوردەواریی جیانەبۆتـەوە, هەربۆیـە چـەکداربوونی خێڵـەکان لـە قۆنـاغی ئەنفالـدا هەوڵدانە بۆ مانەوەی خێڵ و پارێزگاریکردن لە خـێڵ, نـەك لـە بڕوابـوونی خێڵ بەدەوڵەت هاتبێت, ئەگەر ئەو دووفاقییەتەی خـێڵ بچـوك بکەینـەوە سەرئاسـتی خـود, دەبیـنین ئـەو پێشـمەرگەیەی دەگەڕێتـەوە نـاو شـارو دەبێت بەچەکداری یەك لە خێڵەکان, ئەو پێشتریش بەرلەوەی بچێتە نـاو شـاخ, توانـای ئـەوەی هـەبووە ئینتیمـا بـۆ خێڵـی چـەکدار بکـات, بـەڵام ئینتیمای دوای گەڕانەوە پێوەندی بەو ترسـە ناخییـەوە هەیـە, کـە خـود تووشی دووفاقی دەکات, گوتاری ئینتیمای کۆمەڵ گوتارێکـە هـیچ کاتێـك هێنـدەی ئـەو دوانـزە سـاڵەی دوایـی بـە سـیمای کۆمەڵەکـەمان دەرنەکـەوتووە, ئەگەرچـی ئـەو خـودەی کـە لـەناو ئـەو قۆناغـە نوێیـە سیاسیەی کۆمەڵ چاوی‌کردۆتەوە, خودێکـە جیـاواز, بـەڵام تەوتەمیـەتی

زەبروزەنگ هەست پێدەکات, لەهەندێك باردا بۆ خولْقاندنی کەسێتی خۆی بیر لە راکردن دەکاتەوە, راکردنێك کە ماڵی باوان بەجێبهێڵێت, بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە بە فرمانەکانی دەسەلاتی ماڵ رازی نییە, ئەو راکردنە لەو دوانزە ساڵەی دوایی سنورێکی فراوانتری بەخۆی بەخشی, بەوەی تاکەکانی کۆمەڵ یاخیبوونیان لەخێزان گواستەوە بۆ یاخیبوون لە حزب, ئەو رەتکردنەوەیە قبوڵنەکردنی سیستمی خێڵەکی ناو دنیای حزبە, کاتێك بڕیاردەدات کە وڵات بەجێبهێڵێت. بۆیە کۆچی لاوی کورد دەکرێت لە رەهەندی خولْقاندنی کەسێتیەوە سەیری بکەین, چونکە خود لەتوانایدا هەیە, لە فەزایەکی کراوەدا هەوڵی گۆڕینی خۆی بدات و بەدژی ئەو دووفاقیەتە بووەستێتەوە, کە پێشوو دنیای ناوەوەی شێواندبوو, ئەو دووفاقیەتە رێگەی نەدەدا قۆناغەکانی خۆی ببڕێت, خولْقاندنەوەی خود پێیوەندیی بەو وێنەیەوە هەیە, کە خود دەیەوێت بۆ خۆی وێنای بکات, چونکە ئەگەر ئەو خودەی کۆمەڵ خوازیاری بوو, بەوەی دەبێت کەسێك بێ لە وێنەی پاڵەوانێکی شەڕکەر دەربکەوێت, ئەوا ئەو خودە لە ئەمڕۆدا حەزی بەجوانیەکان و خەون بەئومێدەکانەوە دەبینێ, ئەوەش وایلێدەکات رقی لە شەڕەکان بێتەوە, چونکە دڵنیایە لەوەی گوللەی تۆپەکان بەربەرستن لەبەردەم خەونەکانی و هەڕەشەن لە جوانیەکان, ئەوەش وێنەی پاڵەوان لەلای دەبێ بە وێنەیەکی دووفاق, چونکە پاڵەوان لای ئەو چەندە هێمایە بۆ ئەو جەنگاوەرەی نابەزێ و هێرش دەکات و توانا و زەبروزەنگی خۆی دەنوێنێ, لە روویەکی تردا دەیەوێ ئەو وێنەیە بگۆڕێت, گۆڕینی ئەو وێنەیەش شکاندنی وێنەی موقەدەسی پیاوبوونە, وێنەیەك کۆمەڵی خێڵەکی تەقدیسیکردووە و لەئێستادا بووە بە پەیکەری وێنەی موقەددەس.. پەیکەرێکە بۆ ئازادبوونی خود, دەبێت وەك (برایم) بکەوێتە شکاندنی بتەکان, کاتێك یەزدان بە موقەدەس دەزانێ نەك بتەکان, بەڵام خود لەپێناو موقەددەسێك ئەو کارە ناکات, بەڵکو تەنیا مەبەست رزگاربوونە لە زەمەنی موقەددەس, چونکە بەبێ شکاندنی ئەو زەمەنە, ئەو فەزا روناکبیریە نایەتەدی, وەك کایە سیاسیەکانی نێو کوردەواریی دەیانەوێ بەبێ شکاندنی پەیکەری موقەددەس بانگەشە بۆ دەرکەوتنی ئەو گۆڕانە بکەن, دیارە ئەو کارە تەنیا جۆرێکە لە

دووفاقیەت, چونکە ئەو ئەقڵەی شەڕی خێڵەکی بکات و داکۆکیش لەبیری دواکەوتوو بکات, ئیدی هەموو بانگەشەکانی دەچنە بازنەی ساختەکارییەوە, لەرێگەی دووفاقیەك کە ئەو کایە سیاسیە نوێنەرایەتی دەکات, بۆیە ئەو خودەی وڵات جێدەهێڵێت, دەتوانین لەو تێڕوانینەوە سەیری بکەین, کە دەیەوێ دووفاقیەت جێبهێڵێت و سەرلەنوێ خۆی بنیات بنێتەوە.

ئەو حاڵەتەش دەکرێت دەگمەن بێت و کەسی راکردوو لەناو ژیاری خۆرئاواش پارێزگاری لە دووفاقی کەسێتی خۆی بکات, بوونی لە کیشوەرێکی نوێ, تەنیا ئامادەگیەکی جەستەیی بێت و هیچ گۆڕانێکی تێدا دەرنەکەوێت, بەڵام کاتێك دەیەوێ وا دەربخات, کە ئەو گۆڕاوە, ئەوەیان گۆڕان نییە, بەڵکو نواندنێکە کە کەسی دووفاق پێویستی پێیەتی, ئەوەیان وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد پێوەندیی بە ئاستی سایکۆلۆژییەوە هەیە, کە کۆمەڵ تێکیشکاندووە و گرێی خۆبەکەمزانین تووشی ئەو ئاستە دووفاقییەی دەکات, ئەو دووفاقیەتەی لەنێو کەسێتیدا دەمێنێتەوە, دووفاقیەکە پێوەندیی بە جۆری گەشەی فیسیۆلۆژیی و جۆری رەفتاری کۆمەڵە لەگەڵیدا, ئەوەش لای زۆر لەداهێنەران پەیوەندیی بە ئاستی بیرکردنەوە هەیە, ئەو توانایەشی لادروست دەکات, لە خودێکی تێکشکاوەوە بیگۆڕێت بۆ خودێکی داهێنەر, کە توانا قووڵ و شاراوەکانی پێ کەشف دەکات, دیارە کەشفکردنی ئەو توانا شاراوەیە نهێنیەکی نەزانراوی هەستپێنەکراوە, ئەوەش بەلای (د. علي الوردي) بەکارلێکەرێکی هەمیشەیی هەردوو فاکتەری بایۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی ناسراوە, چونکە خود لەرێگەی نەریتەکانی کۆمەڵەوە کەسێتی دەستنیشان دەکرێت, ئەو کەسێتیەی لە کۆمەڵی سەرکوتکراودا پڕیدەکات لە شکست و لەناو خۆیدا گرێی ئاڵۆزی بۆ دروست دەکات, ئەوەش هەندێك جار وایلێدەکات, کە هەست بە کەسێتیەکی تر بکات و خەونی پێوەببینێت, کاتێك ئەو گرێ دەروونیە گەشەدەکات و براکسیسی ئەو کەسێتیە دەکات و دەیەوێت ببێت بەو کەسایەتیەی کە جیاوازە لە کەسێتیی خۆی.

یەکێك لەو هۆکارانەی دووفاقیەتی لەناو کوردەواریدا هێشتۆتەوە, بڕوانەبوونە بە وازهێنان لە ئەقلیەتی خێڵەوە, ئەو ئەقڵەی لەگەڵ کۆچکردن بۆ شار ناتوانێت بیگۆڕێت, وەك چۆن ناشیەوێ دان بە نەگۆڕانی لەناو شار بێنێت, ئەوەش تەنیا لەنێو سیستمی کۆمەلاّیەتی دەرنەکەوتووە, بەڵکو حزبەکانیش کاتێ دێنە ناوشار نایانەوێت ئەو ئەقڵە خێڵەکیە لەخۆیان جیابکەنەوە, لێرەدا هەردوو فاکتەرەکە دەبنە بکەرێکی دیاری ئەو ئەقڵە, بەوەی لەنێوان خود و دژەخود تووشی بەریەکەوتن دێن, دیارە خود لەبنەڕەتدا جۆرێك لە دووفاقیەتی تێدایە بەلای ئەوانیترەوە, چونکە (مرۆڤ بەسرووشتی خۆی ناتەواوە و لەتواناشیدا نییە سیستمێك بخولقێنێت کە هەموو خەڵك پێی رازی بن)(٤).

بەلاّم خود دەتوانێت سیما راستەقینەکانی خۆی بدۆزێتەوە, لەرێگەی دەروونەوە, چونکە دەروونی خود ئاوێنەیەکە بۆ بینینی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژی و دواجار بۆ ئەو کردەیەی کە رەفتارەکانی هاودژکردۆتەوە, ئەوەش وایکردووە بیکات بە کەسێکی دووفاقی, بەواتای ئەو لەرێگای دەروونەوە توانای بینینی رووە هاودژەکانی خۆی هەیە, ئەوەش بەدوای پرسیارکردن لە رەفتارەکانی خۆی دەتوانێت ئەو توانایە لەناوخۆیدا دروست بکات, توانا رەخنەگرتن لەخود, لەرێگەی ئاوێنە (دەروون), کە ئاوێنەیەکە تەڵخی و نەخۆشیی و گرێیەکانی بەسەرەوەیە, بۆیەئەو دەروونە خودێکی شەڕانگێز دەخولقێنێت لەناو کۆمەڵدا, ئەو خودەی کە هەر لەمنداڵیەوە ئەندامێکی جەستەی لەدەستداوە, ئەو هەستی بەکەمایەتیە پڕیدەکات لە رق و خودێکی تووڕەی پێدەخولقێنێت, ئەوەشیان دوو ئاستی جیاوازی هەیە(٥).

مرۆڤ لە تێکەڵبوون بە کۆمەڵ هەڵگری چەند دەروونێکی جیاوازە, تۆ ئەگەر وا رێك بکەوێت لەمانگێکدا سێ بۆنە و ئاهەنگی جیاواز هەبێت, کە تیایدا داوەت کرابیت یان خۆت بۆی بچیت, ئەوا بێگومان لەهەر بۆنەیەکدا جلوبەرگێکی جیاواز دەپۆشیت, هۆکارەکەشی ئەوەیە, کە ناتەوێت لەیەك دەروون خۆت دەربخەیت, بەڵکو ئەو جلوبەرگەی پێی دەچیتە سەردانی ناسیاوێکت هەرگیز ئەو خۆگۆڕینە نییە کە لە ئاهەنگێکی بووك گواستنەوە خۆشەویستەکەت دەبینیت, وەك چۆن ئەو خۆگۆڕینە تەواو جیاوازە لە خۆگۆڕینێك کە دەچیتە سەردانی بەرپرسێك بۆ دامەزراندنت

لە ڕێكخراوێكی بیانی, واتە لەهەر خۆگۆڕینێك دەتەوێت كەسایەتیی خۆت بەشێوەیەكی تایبەت دەربخەیت, ئەوەش خەسڵەتێكی سرووشتیی مرۆڤە (ویلیام جیمس) لەوبارەیەوە بۆوچونی وایە (مرۆڤ عادەتی وایە, كە چەند دەروونێكی هەیە نەك تاكە دەروونێك)[٦]. بەڵام كاتێك ئەو خاسیەتەی خود لەخودی كلتورێكی تر نزیك دەبێت, مایەی یەك كلتوری ناگەیەنێت, بەڵكو ئەوەیان پێوەندی بە خەسڵەتی فیسیۆلۆژیی مرۆڤەوە هەیە, كە هەر لەكۆنەوە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبووە و سۆسیۆلۆژیستەكان بەردەوام لەگەڕانی ئەوەدان فەرەنسیەك لەئەڵمانییەك و مەكسیكیەك لە ئەمریكیەك جیابكەنەوە, ئەوەش لەو پێناسەیەی (مید) هاتووە, كاتێك مرۆڤی بەخاوەنی دوو دەروون ناوبرد (دەروونی كۆمەڵایەتی) و (دەروونی سرووشتی), بەواتای مرۆڤ لەنێوان دوو دەروونی جیاواز دەركەوتووە, لەو چەمكە هاونزیكیەك لەنێوان دەروونی خودێكی عێراقی لەگەڵ خودێكی كوردیی دەبینرێت, چونكە سەرباری ئەو هاوبەشییانە, كۆمەڵێك هۆكاریی ناوەكیی تر هەبووە, كە پێوەندیی بە دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە هەبووە, ئەگەرچی ئەوە بەومانایە نایەت كە خاسیەتەكانی ئەو دوو كلتورە لەیەك جاواز نەبوون, ئەوەش تەنیا لەنێوان ئەو دوو كلتوورە لەیەكچوون نابینرێت, بەڵكو ئەو لێكچونە لەنێوان زۆر لە كلتوركان بەرچاودەكەوێت, وەك لەو لێكچوونە نزیكەی ئەفسانەكانی ئەمریكای باكور و باشور دەیبینین, بەڵام ئەوە خوێندنەوە ئەنترۆپۆلۆژیەكەی(شتراوس)ە لە دەقی (ئەفسانە و مانا) هەوڵدەدات مانایەكی قوڵ بە بونیادی هەریەك لە دەقە ئەفسانەییەكان ببەخشێت.

بەڵام ئەو جیاوازیە لەنێوان سیستمی بەهاكان لای كورد وەك خۆی و دواتر لەگەڵ كۆمەڵی عێراقیش تووشی دووفاقی كردووە, ئەوەش لای (د.علي الوردي) وابەستەیە بە مێژووی دەوڵەتی عێراقەوە, چونكە ئەو مێژووە نەیتوانیووە یاسایەكی نوێی دەوڵەت بسەپێنێ, بەڵكو دوو یاسا هەیە بۆ فەرمانڕەوایەتی, یەكێكیان یاسایەكی خێڵەكی, ئەویدیش یاسایەكی مەدەنی, ئەو دوو یاسایەش بەرهەمی دوو بەهای كۆمەڵایەتی ئاست جیاوازن, پەیڕەوكردنی هەردوو یاساكە گوزارشت لە دووفاقیەتی ئەو كۆمەڵە دەكات.

ئەو دووفاقیەتی یاسایە لە کۆمەڵی ئێمەدا لەماوەی دوانزە ساڵەی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتی کوردیی زۆر بەخەستی دەرکەوت, کە لە ئەزموونی حزبیەوە گواستیەوە بۆ فۆرمی پەرلەمانی.

ئەگەر تا ئێرە تێڕوانینێکی گشتیمان لەسەر دووفاقیەت خستبێتەڕوو, ئەوە لێرەوە هەوڵ دەدەین ئەو کارلێکەرەی کە وەك دو فاکتەر کاریان کردووە, بیگەڕێنینەوە بۆ سەردوو بەها کۆمەلایەتی, چونکە دوو بەهان پێکهاتەی سرووشتی کۆمەڵی ئێمەن, بەبێ یەکێکیان ئەویتر نەهاتووە بەڵکو هێزی بەردەوامبونی خۆی لە ئەویتر وەرگرتووە, بۆیە بەدوای قسەکردن لەو دو بەهایە هەوڵ دەدەین ئەو دووفاقیەتە لەرووی سۆسیۆلۆژیای ئاین و دواتر لەرێگەی گۆڕینی لەکایەیەکی سۆسیۆلۆژیی بۆ کایەی سیاسی بگوازینەوە کە بۆچی یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی سیاسی دەیانەوێت زەمینەی هێزی کۆمەلایەتی بەخۆیان ببەخشن, بەلام لەسەر ژێرخانێکی دووفاقی لەنێوان بەهای خێڵەکی و بەهای ژیاریی.

## بەها کۆمەلایەتیەکان و دووفاقیەتی بەها

بەپێی چەمکی ئیبن خەلدون پۆلێنکردنی کۆمەڵ دابەش دەکرێتە سەر دوو بەها, ئەوانیش (بەهای خێڵە کۆچەرییەکان) و (بەهای ژیار) . ئەگەر لەو ناسینەوە سەیری کۆمەڵی عێراقی بکەین دەبینین خێڵە کۆچەرییەکان لە بیابانەوە هاتوون هەڵگری تایبەتمەندی ئاکاری سەربەخۆن بەپێی یاسای بیابان, سنوری عێراق واهەڵکەوتووە کە بیابان لە کۆچەرییەکانی سعودیەی جیابکاتەوەو ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بوونی بەهای کۆچەریی وەك زەمینەیەکی بڕواپێکراوی ئەو کۆمەڵەیە, کە ئەویش ئیسلامبونی کۆمەڵی عێراقیە, کە دواتر لەرێگەی خەلافەتی عوسمانیەوە ئەو بەهایە دەبێت بە شوناسی کۆمەڵی عێراقی, شوناسێك عوسمانیەکان تیایدا توانیان لەسەر دوو ئاست کاریگەری خۆیان لەسەر ئەو کۆمەڵەیە بەجێبێڵن, یەکەمیان بەوەنەبوو ئەوان داکۆکییان لە بەهای کۆچەریی دەکرد, بەلام لەناو ئەو بەهایە توانیان کەسێتیەکی نامۆ بێنن, کەسێتیەك دواتر وەك چینێکی سەربەخۆ سەیردەکرا ئەویش (ئەفەندی) بوو, بۆیە ئەفەندی لەعێراقدا بوو بە چینێکی کۆمەلایەتی, کە دەرچووی خوێندنگا

نوێیـەكان بـوون, ئەوانـە دەبوونـە فەرمانبـەر لـە دەزگـا حكومیـەكان و لـەرووی جلوبەرگـەوە لاسـایی جلوبـەرگی ئەفەنـدییان دەكـردەوە, ئـەو چـینە هــەوڵیان دەدا قسـەكردن بگـۆڕنـە سـەر زمـانی تـوركی, بـەمانای ئەفەندیی لەناو عەرەبدا بەتوركی قسەیان دەكرد, ئەوە سەرەڕای ئـەوەی زاراوەی زانستی و هونەرییان تێكهەڵكێشی قسەكانیان دەكرد(٧).

ئاستی دووەمیش كاریگەری لەسەر ئاستی هونەری بیناسازی دروست كـرد, بەتایبـەت لـە بیناسـازی مزگـەوت, كـە تـا ئێسـتاش ئـەو هونـەرە عوسمانیە وك فۆرمێكی ئاینی خۆی دووبارەدەكاتەوە.

رەنگـە لێـرەدا رووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە ببینـەوە كـە مادامـەكی عوسمانیەكان لەڕووی بیناسازی هونەری خۆیان هەبوو, وەك چۆن مـۆدی ئەفەندییان هێنا, ئەو پەیوەندیە خێڵەكیە چیە ئەوانی پێناودەبەین, ئایا بوونی ئەو دوو ئاستە وەك ژیار سەیر ناكرێت؟

ئەگەر بۆ مێـژووی عوسمانیـەكان بگەڕێینـەوە دەبـێ بڵـێین ئـەوانیش خـاوەنی رابردوویـەكی كۆچـەریین, كـە دەسـبەرداری نەبوونـە, بـەڵكو موسڵمان بوونیشیان لەسەر هەمان وێنەی خێڵە كۆچەرییەكانی تـر بـووە, كە ئیسلام خاوەنی هەمان ئاكاری كۆچەریی بوو كە ئاكـاری بیابـان بـوو, ئەوان موسڵمانبوونیان وابەستەكردووە بە هێزی خێڵ بەوپێیەی كۆچەریی بـوون لـە توركسـتانی خۆرهـەڵات هـاتبوون, كـە لەترسـی هێرشـەكانی جەنگیزخان هەڵاتبوون بۆئەنادۆڵ, موسڵمانبوونیان دەیپاراستن لـە مـردن بەوپێیـەی هـەر هێرشـێك بـۆ سـەر ئـەوان, بـەهێرش بـۆ سـەر ئیسـلام سەیردەكرا, ئەوەش وایدەكرد عوسمانیەكان خۆیـان بـە رۆڵـەی شـەرعیی ئەو بەهایە بزانن, ئیسلامیش بە رۆڵەی هەمان بەهای خـۆی سـەیردەكات. بەهای دووەم كە (بەهای ژیار) بوو بەهایەكە لەدژی بـەهای یەكـەم دێـت, بۆیە ئەو بەهایە لەعێراقدا جـەنگ هێنـای لەرێگـەی ئینگلیزەكانـەوە, كـە عوسمانیـەكان دەیانویست بەهـەموو شـێوەیەك دژایـەتی بكـەن, چـونكە سەپاندنی دەبوە مردنی بەهای كۆچەریی.

بۆیە جەنگی جیهانی یەكەم بۆ كۆمـەڵی عێراقـی جـەنگی دەربـازبوون بوو لە گۆشەگیریی كۆمەڵایـەتی كـە خەلافـەتی عوسمـانی خولقانـدبووی, ئەو جەنگە ئاشنابوونی كۆمەڵی عێراقی بـوو بـە ژیـار, دەرچـوون بـوو لـە

بــەهای کۆچــەریی بــۆ هاتنــەنێو پێوەندیــەکی ژیــاریی نــوێ, چــونکە عوسمانیەکان چەندە لە فۆرمێکی جیاواز لەعێراقدا کاریان دەکرد, بـەڵام وەك ئاماژەمــان بــۆکرد بەرهــەمی ئــەقڵی کۆچــەریی بــوو, نەیدەویســت کۆمەڵی عێراقی بە ژیار ئاشنابێت, بەڵکو ئەو کۆمەڵەیەی گۆشەگیرکردبوو لــەناو کۆمەڵــە پێوەنــدیی داخــراو, باشــترین بەڵگــەش هــەردوو والیەکــەی لەعێراقدا (مدحت پاشـا) و (نـازم پاشـا)ن, کاتــێ کـاری خزمـەتگوزارییان لەعێراقدا ئەنجامـدەدا و سـامانی ئـەو وڵاتـەیان بـۆ تورکیـا نـەدەناردەوە لەئەنجامدا خرانە مەنفا و دواتر کوژران.

عوسمانیەکان کاتێ زانیان بە ژیارییوونی ئەو کۆمەڵەیـە هـەموو شـتێ لەدەسـت دەدەن, هــەوڵیان دا لەرێگــەی وروژانــدنی ســۆزدارییەوە, ئــەو کۆمەڵەیـە بـوروژێنن بـۆ دژایـەتیکردنی ژیـار, بـەوەی ژیـاری ئینگلیزیـی ژیـارێکی ئینگلیزیـی کـافرە لـەدژی ئیسـلام, زەوتکردنـی ئـاین و هێنـانی کلتورێکی نادینیە, ئـەو کارەشـیان تاڕادەیـەك سـەریگرت و بـووە مایـەی ئەوەی زۆری خێڵەکان و بەشێك لە خەڵکی شارەکان چەك لەدژی ئینگلیـز هەڵبگرن, ئەو دژایەتیە تەنیا بەرەنگاربوونەوەی چـەکداری نـەبوو, بـەڵکو چەکداری ئاستێك بوو سۆزی ساویلکەیی مرۆڤی ئەو کۆمەڵەی دەوروژانـد, دەنا لەبنەڕەتدا دژایەتیکردنی عوسمانیەکان (دژایەتیەکی کلتـوری) بـوو, بەوەی ژیاری خۆرئاوایان کورتکردبـۆوە لـەناو چـەمکی حـەرامی ئـاینی و رایانگەیانـد (چـوون بـۆ خوێنـدنگاکان حەرامـە, و خوێندنـەوەی رۆژنامـە حەرامــە, و فێربــونی هــەر زمــانێکی ئــەورووپی حەرامــە, و هــەروەها حەرامکردنی لەسەرکردنی شەبقە و خواردن بەکەوچك و تەنانەت دانیشتن لەسەر کورسیش)[٨].

لەنێوان ئەو دوو بەهایە کۆمەڵی عێراقی بوو بـە هـەڵگری هـەردووکیان ئەوەش وایکرد, ببـێ بـە کۆمـەڵێکی دووفـاق لـەنێوان خێڵـی کۆچـەریی و ژیاردا, بۆیە مرۆڤی عێراقی بـەکورد و عەرەبـەوە کەسـێکی دووفـاقی نێـو ئەو دوو بەهایەیە, بۆیە بـەهای دووەم کـە بـەهای ژیـارە و لەگـەڵ بـوونی دەوڵەت خۆی دەسەپێنێ و بەڵام ئـەو بەهایـە کـە دەکرا ببـێ بـە گۆڕانی کۆمەڵایـەتی دەوڵـەتی عێراقــی کەچــی نــەیتوانی دەســبەرداری ئــەقڵی خێڵەکی بێت نەك لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی خێڵەکییە, بەڵکو خێڵەکیبوونی

ئـەو لـەپاڵ ژیـاریی‌بوونی پێکهاتـەی دووفـاقی کەسـێتی ئـەو پێکـدێنن, ئەوەش پێوەندیی بە دەمارگیریی ئەو مرۆڤە هەیە, کە لە رەگدا خـاوەنی بونیادێکی خێڵەکییە, کە دیارە بـۆ ناسـینی دەمـارگیریی دەبێـت بـۆ لای ئیبن خەلدون بگەڕێینەوە, چونکە مەبەستمان لە مانا خەلدونیەکـەی ئـەو چەمکەیە ئەویش بەلایەوە (ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتیەیە کە کوڕانی خێڵ یـان هـەر گروپێکـی تـر بەیەکـەوەیان دەبەسـتێتەوە, و وایـان لێـدەکات هاوکـاریی یـەکتر بکـەن و هاوشـان ببنـەوە لـە چـاکە و خراپـەدا, و دەمارگیریی بەهێز هەموو هێزەکەی لەکۆچـەریی‌دایە, و ئـەوەش هۆکـاری ململانێی نێوان خێڵە جیاوازەکانە)[9]. ئەگەر ئەمڕۆ گوێبیستی ئەو هێـزە نەتەوەییانە ببین کە خێڵـەکی‌بوون بـە دیاردەیـەکی عـەرەبی ناودەبـەن و بەوناوبردنـە بیانـەوێ خێڵایـەتی لـە کـوردەواریی دووربخەنـەوە, دیـارە بەوکارە ئەو هێزە نایەوێ کوردەواریی بگەیەنێ بەشوێنێك کـە شایسـتەی ژیاندۆسـتی بێـت, بـەڵکو ئـەو هێـزە بـەوکارەی مەبەسـتیەتی رابـردووی نەتەوە بشێوێنێ, چونکە خێڵایەتی بەر لە هەر شتێ تەنیا وابەسـتە نییـە بـە کـورد و عەرەبـەوە, بـەڵکو ئـەو ئەقڵـە بەرهـەمی خۆرهەڵاتـە, بـەڵام عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی تر زیاتر بەشوێنێکی ئارامی زانیـووە (ئـیبن خەلـدون نەتـەوە کۆچـەرییە جیاوازەکانمـان بیردێنێتـەوە, لـە فـارس‌و تورکمان‌و سقالیبە و کـورد و بەربـەر و عـەرەب, و هەوڵـدەدات دابەشـیان بکاتــە ســەر ســێ پلــە, و لــەکۆتایی بەشەکەشـدا ئاماژەیــەکی روون بۆئــەوەدەکات کــە عــەرەب لــە هــەموویان زیــاتر ژیــانی بیابــانی هەڵقۆزتۆتەوە)[10].

کەچــی هەنــدێ نەتــەوەی تــر تایبەتمەنــدی وەك عــەرەبی لێــی پەیدانەکرد, لەوانە بەربەر و عەجـەم کـە روویـان کـردە کشـتوکاڵی و ئـەو کارەیان کرد بەتایبەتمەندیی خۆیان, ئەو تێگەیشتنە خەلدونیە بۆ بـەهای کۆچـەریی بـەرەنجامی خوێندنـەوەی لـۆژیکێکی ماددیانەیـە بـۆ کۆمـەڵ, لەرێگەی دەرچون لە لـۆژیکی ئەرسـتۆیی, ئـەو لۆژیکـەی دوو لـە سـیفاتە گشتیەکانی (لۆژیکی وێنەیی) و (لۆژیکی هەڵێنجراو)ە, بەتایبـەت لـۆژیکی وێنەیی کە بایەخ بە وێنەی بابەتەکە دەدات و ماددەکە فەرامۆش دەکات, بۆیە ئیبن خەلدون ویستی لە رێگەی لۆژیکی ماددیانە (لۆژیکی ئەرستۆیی

تێکبدات و لەشوێنیا لۆژیکێکی نوێ بنیات بنێت, کە متمانە بکاتە سەر واقیعێکی کۆمەڵایەتی گۆڕاو)[11].

ئایا ئەو هۆکارە چییە وامان لێدەکات بەرەو ئیبن خەلدون بگەڕێینەوە بۆ ناسینی کۆمەڵ, نەوەکو بۆ سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا؟

بێ دوودڵی دەڵێین تاکە هۆیەك لەپشت ئەو ستراتیژە وەستابێت, ئەو میکانیزمەی خەلدون بۆ کۆمەڵی عەرەبی خستیەڕوو, میکانیزمێکە لە ئێستای کۆمەڵی ئێمەدا کێشە و ململانێی کۆمەڵایەتی تیا لەدایك دەبێت. گرنگ نییە کێشە دەخوڵقێت, کۆمەڵی بێ کێشە.. کۆمەڵگایەکی نوقمی نێو ئومێد.. کۆمەڵێکە نایەوێ قسە لە ئاستی تێگەیشتنی خۆی بۆ دونیا بکات, بۆیە خوڵقاندنی کێشە دەبێتەهۆی تێگەیشتنمان لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان, ئەو کێشانەی (ئیبن خەلدون) تیایدا خستیەڕوو لەڕووی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لەیەکتریی و یان کۆچەریی لەگەڵ ژیاریی, یاخود عەرەب و عەجەم, لەئەمڕۆدا ئەم کێشەیە بووە بە کێشەیەکی نەتەوەیی نێوان کورد و عەرەب, واز لەو دەمامکە هەڵخەڵەتێنەرەش دێنین کە لەئێستادا دەیەوێ ئەوەمان بۆ بخاتەڕوو کە لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا هیچ کێشەیەك نیە, چونکە ئەو دیدە ئایدیۆلۆژیە دڵنیامان ناکات لە نەبوونی کێشە, بەڵکو دواخستنی کێشەکەیە بۆ ئاییندە, بۆیە بۆئەوەی نەکەوینە نێو ئەو گوتارە فانتازیەی ئومێد کە هێزە سیاسیەکانمان بەرزیانکردۆتەوە, پێویستە نەك کێشەی دین و دەوڵەت هەست پێ بکەین, بەڵکو کێشەی سوننە و شیعە لەناودین فەرامۆش نەکەین, بۆیە هەوڵدەدەین سەرەتا لە بوونی ئەو جیاوازیە نەتەوەییە قسەبکەین کە لە ڕێگەی (زمان)ەوە جیادەبنەوە لەیەکتریی و دواتر دێینە سەر کێشەی سوننە و شیعە, کاتێ ناچینە سەر پەیوەندی دین و دەوڵەت هۆکارەکەی ئەوەیە, ئەوەی دووفاقی بەرهەم دێنێتەوە, ئەو پەیوەندیە نیە, بەڵکو کێشەی مەزهەبیە.

## زمان و جیاوازیی کلتوریی

کێشەی زمان بۆ کۆمەڵی ئێمە ئەگەر بەقەد بەها کۆمەڵایەتیەکان گرنگی نەبێت, ئەوا وەك جۆرە میکانیزمێکی بەها سەیردەکرێت, چونکە زمان تەنیا پێوەندی بەو حاڵەتەوە نییە کە ئێمە لەناو دەوڵەتی عێراقی وەك نەتەوەی دووەم سەیرکراوین, بەڵکو زمان خوڵقێنەری کێشەو

دیاردەی کۆمەڵایەتیە, بەمانای دووفاقیەت لە هەناوی زماندا دەست بە گەشەکردن دەکات, ئەوەش لە زمانی شیعرییەوە دەستپێدەکات لەناو حزبیش خۆی دەکات بەگوتارێکی دووفاق, ئەگەر شیعر شەڕکردن بوو بێت لەسەر زیندەگی و مەرگ, لەراستیدا ئەوەیان دووفاقیەتی ژیان بووە کە (دلدار) دەیەوێ لەرێگەی زمانەوە بنووسێت (کەس نەڵێت کورد مردووە.. کورد زیندووە) ئەو دڵنیاییە لەراستیدا گوزارشتە لە مەرگ بەڵام زمان دەیەوێ دووفاقیەت بخولقێنێت. بۆئەوەی بەدوژمنەکانی نەتەوە بڵێت شوناسی کوردبوون ئامادەگی هەیە, ئەوەش لای ناسیۆنالیزمی کوردیی بەزۆر فۆرمی جیاواز پارێزراوە, ناسیۆنالیزمی کوردیی هێزێك نییە یادەوەریی خاڵی بێت لە دووفاقی, بەڵکو وزەی ئەو مانەوەیە لە (دڵدار) وەردەگرێت, کە وزەیەکی دووفاقە[١٢]. بۆیە زمان بەردەوام لەنێوان هەردوو بەها کۆمەڵایەتیەکە هەستی شوناسی بریندار هەبووە, ئەو هەستەش زۆرجار وایلێکردووە قبولکردنی بەهایەك لەسەر مەرگی بەهاکەی تر نەبێت بەڵکو مانەوەی هەریەك لە بەهاکانی بەپێویستیەك سەیرکردووە, پێویستە لەو حاڵەتەدا ئاماژە بۆئەوە بکەین کە گەر دووفاقیەت لای (علي الوردي) لەئاستێکی سایکۆلۆژیەوە دەهێنرێتە سەر دۆخی دیاردەی کۆمەڵایەتی, ئەوا لە کوردەواریدا زمان دەبێ بەهۆکاری ئەوەی دووفاقیەت لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بگوازرێتەوە ناو کایەی سیاسی, ئەگەرچی زمان بەو پەڕینەوەیە توانای ئەوەی هەبووە جیاوازی کوردەواریی لە کۆمەڵی عێراقی دەستنیشان بکات, ئەویش لەڕووی زمانی شیعرییەوە کە ستایشی پاڵەوان دەکات, کە ئەوەش بەرهەمی بەهای کۆچەرییە, ئەگەر لێرەدا بکەوینە نێو ئەو یادەوەرییەی کە ئەو زمانە ستایشە زمانێکە بەعس لایەنگریی تیادەکات و هەندێك جار لەناو هەندێك قەڵەمی کوردیش لەسەردەمی بەعس بینرابێت.

بەڵام ئەوەیان پێوەندی بە دووفاقیەتی ئەو شاعیرانە و هەستکردن بە کەمایەتی ئەوە وەك شاعیرێك کە ئەوەیان لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە, چونکە ئەوکات بەرەو باسی تر پەلکێشمان دەکات, بەڵکو مەبەستمان زیاتر لەوەیە گەر کۆمەڵی عێراقی لەسەردەمی شیعریی جاهیلی ستایشی قارەمانێتی پاڵەوانیان دەکرد, ئەوا لەکوردەواریدا ئەو ستایشە گۆڕدراوە بەجۆرێك لەبەرەنگاری, وەك لەنامەکەی (سالم) بۆ (نالی) داوای لێدەکات

نەیەتەوە چونکە خاك داگیرکراوە, ئەگەرچی دەبێ ئەوەش بەسەرنج وەربگیرێت, کە بۆچی سالم دەیەوێ نالی نەیەتەوە, چونکە خاك داگیرکراوە, بەلام خۆی لەژێر ئەو حوکمە داگیرکارییە دەژییت, چونکە ئەوەیان دووفاقیەتی (سالم)مان بۆ دەردەخات, بۆیە ئەوجۆرەش دواتر دەپەڕێتەوە ناو ئەقلی سیاسی کە هەوڵ دەدەین بەر لە کۆتایی بەووردی لەسەری بوەستین لەسەر یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی سیاسی کە لەراستیدا وەك هێزی کۆمەلایەتی ئەکتیڤن نەك سیاسی.

بۆیە دووفاقیەتی زمان دەبێتە هۆی جیاوازیی کلتوریی, ئەو جیاوازیەش وادەکات پێوەندی کۆمەڵ بەدەوڵەت بکات بە پێوەندیەکی گومانـاویی, ئەو گومانە مۆدێلێکی بەعسیزم نییە, بەڵکو بەعس سوودیلێبینووە, بەلام مۆدێلێك وابەستەی کرانەوەی کۆمەلی عێراقیە لەگەڵ دەولەتی نوێدا, ئەوەش بۆ هەڕەشەکردن و سیخوڕیی دەگەڕێتەوە بەسەر کۆمەلدا, کە هەردوو جەنگە جیهانیەکە گریمانەیان کرد, بۆیە بەلای (الوردي)ەوە لە کۆمەلی عێراقی ئەفەندییەکی قەلەم و کاغەز بەدەست یا بۆ باج وەرگرتن هاتووە, یا بۆ کردنە سەربازیی, یاخود بۆ بردنە زیندان, و ئەگەر ئەو کەسە لەڕووی پۆشینی جلوبەرگ, وەك خەلکەکە بوو ئەوە گومانی سیخوڕیی لێدەکرێت.

دیارە جەنگ بوو بەهۆی خولقاندنی بەهای ژیار, لەپاڵ بەهای خێلە کۆچەریەکان, بوونی ئەو دوو بەهایە وایکردووە کاتێ دەولەت لەناو بەها ژیارییەکانی خۆیدا بەهێزبووە, ئەوا ئەو کۆمەلەیە لەگەلیدا رۆیشتووە بەهای کۆچەریی لاوازکردووە, کەچی لە لاوازبوونی دەولەت بەهای ژیاریی کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی بیابانەوە, ئەو نمونەیە تەنیا وابەستە نییە بە رابردووی کۆچەریی لەعێراقدا, بەلکو چۆن کۆچەرییەکانی سعودیە لەلاوازبوونی ئیسلام پشتیان کردۆتە ئیسلام و لەسەرکەوتنیش بەرەو لای گەڕاونەتەوە, بەعسیش توانی ئەو نمونەیە زیندووبکاتەوە, رازیبوونی خێلەکان بەچەکداربوون بۆ دەولەت و تێکدانی ناوچەکانیان بۆخۆی مۆدی خێلی دووفاقیە.

ئەو دووفاقیەتەش لەو ساتەوەختە پێوەندیی بەسەرکەوتن و زەبروزەنگی بەعسەوە هەبووە, لەلایەك لەجەنگی لەگەڵ ئێران وەك سەرکەوتوویەك خۆی نمایش کردووە, لەڕوویەکی تریش خێلەکانی

دڵنیاكردەوە, ئەو دەتوانێ لەرێگەی زەبروزەنگەوە ئەوانی دەرەوەی سنوری خۆی بتوێنێتەوە, بەتایبەت كاتێ خێڵەكان كیمیابارانی هەڵەبجە و كارەساتی ئەنفالیان دەبینی, ئینتیمایان بۆ بەعس دەكرد, ئەو ئینتیمایە, چەندە دووفاقیەتێك بوو بۆ خۆپاراستن, هێندەش سڕینەوەی زمانی خۆی بوو نەهێشتنی جیاوازیی كلتوریی بوو, خێڵ لەوساتەوەختە شانازی بەناوی خۆی دەكرد, بەڵام ناوی ئەو تەنیا هێزێك بوو كە دەبوو لەپێناو دەوڵەت بجەنگێو بۆیە بەشداریكردنی خێڵ لەتاوانی ئەنفال, بەشداریكردنی خێڵە لە دووفاقیەت, بەوەی شەڕ لەسەر شەرەفی خێڵ دەكات و لەئاستێكی تریش بوونی ئەو بەشێكی هەرەبچوكە لەناو جەستەی بەعسەوە.

## دووفاقی لەروانگەی سۆسیۆلۆژیای ئاینییەوە

كاتێ لەروانگەی سۆسیۆلۆژیای ئاینییەوە سەیری دووفاقیەتی كوردەواریی بكەین, دەبێ لەدوو ئاستەوە سەیری بكەین (ئاستی زمان) و (ئاستی سرووتی ئاین), ئەو دوو ئاستەش دەبەینە نێو (سوننە)و (شیعە) لەئیسلامدا, ئەگەرچی شیعەبوونی كورد كەمتر قسەی لێدەكرێت, بەڵام ئیسلامبونی كۆمەڵی ئێمە خاڵی نییە لە دووفاقیەت بۆ هەریەك لەو ئیشكالیەتە, نەبوونی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئاینی لەپشت ئەو قسەنكردنە وەستاوە.

خوێندنەوەی كۆمەڵ لەرێگەی زانستی كۆمەڵایەتیەوە بەخشینی رەهەندێكی نادیار نییە بە كۆمەڵ, بەڵكو راڤەكردنەوەی كۆی چالاكی و گەشەی كلتوریی كۆمەڵە, دواندنەوەی فەرامۆشكراوەكانی ژیانە, قسەكردنەوەیە لە ئەگەرێك كە هەستیپێدەكەین لێینایەینەدەنگ, ئەو زانستە فێری ئەوەمان دەكات درك بە ئاسۆیەكی روون بكەین, ئەوەش ئاسۆیەكی كۆمەڵایەتی جیاواز نییە, ئاسۆیەكە تەنیا پێویستی بەرەخنەگرتنە, چونكە ستایشكردنی كلتور و بێدەنگی لەئاست گوتاری كلتوری كۆمەڵ, ترسە لە دۆڕاندنی شوناسێك كە پێمان دراوە و هی ئێمە نەبێت, كلتوری كوردیی هێندەی یەقین بە شتەكان دەدات, بەقەد تاڵە موویەك گومانی نییە, بەبێ گومانكردن ناتوانین بزانین كۆمەڵی ئێمە لەكوێی دونیا وەستاوە, ئەو بەهایە چیە ئەو كۆمەڵەیە هەڵگریەتی,

گومانکردن رووخانی ئەو دڵنیاییە کە زەمەنێکی درێژە لەیادەوەریی نەوەکاندا دەپارێزرێت، زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژیا) توانای ئەوەی هەیە ئەو یادەوەریە بێنێتە زمان و سنور و ئاراستەی کۆمەڵایەتی ئەو یادەوەرییە دەستنیشان بکات، بۆیە پێویستە ئەو زانستە بەوە لێکنەدرێتەوە، کە دەمانەوێ گریمانەی کلتورێکی تر بسەپێنینە سەر کلتورێکی تردا، ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە لەڕاستیدا ترسیان لە کلتوری کوردیی نییە، بەڵکو ترسیان لە دۆخێکە کە گۆڕانی تیا رووبدات، ئەوان لەناسینی کۆمەڵ لەڕووی پەیوەندیەوە بێدەنگن، چونکە لە هەرکاتێك کام لە دوو بەهاکەی بەپێویست زانی دەیهێنێتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو کارەش نابێ بە جێگەی دڵخۆشکەریی بزانین، بەڵکو دەبێ گومان بەرەو ئەوەمان ببات کە ئێمە کۆمەڵێکی تەندروست نین، لەبری هەڵچوون لەبەرامبەر تێگەیشتن لەم چەشنە پێویستە رەخنە و بۆچوونی جیاواز بخەینەڕوو نەوەك بڕیاری پێشوەخت بسەپێنین، پێویستمان بەوەیە لە دووتوێی زانستەوە گفتوگۆ بکەین، بۆچی وتمان زانست و نەمانوت زانستی کۆمەڵایەتی؟

چونکە ئەوە تەنیا سۆسیۆلۆژیا نییە توانای خوێندنەوەی پەیوەندی هەیە لە کۆمەڵی ئێمەدا، بەڵکو لەپاڵ ئەو زانستە، زانستەکانی تر لەجۆری (ئەنترۆپۆلۆژیا)ش کاریکی پێویست و حەتمیە و دەبێ فەرامۆشی نەکەین، ئەوەش لەسەر ئەو حەقیقەتەی کە (زانست بەشێوەیەکی گشتی شتێکی تر نییە جگە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەویش لەرێگەی تاکەکەسێکەوە گەشەناکات، بەڵکو گەشەکردنی وەکو گەشەسەندنی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترە)[١٣].

بۆیە کاتێ سەیری پێوەندیی کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواریی دەکەین لەڕووی سۆسیۆلۆژیای ئاینەوە دەبینین (زمان / سرووت) بەرهەمهێنەرێکی تری دووفاقیەتن، ئەگەرچی یەکەمیان زیاتر پێوەندی هەیە بە ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانیەوە، بەڵام سۆسیۆلۆژیای ئاینی فەرامۆشی ناکات، ئەگەر کۆمەڵی عێراقی کۆمەڵێك بێت لەڕووی ئاینەوە بەسەر سوننە و شیعە دابەش بوویێت ئەوا کۆچەرییەکان ئەو گروپەن کە زیاتر بەرەو شیعە دەگەڕێنەوە، هۆیەکەشی وێنەی پاڵەوانێتی و قارەمانی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)ە، کە بەرابەری شیعەخوازیی دادەنرێت، عەلی

پیاوێك بوو وێنەی قارەمانی تیا کۆببۆوە, قارەمانیش بەردەوام لای کۆچەر مایەی شانازییپێوەکردنە, کەچی کوردەواریی کە ئیسلامیەکی سوننیە, بەڵام لەناو ئاستی زمان خاڵی نییە لە شیعەگەرایی, بەمانایەکی تر سوننەبوونی ئەو کۆمەڵەیە بەمانای رەتکردنەوەی شیعەبوون نەبووە, بۆیە ئاماژەکردن بۆ قارەمان بە (شێرەکەی ئیمامی عەلی) ناودەبرێت, یاخود لە پاڕانەوەی ژنی کوردیی کاتێکی منالێکی بەرەو سەفەرێکی سەخت دەڕوات دەڵێ (برۆ ئیمامی عەباس لەگەڵتا بێت)(١٤).

ئەگەر ئەو ئاستە زمانەوانیە وابەستەبێت بە یادەوەریەکی هاوبەش, ئەوا بوونی کۆمەڵێك سرووتی شیعەیی سەلماندنی ئەو یادەوەرییەیە.

یادی کوشتنی حەسەن و حوسەین یادەوەریەکی بێلایەن نییە بۆ مرۆڤی کوردیی, بۆیە ئەو یادە رۆژێکی ماتەمینی و پرسەی مەرگی ئەو دوانە بۆ کۆمەڵ دەنوێنرێ لەلایان بەشێك لە رێگەی پۆشینی جلوبەرگی رەش و بەخشینەوەی چێشتی هەریسە, سرووتێکی شیعەگەراییە و سوننیەکانی نێو کوردەواریی پیادەی دەکەن, بەو بیانووەی کە ئیسلام هەمووی درێژکراوەی یەکترییە لەکاتێکدا شیعەکان بڕوایان بەو بۆچوونە نییە.

بۆیە ئەو یادەوەرییە یادەوەرییەکی برینداری مرۆڤی کوردیە, کە بەهۆی ئەوەی خۆی بەبەشێك لەو یادە گشتیە دەزانێت, چونکە پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت, ئینتیمای ئاینی مرۆڤ وابەستەیە بە رابردووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزان, بۆیە ئەگەر ئاین لەباوانەوە بۆ نەوەکان وەربگیرێتەوە, ئەوا قسەکردن لە دوو فاقیەتی ئاینی کوردەواریی دووانە لە رابردوویەکی کۆمەڵایەتی, ئەو دووانە رەخنەییە لای بیریارانی رەخنەگر بەپێی تێگەیشتنی (مانهایم) بۆ دو جۆر پۆلێن دەکرێت, یەکەمیان ناودەنێ (وابەستەی کۆمەڵایەتی) ئەوەش بڕوای زۆرینەی کۆمەڵە و نایانەوێ لێی دەربازبن)(١٥).

ئەویدیشیان بە رزگاربوونی کۆمەڵایەتی, ناودەبات, ئەوەش ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە هەوڵدەدەن لە بۆچوونی جیاوازەوە قسە لە ئاسۆی کۆمەڵایەتی بکەن و بەپێچەوانەی جۆری یەکەم هەوڵدەدەن لەو وابەستەبوونە کۆمەڵایەتییە خۆیان رزگاربکەن, دیارە لەوحاڵەتە ئەو

دووفاقیەتە زیاتر بەرووی ئەوانەوە دەردەکەوێت کە خۆیان بە توێـژی روناکبیران دەزانن, کە لەنێوان (وابەستەبوون) و (رزگاربوون) تووشی دووفاقیەت دێن.

ئەوە سەرای ئەوەی نەبوونی خوێندنەوە رەخنەیی بۆ ئەو کلتورە ئاینیە هۆکارێکی تری ئەو وابەستەبوونەیە, بۆیە دوو نمونە دێنینەوە یەکیان زیندوو لەئێستادا بەردەوامە لەگەڵمان, ئەویدیش مردوو.. لەرابردوو هاتووە و خۆی درێژدەکاتەوە[١٦], بۆیە شیعەگەریی لە کوردەواریدا کلتورێکی دەرکراو نییە, بەڵکو خاوەنی زەمینەیەکە کە توانا قسەکردنەوەی هەیە لەسەر ئەو مێژوە, ئەگەر رابردوویەکی دەستنیشانکراویش بێت, بۆیە بوونی (سەید) و ناوبردنی بە (کوڕانی پێغەمبەر) هەرچەندە ئەو توێژە لەناو هەموو وڵاتانی جیهانی عەرەبی ئیسلامی دەبینرێت, بەڵام لەناو شیعەدا بایەخێکی تایبەتیان هەیە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە, کە ئەوان توێژێکی کۆمەڵایەتی پیرۆزن, لە کوردەواریشدا هەمان پیرۆزییان هەیە, وەك چۆن لەگۆڕستانەکان گۆڕی نەناسراو هەیە, کە لای ئێمە بە (مەزار) یان (چاك) ناسراوە, ئەو ناوبردنەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە مردوو کەسێکی پەریزادە و راستگۆ بووە لەدژی زوڵم تێکۆشاوە, مێژووی ئەو گۆڕە نادیار و نەناسراوە, هەندێجار ئەو مێژووە بۆ ئەو ئەسحابانە دەگەڕێندرێتەوە کە لە غەزاکان شەهید بوونە, لەبەرامبەر ئەوەدا بۆچوونێکی تر هەیە پێیوایە ئەو گۆڕە هیچ راستیی و پیرۆزییەکی نییە بەڵکو کۆمەڵ مێژوی بۆ دروستکردووە, مێژووی ئەسپێکی تۆپیوو کە کاتێ شۆڕەسوارێك ئەسپەکەی دەتۆپێ و لەژێر خۆڵی دەنێ و دوای دوو ساڵ ئەو گرمۆڵە خۆڵە دەبینێ, خەڵك وەك مەزارێکی پیرۆز سەیری دەکەن لە ئەدەبی نوێی کوردیدا ئەو کلتورە رەخنەی ئاراستەکراوە, بەڵام رەخنەیەکی هەتیوو رەخنەیەك بەتەنیا توانای خوێندنەوەی نابێت و پێویستی بە هەوڵی تۆکمە و بەردەوام هەیە, ئەگەرچی ئەو رەخنەیە رەخنەیەکی شەرمن نیە, بەڵکو بە بوێرییەوە کاتێ لە (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا (شێرزاد حەسەن) لەسەر زمانی زێوان کوڕی گەورە وریادەکاتەوە لەمێژوویەکی دروستکراو وپێی دەڵێ: (بێئاوەز ئێرە نە مەزارە و نە تەرەماش).

پێویستە ئاماژە بە بۆچوونێکی تریش بکەین, ئەویش ئەوەیە کە مەزار لای شیعە بە (کچانی حەسەن)ی کوڕی عەلی ئەبی تالیب ناودەبرێن, بەڵام ئەو ناوبردنە لای (علي الوردي) ناوبردنێکی وەهمیە چونکە حەسەن ئەو هەموو کچەی نەبووە.

مەزار لەرووی کۆمەڵایەتیەوە بووە بەوشوێنەی کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە سەردانی دەکەن بۆ ئامانجەکانیان, لەڕووی چاکبوونەوەی نەخۆش و هاتنەدی مرازەکانی داهاتوویان, بەڵام دەکرێت ئەوەیان بەجۆرێك لە بێئومێدیی سەیربکەین, کە چاکبونەوەی نەخۆش بدەینە دەست مێژوویەکی ون و نادیار کە مێژووی مەزارە, ئەوسا دەبێ بڵێین داهاتووی تاکەکان بەنادیار دەسپێرین.

ئەگەر ئەو سرووتە ئاینیە سەلماندنی دووفاقی تاکەکانی ئێمە بێت لەنێوان سوننە و شیعەدا, ئەوا ئەو دووفاقیەتە جارێکی تر لەئاستی زمانەوە توانای ئەو جەختکردنەوەیەی هەیە, بۆیە پێوەندی کۆمەڵ لەنێوان (مەزار / مران) کە یەکەمیان ئەو شوێنەی ئاماژەمان بۆکرد دەبێ بە تاکتیکێك کە ستراتیژەکەی مرازە, کە لە رووی دەنگو ئیقاعەوە ئەو دوو وشەیە لەیەکەوە نزیکن و پێوەندیەکی دیالەکتیکی هەیە لەنێوانیان, و ئەگەر لەئاستێکی تریش سەیری ئەو رابردووە ئاینییە بکەین, دەبینین (ئیمام جەعفەر سادق) کوڕێکی هەبووە بەناوی (صگبان) کە بە یەکێك لە کەسە پیرۆزەکان سەیردەکرێتو دەچنە سەر گۆڕەکەی, کە وەك جۆرە مەزارێك سەیردەکرێت, ئەوناوە عەرەبیە لە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردیی دەبێ بە (سەگەوان) مانا فەرهەنگیەکەشی (پاسەوانی سەگ) دەگەیەنێت.

دیارە لەنێوان (صگبان) ی شیعەی عەرەب و (سەگەوان)ی کوردیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە, ئەوەش تارادەیەك پێمان دەڵێت, کە کوردەواریی کۆمەڵێکە خاڵی نییە لە دووفاقیەتی ئاینیی, کۆمەڵێکە لەناو خۆیدا هەڵگریی رووی (سوننە) و رووی (شیعە)یە, کۆمەڵێکە ئەو دووانە لەناوخۆیدا کۆدەکاتەوە, ئەوەش لەبڕوابوونەوە سەرچاوەی نەگرتووە, بەڵکو بەرەنجامی ترسە لە کلتورێك کە کلتوری ئیسلامە, بۆیە ترسی

کوردەواریی لەوێوە دەستپێدەکات, کاتێ ناتوانێ خۆی لەبەرامبەر سوننە و شیعە یەکلابکاتەوەو راستە ئەو لەرووکەشدا سوننیە بەڵام لەناوەوەدا وازی لە شیعە نەهێناوە, وەك چۆن لەبەرامبەر ئەو دوو بەها کۆمەڵایەتیە دەیەوێ هەڵگری هەردووکیان بێت, ئەو ئاست و پێوەندیە کۆمەڵایەتی و ئاینیە گوازراوەیە بۆ کایەی سیاسی, کە لە ئەزموونی مومارەسەکردنی حزبی دەرکەوتووە, بەڵام بۆئەوەی ئەو رابردووە ئاینییەی خاڵی نیە لەو ئێستا حزبیەی کە بەرهەمهێنەری دووفاقیە دەڵێین, ئەگەر ئەو زەمینە بۆ رابردوویەکی ئاینیی هاوبەش بگەڕێتەوە, بەڵام ئەوا بوونی واقیعێکی ئەو رابردووە لەئێستادا, یا بەمانایەکی تر زیندووکردنەوەی ئەو رابردووە, لەرێگە پێدان بە دروستکردنی مزگەوتی (حوسەینیە) لە سلێمانی, بەڵگەیەکە بۆ مێژووی شیعەگەرێتی لەکوردستان, نەبوونیشی و رێگەپێدان بەو مزگەوتەش بەمانای موجامەلەی سیاسی دێت, ئەوکاتە ئەو هێزە کە (یەکێتیی)ە دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیاریەتی ئاکاریی کۆمەڵ.

## دووفاقیەت و کۆمەڵی حزبی

ئەگەر دووفاقیەتی کۆمەڵگای عێراقی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت, ئەو دیاردەیە لەکوردەواریدا دەپەڕێتەوە بۆ کایەی سیاسی, چونکە ئەو دوو هێزە سیاسیە کوردیە دابڕاو نین لەو دووفاقیەتە کۆمەڵایەتیە بۆیە ئەو ململانێیە دەگۆڕنە سەر دۆخێکی سیاسی, چونکە بوونی ئەو دوو بەها کۆمەڵایەتیە لەناو تێگەیشتنی ئەقڵی کوردیی نەچۆتەدەرەوە, بەڵکو وەك ئاکاری سیاسی دەرکەوتووە, بەمانای لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بووە بە ستراتیژێکی سیاسی, وەك لە ئەزموونی شەڕکردنیان لەگەڵ یەکتریی, هەریەکە لەو دوو هێزە (یەکێتیی و پارتی) دەیانەوێ شەڕەکە راڤەبکەن بەداکۆکیکردن لە بەها, بەوەی یەکەمیان بانگەشە بۆ بەهای ژیار دەکات, لەرێگەی قسەکردن لە پەیوەندیی دامەزراو و ئۆرگانەکانی کۆمەڵی مەدەنی, ئەویتریش دەبێ بەهەڵگریی (بەهای خێڵە کۆچەریەکان) لەرێگەی داکۆکیکردن لە ئاکاری ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی کە ئەوی بەرهەمهێناوە, تەنانەت بۆ سەپاندنی بەها هەموو ئامادەییەکی تیادەبێت بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانی نەتەوە.

لـەو ململانێیـە ئـەوەی بـەناوی پاراسـتنی زمـان لەبـەرگی كوردبـوون داكۆكی لێدەكرێت, لەڕاستیدا هەوڵێكە بۆ كوشتنی زمـان, چـونكە ئەگـەر ئـەو دۆخـە كۆمـەڵێكی حزبیمـان پـێدەبەخشـێت, بـەڵام كۆمـەڵێك كـە پێكهاتەكەی ئەو دوو هێزە سیاسیەن, دوو هێز كـە جەسـتەیەكی دووفـاق بۆ كۆمەڵ بەرهەمـدێنن, چـونكە نـە یـەكێتیی و نـە پـارتی نـەیانتوانیووە داكۆكی لەو بەهایە بكەن, بەبێ گەڕانەوە بۆ بەهاكەی تر.

بـا جـارێ لەسـەر ئـەوە بووەسـتین كـە ئـەو دوو بەهایـە دوو ئاكـاری تایبەت بەخۆیان دێنن كە لای (ئیبن خەلدون) ئاكاریی كۆچەریی بەباشـتر سـەیردەكرێت, چـونكە ئاكارێكـە فـێڵ و تەڵەكـەیی لـەخۆناگرێت, خێڵـە كۆچەریەكان لای ئێمە لەناوچەكان جێنشین بوون, بەمانای دەسـبەرداری كۆچ بوون, بەڵام پارێزگاریان لە بەهای خێڵەكی دەكرد لەڕووی پێوەنـدی كۆمەڵایەتی, ئەو جێنشینەی كۆچـەریی جیـاوازە لـە كۆچـەریی عـەرەبی, وەك چۆن ئەگەر كۆچەرییەكانی عەرەبی لە بیابانەوە هاتبن, ئەوانی ئێمە لەناوچە شاخاویەكانەوە هاتوون, بەڵام لەناوچـەیەك هێـز و توانـای خـۆی كۆدەكاتەوە, كە دیارترین نمونەش كە توانیویـەتی لـەناو هێـزی سیاسـی خـۆی رێكخسـتن بـێ, بنەماڵـەی (بـارزانی)ە لـەناو (پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان) دیـارە ئـەو هێـزە چـەندە بـڕوای بـەو بـەها خێڵەكیـە هەیـە, هێندەش بێلایەن نیە لەبەرامبەر بەهای ژیار, بەتایبـەت كـاتی دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایەتی دێنێتە ناوشار, دەیەوێ بەهای ژیار لەناو بەهای خێڵـەكی كۆبكاتەوە, ئەگەرچی ئەو كۆكردنەوەیە چـەندە دووفاقیـەتی ئـەو گروپـە كۆمەڵایەتیـە دەگەیـەنێت, هێنـدەش دۆڕانـدنی ئاكـاری خێڵـە, ئـەو دۆڕاندنەش گەڕانەوەی ئەو گریمانە عوسمانیە بوو, ئـەوانیش هەڵدەسـتان بەكردنەوەی نەخۆشخانە و خوێنـدنگا و دەركردنـی رۆژنامـە, ئـەو هێـزە كۆمەڵایەتیـە سیاسـیە كوردیـەش بەكردنـەوەی شـێتخانە, رووبـەڕووی گومانكردن لە ئاكاری خێڵمان دەكاتەوە, چونكە شـێتخانە بەرهـەمی ئـەو بەها ژیارییە كە ئەقڵ و شێتی لەیەكتری جیادەكاتەوە, ئەوەش جیـاوازی بەهاكان لای (ئیبن خەلدون) مان بیردێنێتەوە, ئەو سۆسیۆلۆژیستە كاتـێ بەهای كۆچەریی پێباشتر بوو پێوەندی بـەوە هـەبوو كـە ئـەو بەهایـە لـە فـێڵ و سـاختەكاری دوورە, بـەڵام قبوڵكردنـەوەی بـەهای ژیـاری

قوڵبونەوەیە لەناو دووفاقی, ئەوەش مانای وا نیە ئێمە هێزێکی دووفاق و هێزێکی تەندروستمان هەیە, بەڵکو دوو هێزی لێکچوومان هەیە, کە لەماوەی دوانزە ساڵی حوکمی خوێناوی بەهاکانیان گرتەدەست, نەك لەپێناو گۆڕینی بەها, بەڵکو لەڕێگەی جێگۆڕکێکردن بەبەها, بۆیە بەهای ژیار لای یەکێتی وەك لە یەکەم بەیاننامەی (کۆمەڵە) بانگەشە بۆ دژبوون لەبەرامبەر خێڵ دەکرێت, بەوناوەی ئەوان ئەو توێژە مۆدێرنخوازەن خەونی گۆڕانیان هەیە, بۆیە ئەو دامەزراندنە دەبێ بەزەمینەی خولقاندنی بەها ژیار, بەڵام ناتوانێ واز لە بەهای خێڵ بێنێت و جیاوازیەکانی خۆی خەست بکاتەوە, بەڵکو بەدرێژی ساڵان بەدوای سیماکانی لێکچوون دەگەڕێت لەبەرامبەر ململانێی ئەو دوو هێزە سیاسیە پێویستمان بەوەیە, لەوەتێبگەین کە لەبنەڕەتدا ململانێیەکی کۆمەڵایەتیە, بەروویەکی تر دەکرێ بڵێین ململانێیەکە خۆی لەڕێگەی (خێڵ) و (ژیار) دەرخستووە, ئەو خۆدەرخستنەش پێوەندیی بەو ژینگە کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە حزب و سەرۆك حزب تیایدا گەشەدەکەن, بۆیە گەر (مەسعود بارزانی) کەسێك بێت دابڕاو نەبێت لەو رابردووە کۆمەڵایەتیە, بەڵکو درێژکراوەی وێنەی (بارزانی) باوك بێت, ئەوا (جەلال تاڵەبانی) تەواو ویستویەتی خاوەن وێنەیەکی جیاواز بێت, جیاوازبوونی وێنە شەرعیەت بەو ململانێیە دەدات و گریمانەیەکی ئەفسانەیی دەخاتە نێو ململانێی یەکێتی و پارتی, ئەوەش چیرۆکی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشتمان بیردێنێتەوە, کە دەرکردن بەهۆی گوناهکردنی ئادەم لەتەك حەوادا, بەلای (توینبی) ئەو دەرکردنە لەبەهەشت و چوونەسەرزەوی بەمانای رزگارکردنە لە ژیانی سەرەتایی بۆ ژیانی مەدەنی, ئەوەش بەچەمکێك لەیەك جیادەکاتەووە, بەوەی ژیانی مەدەنی لەڕێگەی داهێنانەوە خۆی لە ژیانی سەرەتایی دووردەخاتەوە, بەڵام ئەگەر مەدەنیبوونی کوڕەکانی ئادەم خولقاندنی پیشەگەرایی بێت بەوەی (قابیل) دەبێ بە جوتیار و (هابیل) بە شوان, کە دواتر قابیلی جوتیار هابیلی شوان دەکوژێت, ئەو مەدەنیبوونە لەڕێگەی شەڕ و ململانێیەکان یەکلاییدەکاتەوە, بەڵام هەرەمی ململانێی ئەو دوو هێزە ناکۆکەی کورد نەیتوانی لەڕێگەی کوشتنەوە کۆتاییبێنێت, بەڵکو ئەو ململانێیەی گواستەوە بۆ ناو رەهەندە جیاوازەکانی ژیان,

بــەوەی سرووشــتی پێکهاتــەی کــوردەواریی سرووشــتی کەســێتیەکی دووفاقیــە لــەنێوان ئــەو دوو هێــزەوە، ئــەوەش لــە ململانــێ و ناونــانی کوڕەکانی ئەو دوو سەرکردەیە باشتر هەستیپێدەکەین، بۆیە ئەوە تـەنیا ڕێککەوتێکی ئاسایی نیە (تاڵەبانی) ناو لە کوڕەکەی دەنێت (بـاڤێڵ) وەك چـۆن (بـارزانی)ش نـاوی کوڕەکـەی دەنـێ (مەسـرور)، ئەگـەر بیـانووی تاڵەبانی وابەستەکردنی ئەو ناوە بەناوی ئەشکەوتێك بێـت، کە پێوەنـدی بە یادەوەریی چالاکی سیاسی ئەوەوە هەیە، ئەوە بیانوویـەکی کـەمخوێن و بێتوانایـە، چـونکە ئـەو نـاوە زیـاتر بـەرەو پاڵـەوانی ڕۆمـانی (دایـك)ی مەکسـیم گـۆرکی دەمانبـات، بەتایبــەت ئەگــەر ئــەوەمان بیرنەچـێت، دامەزراندنی یەکێتی لەژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی حکومەتی شـورەویی و دیدی کۆمۆنیزم بوو بۆ دونیا، بۆیە ناونانی بە (باڤێڵ) وەك پاڵـەوانێکی نـوێ کـە پێمـان بڵـێ مێـژووی ئـەو مێـژووی کتێـب و مەعریفەیـە، کەچـی لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین ناونانی کوڕەکـەی بـارزانی بـە (مەسـرور) کـە ناوێکی عەرەبیە و لەکوردیدا مانـا (بـەختیار) دەگەیـەنێت، ئـەو نـاوە بـۆ بنەماڵە مانایەکی مەجازیشی دەبێت، کە رابردوویەکی بەختەوەر ئایندەی بنیاتناوە، بەوەی ئەو ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی بەختیارە، بـەلام پێویسـتە بـۆ داکۆکیکردن لە بەها لـەوێوە سـەیریان بکـەین، کـە تـا چـەند بـەها لـەناو پێوەندیی کۆمەلایەتی ئامادەیی هەبووە، بەهای خێڵ.. بەهایەکە لەسـەر پێوەنـدیی خــوێن دروســت بــووە، بەهایەکــە ســوودی لــەو خەســڵەتە کۆمەلایەتیەی کوردەواریی وەرگرتووە، بۆیە دەرکردنی پارتی لـە هـەولێر برینـدارکردنی شـەرەفی خێڵـە، خـێڵ تـەنیا بـە تۆڵەکردنـەوە دەتوانـێ ئــابڕووی خــۆی بکڕێتــەوە، ئــەویش نــەك بەڕێککــەوتن، بــەڵکو لەگــەڵ گەڕانـەوەی دەبێـت ئـەو دەربکـات، چـونکە گەڕانـەوە بـەپێی ڕێککـەوتن ناتوانێ خێڵ ڕازیبکات، بەڵکو چەمکی ئاشـتبوونەوە تـەواو ڕەتکراوەیـە، تەنیا دەرکردنی یەکێتی لەهەولێر حورمـەتی سیاسـی و کۆمەلایـەتی ئـەو هێزە وەك خۆی لێدەکاتەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە خاوەن هێزێك بین تاحەدی سەرئێسقان خیانەت لە بنەما ئاکارییەکانی خێڵ نـەکات، دەبـێ یـەکێتیی تــا چــەند بتوانــێ ئــەو ئاکــارە ببەخشــێتە ئــەو بــەها کۆمەلایەتیــەی هەڵگریــەتی، بــەوەی ســەرکردە لای ئــەو کــوڕی بنەماڵــە نییــە، بــەڵکو

کەسـێکی خوێنــەوارە و هــەڵگری بڕوانامــەی (پــارێزەر)یــە.. بــەواتای کەسێکی یاساییە ئەوەش شەرعیەتی ئەوەی پێدەدات کـە تێگەیشـتن لـە دنیای نوێ دەیهێنێتەبوون, بەڵام ئەو بەها ژیاریە بۆ یـەکێتیی دەکەوێتـە نێـوان دوالیزمـی (وەهـم / حەقیقـەت)دایـە, نـەك لەبەرئـەوەی ئـەو هێـزە نـوقمی گوتـارێکی یۆتـۆپی بـووە, بـەڵکو بەشـێکی زۆری حەقیقەتـەکانی گوزارشتن لە وەهمی سیاسیانەی ئەو هێزە, کـە وەهمـی مۆدێرنـە نـوقمی نێو خۆجیاوازکردنی کردووە, بیئەوەی ئەوە بە هەندوەربگرێت حەقیقەت وەك ئەوەی ئەو تێیدەگات, بەرامبەرەکانی بەوشـێوەیە سـەیری ناکـەن, بەمانایـەکی تـر ئەگـەر یـەکێتیی پێیوابـێ پـارتی لەشــەڕی نـاوخۆدا دەستپێشـخەربووە, ئـەوا (پـارتی)ش بەهـەمان شـێوە بڕوایـەکی ڕەهـای هەیە بـەوەی یـەکێتی شەڕیپیفرۆشـتووە, ئـەوە جگەلـەوەی ئـەو هێـزە مۆدێرنخـوازەی کـوردیی گرێـی (یـادەوەریی خیانـەتکار)ی هـەبوو, بۆیـە هـەموو هـەوڵێکی بۆئـەوەبوو لـە ململانێـی سیاسـیدا پـارتی تووشـی ئـەو خیانەتـە بکـات, دیـارە چـەمکی خیانـەت بەومانایـەی پـارتی پێیوایـە ڕێککەوتنی (جەلال تاڵـەبانی) لەناوەڕاسـتی شەسـتەکان لەگـەڵ دەوڵـەت خیانەتێکە, بۆیە کاتـێ پـارتی لـەڕووداوی سـیویەکی ئابـدا دەگەڕێتـەوە هەولێر.. ئەو گەڕانەوەیەی پارتی لەگەڵ بەعس کردنەوەی گرێی یەکێتیە, ڕاستە ئەو تاسەر سنور ڕاودەنرێت, بەڵام هەست دەکـات ئەگـەر مێـژووی ئەو ڕووداوێکـی شـەرمئامێزی لـەخۆگرتبێت, ئـەوا مێـژووی بەرامبـەر لـەم ڕووداوە خاڵی نییە.

ئەو ڕووداوە لێکچـونی نێـوان ئـەو دوو هێـزە خەسـتردەکاتەوە, بۆیـە سـاڵانی دوای ئــەو ڕووداوە خەسـتکردنەوەی بـەهاکان لـەناو یـەکتریی, بەوەی ئەو دوو هێزە هەیمەنەی دەسەڵاتیان کەوتەسەر دووشاری گەورە, ئەوسـا بەتــەواوی ئــەو بانگەشـەکارییەی بـەها بـوو بـە میکـانیزمێکی کۆمەڵایـەتی ئــەوان, ئەگـەر پــارتی لەهــەولێر بانگەشـەی بـۆ ئاکـاری کوردبـوون و چـەمکی شـەرەف و لانـەدان لـە نـەریت کـرد و کۆمـەڵێکی موسڵمانی حزبـی لـە هـەناوی خـۆی هـەڵگرتبوو, کـە هێـزە ئیسـلامیەکان سوودێکی بێوێنەیان لەو دۆخە وەرگرت, بەڵام ئەو دۆخە بۆ پـارتی خـاڵی نەبوو لە دووفاقیەت, بەڵکو دەیویست لەناو ماناکانی خێڵایەتی قسەکردن

لە کۆمەڵی مەدەنی بکات بەباسێکی نێو ئۆرگان و دامەزراوەکانی, دیارە نەبوونی پرسیار لەو کۆمیدیایەی کە لەنێوان ئاکاری خێڵ و کۆمەڵی مەدەنی دەیویست هاویەکبون دروست بکات, لەکاتێکدا پێویست بوو ئەو پرسیارە روبەرووی ئەو هێزە بکرێتەوە, کە کۆمەڵی مەدەنی بەپێی ئاکاریی کوردەواریی مانای چییە؟ چونکە کۆمەڵی مەدەنی چەمکێکی خۆرئاواییە, لێرەدا هیچ جیاوازییەك نەبوو لەنێوان دووفاقیەتی (پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی) چونکە یەکگرتووش ئەوەی بەتەواوی بیردەچوو کە ئەو کۆمەڵە هیوابۆخوازراوە, کۆمەڵێکە وابەستەی ژینگە و دۆخ و بیرکردنەوەی رەخنەییەکە ئەو بە کافریان ناودەبات, بۆیە بێئاگا لەو راستیە یەکگرتووش داوای کۆمەڵێکی مەدەنی دەکرد بەپێی ئاکاری ئیسلام[١٧].

ئەو دووفاقیەتەش بۆ ئەو هێزە ئیسلامیە پێوەندی بەوەوە هەبوو کە یەکگرتوو دەیویست ئەو بەها خێڵەکیە لەخۆی داماڵێت کە ئیسلام بەتەنیا بەرهەمی بیابان بێت, بەڵکو دەیویست تیۆرێزەی بکات بۆ ناو ژیار, بەڵام لەسەر بنەمایەکی دووفاقی, وەك چۆن یەکێتی و پارتی زەقترین نمونەی ئەو حاڵەتەن, ئەگەر ئاماژەمان بۆ پارتی کرد, ئەوە یەکێتی خاڵی نەبوو لەو دووفاقیەتە, چونکە شارێکی نوێی وەك (سلێمانی) بۆئەو دەیتوانی بەهای ژیار و گۆڕانە فۆرمیەکانی مۆدێرنە قبوڵ بکات, بەپێچەوانەی شارێکی مێژوویی وەك هەولێر, بۆیە یەکێتیی خۆی بە رۆڵەی شەرعیی مەدەنیەت دەزانێ, لەکاتێکدا دەسبەرداری ئەو بەها خێڵەکیە نەبوو, راستە ئەو لەناو رێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان و ژنان و کرێکاران, دەیویست وێنەی مۆدێرنیزەبوونی کوردەواریی لەخۆی کورتبکاتەوە, لەکاتێکدا مەکتەبی کۆمەڵایەتی دروستکردووە بۆ سوڵحی عەشایەریی, ئەو دوفاقیەتەی یەکێتی لەناو دونیای ئێمەدا دەیکات, وابەستەیە بە دەسخەڕۆدانی نەوەیەکی تر کە لەناو حزب دەیەوی هەموویان رازیبکات.

ئەوەش پێوەندیی بە یادەوەرییەوە هەیە, یادەوەریی کە توانای بزاوت بە دووفاقیەت دەبەخشێت, وەك چۆن ئەزموونی پەرلەمانی کوردیی پێوەندیی بەیادەوەریی ئەفەندیەوە هەبوو, فۆرمێکی ئەفەندییانە

بوو لەڕووی هاتنەوەی چینێکی جیاواز کە (وەزیر، ئەندام پەرلەمان، بەرپرس)، بەلام ئەوان دەرچووی خوێندنگایەکی نوێ نەبوون وەك ئەفەندیی، هێندەی دووفاقیەتی کەسێتی لەنێوان (کۆچەریی) و (ئەفەندیی) دەیویست بیانگۆڕێت بۆ سەر یەکتریی، هەربۆیە ئەفەندی کوردیی هەلگری ئاکارێکی خێلەکی بوو، ئەوەش لەڕووی ڕەفتاری لەگەل ئەوانی ژێرخۆی دەردەکەوت.

هەرچەندە لەرووکەشدا دەیویست وەك ئەفەندی خۆی دەربخات، بەوەی ئارەزووی تازەکردنەوەی هەیە، لەرووی جلوبەرگ و کەرەستەکانی ناومال و جۆری ئۆتۆمبیلەکانیان، (مۆنیکا)کانیان بەرهەمی ئەو ئاکارەیە، هەروەها خۆدەخستنیان بەخوێندنەوە، وەك چۆن ئەفەندی لەعێراقدا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بوو لەکاتێکدا لای ئەوانیتر ئەوکارە حەرامبوو. ئەفەندی کوردیی ئەو ئاکارەیان لەرێگەی خۆکردنیان بەخاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە یا گۆڤار دووبارەدەکردەوە، ئەو خۆنوێکردنەوەیە لەناو کەسێتی ئەفەندیی لەڕاستیدا چەکدارکردنەوەی خێلەکانمان بیردێنێتەوە، کاتێ لە هەشتاکان بەعس بەفۆرمی جیاوازیی شاریی چەکداریدەکردن، ڕەشمالەکانی پێدەگۆڕین بە بالەخانەی گەورە.

بۆیە ئەو یادەوەریە کوردیە چەندە یادەوەریەکی کۆمەلایەتی و ئاینیە هێندەش ئایدیۆلۆژیە، کە لە نمونەی دووفاقیەتی نێوان شیعە و سوننە و هەروەها لەنمونەی ئەفەندی، دواتر لە هاونزیکی بە ستراتیژی بەعسیزم دەرکەوتووە، ئەوەیان شوبهاندنی حزبی کوردیی نیە بەبەعس، بەلکو مەبەستمان ئەو یادەوەریە ئایدیۆلۆژییە کە دواتر لەیادەوەریی گشتی دەبێتەوە پێکهاتەی کوردەواریی.

هەریەك لەو ئاڕاستانەش بەپێی توانا هەولمان دا لەسەری بووەستین، بەلام پێمان وایە دیدێکی ناتەواو دەدەین بەدەستەوە ئەگەر لێرەوە بووەستین، چونکە خالێکی جەوهەری کە لەناو ئەو نووسنیە ئامادەیی هەبوو، بەلام رووبەرێکی سەربەخۆمان بۆ دەستنیشان نەکرد، ئەویش (ئاکار) بوو، کە چەمکێکە بەپێی تێگەیشتنی کۆمەل بۆ ئاین و سۆسیۆلۆژیا گریمانەی دەکات، کە پەیوەستە بەو بەها رابردووخوازەی

کە دەیسەپێنێ، ئەگەرچی بەهای ژیاریی توانای گۆڕینی هەیە بەڵام لەکوردەواریدا ئەو دوو بەهایە بوونەتەوە خولقێنەری دووفاقی بۆ ئاکار، چ لەڕووی تێگەیشتنی خود بۆ دونیاوە چ لەڕووی پێوەندی کۆمەڵایەتی تاك، کە پێوەندیەکە لەناو دوو بەهای هاودژ نوقم بووە و بۆتەهۆی ئەوەی کۆمەڵێکی دووفاق لەنێوان هەڵەکردن و خولقاندنی حیکایەت دروستبکات.

## دووفاقیەتی ئاکاریی

چەمکی ئاکار لەکۆمەڵی ئێمەدا پێوەندی بەویستێکی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە نەبووە، هێندەی بەهای خێڵەکی بەپێی پێوەندیی خوێن کردوویەتی بە نەریت، لەڕێگەی حەرامکردنی پێوەندیە سرووشتیەکان و شەرعیەتدان بەپێوەندیەکان تەنیا لەڕێگەی ئەو بەهایە ڕێگەی پێدەدرێت، ئەو بەهایە بۆئەوەی لەسەر زەمینەیەکی پتەو پێیەکانی خۆی رابگرێت، ئەو بەهایە بارگاوی دەکات بەئاین، چونکە ئاین گوتارێکە داپۆشراوە لەناو تۆڕێکی حەرام کە سوودێکی زۆربەو بەها خێڵەکیە دەگەیەنێت، تەنانەت گەشەسەندنی خێرای ئیسلام تەنیا پێوەندیی بەوەوە نەبووە کە ئیسلام بە شمشێر ویستویەتی بوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو ئیسلام هەوڵیداوە پێوەندیەکانی خێڵ ڕێکبکاتەوە، و پارێزگاری لەو بەها خێڵەکیانە بکات، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کاتێ بوونی خۆی بە شمشێر سەلماند، ئەو سەلماندنە ئاکارێکی خێڵە، بۆیە ئیسلام بۆ کوردەواریی شورەو زەمینەیەکی پتەوە بۆ ئەو گوتارە ئاکاریە. بەڵام ئەوکاتەی لادان لە نەریت دەبینین ئەوساتە دەبێ گومان لەو گوتارە بکەین، وەك چۆن ئەو لادانە پێوەندیی بە دووفاقیەتی مرۆڤەوە هەیە، کە لێرەدا لەسەر دوو ئاست دەستنیشانی دەکەین، یەکەمیان (هەتیوبازی) وەك لادانێکی سێکسی و ئاستی دووەمیش (دووفاقیەتی پیاو لەبەرامبەر ژندا).

یەکەمیان" هەتیوبازی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە لەخۆرهەڵات و خۆرئاوا بوونی هەیە و بەڵام بوونی لە کۆمەڵە خۆرهەڵاتیەکان جیاوازە لە کۆمەڵی خۆرئاوایی.

لەکۆمـــەڵی خۆرئـــاوایی پێوەنـــدیی بـــەدوو دۆخ هەیـــە, دۆخـــی دوورکەوتنەوە, کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر پیاوان لە ژنـان دووردەکەونـەوە, بۆ نمونە لەناو ریزەکانی سوپادا, بەتایبەت ئەوکاتەی لەبەرەکانی جەنگدا دەبن منالّ لەگەلّ خۆیان دەبەن, دۆخی دووەم دۆخی نـامۆبوونی مرۆڤـە, ئـەوەش تایبـەت نییـە بـە پیـاوەوە, بـەڵکو بێزاریـی و پەسـتی مرۆڤـی خۆرئاوایی لەرەگەزیی بەرامبـەری وایکـردووە, پەناببـاتەبـەر رەگەزەکـەی خۆی, بەڵام هەرچی کۆمەڵی خۆرهەلات و بەتایبـەتی جیهـانی ئیسـلامیە, بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە پێوەندیی بەسەردەمی ئەمیر و خەلیفەکانەوە هـەبووە, کـە بـەلای (الـوردي) خەلیفـەکان دەیانووسـت لەمومارەسـەی سێکسـیدا چـێژێکی نـوی وەدەسـت بێـنن, وە لـە کۆمـەڵی عێراقیـدا لەسەردەمی عوسمانیەکان بەتەواوی گەشەیسـەندووە, بـەڵام خاڵێـك کـە لەناو کۆمەلّە ئاینیەکان و تیاشیاندا کوردەواریی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بۆ (حیجابکردنی ژن و جیاکردنەوەی لە پیـاو دەبنـە زیـادبوونی لە رێژەی بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە لەناوخەڵکدا)[١٨].

چـونکە هـەرکاتێك حیجـابی ژن بەتـەواوی سـەریهەڵدا و پێوەنـدیی سرووشتی نێر و مێ بەناوی ئاکار لەیەکتریی دوورخرانەوە, ئەوسـا لادانـی سێکسی سەرهەڵدەدان[١٩].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لادانی سێکسی سـەرباری ئـەو هۆکـارە هەنـدێك پاڵنەری تریش هەیە وادەکات, لە کۆمەڵی ئێمەدا گەشەبسێنێت, ئـەوەش پێوەنـدیی بـەو دوو بـەها کۆمەلایەتیـەوە هەیـە, بۆیـە هـەتیوبازی لەکوردەواریدا زیاتر بەرهەمی بەهای ژیارە, بەواتای بەرهەمی شارە, شـار کاتـێ بـەهۆی سـەرکوتکردنەوەی چـێژ, ئـارەزوو دەکوژێـت, ئەوسـاتە غـەریزە بـەدوای وێنەیـەکی تـری چـێژ دەگـەرێت, بەتایبـەت ئـەو منالّـە ئیشکەرانەی لەناو گەورەکان کاردەکەن, هـەروەها لەجەژنـدا لـەناو هـۆڵی سینەما و شوێنەکانی تر منالان دەبنە ئەو رووبەرە سێکسیەی کەلەلایـەن نێرینەوە هەلّدەخەلّەتێنرێن.

کەچی لـە (لادێ)دا کـەمتر هـەتیوبازی دەبینـرێو لادێ کـە بەرهـەمی بەهای خێڵە, ئەوەش وایکردووە پێوەندیـەکانی خـوێن لـەناو ئـەو گروپـە کۆمەلایەتیـە هێنـدە بەسـووك سـەرینەکرێت, بۆیـە (کـەر) دەبێـت بـەو ئەلتەرناتیڤە و مێژووی لادانی سێکسی لادێ دەبێ بە مێژووی کەرگان.

هەریەك لەو دوو لادانە سێکسیە پێوەندیی بەئاکاری ئەو دوو بەهایەوە هەیـە, بەتایبـەت بـۆ ئـەو سانسـۆرە ئاکاریـەی هـەموو قەدەغـەکراوە کۆمەڵایەتیەکان لەژێر ناوی حەرام کۆدەکاتەوە, کۆکردنەوەیەك ئیسلامی تیا بـەرپرس دەکات, بۆیـە ئـەو دیاردە شارییانەی کـە نـاوی حـەرامی لێنراوە, چوونە ئاهەنگو سەتەلایت و شـوێنێك بـۆ حەوانـەوەی گـەنجان‌و مۆدی جلوبەرگ, بەوڕێگەیە حەرام دەکرێت کە ئیسلام ڕێگەی بەوشـتانە نـەداوە, لەکاتێکـدا پێویسـتە ئامـاژە بۆئـەوە بکـەین کـە (ئیسـلام ئـەو کارانـەی حـەرام نـەکردووە و سـزای لەسـەر دانـەناوە, بـەڵام فوقـەهاکان (شـارەزایانی شـەریعە) ترسـیان لێـی هەیـە, ترسـێکی خەسـت, وایـان لێهاتووە هەسـت بکـەن, هەسـتێکی نـاوەکی, بـەوەی ئـەو کـارە نوێیانـە لەگەڵ بێبایەخیەکەشی, ئەقڵ وردەوردە بەرەو ئازادبوون دەبات)[٢٠].

دیارە پێویسـتە دیسـان بـۆ چـەمکی حـەرام ئـەو دوو بەهایـە بەهەنـد وەربگـرین, سـەرەتا وتمـان عوسمانیـەکان بـۆ دژایـەتیکردنی ژیـاری ئینگلیزیی, ناویان لـە ژیـار دەنـا حـەرام, ئـەو حەرامکردنـە پێوەنـدی بـە داکۆکیکردن هەبوو لە خەسڵەت و بـەهای خێڵـەکی, کـە دیـارە ئسـوڵێەت لەو دوانـزە سـاڵەدا بەهـەمان میکـانیزم کاریکردۆتـەوە, بـەهۆی نـەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئەو ڕابردووە, ئـەو مـۆدە عوسمانیـە لـەناو کلتـوریی ئێمـە نـەك هـەر دەرنـەکرا دەرەوە, بـەڵکو خـۆی درێـژکردەوە, دواتر بوو بە ئاکارێکی هێزە ئیسلامیەکان.

ئاسـتی دووەمـی دووفاقیـەتی ئاکـار, دووفاقیـەتی پیـاوی کوردیـە لەبەرامبەر ژندا, ئەو دووفاقیەتە پێوەندی بەو پیاوانەوە هەیە کـە خۆیـان بە ڕۆشنبیر دەزانن‌و داکۆکی لە بەهای ژیاریی دەکەن, بەڵام لەناوخۆیانـدا وازیـان لـە بـەهای خێڵـەکی نـەهێناوە, بۆیـە ئـەو دووفاقیەتـە توانـای خۆشاردنەوەی نییە لەنێوان ئەو دوو بەهایە, بەهایەك کە بـەهای خێڵـە و لەنێوماڵدا پیادەی دەکات, بـەهای دووەمـیش (ژیـار) لـەدەرەوەی مـاڵ بانگەشەی بۆدەکات, ئەو بانگەشەکردنە و ئەو ڕەفتارەی ئەو بوونـەوەرە لـەناو پێوەنـدیی کۆمەڵایـەتی خۆیـدا دەینوێنـێ دوو ئاکـاری جیـاوازن, قسەکردنەوەیە لە حەرام و غەریزەی پیاو, بۆیە ژن لەناو ژیانی هاوسەری دەکاتە کۆیلەی ئەو پێوەندیە, تاکـە بیانوویـەکیش بـۆ ئـەو سنورکێشـانە

بەوە کۆتایی‌پێدێنێت، کە ئەو بەپێی دەستوری ئیسلام ئەو کارەی کردووە، دیارە ئەوەش گواستنەوەی هەمان مانا فەرهەنگیی و کلتوریەکەی عەرەبیە بۆ کۆمەڵ، چونکە لەکۆمەڵی عەرەبیدا ئەو سیستمە زمانەوانییە چۆن فرمانی بە ژن کردووەو لەناو زمانی کوردیش هەولّی وەرگێڕانی ئەو مانا فەرهەنگیە دراوە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا ژن چەمکێکی مەجازیی هەیە لەزماندا کە بارگاویە بە سیستمێکی ئاکاری، بەتایبەت بۆ ژنی مێردار کە پاوانکردن بۆ پیاوێك لەسەر بنەمایەکی مەدەنی‌و لێك گەیشتن و خۆشەویستی دوو مرۆڤ راڤەنەکراوە، بەڵکو کاتێ بە (حريم) ناودەبرێ، چاوگەی ئەو وشەیە بۆ (حرامي) دەگەڕێننەوە، کە دیارە لەزمانی عەرەبی ئەو وشەیە بۆ دز بەکاردێت، ئەوکەسەی دەچێتە سەر ماڵێك، بۆیە سەیرکردنی ژنی مێردار وەك حەرامێك سەیرکراوە، دیارە ئەگەر لەژێر خوێندنەوەیەکی زمانەوانیەوە سەیری شوێنگەی ژن بکەین لەکوردەواریدا، هەرگیز ئەو مانا عەرەبیەمان دەستناکەوێت، کە کۆمەڵی عەرەبی لەخوێندنەوەی زمانەوانی بەرهەمی‌هێناوە، چونکە هەر زمانێك سیستمێکی تایبەتی بەخۆی هەیە، کە لە زمانێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەو سیستمە ئاکاریەی دووفاقیەتی لەبەرامبەر ژن بەرهەم هێناوە، چەندە پێوەندیی بە دووفاقیەتی کەسێتی هەیە، هێندەش پێوەندیی بە نەبوونی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیی هەیە بۆ زمان، نەبوونی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی بۆ خوێندنەوەی کلتور بۆتەهۆی ئەوەی ژن کائینێك بێت لەدەرەوەی مێژووی فیکر و گۆڕان.

ئەو دوو ئاکارە جیاوازەی پیاوی کوردیی مانای دووفاقیەتێکە، ئەوەش کۆتایی دووفاقیەتی کەسێتی ئەو نییە، بەڵکو سەرەتایەتی، چونکە (یادەوەری مرۆڤی کورد.. یادەوەرییەکی نەخۆشە، یادەوەرییەکە قوربانی مێژووە، دانابڕێت لەرابردوو)[٢١].

پیاوی کوردیی ناتوانێ خۆی لەو رابردووە جیابکاتەوە، هەموو ئەو بانگەشەکاریانەش گوزارشتە لە دەسخەڕۆدانێك کە ئەو پیادەی‌دەکات، لایەنگیریی بزووتنەوەی ژنان دەکات، ژنان بێئاگا لە نیازەکانی ئەو بەو گەمەیە شادومانن، بەڵام پرسیاری ئەوە لەخۆی ناکات، بۆچی پیاو

لەماڵەوە دۆزەخێك بەرپادەكات و دەیەوێ بەهەشتێك لەدەرەوە بۆ ژن مەیسەربكات؟

رەنگە وەڵامێك بۆ خۆدزینەوە پێمان بڵێت مادامەكی پیاوی كوردیی قوربانی مێژووە, ئەو یادەوەریی قوربانیە ئیسلامە لێیبەرپرسیارە, دیارە ئەوەیان هەڵەیەكە و خۆمان لە ناسینی كلتوریی پێدەدزینەوە, چونكە ئەگەر ئیسلام لەقورئاندا سنورێك بۆ ژن دەستنیشان بكات, كەچی لەبەرامبەر ئەوەدا هەتیوبازی وەك دیاردەیەك لەسەردەمی خەلیفەكاندا دەردەكەوێت, لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین كە ئێمە نەدەمانەوێ وێنەی بێگوناح بەئیسلام ببەخشین, وە نە مەبەستمان هێرشكردنەسەریەتی, بەڵكو پێویستە بۆ ئەو تێگەیشتنە بۆلای (علي الوردي) بگەڕێینەوە, كە دەبێ لەبەرامبەر ئیسلامدا هەست بەو جیاوازیە بكەین كە دەكەوێتە نێوان پێغەمبەر و خەلیفەیەكی وەك هارون رەشید, چونكە (عەرەب لەهەر نەتەوەیەكی تر زیاتر نەخۆشكەوتووە بەدووفاقیی كەسێتی, هۆكاری ئەو سەرهەڵدانەش وایان لێهات بكەونە نێو ئەو گەشەسەندنە ژیاریەی لەژێر كاریگەریی دوو پاڵنەری هاودژ كۆببۆوە كە كۆچەریی و ئیسلام بوو)[٢٢].

دیارە دووفاقیەت لە كۆمەڵی ئێمەدا تەواو لەو خەسڵەتە جیاوازە, ئەوەش بۆئەوەنیە كورد یەكسان بكەینەوە بەزەردەشتی, چونكە یەكسان بوون سەرباری هەوڵێكی بێمانا بۆ دەسخەڕۆدان, لەئاستی كۆمەڵایەتی دەمانگەیەنێ بەهەمان دەرەنجامی كۆمەڵی عەرەبی, ئەوەش دەرەنجامێكە دوورە لەڕاستییەوە.

خودی كوردیی ململانێی لەگەڵ (كۆچەریی) و (ئیسلام)دا نییە, ئەو ململانێیە لای ئەو خودە بەیەك ئاست سەیركراوە, چونكە خێڵی كۆچەریی لای كورد لەسەر وێنای ئیسلامەوە گەشەی بە هەرەمی پێكهاتە داوە, بەڵكو ململانێی ئێمە كەوتۆتە نێوان (ئیسلامبون) و (خۆرئاوایبون) یەكەمیان وەك بەهایەكی رابردوو سەیردەكرێت, ئەویدیش وەك بەهایەكی ژیاریی سەیردەكرێت, لەكاتی قبوڵكردنی یەكەم لەترسی رووبەڕووبونەوە بەوەی ئەو كۆنخوازە ناتوانێ واز لەو ژیارە بێنێت, ناشتوانێ ئەو ژیارە بەتەنیا قبوڵ بكات, چونكە ئیسلام بەنێو رەگی كلتوری نەتەوە و یادەوەریی تەواوی كۆمەڵ چۆتەخوارەوە, بۆیە دەیەوێ لەنێوان ئەو

دووانە خۆگونجاندن دروست بکات، ئەوەش بەدووفاقیەتی خودی کوردیی تەواودەبێت.

ئەو دووفاقیەتەش لەنێوان دوو هێزدایە کە (هۆش / نەست)ە، لەهێزی هۆشدا ئەو هەڵگری بەهایەکی ژیارییە، بەڵام لەنەستدا ئەو کەسێکی موسڵمانە، لەئەقڵی دەرەکیی)[٢٣].

لای (الوردي) جیاوازیی مرۆڤی عەرەبی لەنێوان ئەو دوو ئەقڵەدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆچەریی کەسێکە فێری هێرشکردن و تالان بووە، بەڵام ئیسلام ئاینێکە دەیەوی دادوەریی وەدەست بێنێت، ئەگەرچی بۆ کوردەواریی و کۆمەڵە ناعەرەبیەکان، تاڕادەیەك تووشی ناکۆکی دەبێن لەسەر ئەو بۆچونە، چونکە ئیسلام دەسبەرداری ئەو بەها کۆچەرییە نەبوو، کە لە کۆچەریی حەرامدەکات، بەڵکو ئەو بەهایە بەیەکجاری حەرامناکات، بەڵکو لە خێڵی دەسەنێتەوە و دەیداتەوە بەئیسلام، دادوەریی ئەوکاتە وەدەست دێت کاتێ ئیسلام فەرمانڕەوایی ئەو رووبەرەی کرد، بۆیە ئیسلام دەستبەرداری ئەو بەهایە نەبوو، بەڵکو ئەو بەهایەی کرد بەبەهایەکی یەزدانی، چونکە گەر کۆچەریی کەسێك بوو شانازیی بە جوامێریی و هێزنواندنی خۆی دەکات، ئەوا ئیسلامیش لەسەر هەمان کەسێتی وێنەی خۆی دروست دەکات، کە ئەوەش یاسای هێز لە بیابان لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە.

کاتێ (الوردي) کۆچەری لە ئیسلام بەدو ئاکار و جیهانبینی جیاواز سەیردەکات، ئەو جیاوازییە خاوەنی سیمایەکی یەکجاری روونی لەیەکچووە، تەنیا شتێك کە لەیەکیان جیابکاتەوە ئەوەیە، کە ئیدی کۆچەریی دەبێ لەژێر فەرمانی ئیسلام هێرش بکات و لەپاڵ دەسکەوتە ئابووریەکانی دەبێ خاوەنی ستراتیژی رزگارکردنی دنیا بێت لەکوفر، ئەو ستراتیژەش کاتێك مەسەلەی دەوڵەتی بۆدێنێتەپێشەوە، تەنیا لەوێوە هەست بە جیاوازیی دەکات، چونکە ئەقڵی ئەو هەڵگری بەهایەکە بڕوای بەدەوڵەت نییە.

موحەممەد بەهۆی ناسینی قورەیشەوە هەڵنەساوە بە میانڕەویی، بەڵکو ئەو نمونەیەکی ئەو ژینگەیە بوو، کە سیفاتی جوامێریی و پیاوەتی تیا کۆبۆتەوە، بۆیە هەر لەوکاتەوەی کە پێش بوونە پێغەمبەرایەتی

دەچێتە شام بۆ بازرگانیکردن بۆ (خەدیجە) و بەقازانجێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە, لێرەدا ماهیەتی دوو خاڵمان بۆئاشکرادەبێت, یەکەمیان" گەڕانەوە بە قافڵەوە و بێئەوەی گروپێك بێتەسەر ڕێگای بۆ تالانکردنی, مانای ئەوە نییە لەبەرئەوە نایەن کە ئەو ناوی بە پیاوێکی دەستپاك و ڕاستگۆ دەرکردووە, بەڵکو ترسیان هەیە لە ئازایەتیو جوامێریی, چونکە دەستپاکی لای قورەیش بەبێ بوونی هێز هیچ نرخێکی نەبوو خاڵی دووەمیش" پێوەندیی بەو قازانجە بازرگانیەوە هەیە کە توانای ئەو دەردەخات لەبواری ئابوورییەوە, ئەو توانایەی دواتر دەبێ بە پلان بۆ ئیسلامبوونی قورەیش, چونکە خێڵە کۆچەریەکانی بیابان بەشێکی زۆریان بەهۆی تالان و دابەشکردنی سامان لە غەزادا بوونە موسڵمان, چونکە ناکرێ ئەوە فەرمۆش بکرێت کە (موحەممەد دڵی قورەیشیەکانی پڕکرد لە سامان, بەلام نازانین دواى ئەوە چی لێدروستکردن)[٢٤].

بەمانای کۆچەرییەکان بەهۆی بڕوابوونیان بەئیسلامەوە نەهاتنە ناویەوە, بەڵکو ئیسلامیان وەك بەرژەوەندیەکی ئابووری سەیردەکرد, کە دوای مردنی پێغەمبەر ئەوە بە موسڵمانە کۆچەریەکان دەرکەوت, کە ئەوان کەوتبوونە نێوان دووفاقیەتی (سامان / بڕوا).

ئەوەش لەوە دڵنیامان دەکاتەوە, کە ئەو دووفاقیەتە تەواو لەکوردەواریی جیاوازە, چونکە دووفاقیەتی ئاکار لای ئێمە کەوتۆتە نێوان ویستی کۆمەلایەتی و ئارەزووی سرووشتی.

ئەگەر دووفاقیەتی خودی کوردیی دووفاقیەتێك بێت بەپێی قۆناغ و پێوەندیەکان ویستبێتی خۆگونجاندن لەنێوان دوو سیستم بکات, بەلام بەدەرکردنی بەعس لەماڵەکانمان, ماڵی کوردیی دەکەوێتە ململانێی (بیرکردنەوە) و (هەڵەکردن). بیرکردنەوە بەپێی ئەو چەمکە دیکارتیە کە خودی کوردیی بوونی وابەستەی بیرکردنەوەیە, بیرکردنەوەش هەرگیز ڕێگەی نەداوە لەو ئاکارە خێڵەکیە.. کە ئاکاری پیاوبوونەوە شەڕیکردووە و دژایەتی خۆی بۆ بەعس ڕاگەیاندووە, سی ساڵی دوایی سەدەی بیستەم هێزە سیاسیەکانی کوردیی سوودێکی زۆریان لەو ئاکاری پیاوبوونە وەرگرت, بەعس چەندە لەسەر زەبروزەنگ و چەوساندنەوەی

خود ئیشیکردووە, ناسیۆنالیزمی کوردیش بەدوای بڕیاری بیرکردنەوەی خود, چوارچێوەیەکی داناوە بۆ تواندنەوەی خود.

بەڵکو کاتێ بمانەوێ وێنەیەکی راستگۆیانەی ئەو قۆناغە نیشان بدەین, دەبێ لە کەسێتیەکی رەخنەیی خودەوە سەیری ئەو دوو قۆناغە بکەین, کە خود ترسی نییە لە رەخنەگرتن لێی, بەواتای بۆ تێگەیشتن دەبێ ئەزموونی خود.. ئەزموونی شکاندنی بێدەنگی وەربگرینەوە, نەوەك ئەو ئەزموونەی بێدەنگە لەئاست سەپاندنی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان, چونکە ئەو دوو قۆناغە, قۆناغی سەردەمی بەعس و راکردنی خود بۆ شاخ قۆناغی بیرکردنەوەیە, بەڵام دەبێ ئەو ئاگاییە رەخنەییەی خود لەناو ئەو قۆناغە ون نەکرێت, کاتێ لەناو بیرکردنەوەش هەست بە ئیشکالیەتەکانی بیرکردنەوە دەکرێت, رەخنەگرتن لە شۆڕش یەکێکە لە خاڵە دیارەکانی ئەو قۆناغە, بەڵام رەخنەیەکە دەیەوێ ئیشکالیەت نەهێڵێت لەپێناو پتەوکردن و شەرعیەتدان بە بنەما فکرییەکانی خود تیایدا ئاوێتەی حزب بووە.

ئەگەرچی ئەو دەنگە رەخنەییە لەناو شۆڕشدا دەنگێکی قەبارە فراوان نەبووە, بەقەدئەوەی دەنگی نوخبەیەکی دەستنیشانکراو بوە, چونکە لەئەساسدا ئەو قۆناغی بیرکردنەوەیە لەسەر رەخنە بنیات نەنراوە, بەڵکو ئەوە قۆناغی دووەمە رەخنە دێنێت, ئەوەش قۆناغی راپەڕینە, ئەو چەمکە دیکارتییە تیایدا دەکەوێتە نێو رەخنە و خود بەرەو چەمکێکی فۆکۆیی دەچێت بۆخود, بەوەی بوونی وابەستەی هەڵەکردنە, بەزمانی فۆکۆ ئەو کۆجیتۆیە دەبێ بە (من هەڵەدەکەم, کەواتە هەم).

ئەگەر هەڵەکردن لە دیدی رابردووخوازان بەوە لێکبدرێتەوە, کە دەمانەوێ حەقیقەت ون بکەین.. حەقیقەتی کوردبوون, دەبێ ئەوە بڵێین حەقیقەت هێندەی لە دوای سیساڵی سەدەی بیستەم ونکرا لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە, هێندە مەترسی لەناوچوونی لەناو ئەو دە ساڵەی دوایی لێناکرێت.

بەتایبەت ئەگەر هەڵەکردن لەمانا فەرهەنگیەکەی رووتنەکرایەوە و بنەما راستەقینەکەیمان ناسی, چونکە هەڵەکردن چەمکێکە بەدین نامۆ

نییە, بەڵکو بەلای (باشلار)وە بۆئەوەی بە مەعریفەیەکی راستگۆ بگەیت, دەبێ لەمەعریفەیەکی هەڵەوە دەستپێبکەین.

هەڵەکردن لە کوردەواریدا.. هەڵەیەك نیە, بەڵکو بەرهەمی دۆخ و گەشەی کۆمەڵایەتیە.. دۆخێك کە بەهای خێڵەکی بەهەڵەکردن راڤەیدەکات, ئەو هەڵەیەش ئارەزوویەکە بۆ ژیاندۆستی و گۆڕان, بەلام چونکە کوردەواریی لەناو ئەو گۆڕینی بیرکردنەوەیە.. توانای ئەوەی نییە, کە بەسەر ئەو بەها خێڵەکیە زاڵ بێت, بەتایبەت کاتێ حزبی کوردیی ئەو بەهایە وابەستەدەکات بە بوونی خۆیەوە, ئەوا چەمکی (بوون) لەنێو بیرکردنەوە و هەڵەکردندا تووشی دووفاقیەتمان دەکات. ئەگەر هەڵەکردن لای بەشێکی زۆرینەی کۆمەڵی ئێمە وەك دۆخ و گەشەی کۆمەڵایەتی سەیرنەکرا, ئەوساتە ئەو دەرەنجامەی پێشوو دەسڕدرێتەوە و دەبێ لە رووبەر و فەزایەکی ترەوە قسەکردن لە هەڵەکردن رووبەرووی دیدێکی ترمان بکاتەوە, ئەگەرچی دواتر هەر دەگەینەوە بەهەمان دەرەنجام, بەلام بۆئەوەی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیە وا سەیری هەڵە نەکات, کە دەمانەوێ بەلارێیدا بەرین, دەڵێین ئەو دڵنیاییەی باشلار لەبارەی هەڵەکردنەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە, کە (لەسەرەتادا هەڵە هەبوو نەك حەقیقەت, بەمانای حەقیقەت وەرنەگیرابوو, تەنیا لەکۆتایی ململانێی لەگەڵ هەڵەدانەبێت)[٢٥].

## شار, تەقاندنەوەی دووفاقێتی

تەقاندنەوەی دووفاقیی کەسێتی لەشاردا بەتەواوی بە سیمای کۆمەڵ دەردەکەوێت, نەوەك لەلادێ و ناوچە شاخاویی و بیابانەکان, ئەوەش لەشاردا پێوەندیی بە فراوانبونی ژمارەی دانیشتوان و پێوەندیی جیاواز و ئازادیی زیاتری مرۆڤەوە هەیە,کە کۆمەڵێك رەفتاری جیاواز بۆ تاك بەرهەم دێنن, کە پێوانە بە (بەهای خێڵ) هەڵگەڕانەوەیە لە ئاکار, بەلام لەبنەڕەتدا بوونی سیستمی چاودێریی و سەرکوتکردنی خێڵ هۆکارێکە لەپشت کوشتنی پێوەندیی سرووشتی, ئەو سیستمە لەشاردا هەڵدەوەشێتەوە, دۆشدامانی مرۆڤ لەبەرامبەر خەم و بێزاریی, نایخاتە گۆشەگیرییەوە, بەڵکو پاڵیدەنێ بەرەو مەیخانەیەك, سانسۆری کۆمەڵایەتی سنورێکی بۆ حەرام نامێنێت, لەشاردا ئەو رووە دووفاقەمان

بۆ دەردەکەوێت کە حەرامبوون ئاین هوکاری یەکەمی نەبووە, بەڵکو سەپاندنی ئاکاریی کۆمەڵایەتی یەکەمین هۆکارە.

وەك چۆن بەربەستێك نییە کە نەك رێگە لە گەورەکان بگرێت, بەڵکو منداڵەکانیش کە رۆژانی جەژن یان پشوو بچن بۆ سینەما, چوون بۆ سینەما خاڵێکی وەرچەرخانی بەزاندنی ئەو سنورە ئاکارییە کۆمەڵایەتیەیە, بەوەی شەرعیەت بە حەرامێك دەدرێت کە لەبنەماوە پێوەندیی کۆمەڵایەتی خوڵقاندوویەتی, بۆیە کاتێ شار (سینەما و مەیخانە) دەخاتە نێو ژیانمانەوە, ئەوا زۆر شوێنی تریش دەخاتە بەردەستمان لەجۆری (چایخانە) کە بووە بە رۆتینێکی رۆژانە بۆ کات بردنەسەر, یاخود (مەلها) ئەگەرچی ئەوەیان تا ئێستا نەپەڕیوەتەوە کۆمەڵی ئێمە, بەڵکو زیاتر لەشارەکانی تری عێراقدا بوونی هەیە, بۆیە دەبینین لەدواساڵەکانی حوکمی بەعسدا ئەو لێشاوە گەنجەی بەناوی هاندەرانی تیپی وەرزشیەوە موجازەفەی چوونە بەغدادەکەن, ئەو چوونە چەندە بۆ دژایەتیکردنی ئەو ئاکارەی لەرووکەشدا هەڵگریەتی دووفاقدێتەوە, هێندەش مایەی سەرسوڕمان نییە, کە ئەو رۆحە چیە وادەکات بۆ بەتاڵبونەوە رووەو قەدەری نادیار بچێت, مادامەکی کۆمەڵ سنورە ئاکاریەکانی گەیشتبێتە ئەو رادەیەی کە گۆشەگیریی رەگەزەکان بەرادەیەك بێت ئیدی قسەکردن لەگەڵ یەکتری حەرام بێت, بۆچی و چۆن بتوانین بیرلەوە بکەینەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەك هەتیوبازی کە لە کۆمەڵەکەماندا رۆژبەرۆژ ژمارەی زیاددەکات چارەسەربکەین, چونکە ناکرێ تەنیا هەتیوباز لەوێنەی نەخۆش سەیربکەین, بێ خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیە, چونکە کاتێ بەپێی توێژینەوەی توێژەران لەهەر وڵاتێکدا ٢٪ رێژەی لادەری سێکسی بێت, بەڵام کاتێك ئەو رێژەیە زیاددەکات و کۆمەڵ لێی نایەتەدەنگ, ئەوبێدنگیە پێوەندیی بە مەترسیی دۆڕاندنی ئاکار و دڵنیابوون لە شکستی گوتاری ئاکاریە, کە پەیوەندی بە شکستی پەروەردەییەوە هەیە.

ئەوەش رەخنەیەکە چەندە ئاڕاستەی ماڵی کوردیی دەکرێت, سەدهێندە دەبێ رووبەڕووی ئەو سیستمە پەروەردەییە بکرێتەوە, بۆیە هەر ناوبردنێکی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە بۆ مێژوویەك و رەگو ریشەبردنەوەی بۆ سەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لەعێراقدا,

لەڕاستیدا دەمانەوێ خۆمانی لێبدزینەوە, راستە کە ئەو دیاردەیە لەعێراقدا بۆ سوپای (ئینکشاری) دەگەڕێتەوە, دواتریش لەسەردەمی عوسمانیەکان بەتەواوی گەشەیکرد, دیارە ئەو گەشەسەندنە کاریگەری لەسەر ئەو رووبەرە جوگرافیەی کوردەواریش جێهێشتووە[٢٦], بەلاّم ئەو رابردووە چەندە کاریگەریش بووبێت, بەلاّم بەستنەوەی بە کوردەواریی و تاوانبارکردنی ئەو رابردووە گوزارشت لە بێمانایی و راکردنی ئێمە دەکات لەبەرامبەر بەرپرسیاریەتی.

ئێمە بۆئەوەی بیسەلمێنین کە گوناهبار نین, پێویستە دان بە ئیفلیجی ئەو سیستمە ئاکاریە بنێین, بۆئەوەی خاسیەتە کۆمەلاّیەتیەکانی خۆمان جیابکەینەوە, بەوە جیانابینەوە کە نەفرەت لە عوسمانیەکان بکەین, ئەو ئاکارەیان بۆ جێهێشتین, بەلّکو بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازیەکانی خۆمان پێویستە پرسیار لە ئاکار بکەینەوە و سێنتەری ئەو مانایە لەنێو مالّو خوێندنگا و کۆلاّن و تادەگاتە شوێنە گشتیەکانی وەك چایخانە و سینەما و مەیخانە بخەینە ژێر پرسیارەوە.

چونکە ئەگەر لێرە یەکێك لەو شوێنانە وەربگرین کە (چایخانە)یە, زۆری ژمارەی چایخانە و کۆبونەوە تیایدا مانای (زۆری چایخانەکان یەکێکە لە سیما لاوازەکانی ژیانی مالّەوە لەشارە عێراقیەکاندا, وە زۆری پیاوان زۆرترین کاتی بەتالّیان لە چایخانە دەبەنەسەر)[٢٧]. ئەو شوێنەش لەنێوان پێوەندیی مرۆڤی کوردی لەنێوان ژیانی مالّو ژیانی دەرەوە یەکێکە لە سیما دووفاقیەکان.

## دوا وشە

دۆخێکی نوێ بۆ کوردەواریی و سەرتاپای عێراق هاتۆتەدیی, تیایدا ئەزموونی خوێناوی سی سالّەی بەعسیزم کە دەولّەتێکی تۆتالیتاریی تیایدا بەڕێوەبرد کۆتاییهات, بەلاّم ئایا مەرگی بەعس تاکە خەونێکی ئەو کۆمەلّە بوو؟ ئایا ئەوە تەنیا بەعس بوو لە چارەکە سەدەی رابردوو تەواوی کۆمەلّی عێراقی لەکارخستبوو یاخود کۆمەلّ بێگوناح نەبوو لەو سستی و مردنە؟

کۆتایی بەعس.. کۆتایی سیستمێکی دیکتاتۆری بوو, بەڵام هەرگیز نابێ بەکۆتایی دووفاقیەت, بەتایبەت کاتێ نەتوانین تەمەنی بەعس و تەمەنی دووفاقیەتی کۆمەڵ یەکسان بکەینەوە بەمەرگ, هاویەکسان کردنی تۆتالیتاریەت لەگەڵ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی, تەنیا دروشمی ئەو هێزە سیاسیانەیە, کە لەو ڕووداوە نوێیە خۆیان نوقمی فانتازیا و خەونی یۆتۆپی کردووە, دیارە کۆمەڵ چەندە لەناو دووفاقیەتی (رق لە بەعس) و (دڵسۆزیی نواندن بۆ بەعس) گیرۆدەبوبێت, بەتایبەت ئەوەی دواتریان کە دڵسۆزی رقێك بێت, بەڵام رقێکە دەتوانێ لەمردن دووریبخاتەوە, لەعێراقی سی ساڵەی بەعسدا نمونەی لەم چەشنەمان زۆرە, هەر لەو باوکەی کوڕەکەی خۆی دەکوژێت کە ناچێتەوە سەربازیی تادەگات بەخوێنبەخشین بە شەڕەکانی بەعس و بەشداریکردن و هوتافکێشانی عێراقیەکان لەناو مانۆڕەکانی شەقامی عێراقیدا, دیارە لەناو ئەوانەشدا جۆرە رقێك.. بۆئەوەی گرژبێت ساویلکەیی خۆی نمایشت دەکات, بەڵام دواجار رقێکە لەهەناوی کۆمەڵەوە هاتۆتە بوون, ئەو رقەی جوتیارێکی کورد بەناوی (مام عەزین) کاتێ بەدیکتاتۆری پێشووی عێراق (صدام حسین)ی وت: هەموو رەز و باغتان سووتاند[٢٨].

بۆیە خەونی مرۆڤی ئەو کۆمەڵە بۆ مەرگی بەعس, خەونێکە چەندە لای بووە بە فانتازیا, ئەو فانتازیایە شەرعیەت زیاتر بە دووفاقیەت دەدات, لێرەدا سۆسیۆلۆژیستێکی وەك (د.علی الوردي) رەخنە لە هەڵوێستی فەرمانبەرێکی شارەوانی ئینگلیزیی بگرێت, کە لە جەنگی دووەمی جیهانی لەعێراقدا بووە و خەڵکی عێراقی هەمووی بەدز ناوبردووە, کە جارێ (الوردي) بەر لە هەر شتێ کارێکی ئەخلاقی ئەنجامداوە, ئەوە بەهەڵە تێگەیشتنێك ناودەبات, چونکە تەواوی کۆمەڵێك بەدز جگە لە رقێکی گەورە لە کۆمەڵ شتێکی تر نییە, بەتایبت کاتێ لەو رەخنەیەدا پێداگریی لەسەر ئەو خاڵە بکرێت کە (ئەو فەرمانبەرە بەریتانیە لەحوکمدانەکەی لەسەر گەلی عێراق هەڵەیەکی گەورەی کرد, ئەو لەکۆمەڵێکدا هاتووە, خاوەنی یەك ویژدانە, حاکم و حوکمدراوی تیایە, بیریچووە کە کۆمەڵی عێراقی دوو ویژدانی هەیە)[٢٩].

مەبەست لەو دوو ویژدانە ئەوەیە کە کۆمەڵی عێراقی, وەك کۆمەڵی ئینگلیزیی نییە, تاوانبار بداتە سزا, بەڵکو لەناو ئەو کۆمەڵە دز و تاوانبار خۆی دەشارێتەوە, ئەوەش پێوەندیی بەو حەقیقەتەوە هەیە کە دەوڵەت و کۆمەڵ هەرگیز لەعێراقدا نەبوونەتە تەواوکەریی یەکتریی[٣٠], بەڵکو لەهەر قۆناغێکدا ئەو دوانە رقەکەیان لەگەڵ یەکتریی درێژبۆتەوە, کە بەعس لە تازەترین مۆددا گەشەی بەو درێژبوونەوەیە داوە, جەندرمەی لەوێنەی پۆلیس و (ئینزبات) گەورەکرد, بەپێ ئەو ئاکارەی کە جەندرمەی عوسمانی حوکمی تیاکردووە[٣١], وەك چۆن سیخوڕیی کرد بەهێزێك بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت, تەنانەت ئەو مۆدیلە تورکیەی (ئەفەندی) کە هاتە عێراق, بەعس بەهەمان شێوە مۆدی (ئەمن)ی داهێنا, کە جلوبەرگێکی هاوینە بوو تایبەت بوو بە کەسێتی ئەمنو موخابەراتەوە, بەمانای ئەوە نا کە بەعس لاسایی عوسمانیەکانی کردۆتەوە, بەڵکو بەعس ئەزموونێکی تۆتالیتاریی سەربەخۆیە, بەڵام ئەو کلتورەی لەخۆی دانەبڕیووە کە خزمەت بە دەوڵەتی بەعسیزم بکات, بەڵام پرسیارێك لێرەدا بەپێویست بزانین ئەوەیە: ئایا دەوڵەتی نوێی عێراق دەتوانێ لەبری درێژکردنەوەی ئەو مێژووە.. کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکات؟ بەدڵنیاییەوە کاتێ ئەو پرسیارە ئاراستەی کاربەدەستانی دەوڵەت بکرێت, یەکسەر دڵنیاییمان پێدەبەخشن, بەڵام کاتێ نمونەیەك بێنینەوە, نمونەیەك کە لە (د.علی الوردي) وەرگیراوە, کە بەلایەوە نەدەبوو (تەجنیدی ئیجباری) لەدەوڵەتی عێراقدا هەبوایە, بۆئەوەی کۆمەڵ ئەو زەبروزەنگەی جەندرمەی نەهاتباوە یاد, کاتێ بەزۆر خەڵکیان بۆ سەربازیی دەبرد, لەکاتێکدا لەعێراقدا خوێندنی ئیلزامی فەرامۆشکرابوو, پرسیارەکەمان لێرەدایە" ئایا دەوڵەتی نوێی عێراق هەر بەهەمان ئەو ئەقڵیەتەوە بەڕێوەدەچێتەوە؟ ئایا کۆمەڵ جارێکی تر زەمینەی دووفاقی بۆ بەرهەمناهێنرێتەوە لەنێوان حوکمی تۆتالیتاریی و دەوڵەتی دیموکراتیخواز؟

.comnihadjami@hotmail

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


١) شخصية الفرد العراقي. د. علي الوردي/ دار الوردي – لندن ٢٠٠١/ ص١٠.
٢) خوارق اللاشعور. د. علي الوردي/ دار الوراق – لندن – الطبعة الثانية ١٩٩٦/ ص٣٧.
٣) هەمان سەرچاوە / ص ٥٣.
٤) علي الوردي عالم الأجتماع المثير للجدل / صائب عبدالحميد, قضايا أسلامية معاصرة, العدد (٣) ١٩٩٨ / ص ١٥٣.
٥) ئەو ئاستەی هەستی بەکەمزانین تووشی دووفاقی دەکات, ئاستی سایکۆلۆژیانەیە بۆ خود, کە جیاوازە لەئاستی دووەم کە دووفاقیەت گەیشتۆتە چلەپۆپەی گەشەکردن, وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەناسێنێت, بۆیە هەموو ئەو رەخنانەی لەبارەی دووفاقیەتی کەسی عێراقی لە (علي الوردي) گێراون, لەئاستی یەکەمەوە قسەیانکردووە و ئاستی دووەمیان فەرامۆش کردووە, لەکاتێکدا لای ئەو دووفاقیەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.
٦) شخصية الفرد العراقي. د. علي الوردي / دار الوردي – لندن – ٢٠٠١/ ص٣٠.
٧) لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث / د. علي الوردي/ انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) ١٩٩٦/ الجزء الثالث, المجلد الثاني/ص٦.
٨) دراسة في طبيعة المجتمع العراقي / د.علي الوردي/ انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) ١٩٨٨/ الطبعة الثانية/ ص٣٤٢.
٩) منطق إبن خلدون/ د.علي الوردي, دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٤/ ص٧٩.
١٠) هەمان سەرچاوە/ ص٨٤.
١١) خوارق اللاشعور/ د.علي الوردي/ دار الوراق – الطبعة الثانية (لندن) ١٩٩٦/ ص٨٠.
١٢) دیارە نامانەوێ لەو ئومێدەی ناسیۆنالیزم قسەبکەین, کە ئومێد بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی پرۆژەیەکە خاڵییە لە گومان, چونکە لەنووسینێکی تردا بەدرێژی لەسەر ئومێدی ناسیۆنالیزم هەڵوەستەمان کردووە.
١٣) منطق إبن خلدون/ د.علي الوردي/ دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٤/ ص٢٤٠.
١٤) ئیمامی عەباس کوڕی (عەلی ئەبی تالیب)ە و مەرقەدەکەشی لە کەربەلایە.
١٥) نەك تەنیا لەناو سنوری خێزانو بنەماڵە, بەڵکو لەناوەندەکانی خوێندنیش هەمان گریمانە دووبارەدەبێتەوە, ئەگەر لەدواقۆناغی خوێندنی سەرەتایی خوێندکاران مێژووی ئیسلام بخوێنین, مێژوویەك کە تەنیا پێوەندیی بەگۆڕینی دۆخێکی کۆمەڵایەتی نییە, بەڵکو مێژوو وەك گریمانەیەکی رابردوو سەیردەکرێت, کاتێ خەلیفەکان یەك لەدوا یەك ستایش دەکرێن, ئەگەر لەو قۆناغە خوێندکار پێویستی بە ناسینی ئەو مێژووە هەبێت, ئەوا لەقۆناغەکانی تر پێویستی بە ئیشکالیەت و

ناکۆکیەکانی ئەو مێژووەیە, چونکە ناکرێ خوێندکار مێژوویەك بخوێنێت, لە ئیشکالیەتی سوننە و شیعە بێئاگابێت, یاخود هەموو ناکۆکیەکانی (عەلی ئەبی تالیب) و (موعاویەی ئەبوسفیان)ی بۆ بخەینەئەولاوە و هەردووکیان بەوێنەی موسڵمانی راستەقینە سەیربکەین, بۆیە ناوەندەکانی خوێندن لەبەرامبەر ئەو مێژووە ناوەندێکن توانای رەخنە و خوێندنەوەی نییە, بەڵکو هەمان گریمانەی نێو (مزگەوت, ماڵ, دیوەخان) دووبارەدەکەنەوە, ئەوەشیان ئاسایی بوون نییە, بەڵکو خەوشێکی گەورەی ئەو ناوەندەیە و وایکردووە لەنێوان (خوێندکار/ ماڵ) دووفاقیەت هەبێت, کە هەر یەکێکیان بۆمانەوەی خۆی توانا و هێزی بەردەوامبونی لەوەیترەوە, ئیجای مانەوە وەردەگرێت, مانەوەیەك تەنیا جۆرێکی تری دووفاقیە و بەهۆی نەبوونی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیی ئاینی وەك دیاردەیەکی رووکەش سەیرکراوە و نەخراوەتە ژێر بەرپرسیاریەتی, کە رۆڵی ئەو دامەزراوە چیە و خاسیەتە جیاوازەکانی کامانەن؟ بوونی ئەو پرسیارە بەومەبەستەیە کە ناوەندی خوێندن پێوەندی بەو ئەقڵیەتەوە هەیە, کە بوونی مەعریفە وابەستەی بەهایەکی ژیاری دەکات, بەتایبەت بوونی زانکۆ کە پێوەندیی نێوان ئۆرگانی مەعریفی و شارە.

١٦) ئەوانیش یەکەمیان توێژێکی کۆمەڵایەتین کە بە (سەید) ناسراون, ئەوانیدیش مێژوویەکی نادیاریان هەیە و کەسانی مردوون و ناوەندی گۆڕستان و چۆڵەوانی پێکدێنن بە (مەزار) یان (چاك) ناسراون. ئەو دووانە دوو سیمبولی شیعەن و لای ئێمەش بەهەمان شێوە سەیردەکرێن.

١٧) لێرەدا کەمتر بەلای پێوەندی حزب بەکۆمەڵی مەدەنیەوە دەچین, چونکە لەنووسینێکی تردا لەفەزای گشتی ئەو پێوەندیە نزیك کەوتوینەتەوە, بەناوی (کۆمەڵی مەدەنی, وەهمی حزب و خەونی خێڵ/ گۆڤاری (نما) ژمارە (٤).

١٨) مهزلة العقل البشري / د.علي الوردي, انتشارات الشريف الرضي, الطبعة الأولى ١٩٩٧/ ص٩.

١٩) د.علي الوردي, لە وەڵام بە نووسینەکانی (د.محیالدین اسماعیل) کە وا تێدەگات لادانی سێکسی لە کۆمەڵی عەرەبی و ئیسلامیەکان زیاتر نیە لە کۆمەڵەکانی تر, بۆچوونێکە بەلای (الوردي) لەوبڕوایەدا نییە سۆسیۆلۆژیستەکان هاوڕابن لەگەڵیدا, بۆ زیاتر شارەزابوون بەو باسە, بڕوانە: اسطورة الأدب الرفيع/ د.علي الوردي/ دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية/١٩٩٤, ص٧٥.

٢٠) مهزلة العقل البشري/ د.علي الوردي, انتشارات الشريف الرضي, الطبعة الأولى ١٩٩٧/ ص ٢٦.

٢١) وێنای ژن لەنێو ئاماژە زمانەوانیەکاندا (گفتوگۆ لەگەڵ نیهاد جامی) دواندنی (تریفە عەلی) رۆژنامەی رێوان, ژمارە (٥٠) ١٦/٥/٢٠٠٢/ل٢.

٢٢) وعاظ السلاطين/ د.علي الوردي/ دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٥/ ص١٩.

٢٣) هەمان سەرچاوە / ص٢٠.

٢٤) هەمان سەرچاوە / ص ١٢١.
٢٥) الفكر التنـويري والعقلانـي الحـديث بـين ديكـارت وباشـلار/ هاشـم صـالح, نزوى/ العدد (٣٢) اكتوبر ٢٠٠٢ (ئەنتەرنێت).
٢٦) بۆ نموونە ئەگەر ئاماژەکردن بـۆ کەسـێکی سـووك پێـی وترابێـت (حیـزی پردێ) پێوەندی بـەناوی کۆنی ئـەو شـارە هەیـە کـە پێشـتر پێیوتـراوە (ئـاڵتون کـۆپری) و ئـەو رەفتـارەش ئاماژەکردنـە بـۆ ئـەو دیاردەیـە کـە پاشماوەی عوسمانیەکانە.
٢٧) دراسـة في طبيعـة المجتمـع العراقـي/ د.علـي الـوردي انتشـارات المكتبـة الحيدرية (طهران) الطبعة الثانية ١٩٩٨/ ص ٣٢٨.
٢٨) هەریـەك لـەو نموونانـەی بەعسـیزم کـە لـە هۆکـارە جیاوازەکانیـەوە قسەناکەین, پێوەندیی بـەوەوە هەیـە, کـە لـە نووسـینێکی تـردا بـەناوی (هەڵوەشـاندنەوەی سـێنتەر و خولقانـدنی چـەمك) لەسـەر هەریـەك لـەو هۆکارانە قسەمان کردووە. کـە بڕیاروایـە لـە ژمـارەی داهـاتووی گۆڤـاری (ئەنفال) بڵاوبکرێتەوە.
٢٩) خوارق اللاشعور/ د.علي الوردي/ دار الوراق (لندن) الطبعة الثانيـة ١٩٩٦/ ص٢٢٥.
٣٠) دیارە ئەگـەر هەنـدێك خەسـڵەتی گشـتی هـەبێت کـوردەواریی و کۆمـەڵی عەرەبی عێراقی کۆبکاتەوە, کە ئەویش یەکێك لە هۆکارەکان لەسەرەتای ئەو لێکۆڵینەوەیە دەستنیشانمان کرد, پێوەندی بـە دەوڵـەتی عێراقـەوە هـەبێت, کـە بەشـێك بـووە لـەو دەوڵەتـە, ئـەوا بـوونی ئـەو دوو ویژدانـە یەکێکە لە خەسڵەتە هاوبەشەکان.
٣١) وتەیەکی میللی باو لەناو کۆمـەڵی عێراقـیو لـەناو کوردیشـدا بـاوە دەڵـێ (ئەگەر پیاو —ساقت— بوو دەبێ بە پۆلیس) وشەی (ساقت) مانای فاشل و شکسـتخواردوو دەگەیـەنێ لـەرووی کۆمەڵایەتیـەوە, بۆیـە ئەگـەر جەندرمەی عوسمانی خاوەن کلتوریی هەتیوبازیو نێرسالاریی بێت, ئـەوا پۆلیس لەسەردەمی بەعس ئەو کلتورە نوێدەکاتەوە.

# گەوهەری شارستانیەت

ن: فوکۆتساوا یوکوچی
و. بۆ فارسی: جەنگیزی پەهلەوان
و. بۆ کوردی: عەلی ئازەرنیا

سەرەتا پێویستە بزانین مەبەست لە شارستانیەت چیە؟ پێناسەکردنی شارستانیەت لەرێگەی گوتەزا دیاریکراوەکانەوە, گەلێك ئەستەم و دژوارە. هەندێ کەس ئەوەندە توندڕەون کە تەنانەت لەسەر بون و نەبونی شارستانیەت مشتومڕ دەکەن. گەر بێت و لەهۆکاری مشتومڕی لەمجۆرە بکۆڵینەوە, ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە شارستانیەت بەبارێکدا هەڵگری مانایەکی شایستە و بەرفرەیە و بابەرەکەی تریشدا خاوەنی مانایەکی بەرتەسکە. مانای بەرتەسکی شارستانیەت, واتا بەتەنها بەرزکردنەوەی رێژەی ئەو شتانەی مرۆڤ بەکاریاندێنێت و ئەو باق و بریقە رواڵەتیانەی کە دەبنە سەرباری پێداویستییەکانی رۆژانەی ژیان. شارستانیەت, بەمانا بەرفرە و شایستەکەشی, واتا نەك هەر تێروتەسەلی بواری پێداویستیەکانی رۆژانەی ژیان, بەڵکو پالاوتنی مەعریفە و بەپەروەردەکردنی چاکەکاری, ئەویش بەچەشنێك کە ژیانی مرۆڤایەتی بەرەو قۆناغێکی بالاتر هەڵبکێشێت. گەر هاتبا و زاناکان جیاوازیەکی لەم چەشنەیان لەنێوان ئەم دوو مانای شارستانیەتە دابنایە, ئەوا دەشیانتوانی بەشێکی زۆری ئەم مشتومڕە بێسودانەمان لەکۆڵبکەنەوە.

شارستانیەت شتێکی ڕێژەییە و ئاست و سنورێکی دیاریکراوی نیە. پێشکەوتنێکە لەئاستی سەرەتاییەوە قۆناغ بە قۆناغ و بەرەبەرە تا ئێرەی بڕیوە. مرۆ بەپێی سروشت ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیە و لە تەنیایی و گۆشەگیریدا ناتوانێت پەرە بە توانا خۆرسکەکانی بدات. خێزان سەرجەم بوارەکانی ئاوێتەبونی مرۆڤایەتی ناگرێتەوە. هەتا تێکەڵاوبون زیاتر بێت، پەیوەندی نێوان هاوولاتیانی نەتەوەکایش زیاتر دەبێت. هەتا پەیوەندیە مرۆییەکان فراوانتر بن، ئەوا سروشتی مرۆڤیش دەرفەتی بە شارستانییبوونی زیاتری بۆ دەڕەخسێت و هەستی مرۆڤایەتی پتر گەشە دەکات. زاراوەی شارستانیەت (Civilazation) لە زمانی ئینگلیزیشدا هەر بەم مانایە هاتوە، ئەم زاراوەیە لە وشەی لاتینی (Civitas)ەوە وەریگراوە و واتای نەتەوە دەبەخشێت. شارستانیەت پێناسەی شتێك دەکات کە تیایدا پەیوەندیە مرۆییەکان لە ئاراستەی باشتربوندا بەرەبەرە دەگۆڕدرێن و شێوە و فۆرمێکی دیاریکراو وەردەگرن. شارستانیەت بەواتای نەتەوەیەکی یەکپارچە دێت، لە دژی تەنیایی و گۆشەگیری، سەرەتاییانە و بێیاسایی شارستانیەت گرنگی و بایەخێکی جیهانی هەیە و ئامانج و مەبەستی سەرجەم هەوڵە مرۆییەکانە. دەتوانین لەبارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە بدوێین، لەوانە (ئەدەبیات، بازرگانی، پیشەسازی، جەنگ، مەڵبەندەکان، حکومەت و یاسا)، بەڵام کاتێك تێکڕای ئەمانە کۆبکەینەوە و لەبارەی بەها ڕێژەییەکانیەوە بدوێین، دەبێ چ جۆرە پێودانگێکیان بۆ بەکاربێنین؟ تاکە پێودانگمان ئەوەیە کە هەرچی شارستانیەت بەرەوپێشدەبات سودبەخشە و ئەوەشی کە سیس‌و لاوازیدەکات زیانبەخشە. شارستانیەت چەشنی شانۆیەکی گەورەیە، مەڵبەند و یاسا و بازرگانی و شتی لەمجۆرە تیایدا ئەکتەرن. هەرکام لەم ئەکتەرانە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان دەگێڕن و دواجار یارمەتی گەیاندن و دەربڕینی کۆی ئەو هەستە دەدەن کە نمایشەکە مەبەستێتی.

گەر بێت و هەرکامێکیان بەشێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەوا بینەران دەستخۆشی لە نمایشەکە دەکەن و ئەکتەرەکانیش وەك هونەرمەند لەقەڵەمدەدەن. بەڵام گەر بێت و ئەکتەرەکان بەوردی لە کاتەکانی هاتوچۆکردنیان بۆ سەر شانۆ بەئاگانەبن و سەرنج نەدەنە

ئیجازەکان، یاخود نەتوانن هەستی خۆیان بۆ بینەر بگوێزنەوە، ئەوا بەگشتی نمایشەکە یەکانگیر نابێت و بینەرانیش ئەکتەرەکان بە نابەڵەد و ناشی لەقەڵەمدەدەن. هەرچەند رەنگە ئەکتەرەکان لە دەربڕین و نمایشکردنی هەستەکانیاندا ناسك و باوەڕ خولقێن بن، بەڵام لەکاتێکدا کە چاوەڕواندەکرێت بکەوێتەگریان، پێبکەنێت و ئەودەمەش کە دەبێ پێبکەنێت، بکەوێتە گریان، دیسانەوە بە نەشارەزا لەقەڵەمدەدرێت.

شارستانیەت وەك ئۆقیانوسێکە و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان و ئەدەبیات و ئەمجۆرەشتانە، ئەو کۆمەڵە روبارەن کە دەرژێنە ناوی و خۆراکی بۆ دابیندەکەن. شارستانیەت لە خەزێنەیەك دەچێت کە پێداویستی رۆژانە و دارایی و هێزە مرۆییەکانی تێدا هەڵدەگیردرێت.

لەجیهاندا شتگەلێك هەن دەبنە مایەی بێزاری، بەڵام ئەگەر شتێك لە بەرەوپێشبردنی شارستانیەتدا بەشداربێت، ئەوا دەبێ بەخێرایی ئەو بێزارییە بخەینەلاوە. جەنگ و شۆڕش نمونەیەکن لەم شتانە. گەر بمانەوێت نمونەیەکی زێدەڕۆییانە بێنینەوە، تەنانەت زۆردارێکی داپلۆسێنەریش دەتوانێت یارمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بدات، کاتێکیش بۆمان دەربکەوێت کە فەرمانڕەواییەکەی لە پێشخستنی شارستانیەتدا کاریگەرە، ئەوا نیوەی خەڵك بەدڕەفتاریەکانی لەبیر خۆیان دەبەنەوە و دەسەڵاتەکەی قبوڵدەکەن. ئەمە رێك لەشێوەی کڕینی کاڵایەکە بە نرخێکی گران، کاتێکیش بۆمان دەربکەوێت کە ئەو کاڵایە شتێکی چاك و بەسودە، ئەودەم زۆربەمان ئەوە لەبیر خۆمان دەبەینەوە کە لەکاتی کڕینەکەیدا چ برە پارەیەکمان داوە.

لێرەدا دەمەوێ هەندێ مەسەلەی شارستانیەت بەوردی بخەمەبەر باس. با چەند حاڵەتێك بێنینە پێشچاوی خۆمان. لەحاڵەتی یەکەمدا هەندێ خەڵك بە رواڵەت ئاسودە و خۆشگەزەرانن، کاروباری ژیانیان بەسانایی بەڕێوەدەچێت، باجیان سوکە و لەژێر گوشاری کارکردنێکی زۆردا نین، لەیاسای عادیلان بەهرەمەندن و لە کۆمەڵەکەیاندا یاسا سەروەرە. بەکورتی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانیان بەجۆرێك دابینکراون کە شوێنی گلەیی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە. بەڵام ئەمە تەنها دەستەبەربونی خۆشگوزەرانی مادییە و بەشێوەیەکی ئێجگار کاریگەر

لەبەردەم گەشەی مەعریفە و چاکەکاری مرۆڤدا دەبێتە بەربەست و ئازادی زەوت دەکات. ئەم خەڵکە وەك مێگەلێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت: دەیانبەن بۆ لەوەڕگە, دەیانلەوەڕێنن, لە سەرما و گەرما و برسێتی دەیانپارێزن. ئەم رەوشە زێدەترە لە ستەمێکی ساکار لەسەرەوەڕا" لە هەموولایەکەوە قۆرغدەکرێن و رێك بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە سەردەمانێك بنەماڵەی ماتسومێ ( Matsumae) لەگەڵ ئۆزۆکاندا دەیانکرد. ئایا دەتواندرێ بەمە بگوترێ شارستانیەت و رۆشنگەری؟ ئایا پشماوەی شارستانیەت لەنێو خەڵکانێکی وادا بەدیدەکرێت؟ گروپێکی تری خەڵك هەن کە خۆشگوزەرانیە مادییەکەیان لەگەڵ گروپەکەی پیشودا بەراورد ناکرێت, بەڵام ئێستاش دەرفەتی هەناسەدانیان ماوە. کەموکورییە مادیەکانیان قەرەبو دەکەنەوە. هەندێکیان تیۆرگەلی بەرز و بەنرخ پێشکەشدەکەن و خاوەنی ئەندێشەگەلێکی بەرزی ئەخلاقی و ئایینین.

سەرەڕای ئەمەش هەرگیز رێسا گشتیەکانی ئازادی لەناویاندا نەهاتۆتەدی. چونکە سەرنجی خۆیان لەسەر شتگەلێك قەتیس کردووە کە بەربەستن لەبەردەم ئازادیدا. هەندێکیان مەعریفە و چاکەیان بەدەستهێناوە, بەڵام وەك ئەو هەژارانە دەژین کە لەپێناو دابینکردنی خۆراك و پۆشاکدا چاویان بڕیوەتە دەستی خەڵك. هەربۆیە ناکرێ دەستکەوتە مەعریفیەکانیان وەك بەری رەنجی شان و بازوی خۆیان بێنینەئەژمار, بەڵکو ئەمە بەرهەمی وابەستەبونیانە بە خەڵکانی ترەوە. هەرچەند هەندێکیان بۆ حەیقەت دەگەڕێن, وەلی گەڕانەوەکەشیان بریتی نیە لە چالاکی خۆیان, بەڵکو بەهۆی هاندانیان لەلایەن کەسانی ترەوە بەرهەمدێت, خەڵکی ئاسیا دوچاری ئەم گرفەن, لەژێر گوشاری حکومەتە ئایینیەکاندا جوڵەیان لێبڕاوە, هێزی ژیانیان دۆڕاندوە و دابەزیونەتە سەر نزمترین ئاستی کۆیلایەتی کرم)انە.

ئایا دەکرێ ئەمە ناوبنێین شارستانیەت و رۆشنگەری؟

ئایا ئاسەواری شارستانیەت لەنێو خەڵکێکی وادا بەدیدەکرێت؟

گروپی سێهەم ئەوانەن کە لەڕوی مادیەوە پشت بەخۆبەستون, بەڵام لە سیستمی کۆمەڵایەتی مافی یەکسانی بێئاگان. گەورە چاودێریی بچوك

دەکات, بەهێز, لاواز سەرکوتدەکات. بەتەنها دەسەڵات حوکمی کۆمەڵ دەکات. بۆ نمونە لەسەردەمە دێرینەکاندا, ئەوروپا بەمشێوەیە بوو. ئایا دەکرێ ئەمە ناوبنێین شارستانیەت و رۆشنگەری؟ هەرچەند لەم قۆناغەدا تۆوی شارستانیەت رواوە, بەڵام ناتوانین ئەم قۆناغە تایبەتە ناوبنێین شارستانیەت.

با بچینە سەر گروپی چوارەم کە گروپێکی ئازاد و بێبەربەستە, هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان گەورەو بچوكو لاوازو بەهێزدا. کۆمەڵ بەشێوەیەکە کە هەر تاکێك بتوانێت لەسەر بنەمای یەکسانبون لەگەڵ ئەوانی دیدا جڵەوی تواناکانی خۆی بەربدات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش نەیانتوانیوە لە بەهای تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی تێبگەن. لەم گروپەدا تاکەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی, بەتەنها لەپێناو خۆیاندا تواناکانیان دەخەنەگەڕ. بەهۆی ئەوەی کە بەئێستاشەوە ئەم خەڵکە هیچ جۆرە تێگەیشتنێکیان لە یەکبونی نەتەوەیی یاخود تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی نیە, نەوە دوای نەوە دەبنە میراتگری یەکدی ئەمەش بەبێ ئەوەی هەنگاوێك لە پشتەکانیان بەرەو پێشتر بنێن. هەتا بەمشێوەیەش بڕوات ئەوا هیچ گوڕ و تینێکی ژیان لەم وڵاتانەدا بەدیناکرێت.

گەلە سەرەتاییەکانی ئەم سەردەمە, ئێستاش هەر بەمشێوەیە دەژین. هەرچەند ئەم خەڵکە بێبەش نین لە رۆحی ئازادی و یەکسانی, وەلێ ئایا دەکرێ ئەمە ناو بنێین شارستانیەت و رۆشنگەری؟

لەو نمونانەی سەرەوەدا ناتوانین بەهیچکامیان بڵێین بەشارستانیەت گەیشتووە. باشە ئەدی مانای شارستانیەت چیە؟ من دەڵێم شارستانیەت لەلایەك ئاماژەیە بۆ دەستەبەربونی خۆشگوزەرانی مادی و لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرزکردنەوەی رۆحی مرۆیی. هەم مانای زۆر و زەوەندی پێداوستیەکانی رۆژانە و هەم مانای پاککردنەوە و پاڵاوتنی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت.

گەر بێت و بەتەنها بەشی یەکەمیان فەراهەم بکرێت, ئایا دەکرێت ناوبنرێت شارستانیەت؟ ئامانج و مەبەستی ژیان بەتەنها کورتناکرێتەوە بۆ خۆراك و پۆشاك. ئەگەر ئامانجی مرۆڤ تەنها ئەمەبوایە ئەوا لەمێروله و

هـەنگ جیانەدەکراینـەوە. ئەمـە ئـەو شـتە نیـە کـە پـەروەردگار بـەباڵای مرۆڤی بڕیوە.

لەلایـەکی تـرەوە, ئایـا دەکرێبەتـەنها بەرزکردنـەوەی رۆح نـاوبنێین شارستانیەت؟ ئەگەر وابوایـە ئـەوا هەرکەسـە و بۆخـۆی (Genhui) یـەك دەبوو کە لە کۆڵێتێکی ساکاردا دەژیـا و تاکـە بـژێوی ژیـانی ئـاو دەبـوو. ناتوانین ئەمەشیان وەك خواسـتی خاوەنـد لەقەڵەمبـدەین. کـەوابو دەبـێ لایەنی رۆحی و مادی فەراهەمبکرێن پاشان باس لە شارستانیەت بکەین.

سـەرەڕای ئەمانـەش نـاتوانین سـنورێك بـۆ خۆشـگوزەرانی مـادی و بەرزکردنەوەی رۆحی مرۆڤ دیاریبکەین. مەبەست لە خۆشگوزەرانی مـادی بەرزکردنـەوەی رۆح ئـەو حاڵەتەیـە کـە هـەردووکیان تیایـدا شانبەشـانی یەکـدی گەشـەبکەن, مەبەسـتیش لـە شارسـتانیەت هـەم پێشـکەوتنی خۆشگوزەرانی مادی و هـەم پێشکەوتنی بەرزکردنـەوەی رۆحـی مرۆڤـە. ئـــەوەی ئـــەم دوانـــەش فەراهەمـــدەکات چـــاکە و مەعریفەیـــە. دواجـــار شارستانیەت واتای پێشکەوتنی مەعریفە و چاکەی مرۆڤ دەبەخشێت.

هەروەك باسمان کرد گەیشتن بە شارستانیەتێکی نوێ ئێجگار گرنگ و پڕبایەخـە, چـونکە سـەردەم ڕەهەنـدە مرۆییـەکان دەگرێتـەوە. ئـەم ڕەهەندانەش بێسنورن. وا تازە بەقۆناغێك گەیشتوین کە تیایدا دەتـوانین پێشکەوتنی راستەقینە وێنابکەین. هەندێ لە هاوچەرخەکانمان لـە واتـای قوڵی ئەم خاڵە تێناگەن بۆیە دوچاری هەڵەی گەورە دەبن. ئەمانە دەڵـێن شارسـتانیەت بـەدەر لـە چـاکە و مەعریفـە دەرکەوتـەی تریشـی هـەن. هـەروەها دەڵـێن ئەگـەر لـە خۆرئاواییـەکان وردبینـەوە, ئـەوا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە بەئاشـکرا ناتـەواون و کـەموکوڕییان زۆرە. لـە مامەڵەکردنیدا تەڵەکەبازن و سـود لـە تۆقانـدنیش وەردەگـرن. ئەسـتەمە بەمانـە بگـوترێ چـاکەخواز و خـاوەن مەعریفـە. خـەڵکی ئایرلەنـدا لـەژێر دەسـەڵاتی ئـەو بەریتانیایـەدا دەژیـن کـە بـە نمونـەی هەرەبـەرزی شارستانیەت ناودەبرێت, کەچی ژیانێکی کرمیـۆن و پـڕ لـە چەرمەسـەری بەهۆی خواردنی پەتاتەوە بەسەردەبەن. بۆیە ناتوانین لەروی فیکرییـەوە ئایرلەندیـەکان بەخـەڵکانێکی گەشەسـەند و بێنینەئـەژمار. دواجـار ئـەم ڕەخنەگرانـە دەڵـێن, مەعریفـە و چـاکەکاری وەك پێویسـت شانبەشـانی

شارستانیەت پێشناکەوێت. راستە ئەمە وایە, بەڵام خەڵك بەتەنها لە شارستانیەتە هەنوکەییەکە دەڕوانن و بە لوتکەی دەزانن. هەروەها لەوەش تێناگەن کە شارستانیەتی ئەمڕۆ تەنانەت نیوەی ئەو ڕێگایەشی نەبڕیوە کە بەناچاری دەبێ بەرەو گەشەسەندن تەییکات. چۆندەتوانین هەر لەئێستاوە بەپەلە و بێدواکەوتن چاوەڕوانی هاتنەدی کەماڵی خوازراوبین؟

نەزانی و نەمانی چاکەکاری, نەخۆشی ناوەوەی شارستانیەتن. گەڕان بەدوای لوتکەی شارستانیەت لەجیهانی ئەمڕۆدا وەك ئەوە وایە کە بمانەوێت لەجیهاندا بەدوای دە کەسی ساخڵەم و تەندروستدا بگەڕێین. لەهەموو حەشامەتی جیهاندا یەکێکم پیشانبدەن کە لە تەواوی ژیانیدا دوچاری بچوکترین نەخۆشی نەبوبێت. پێموانیە کەسێکی وا بدۆزنەوە. تەنانەت ئەگەر یەکێك ساخڵەم و تەندروستیش بێت ئەوا بەردەوام مەترسی نەخۆشکەوتن هەڕەشەی لێدەکات. کەوابو مرۆڤایەتی لە تاکێك دەچێت. رەنگە پێیبگوترێ خاوەن شارستانیەت, بەڵام کەموکوڕیشی هەن.

هەندێ کەسی دی ئەوە قبوڵدەکەن کە شارستانیەت گەلێك گرنگەو پێویستە سەرجەم کاروبارە مرۆییەکان بەرەو ئەم ئاقارە بڕۆن. بەڵام دەپرسین ئایا ناکرێ مافی یەکسانی بە گەوهەری شارستانیەت دابنێین؟ ئەگەر لە هەلومەرجی خۆرئاوا بکۆڵینەوە, بۆمان دەردەکەوێت کە بەردەوام یەکەم هەنگاوی چاکسازی بەهەڵداشتن و روخاندنی ئەرەستۆکراتیەت دەستپێکردوە. بۆنمونە مێژووی ئینگلیز و فەرەنسا بێنینەوە یاد. یاخود بۆ نمونە ئێمە لە ژاپۆندا ناوەندە فیوداڵیەکانمان هەڵداشت و شارەوانیەکانمان بەرپاکردن, ئیمتیازە تایبەتەکانمان لە ساموراییەکان سەندەوە و ئەرەستۆکراتیمان تڕۆکرد. ئایا بیرۆکەی سەرەکی شارستانیەت ئەمە نیە؟ گەر بێت و ئەمە بکەین بە ڕێسایەکی گشتی, ئەوا پێدەچێت ئەودەم نەتوانین لە وڵاتە خاوەن شارستانیەتەکاندا بوونی فەرمانڕەواکان بە شتکی شیاو بزانین. ئایا ئەمە راستە؟ من دەڵێم ئەمە روانینێکی تاکڕەهەندانەیە بۆ جیهان.

شارستانیەت شتێکی مەزن و بەنرخە, بە هێندەی مەزنیەکەشی فراوانە. هیچ شتێك لە شارستانیەت بەرزتر نیە ئیتر بۆ دەبێ پێمانوابێت جێگەی فەرمانڕوایان تێدا نابێتەوە؟ فەرمانڕەوا و ئەرەستۆکراتەکانیش لەم پانتایە کراوە و بەرینەدا شوێنی خۆیان هەیە. بۆ دەبێ لەبەرامبەر شتێکی هێند بچوك و ناچیزەی وەك ناو و ناوبانگیاندا بخرۆشێنین؟ (گیزۆ) لە کتێبی (دیرۆکی شارستانیەت)دا دەڵێت شێوەی حکومەتی پاشاگەردانی هەم لە وڵاتێکی وەك هیندستاندا دەشێت کە خاوەنی سنورەکانی چینایەتی سڕاونەتەوە و سەرجەم خەڵکەکەی خاوەنی مافی یەکسانن. هەروەها دەکرێ لە وڵاتێکدا کە بارودۆخێکی ستەمکارانە تایدا زاڵە, شیاوبێت یاخود لە وڵاتێکی بچوکیشدا کە رۆشنگەری و ئازادی تیایدا باڵادەستە. فەرمانڕەوا لەسەرێکی سەرسوڕهێنەر دەچێت و سیستمی سیاسی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیش لە جەستە دەچن. بەمپێیە دەتوانین ئەم سەرە بەهەرکام لە جەستەکانی ترەوە بلکێنین. هەروەها دەتوانین بڵێین فەرمانڕەوا لە میوەیەکی سەیر دەچێت سیستمە سیاسی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیش وەك درەختن کە دەتوانرێت ئەم میوەیە بە هەرکامێکی ئەم درەختانەوە متوربە بکرێت. بونی هەموو حکومەتێك لەجیهاندا, لەپێناو حەوانەوەدایە. ئەگەر وڵاتێك شایستەی شارستانیەت بێت, دەکرێ شێوازی حکومەتەکەی پاشاگەردانی یاخود کۆماری بێت. چونکە حکومەت بابەتێکی بەرژەوەندخوازانەیە. لەنێو شێوازەکانی حکومەتدا کە لە دەستپێکی مێژووەوە تاقیکرابنەوە, دەتوانین ناوی پاشاگەردانی رەها, پاشاگەردانی مەشروتە, ئەرەستۆکرات و کۆماری و هتد. پێرست بکەین. ناتوانرێ بەبڕوبیانوی پێشبینیکەرانەوە سەبارەت بە باشترین شێوازی حکومەت داوەریبکەین. ئەمەیان هزرێکی کراوەی دەوێت.

نە سیستمی پاشاگەردانی هێندە خراپە و نە سیستمی کۆماریش هێندە باشە. هەرچەند کۆماری ١٨٤٨ ی فەرەنسا, بەکۆمارێکی عادیلانە ناوبانگی دەرکرد, بەڵام لەراستیدا نمونەیەك بوو لە سەرکوتکردنی بێڕەحمانە. نەمسا لەسەردەمی فرانسیسی دووەمدا دیکتاتۆری بوو, بەڵام دیکتاتۆریەتێکی خاوەن بەزەیی. رەنگە حکومەتی دیموکراتیکی

ئێستای ئەمریکا باشتر بێت لەسیستمی پاشاگەردانی چین, بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە کۆماری مەکسیك لەگەڵ سیستمی پاشاگەردانی بەریتانیادا بەراورد بکەین. واتە کاتێك حکومەتەکان وەك بەریتانیا و نەمسا باشن, ئەمە بەومانایە نیە کە دواجار هەستین بە لاساییکردنەوەی شێوازەکانی چین. بەپێچەوانەوە, هەرچەند بە شان و باڵی حکومەتێکی دیموکراتیکی وەك ئەمریکادا هەڵئەدەین, بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هەستین بە لاساییکردنەوەی شێوازەکانی فەرەنسا و مەکسیك. ئێمە دەبێ راستیەکانی حکومەت لەبەرچاوبگرین نەك ئەوەی کە تەنها بەهۆی ناو و ناوبانگیانەوە هەڵیانسەنگێنین. لەجیهاندا شێوازی جۆراوجۆری حکومەت بەدیدەکرێن, کاتێکیش کەسانی پسپۆڕ لەبارەیانەوە دەدوێن دەبێ لە روانگەیەکی فراوانەوە بۆیان بڕوانن و هەستی سۆزداری سەبارەت بە شێوازێکی تایبەتی حکومەت بخەنەلاوە. لەرابردودا مشتومڕێکی ئێجگار زۆر لەسەر ناوەکان هەبووە, ئەویش لەبەرامبەر نادیدەگرتنی راستیەکان.

لە چین و ژاپۆن پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا — رەعیەت وەك یەکێك لە زاتەکانی سروشتی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرا, بەچەشنێك کە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و رەعیەتیان بەهاوشێوەی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد و دایك و رۆڵە دەزانی.

تەنانەت پێیان وابوو رۆڵی تایبەتی رەعیەت و فەرمانڕەوا لە ژیانێکی پێشوتردا دیاریکراوە واتە پێشوەخت لەچارەیان نوسراوە. تەنانەت پیاوێکی وەك (کۆنفۆشیۆس)یش نەیدەتوانی خۆی لەم گرێ و گۆڵە رۆحیانە رزگاربکات. هەموو ئارەزووی ئەوەبوو کە یارمەتی (چو — کوڕی ئاسمان) بدات بۆئەوەی (چو) ئیمپراتۆریەت بەڕێوەببات. تەواوی فەلسەفەی سیاسی کۆنفۆشیۆس ئەوەبوو کە لە خزمەت ئیمپراتۆر و فەرمانڕەوایەتی سەرانسەری وڵات و سەرجەم خەڵکەکەیدا بێت.

تەنانەت ئەگەر هاتبا و ئاغا و لێپرسراوە خۆجێییەکانیش کارێکیان پێ‌سپاردبا, ئەوا بەگیان و دڵ ئامادەبوو. ماوەتەوە بڵێین تەنانەت کۆنفۆشیۆس لەشێوازێکی جیهانی تێنەگەیشتبوو کە لەسەر بنەمای سروشتی مرۆڤەوە داڕێژرابێت. کۆنفۆشیۆس بەتەنها لەو شتانە وردببۆوە

کــە لەســـەردەمەکەدا هـــەبوون, عـــەودالّی شـــێوەی ژیـــانی خەڵکـــە هاوچـەرخەکەی ببـوو" لـەناکاو شـەیدا و هـۆگری ئەزمونـەکانی خۆیبـوو, دواجـار لـەرووی پـەروەردە و فێرکردنـەوە کـە بـۆ نـەوەی دوا خـۆی بەجێیهێشت, وادەردەکەوت کە لەپێناو رێکخستنی وڵاتـدا لـە پەیوەنـدی نێوان فەرمانڕەوا و رەعیەت بەدەر هیچ برگە و بنەمایەکی تر لەئارادا نیە. هەڵبەت ئەو شتانەی کە لەبارەی پەیوەندی نێوان رەعیەت و فەرمانڕەوا, لەدوای خۆی جێیهێشتبون بۆچونگەلێکی لەڕادەبەدەر جوانن. لـە تـان و پـۆی بۆچـونەکانیدا, ئـەم پەیوەندیـە نـەك هـەر بـە شـتێکی شـیاو دەردەکـەوت, بـەڵکو پێشدەچـوو بـاڵاترین ئامـانجی لەچوارچـێوەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا دەرخستبێت.

لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا پەیوەنـدی نێـوان رەعیـەت و فـەرمانڕەوا لەبنەڕەتـدا شـتێکە پـاش لـەدایکبون تاکەکـەس دەگرێتـەوە, کـەوابوو نـاتوانین ئـەم پەیوەندیـە وەك بەشـێك لـە خۆیـەتی سروشـتی مـرۆڤ لەقەڵەمبدەین. چونکە خۆیەتی سروشتی مرۆڤ بریتیە لە رەگ و ریشـە, و ئەو شتانەش کە فێریاندەبین بەتەنها لق و پۆپی ئەو رەگ و ریشەیەن.

مەبەسـت ئەوەیـە کـە نـاتوانین لـە رێگـەی مشـتومڕکردن لـەبارەی لقوپۆپکانەوە کاریگەری لەسەر رەگوریشەکان دابنێین, تەنانـەت ئەگـەر مشـتومڕەکە هـیچ جـۆرە کەموکڕیشـی تێـدا نـەبێت. بۆنموونـە پشـتە دوەکانمـان لـەبواری ئەستێرەناسـیدا زانیاریـان نـەبووە, هەربۆیـەش پێیانوابوو ئاسمانەکان لە جوڵەکردندان, پاشان خولی وەرزیەکانیان لەسـەر بنـەمای ئەوبۆچـونە لێکدانەوانەشـیان بـە هـەڵگری لـۆژیکێکی تایبـەت دەزانـی, بۆچـونەکانیان سـەبارەت بـە سروشـتی گێتـی ناتـەواو بـوون, هەربۆیـەش کەوتنـە هەڵـەی گـەورە و تیۆرەکانیـان لـەبارەی هەسـارە و ئەستێرەکانەوە ناتـەواو دەرچـوو. ئـەوان تەنانـەت توانـای شـیکردنەوەی دیاردەی خۆرگیران و مانگ گیرانیشیان نەبوو. بـەهۆی ئەمانـەوە بـوو کـە دژیەکیەکی بێئەژمار لە تیۆرەکانی جیۆسەنتەردا بەدیدەکرا.

لەبنەڕەتدا ئەوان ئەم تیۆرانەیان لەسـەر بنـەمای بینینـی خولانـەوەی خـۆر و مـانگ و ئەسـتێرەکان بـە چـاوی روتـەوە, گەشـەپێدابوو. بـەڵام توێژینـەوە لەراسـتیەکانی رونیکـردەوە کـە ئـەم دیاردانـە بەرهـەمی

خولانەوەی زەوی و پەیوەندیەتی بە تەنە ئاسمانیەکانی ترەوە، هەربۆیە خولانەوەی زەوی هۆی راستەقینەی رواڵەتی شتەکانە. خولانەوەی زەوی و دیاردەکانی لق و پۆپن. بەهەڵەداچون سەبارەت بە لق و پۆپی هەرشتێك هیچ چەشنە زانیارەکمان لەبارەی رەگ و ریشەکەیەوە ناداتێ. تەنها بەهۆی ئەوەی کە ئەم تیۆرەی جیۆسەنتەرە زایەڵەیەکی لۆژیکیانەی هەیە، نەبۆتە بەڵگەی قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی تیۆری هیلیۆسەنتەر. چونکە لەراستیدا لۆژیکێکی لەم چەشنە لۆژیکێکی راستەقینە نیە. ئەوی راستی بێت ئەم تیۆریە زادەی رونکردنەوەیەکی ناتەواوی پشتبەستووە بە وردبوونەوە لە پەیوەندی شتەکان، ئەویش بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەماکانیان.

ئەگەر ئەم تیۆرە وەك بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو قبوڵبکەین، وەك ئەوە وایە کە لەبەلەمێکدا بین و بە روبارێکدا برۆین و بڵێین بەلەمەکە جێگیرە و کەنارەکە دەجولێت. ئایا ئەمە هەڵەیەکی گەورە نیە؟ کاتێك لەبارەی زانستی ئەستێرەکاندا دەدوێین سەرەتا دەبێ بزانین زەوی و خولانەوەکانی بریتین لەچی؟ پاشان دەتوانین پەیوەندی نێوان زەوی و تەنە ئاسمانیەکانی تر بدۆزینەوە و هۆکاری گۆڕانی وەرزەکانیش شیبکەینەوە. بۆیە من دەڵێم دەبێ تیۆر پشت بە راستی ببەستێت و نابێ بەهۆی هێنانەگۆڕی تیۆرگەلی پشتبەستوو بە گومانێکی پەتیەوە، تەجاوزی راستیەکان بکەین.

هەر ئەم بنەمایە لەبارەی تیۆری پەیوەندی نێوان حوکمڕان و رەعیەتیشدا بەهەمان شێوەیە. ئەم پەیوەندیە بریتیە لە پەیوەندی نێوان کەسێك و کەسێکی تر. رەنگە ئەمڕۆ پەیوەندیەکی لەم چەشنە بە وابەستەییەکی ئاسایی لەقەڵەم بدەین، بەڵام ئەم وابەستەبونە نزیکە دەرەنجامی ئەو راستیەیە کە وایکردووە لەسەردەمی ئێمەدا حوکمڕان و رەعیەتگەلێك هەبن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئەم پەیوەندیە وەك خۆیەتیەکی سروشتی مرۆڤ بێنینەئەژمار. گەر هاتبا و ئەم پەیوەندیە بەشێکی گرنگی خۆیەتی مرۆڤ بوایە، بەناچار دەبوایە لەسەرتاپای جیهاندا هەبێت، پەیوەندییەکانی نێوان دایك و باوك و رۆڵە و ژن و مێرد، هەروەها پەیوەندیەکانی نێوان پیر و گەنج و هاوڕێ بۆ هاوڕێ شتێکی

جیهانیـە, هەربۆیـە دەتـوانین وەك بەشـێك لـە خۆیـەتی سروشـتی مـرۆڤ لەقەڵەم بدەین. پەیوەندی نێوان حوکمڕان و ڕەعیـەت شـتێکی جیـاوازە, چونکە لە گۆی زەویدا وڵاتگەلێك هـەن کـە ئـەمجۆرە پەیوەندیـە لـەنێوان مرۆڤەکانیانـدا بـەدیناکرێت, بـۆ نمونـە ئـەو وڵاتانـە خـاوەنی حکومـەت پەرلەمانیان. ئەمجۆرە وڵاتە پەیوەندی فەرمانڕەوا و ڕەعیەتەکانیان تێدا نیە, بەڵام ئەرکی جۆراوجـۆر لـەنێوان حکومـەت و خەڵکدا دابەشـکراوە و شێوازی حکومەتکردنەکەیان جێگەی ستایشـکردنە. (مسـیۆس) دەیگـوت هـەروەك چـۆن ناشـێ دوو خـۆر لـە ئاسمانێکـدا بـن ئاوهـاش ناشـێ دوو حوکمڕان لە وڵاتێکدا هەبن. بەڵام ئەمڕۆ وڵاتگەلێك هەن سەرەڕای ئەوەش کە پاشایان نیە, کەچـی ڕەوشـی ژیـانی خەڵکەکـەیان گـەلێك باشـترە لـە زنجـیرە پاشـاگەردانیەکانی چـین. ئەگـەر ئـەمڕۆ بکرایـە کۆنفۆشـیۆس و منسیۆس زیندوبکرێنەوە, حەزم دەکرد بزانم بە بینینی ئەم وڵاتانـە چـۆن سەرسوڕما و دەبون. دەبێ ئەوە قبوڵبکەین کە ئەمانە زۆر هەڵە بوون.

کاتێك لایەنگری لە حکومەتێکی پاشاگەردانی دەکەین, سەرەتا دەبـێ هەوڵبدەین لەسروشتی مرۆڤ تێبگەین ئـەودەم هەسـتین بـە شـرۆڤەکردنی ڕێسای پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و ڕەعیەت. پاشان دەبێ لەسـەرئەوە ساغ بینەوە کە ئایـا ئـەم ڕێسـایە, خۆیەتیـەکی سروشـتی مرۆڤـە یـاخود شـتێکە بەتـەنها دوای لـەدایکبون وەك بـەروبومی هەلومـەرجی ڕێکـەوت تاکەکان دەگرێتەوە. ئێمە دەبێ لەسەر بنەمای ڕاستیەکان ڕونیبکەینەوە کە ئایا پەیوەندی نێوان فـەرمانڕەوا و ڕەعیـەت بـە ڕێسـایەکی سروشـتی مرۆڤ لەقەڵەم بدەین یان نا. گەر بێـت و بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ و بـەبێ هـیچ گیروگرفتێـك لـە ڕێسـا سروشـتیەکان بکۆڵینـەوە, ئـەوا بۆمـان دەردەکەوێت کە ئەم پەیوەندیەی نێوان فەرمانڕەوا و ڕەعیەت ڕێسایەکی سروشتی نیە. کە ئەمـەمان کـرد ئـەودەم توانـای ئـەوەشمان دەبێـت کـە لەسـەر لایەنـە سـلبی و ئیجابیـەکانی ئـەم پەیوەنـدی بـدوێین. کـاتێکیش بتوانین قسە لەسەر چاك و خراپی شتێك بکەین مانای وایە کە دەکرێ ئەو شتە گۆڕانکاری تێدا بکرێت, شتێکیش کە بتوانرێ گۆڕانکـاری تێـدابکرێت ئەوا ڕێسایەکی سروشتی نیە. بۆ نمونە لەخێزاندا منداڵ ناتوانێت ببێت بە باوك, ژنیش ناتوانێت ببێت بـە شـو, چـونکە ئـەم پەیوەندیانـە نـەگۆڕن.

بەڵام دەکرێ حوکمڕان ببێتە رەعیەت. (تانگ) و (ڤوو) دواجار حوکمڕانەکانی خۆیان سەرنگون کردن. هەروەها دەتوانین بەدیدێکی یەکسانەوە لە فەرمانڕەوا و رەعیەت بڕوانین، بەڵگەی ئەم راستیەش هەڵوەشانەوەی فیۆدالیەتی ئەو قۆناغانەی دوایی و دامەزراندنی شارەوانیەکانە. بەپێی ئەم بۆچونە حکومەتی پاشاگەردانیش ناکەوێتە دەرەوەی بازنەی گۆڕانکاریەکانەوە. بەهەرحاڵ، مۆرکی سەرەکی لەپێناو گۆڕین یاخود هێشتنەوەیدا گرێدراوە بە تێگەیشن لە لایەنە نێگەتیف و پۆزەتیڤیەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ شارستانیەتدا[٢].

لێرەدا و بەپێی ئەو بەڵگانەی باسمانکرد، دەتوانین حکومەتی پاشاگەردانی بگۆڕین، بەڵام ئایا دەبێ بەو ئەنجامە بگەین کە حکومەتێکی دیموکراتی بکرێتە ئەلتەرناتیڤی پاشاگەردانی، و ئایا ئەم حکومەتە دیموکراتیەش باشترین شێوازی حکومەتە؟ نەخێر ئەمە هەرگیز بەومانایە نیە.

لەئەمریکای باکوردا نەژادێکی خەڵك هەن کە دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر باوباپیرانیان واتە ئەو بنیاتنەرە[٣] ئازارچەشتوانەی بەهۆی جەور و ستەمی بەریتانیا و بێزاربونیان لە پەیوەندی فەرمانڕەوا – رەعیەت، وڵاتی خۆیان جێهێشت و لەئەمریکای باکوردا نیشتەجێ بوون.

وێڕای تەواوی چەرمەسەریەکانیش توانیان خۆ – بەڕێوەبەری بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. کاتێکیش لە پلیمۆت و ماساچوسێت دابەزین و بارگەیان خست گەلێك خەڵکی بوێر و ئازا پەیڕەوییان لێکرد و وڵاتی خۆیان بەرەو ئەمریکا بەجێهێشت و لەوشوێنەدا نیشتەجێ بوون کە ئێستا پێیدەگوترێ نیو ئنگلەند. ژمارەی دانیشتوان و سەروەت و سامانی وڵات بەرەبەرە و بەشێوەیەك گەشەیکرد، کە لە ساڵی ١٧٧٥ دا ژمارەیان گەیشتە سیانزە ویلایەت. پاشان لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا شۆڕشیان بەرپاکرد" دوای هەشت ساڵ شەڕ و پێکدادانی قورس و بە زەحمەتێکی زۆرەوە توانیان سەرکەون بەسەر بەریتانیادا و دواجار نمونەی بەرایی نەتەوەیەکی سەربەخۆی گەورەیان بنیاتنا کە ئێستا بەو وڵاتە دەگوترێ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

مەبەست لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەوە نەبوو کە خەڵکی ئەمریکا ئارەزو و خرۆشێکی کاتی و خۆپەرستانەیان هەبێت، بەڵکو ئەم

مەسەلەیە پشتی بە بنەمای سروشتی عەدالەت بەستبو. ئەم خەڵکانە بەهۆی داکۆکیکردنیانەوە لە مافە مرۆییەکان, تەنها لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەرجەم ئەو مافانەدا بوون کە پەروەردگار بە مرۆڤی بەخشیوە. دەتوانین خواست و ئامانجەکانیان لەو بەیاننامەی سەربەخۆیەدا بخوێنینەوە کە لەو سەردەمەدا نوسیویانە. ئایا ئەو دەمەی کە ئەم سەد و یەك بنیاتنەرە لە باران و رەهێڵەی ٢٢ ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٦٢٠) دا, پێیاننایە سەر خاکی پلیموت, بچوکترین ئەندێشەی خۆپەرستانەیان هەبوو؟

لەراستیدا ئەوان لە رێزلێنانی پەروەردگار و عیشقی مرۆڤایەتی بەدەر هیچی تریان لەدڵدا نەبوو. گەر هاتبا و توانرابا ئەوەی کە لەدڵیاندا بوو, وێنابکرێت, بەدڵنیاییەوە بۆمان دەردەکەوت کە ئەوان زۆر لە پاشای ستەمکار وەزیری گەندەڵەکانی بێزاربون. ئاشکراشە کە دەیانویست تەخت و تاراجی تەواوی حکومەتەکانی گۆی زەوی بروخێنن.

ئەوان دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر خاوەنی ئەو ورە بەرزە بوون, و جەنگی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٧٧٥ شایەت و گەواهی ئەم ورەیە بوو. کاتێك جەنگ تەواو بوو, ئەوان سیستمێکی سیاسیان بنیاتنا, ئەم سیستمەش لەسەر بنەمای هەمان ئەو ورە بەرزەوە دامەزرابوو.

سەرجەم تان و پۆی مەڵبەندە کۆمەڵایەتیەکان — پیشەسازی, بازرگانی, سیاسەت, یاسا و هتد — بەدەوری ئەم ئەندێشەیەدا تەنراون. بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان وزەی خەڵکێکی سەربەخۆی بەرجەستە دەکرد, هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای خواست و ئارەزوەکانی خەڵکەوە بنیاتنرابوو, ئەوا دەبوایە نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیان هیچ جۆرە گەندەڵی و چەپەڵیەکی تێدا نەبێت, ئەوان شایستەی باشترین ئاستی ژیان بوون, دەبوایە حکومەتەکەشیان وەك بەهەشتی نمونەیی سەرزەوی بێت. کەچی ئەمڕۆ کاتێك لە راستیەکان دەڕوانین, دەبینین شتەکان بەشێوەیەکی ترن. حکومەتی جەماوەری ئەو مانایەی پەیداکردووە کە خەڵك یەکبگرن و زەبروزەنگ بەکاربێنن. ئەم بەکارهێنانی زەبروزەنگەش هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ توندوتیژیەکانی پاشایەکی رەهادا, تاکە جیاوازی نێوانیان

ئەوەیە کە یەکێکیان لە ئارەزووەکانی تاکەکەسێکەوە سەرچاوەدەگرێت و ئەویتریان لەئارەزووەکانی جەماوەر.

سەرەڕای ئەمانەش لە ئەمریکادا سزای توند بۆ بەرتیل خۆری لەبەرچاوگیراوە، بەڵام هەتا ئەم سزایانەش قورستر بکرێن، ئەوا کێشەی بەرتیل زیاتر و زیاتر تەشەنە پەیادەکات. ئەم ئەزمونە تاڕادەیەك لەئەزمونی رابردوی ژاپۆنەوە نزیکە، کاتێك فومارکردن بەیەکجاری قەدەغەکرابوو کەچی هاوکات خەڵکی بەلێشاو رویانتێکردبوو.

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی کە خەڵکی بەگشتی حکومەتی جەماوەری بە حکومەتێکی عادیلانە و داکۆکیکەر دەزانن، ئەوەیە کە ئەم حکومەتە پشت بە خواستەکانی خەڵکێك دەبەستێت کە زیاتر لە جەستەیەك دەچن" هۆکارێکی تری ئەوەی کە، بۆ نمونە، یەك ملیۆن کەس لە حەشاماتێکی یەك ملیۆن کەسیدا بە کۆدەنگی بڕیار لەسەر بەئەنجامگەیاندنی کارێك دەدەن. بەڵام جیاوازی لەنێوان ئامانج و راستەقینەدا زۆرە. بۆنمونە ئاورێك لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بدەینەوە. لە حکومەتێکی جەماوەریدا پەیڕەوی لەشێوازی زۆرینەیەکی ساکار دەکرێت. بەهۆی ئەوەی کە لایەنێك تەنها بەجیاوازی تاکە دەنگێك دەبێتە زۆرینە، ئەوا گەر بێت و لە حەشاماتێکی یەك ملیۆن کەسیدا ئاکامی هەڵبژاردنەکان ٥١٪ بە ٤٩٪ بێت، هەڵبژاردنەکە یەکلایدەبێتەوە و هەر لەم سەرەتایەوە ٤٩٪ ی خەڵکەکە لە راوێژی کاروباری نەتەوەییدا مافی قسەکردنیان نامێنێت.

ئەگەر سەد کەسە هەڵبژێردراوەکەش لەپێناو بڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگەکانی حکومەت کۆببنەوە و لەکاتی دەنگداندا، دەنگەکانیان ٥١ بە ٤٩ بێت، ئەوا ٥١ کەسەکە چارەنوسی ئەو مەسەلەیە دیاریدەکەن. دواجار ئەم بڕیارە لەلایەن زۆرینەیەکی گەورەی نەتەوەییەوە نەدراوە، بەڵکو بەتەنها لەلایەن زۆرینەی ناو زۆرینەیەکەوە دراوە.

کاتێك ئاکامی هەڵبژاردنەکە زۆر لەیەکەوە نزیکە، ئەوا رەنگە یەك لەسەر چواری دەنگدەران چاودێری خۆیان بەسەر سێ لەسەر چوارەکەی تری سەرجەم خەڵکەکەدا بسەپێنن. ئایا ئەمە شتێکی عادیلانەیە؟

لە حکومەتێکی پەرلەمانیدا مشتومڕی زۆر ئەنجامدەدرێت. هەربۆیە ناشێ بەئاسانی داوەری لەسەر لایەنە سلبی و ئیجابیەکانی بکەین. حکومەتی پاشاگەردانی مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە توانا و دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ ئازادی خەڵك بەکاربهێنێت. هەروەها حکومەتی دیموکراتیکیش کاتێك ناتوانێت وەڵامدەرەوەی گوشاری رەخنە و بوچونەکانی خەڵك بێت, ئەوا مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی چەك کە ئەمەش کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە لە شێوازێکی دیموکراتیدا, حکومەت زامنی رونەدانی شەڕ بکات. لە ساڵی ١٨٦١ دا ئەمریکا لەسەر کێشەی کۆیلایەتی, بەسەر دوو بەشی باکور و باشوردا دابەشبوو. نزیکەی یەك ملیۆن کەس دەستیاندایە چەك و کەوتنە شەڕێکی ناوخۆی بێوێنەوە. برا لەگەڵ برا, هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێ, لە شەڕێکی خوێناویدا رووبەڕوی یەکدی بونەوە. کاولکاری و زەرەر و زیانەکانی ئەم شەڕە چوار ساڵەیە, لە ژمار نەدەهات. هۆکاری هەڵایسانی شەڕەکەش بێزاری چینی باڵای ئەرەستۆکراتی خەڵك بوو لە نەریتی زابنەخشی کۆیلایەتی کە بە ناشارەزایەتی‌یەوە, گوتیان ئەمە یاساکانی خواوەند و حورمەتی مرۆیی دەڕوشێنن. هەرچەند نیگەرانیەکەیان شیاو و بەجێ بوو, بەڵام کاتێك شەڕەکە دەستیپێکرد, لە مەسەلەیەکەوە بۆ مەسەلەیەکی تر گوازرایەوە و ئەقڵ و ئەخلاق لەگەڵ هۆگرییەکی دەمار کرژانە و ئارەزوە نزمەکانی مرۆڤدا تێکەڵاو بوون, دەرەنجامەکەشی ونبون و شاردنەوەی مەسەلە سەرەکی و راستەقینەکان بوو.

توێژینەوە لە دەرەنجامەکانی ئەم جەنگە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەردو لایەنە بەشەڕهاتووەکە بریتبوون لەو هاوڵاتیە ئازادانەی کە چاویان بڕییە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و هەر لەم پێناوەشدا شەڕەکەیان هەڵایساند. ئەوا وەك کۆمەڵە ئەهریمەنێك لە پێدەشتەکانی بەهەشتدا دەستیاندایە خوێنی یەکدی. ئەگەر باوباپیرانیان ئەم جەنگە ئەهریمەنیەیان دیتبا, ئەوا لە گۆڕەکانیشیاندا نەدەحەسانەوە و ئێسك و

پروسکیان دەکەوتە لەرزە. کاتێك کوڕراوانی شەڕی ناوخۆ بەرەو ئەو دنیا دەچوون, دەبوایە لەبەرامبەر باوباپیرانیاندا لەشەڕمان سور هەڵگەڕێن.

(Mill) کە توێژەرەوەیەکی بەریتانیەـ, لـە کتێبەکەیدا سـەبارەت بـە ئابوری دەڵێت: ئامانجی مرۆڤ پێشکەوتنە – جا لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت – جەنگ لەپێناو سەرکەوتندا باشترین کـەش و هـەوای گەشـەی ئابوریـە. هەنوکە ولایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا پێگەیشـتوترین نمونـەی شـەڕی سود و بەرژەوەندیەکانە. پیاوە پیسەکانی لەپێناو دەربازبون لـە کۆت و بەنـدی بـێعەدالەتیدا, یـەکیان گـرت و دەروازەی جیهـانێکی نوێیـان کـردەوە" سـەروەت و سـامان و ژمـارەی دانیشـتوان زیـادیکرد" دەرگـای خـۆی بـە روی وڵاتـە خـاوەن شارسـتانیەتەکاندا, والآکـرد" مافیئـازادی و سـەربەخۆیی بەشـێوەیەکی جیهـانگیر ڕاگەیانـد, خـەڵکی بـە دیـاردەی هـەژاری نـامۆبون. کەچـی سـەرەڕایهەموو ئەمانـەش, لـە دەرئـەنجامی دەستەبەرکردن و سـودوەرگرتن لـە باشـترین و جوانترینەکانـەوە, توشـی هیـوابڕاوی بـوین. ئـەوەتا پیاوەکانیـان هـەموو تەمـەنیان بـەدوای پـارە پەیداکردندا ڕادەکەن و تاکە ئەرکی ژنەکانیشیان ئەوەیـە کـە بـە جـۆشو خرۆشـەوە نـەوەی نێرینـە بەرهـەمبهێنن تـاکو درێـژە بـە شـەڕی ئـابوری بدەن. ئایا دەشێ بەمە بڵێین کۆمەڵێکی ئامانجخواز؟ هەر ئـەم تێبینیـەی (Mill) بەسـە بۆئـەوەی لانیکـەم سـەبارەت بـە لایـەنێکی ناپەسـەندی تایبەمەندیە, ئەمریکیەکان, کۆمەڵێك زانیاریمان بداتێ.

بـەپێی ئـەو شـتانەی باسمـان کـرد, سیسـتمی پاشـاگەردانی خـۆی لەخۆیـدا بـاش نیـە, هـەروەها حکومـەتی دیمـوکراتیش بەهـەمان شـێوە, چونکە فۆرمی سیاسی لە کۆمەڵی مرۆییدا, بەتەنها توخمێکە و بەس.

هەربۆیە نابێ وەك مرۆیەکی یەکجارەکی هیچ شارسـتانیەتێك لەقەڵـەم بدەین. کاتێك بۆمان سەلما کە ئەو فۆرمە, فۆرمێکی نەشاز و نەگونجاوە, ئـەوا دەبـێ بیگـۆڕین. ئەگـەر باشـیش بێت ئـەوا پێویسـتە بیهێڵینـەوە و بیپارێزین, شارسـتانیەت تاکـە ئامـانجی سـەرجەم مرۆڤایەتیـە و لـەپێناو گەیشتن بەم ئامانجەشدا, ڕێگاگەلێکی زۆرمان لەبەردەمدایە. پێشـکەوتنی لەبار و گونجـاوی شارسـتانیەت بەتـەنها لـە ڕێگـەی تـەیکردنی ڕەوتێکـی

دوردورێژی تاقیکاری و بەهەڵەداچونەوە دەستەبەر دەبێت. هەربۆیە نابێ بیرکرنـەوە مرۆییـەکان بەشـێوەیەکی تەسـکبینانە یـەکلایی بکەینـەوە. پێویستە لە مەیدانی نەبەردێکی بـەرین و فـرە رەهەنـددا دەسـتبکەین بـە ئەزمون و تاقیکاری, چونکە تاقیکردنەوە رۆحی شارستانیەتە.

بەڵام پێشکەوتن لە رێگەی تاقیکردنەوە و بەو واتایە نیـە کـە بتـوانین بەهۆیـەوە بگەینـە لوتکـە. مێـژو, بـەردەوام پێکهاتەیـەك بـووە لـە تاقیکردنـەوە و بەهەڵەداچـون. لـە دەمـی ئێسـادا تەنانـەت سیاسـەتی جیهانیش لە قۆناغی ئەزمون و تاقیکردنەوەدایە, ئـەویش بەچەشـنێك کـە ناتوانرێت شێواز و فۆرمە ئامانجخوازانەکەی دیاریبکرێت. لێرەدا بەتـەنها دەتـوانین بڵـێین ئـەو حکومەتـەی بـە رێژەیـەکی بەرچـاو یارمـەتی پێشـکەوتنی شارسـتانیەت دەدات, ئـەوا حکومـەتێکی باشـە و ئـەو حکومەتەشی کە لەبەرەوپێشبردنی شارستانیەتدا رۆڵێکی کـەم دەگێڕێت یاخود وێڕای بێسودبونەکەی زیانیشـی پێدەگەیـەنێت, ئـەوا حکومـەتێکی خراپە. هەربۆیە پێویستە لەکاتی هەڵسەنگاندنی شێوازەکانی حکومەتـدا, ئاسـتی شارسـتانیەتێك بکەینـە پێوانـەی خۆمـان کـە خـەڵکانێك پێیگەیشتوون. هەرگیز شارستانیەتێکی پێگەیشتوو بونی نەبووە هەروەك چـۆن هـەرگیز شـێوازێکی پێگەیشـتوی حکومـەتیش بـوونی نـەبووە. هـەرکاتێك بگەینـە شارسـتانیەتێکی پێگەیشـتو ئـەوا حکومـەت دەبێتـە شـتێکی سـەربار و ناپێویسـت, چـونکە لەحاڵـەتێکی وادا پێویسـت بـەوە ناکات شـێوازێك لـە شـێوازێکی دی بەباشـتر بـزانین یـاخود لەسـەر نـاو و ناوبانگ مشتومڕ هەڵایسێنین. بەهۆی ئەوەی کە شارستانیەتەکانی ئـەمڕۆ کەوتونەتـە نـاو قـەیرانی پێشـکەوتنیانەوە, ئـەوا سیاسـەتیش بەئاشـکرا رەوتی گەشە و پەرەسەندنی خۆی تەیدەکات. نەتەوەکان بەتەنها لـەروی رێژەی پێشکەوتنیانەوە لەیەکتر جیاوازن ئەگـەر یـەکێك بـەریتانیا لەگـەڵ مەکسیکدا بخاتە تای تەرازویەکەوە, ئاشکرایە کە شارسـتانیتی بـەریتانیا لـە شارسـتانیەتی مەکسـیك بـالاترە, کـەوابو رەنگـە بـەریتانیا لـەروی سیاسـیەوە لـە مەکسـیك پێشـکەوتووتر بێـت, هەرچـەند دابـو نەریتـە ئەمریکیـەکان کـەموکوڕی زۆریـان هەیـە, بـەڵام بەبـەراورد لەگـەڵ

شارستانیسەتی چینیدا هەندێکیان بەشێوەیەکی بالاتر دێنەبەرچاو، ئەمە مانای ئەوەیە کەحکومەتی ئەمریکا باشترە لە حکومەتی چین. دواجار هەردوو شێوازی حکومەتی پاشاگەردانی و کۆماری، هەڵگری تایبتمەندێتی چاك و خراپی خۆیانن. بەلام خۆ سیاسەت تاکە سەرچاوەی شارستانیەت نیە. بەڵکو وێڕای ئەدەبیات و بازرگانی و هتد هەروەك پێشتر باسمان کرد، بەتەنها روانگەیەکی پەیڕەوکەری شارستانیەتە. گەر بێت و شارستانیەت بە ئاسکەکێویەك بچوێنین، ئەوا دەتوانین بە سیاسەت بڵێین گروپی راوچیان. ئاشکراشە کە ئەم گروپە لە چەند کەسێك پێکدێت و شێوازی تیرهاوێژی هەریەکەشیان جیاوازە. بەلام هەر هەموویان یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش راوکردن و بردنەوەی ئاسکەکەیە بۆ ماڵەوە. چ بەپێوە تیرەکەیان بهاوێژن و چ لەسەر ئەژنۆ یاخود بەپێی هەلومەرج و تەنانەت بەبێ بەکارهێنانی هیچ جۆرە چەکێکیش ئاسکەکە بگرن، ئەوا هیچ جیاوازیەکی نیە. بەلام خۆبەستنەوە بەشێوازێکی تایبەتی تیرهاویشتن یان خۆبواردن لە تیرهاوێژی ئەویش لەکاتێکدا کە راوچیەك هەلومەرجێکی لەباری بۆ دەرەخسێت، واتە کاتێك بتوانێت ئاسکەکە بگرێت، لێگەڕێت رابکات، ئەمە لە راوێکی بێدەستکەوت و بێسود بەدەر هیچتر نیە.

**پەراوێزەکان:**

١) (کات Caste) چینی داخراو یان بەبەردبوو، یەکێك لە تایفە کۆمەلایەتیە رەچەڵەکەکانی هیندۆسە، جۆرە سیستمێکە کە پشت بە جیاوازی چینایەتی دەبەستێت لەرێگەی دەولەمەندی و پلەی کۆمەلایەتی و.. هتد)، (رۆمانی – جیهانی سۆفیا لاپەرە ١٠١).

٢) توێژەرەوەیەکی خۆرئاوایی دەڵێت: (لەراستیدا مەسەلەی فەرمانڕەوا – رەعیەت تایبەت نیە بە چین و ژاپۆنەوە چونکە لە

خۆرئاواشدا زاراوەگەلێکی وەك ئاغا و رەعیەت هەن) هەربۆیە سیستمێکی لەم چەشنە لەوێشدا بەدیدەکرێت. بەلام واتا خۆرهەلاتی و خۆرئاواییەکانی چونیەك نین. چونکە هیچ وشەیەکی ژاپۆنی بەدیناکرێت کە مانای ئاغا و رەعیەتی خۆرئاوایی بگەیەنێت. من وەك خۆم بە (Kunshin) وەرمگێڕاوە, بەلام نابێ زۆر بایەخبدەین بە تاقە وشەیەك. لەراستیدا کونشین واتایەکی خۆرهەلاتیانەی دێرینە. گەر هاتبا و لەژاپۆندا یەکێك ئاغاکەی کوشتبا ئەوا لە خاچ دەدرا, بەلام ئاغا دەیتوانی رەعیەتەکانی بکوژێت ئەمەش بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە یاسایەك بگرێتەوە. پەیوەندی نێوان ئاغا و رەعیەت بەمشێوەیە بووە پەیوەندی نێوان دامیو و ساموراییەکانیش لەسەردەمی فیودالیەتدا, بەئاشکرا پەیوەندیەکی ئاغا — رەعتیەتیانە بووە.

٣) بنیاتنەرەکان — ئەمانە پێیاندەگوترێ کۆچبەرە بەراییەکان, ژمارەیان سەد و یەك کەس بوو کە لە سالی ١٦٢٠ دا لە بەریتانیا رایان کرد.

**سەرچاوە:**

کتێبی (نظرية تمدن)

# بارودۆخی ژنان لەرۆژهەلاتی کوردستاندا

د. روئیا تلووعی

ژن ئـەو نیـوە بێدەنگـەی کۆمەڵـە کـە (٢/٣ ئـەرك‌و کـاری جیهـانی لەئەستۆیەو ١/١٠ داهاتی دنیای دەستدەکەوێت‌و بەداخـەوە ١/١٠٠ مـاڵ‌و مڵکی دنیا هی ئەوەو ماوەی ٦٠٠٠ ساڵە هەموو چەشنە زەخت‌و ستەمێکی لێکـراوەو بەهەمووشـێوەیەك کەسـایەتی‌و مافـەکانی پێشـێلکراوە. ژن بەدرێژایی مێـژوو لـەناو هـەموو نەتەوەکانـدا بـەرزی‌و نزمـی زۆری دیـوەو بەداخـەوە هـیچ کـات نەگەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی لـەباری مرۆڤایەتیـەوە شایستەی ژن وەك مرۆڤێك بێت.

مەخابن دوای هەموو شۆڕشێك هەرچی ژن لەسەرکەوتنی ئەو شۆڕشـە نەخشی گرنگی بوە, دەسکەوتی ئێجگـار کـەمی دەسـتکەوتووە. زۆربـەی زۆری پێگــە کۆمەڵایــەتی‌و رامیاریــەکان دراوە بــەپیاو و دیســان ژن بەســەرێکی شـۆڕەوە ناردراوەتــەوە مــاڵ‌و لــەبیر کۆمــەڵی پیاوســالارانە چووەتەوە.

نموونەی ئەم شێوە لە جـەزائیر, ڤێتنـام, ئـەفریقای رەش, ئـەمریکای باشوور, ئێران‌و کوباش بەزۆری دەبینین.

کلتـوری زاڵ بەسـەر دنیـادا کولتـورێکی پیاوسـالارانەیە, وا بەدەسـت پیـاوو لەروانگـەی پەسـەندی پیـاو دابینکـراوە, ئـەم کلتـورە پـڕە لـە شەڕوخوێن‌و ئاژاوەو هەروەها مەرگی رۆح‌و کەسایەتی‌و مرۆڤایەتی ژن.

هەر بۆیە ژنانی ئیمڕۆی دنیا خوازیاری دابینکردنی کولتورێکی تازەن بۆ دنیا کە بەهاوبەشی هەردوو رەگەزی ژن‌و پیاو دابینکرابێ‌و چەمکی ئاشتی‌و عەشق‌و دادگەری لەروانگەیەکی تازەوە باس بکرێت.

دیارە کەسایەتی هەر کۆمەڵێك لەرووی هەڵس‌وکەوتی ئەو کۆمەڵە لەگەڵ ژنداو, کەسایەتی ژن لەو کۆمەڵەدا هەڵدەسەنگێنن. بێگومان بەرگریکردن لەهاوبەشی ژن لەکاروباری کۆمەڵ ئەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەو کۆمەڵە. لەبەرئەوەی ژن سەرچاوەی ژیانەو مرۆڤ لەژن دەبێت‌و بەدەست ژن پەروەردە ئەبێ.

ژنی نەزان چۆن ئەتوانێ مرۆڤی زانا پێشکەشی کۆمەڵ بکات؟ دیارە لەبوارەکانی ژیاندا کەم‌وکورتیەکانی ئەم مرۆڤە خۆی دەرئەخات‌و ئەبێتە هۆی ئازار بۆئەو جۆرە مرۆڤەو ئەوکۆمەڵەی کە تێیدا دەژی.

ئەمڕۆ کە مەخابن میللەتێکی گەورەی وەکو کورد نزیکەی ٩٠ ساڵە بووەتە چوار پارچەو هەر پارچەیش لەژێر ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی زاڵ لەسەر ئەو پارچەدا بووەو, بەجۆرێك جیاوازی‌و لەهەمانکات هاوبەشی لەکێشەکانی هەر پارچە بەرچاودەخرێ, دیارە هەموو چەشنە زەختێك لەسەر ئەو کۆمەڵانە, کاتێ گەیشتووە بە ژن ئەسەری دەردی دووپاتبووە. چونکە ژن لەم کولتورەدا دووئەوەندەی پیاو چەوساوەتەوەو بێ ماف کراوە, کە لەهۆکارەکەشیدا دەسەڵاتی خێڵ‌و ئاین بەشێکی زۆر گەورەو بەرچاوی هەیە.

دیارە لە پارچەی رۆژهەڵاتی کوردستان بارودۆخی ژنان ئەتوانێ ئەسەرێکی زۆری لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی, رامیاری, ئابووری‌و کولتوری ئێران گرتبێ.

هەربۆیە لەم وتارەدا چاوێك ئەخشێنین بەسەر برێك ئامارو ژمارە کە لەلایەن سازمانی بەرنامەڕێژی‌و مودیریەتی پارێزگای کوردستانی ئێران بەدەست هاتووە.

## یەکەم" ژن‌و رامیاری:

هەرچەندە لەهەموو بزوتنەوەو شۆڕشەکاندا ژنەکورد, هاوشانی پیاوی کورد تێکۆشاوە, بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەناو وڵات بەدیئەکرێ ئەوەیە کە ژنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لەزۆربەی بوارە سیاسیەکان

تێکۆشانێکی بەرچاوی نیەو چەشنە دابڕانو بێمەیلی بەسیاسەت بەرچاودەکەوێ. لەم پارچەیە ژنێ کە نوێنەری پەرلەمان بێ نیمانەو هیچ ژنەکوردێك هیچ مەقامێکی سیاسی نیە. بەس چەند ژنێك توانیویانە ببنە نوێنەری شورای شار, بێگومان کە ئەویش ئەرکێکی سیاسی نیە.

بەس ئامارەکان باسی ئەوەدەکەن کە ٧٠٪ لەو ژنانەی مافی دەنگدانیان بووە لەدەنگدانەکاندا بەشداربوونو ٦٦/٧٪ لەو ژنانەش ئەڵێن خۆیان رایان لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنەکە بووە.

ئەم ئامارە ئەتوانێ هی ئەسەری ریفۆرمخوازی چەند ساڵی دوایی بێ کە لە هەموو شوێنێکی ئێران بەرچاودەکەوێت.

ئامارەکانیش دەڵێن ١/١٪ ژنان لەئەنجوومەنو رێکخراوەکان بەشدارن کە ئەمانەش ناچنە چوارچێوەی کاری سیاسی.

## ژن و یاسا:

دیارە لەوڵاتی ئێران یاسای ئایینی هەیەو بۆیە کە ژن خوێنو مافی نیوەی پیاوە. بەشاهید بوونی قبوڵ نیە, مەگەر ٢ ژن لەجیاتی پیاو بتوانێ شاهیدی بدات. میراتی ژن نیوەی پیاوەو زۆرجاریش بەشی ژن ١/٨ میراتی پیاوەکەیەتی.

مافی تەلاق بەپیاوەو ژن مافی سەرپەرشتی منداڵی خۆی نیە, مەگەر کچ تا ٧ ساڵو کوڕ تا ٢ ساڵ یاسای بەرگری لەدژایەتی سەبارەت بە ژن نیە. ژن مافی نیە ببێتە سەرۆك کۆمار بۆئەوەی سەرۆك کۆمار بێ ئەبێ پیاوبێ, حاکمی ژن لەئێران نیەو..

## ژن و خوێندەواری و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی:

لەپارێزگای کوردستان لەرۆژهەلاتی کوردستان واتە کوردستانی ئێران:

- ٥١/٧٪ خەڵك دانیشتووی شارەکانن.
- ٤٨/٣٪ دانیشتووی دێهاتەکانن.
- ٤٣٪ خەڵك تەمەنیان ژێر ١٥ ساڵە.
- ٥٣٪ تەمەنیان ٦٤–١٥ ساڵە.
- ٤٪ لە ٥ ساڵ تەمەنیان بەرەوسەرە.

- ٧٥٪ ژنانی کوردستان تەمەنیان ژێر ٢٤ ساڵە.

دیارە کۆمەڵی ئێمە کۆمەڵێکی گەنجەو پێویستی زۆری بەئاسایشو کارو فێرکردنو تەندروستیە.

ئاستی زۆربوونی کۆمەڵ لەساڵەکانی:

| | |
|---|---|
| ١٩٧٦-١٩٦٦ | ٪٢/٣٦٪ |
| ١٩٧٦-١٩٦٦ | ٪٣/٢٦٪ |
| ١٩٧٦-١٩٦٦ | ٪٢/٢٤٪ |
| ئەمڕۆ لەکوردستان بووەتە | ٪١/١٪ |
| لەئێران | ٪١/١٤٪ |

دیارە ئێستاکە دایکو باوکەکان حەزناکەن منداڵی زۆریان بێت.

نیسبەتی تەلاق بەمێردکردن ١١٪ بوو ماوەی (٥) ساڵ لەمەوبەر کە ئێستاکە بە ١٤٪ گەیشتووەو سەقز ئینجا سنە لەم بوارەدا پلەی یەکەمو دووەمیان بووە.

لەپرسارێك کە کراوە دەرکەوتووە کە ٨٦٪ کچانی شار لەهەڵبژاردنی مێرد ئیختیاریان بووەو ١٤٪ بەزۆر دراون بەشوو. دێهاتەکان ٦٩٪ لەکچەکان وتویانە مافی هەڵبژاردنی مێردیان بەئارەزوی خۆیان بووە.

٩٧٪ مێردکردنەکان لەتەمەنی ژێر ٢٠ ساڵ بووە کە ٥٠٪ لەتەمەنی ١٨-١٥ ساڵ بووە. هەرچی رادەی خوێندەواری ژن چووەتە سەر تەمەنی مێردکردنەوە.

٧٠٪ ژنانی کوردستان کابانن. ٣٧٪ لەخەڵکی کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵی چالاکن (هێزی ئامادە بۆ دروسکردنی کاڵاو خزمەت).

لەم ٣٧٪ کۆمەڵی چالاکە بەداخەوە ٨/٥٪ ژنن.

٣٦/٨٪ ژنانی پارێزگای کوردستان لەشارەکان بەبێ هیچ دەسکەوتێکی ئابووری بۆ بنەماڵەکەیان کارئەکەنو ئەم چەشنە ژنانە لەدێهاتەکان ئەگەن بە ٦٤٪.

لەو خەڵکەی وا ئیشوکاریان هەیە ٨٩/١٪ پیاو و ١٠/٩٪ ژنن.

١٠٪ لەم خەڵکە ئیشی دەوڵەتیان هەیە (کارمەند)

ئاستی بێکاری ئەگاتە ٣٠٪ و بەداخەوە ١٣/٥ ئەوانەی بەشوێن کاردا دەگەڕێن, کاریان دەستدەکەوێ. زۆر دەبینین کچانی گەنج لەتەمەنی

۱۸-۱۲ ساڵ لەدێهاتەکان دەیانبەن بۆ کوورەخانەکانی قەزوین بۆ کرێکاریو لێدانی قالبی ئاجۆر. ئەم کچانە توشی کێشەو گرفتی زۆر دەبنو بەسەلامەتی ناگەڕێتەوە.

تەمەنی کار بۆ ژنانی دێهات ۲۹-۱۵ ساڵەو لەتەمەنی ۱۹-۱۵ ساڵ لەهەمووی زۆرترە. تەمەنی کار بۆ ژنانی شار ٤٤-۲۰ ساڵە.

هۆکاری ئەم جیاوازیە ئەتوانێ نەبوونی دەرفەتی خوێندن بۆ کچانی دێهات, کێشەی ئابووری بنەماڵەکانیانو زۆربوونی ئیشوکاری دێهات بێت کە لەدێهات تەمەنی کار بۆ ژنان دێنێتەخوار.

لەبواری دەسکەوتی ئابووری پارێزگای کوردستان دوایین پارێزگایە لەئێران, بەلام لەباری باجی دەسکەوت (مالیات) سێیەم پارێزگایە کە باجی دەسکەوت لەخەلك بەباشی دەسەندرێ.

| | |
|---|---|
| ڕێژەی مردنی منداڵی ژێر تەمەنی یەك ساڵ | ٥۹/۷ لەهەزارە |
| ڕێژەی مردنی منداڵی کۆرپە | ٦۳/۷ لەهەزارە |
| ڕێژەی مردنی دایکەکان دوای منداڵبوون | ۹۹/٤ لەسەدهەزارە |
| لەدایکبوون لەماڵ | ٪۱۳ |
| لەدایکبوون لەخەستەخانە | ٪۸۷ |

لەبواری خوێندەواری کوردستان ژمارەی ٥۷/٤٪ هەیە بۆ ژنانی کۆمەڵ (٦ ساڵ بەرەوسەر) کە لەناو ۲٦ پارێزگای ئێراندا ئەبێتە پلەی ۲٥.

ژنانی ژێر ۲۰ ساڵ لەکوردستان ۹۱٪ خوێندەوارن بەلام ژنانی سەر ٦۰ ساڵ ٤٪ خوێندەوارن.

زۆربەداخەوە خوێندنی ئاکادیمیك بۆ ژنان ۳/۸٪ بووە.

ناونووسین بۆ خوێندنی سەرەتایی ۸٤٪ بەلام ئەگاتە خوێندنی ناوەندی ئەبێتە ۳٥/۹٪ واتە ٤۸٪ ئەم ژمارەیە دەکەوێتە خوارەوە.

لەئێران ناونووسین بۆ خوێندنی سەرەتایی ۹٤/۷٪ بەلام بۆ ناوەندی ٥۸/۹٪ کە ۳٦٪ دێتەخوارەوە.

لەکوردستان بۆ هەر ۱۰۰۰۰۰ کەس ٥٤٥ کچی خوێندکار هەیە.

لەئێران بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ کەس ١٥٨٢ کچی خوێندکار هەیە.

هیوا بەژیان لەکوردستان ٦١/٦ ساڵەو لەئێران ٦٩/٢ ساڵە کە ٨ ساڵ کەمتر لەئێرانە.

دەگەینە دوایین پارامتر Human Development Index و Gender Development Index.

HDI و GdI لەرووی:

١- خوێندەواری.

٢- توانای گەیشتن بەپێویستیەکانی ژیان بۆ ژیانێکی باش.

٣- بوونی تەمەنی درێژ لەگەڵ تەندروستی.

هەڵدەسەنگێنین.

بۆیە لەئاست خوێندەواری بەساڵاچوان لەکۆمەڵ (٢/٣) و ئاستی ناونووسین بۆ هەموو چەشنە خوێندنێك (١/٣) توانای کڕینو هیوا بۆ ژیان کەڵکوەردەگیرێ.

ئەگەر HDI لە ٥٪ کەمتر بێ واتە گەشەی مرۆڤایەتی (HDI) لەئاستێکی نزمدایەو ٧٩٩٪-٥٪. واتە گەشەی مرۆڤایەتی لەئاستێکی ناوەندییەو لە ٨٪ بەرەوسەر واتە پێشکەوتووە.

| هیوا بۆ ژیان | | | |
|---|---|---|---|
| ناوچە | بەگشتی | پیاو | ژن |
| شار | ٦٢/٨ | ٦١/٨ | ٦٣/٨ |
| دێهات | ٥٨/٨ | ٥٧/٩ | ٥٩/٧ |
| لەپارێزگای کوردستان | ٦١/٦ | ٦٠/٥ | ٦٢/٧ |
| لەئێران | ٦٩/٢ | ٦٨/٢ | ٧٠/٣ |

| ئاستی خوێندەواری | | | |
|---|---|---|---|
| ناوچە | بەگشتی | پیاو | ژن |
| شار | ٦٥/٧٩ | ٧٦/٤ | ٥٥/٥٢ |
| دێهات | ٤٩/٥١ | ٦٢/٣٥ | ٣٦/٦٧ |
| لەپارێزگای کوردستان | ٥٦/٩ | ٧٠/٢ | ٤٣/٢ |
| لەئێران | ٧٢/٩ | ٧٩/٧ | ٦٥/٩ |

| ئاستی ناونووسین بۆ خوێندن لەهەموو بوارەکان | | | |
|---|---|---|---|
| **ناوچە** | **بەگشتی** | **پیاو** | **ژن** |
| شار | ٧٠/٨ | ٧٧/٩ | ٦٣/٧ |
| دێهات | ٥٦/١٨ | ٧٠/٢٣ | ٤٢/١٣ |
| لەپارێزگای کوردستان | ٦٨/٣ | ٧٦/٦ | ٥٩/٩ |
| لەئێران | ٧٥/٩ | ٧٨ | ٧٣/٧ |

| داهاتی ساڵانەی تاکەکەس | |
|---|---|
| **ناوچە** | **بەریالی ئێران** |
| شار | ٨١٩/٥ هەزار ریال |
| دێهات | ٥٦٩/٥ هەزار ریال |
| لەپارێزگای کوردستان | ١٣٨٩ هەزار ریال |
| لەئێران | ١٨٩٩ هەزار ریال |

| HDI | |
|---|---|
| **ناوچە** | |
| شار | ٪٥٥٥ |
| دێهات | ٪٤٥٩ |
| لەپارێزگای کوردستان | ٪٥٠ |
| لەئێران | ٪٧٩ |

نزمبوونی ئاستی HDI لەشار بەهۆی نزمبوونی داهاتە, بەڵام لەدێهات بەهۆی نزمبوونی داهاتو خوێندەواری کەمترە (٪٦٠ نەخوێندەوار لەدێهات هەیە).

| بەشی دەسکەوتی ئابووری | | |
|---|---|---|
| **ناوچە** | **پیاو** | **ژن** |
| شار | ٪٩٠/١ | ٪٩/٩ |
| دێهات | ٪٩٣/٢٥ | ٪٦/٧٥ |
| لەپارێزگای کوردستان | ٪٩٢/٢ | ٪٧/٥ |
| لەئێران | ٪٩٠/٦ | ٪٩/٤ |

| GDI | |
|---|---|
| **ناوچە** | |
| شار | ٪٤٤. |
| دێهات | ٪٤٠. |
| لەپارێزگای کوردستان | ٪٤٤٨. |
| لەئێران | ٪٥٨٥. |

دیـاره بـارودۆخی ژنـان لەهەرسـێ بـواری دەسـکەوتی ئـابووری، خوێندەواریو تەندروستی باش نیە.

جیاوازی HDI و GDI دەردەخا بارودۆخی ژنان لەپیاوان خـراپترە. ئـەوەش بـەهۆی کێشـەکانی کلتـوریو یاسـاییو ئـابووریو رامیـاریو.. وایلێـدێ. دیسـان دەریـدەخا بەشـداری ژنـان لـەبواری رامیـاری، کۆمەڵایەتیو ئابووری زۆر کەمە، وا دەبێ دەرفەتی زۆرتر بـەژنان بـدرێو پێشکەوتنی ژنـان لـەباری زانسـتی، رامیـاری، کۆمەڵایـەتیو ئـابووری زۆر بکرێ.

| **ناوچە** | ژنـــی نوێنـــەری پەرلەمان | ژنـانی مودیر | ژنـــانی بەخوێندنی باڵا (متخصص) | بەشـــی دەســـکەوتی ئابووری ژنان |
|---|---|---|---|---|
| شار | ٠ | ١٢ | ٣١/٧ | ٩/٩ |
| دێهات | ٠ | ١ | ٣ | ٦/٧٥ |
| لـەپارێزگای کوردستان | ٠ | ١٢/٨ | ٣٠/٢ | ٧/٥ |
| لەئێران | ٥/٢ | ١٢/٨ | ٣٢/٩ | ٩/٤ |

چـی بـەرگری ئـەکات لـە چـاکبوونی بـارودۆخی ژنـان؟ بـاوەڕ بەخۆنـەبوون, بـەرگری پیـاوان لـەژنان, نـەزانین لەیاسـاو مافـەکان, خوێنـدەواری کـەم, کـەمبوونی سـەرمایەو سـامانی ئـابووری, کلتـوری پیاوسالارانەو بەرگری کلتوریو ئایینی لەژنو پەروەردەنەبوونی رامیاریو کۆمەڵایەتی ئەبێتە هۆکاری دواکەوتنی ژنان.

دیـارە ئـەبێ ئاسـوودەییو ئـازادی لـەبواری رامیـاریو کۆمەڵایـەتیو ئابووری پێکبێت, یاساکان بۆ پشتیوانی لەژنان بگۆڕدرێ, ئاستی زانستی ژنـان بچێتەسـەرو بەشـداریکردنی ژنـان لـەباری ئـابووری, رامیـاری, کۆمەڵایەتی ئاسایی بێت.

دژایەتی ژنان بەهەمووچەشنێكو لەهەموو بوارێك لاچـێ تـاکو کۆمـەڵی ئێمـە ببێـت بـەخاوەنی ژنـانی ئـازاو زانـاو کۆمەڵەکـەمان گەشەبسـێنێو مرۆڤی ئازاد زاناو ئازادی تێدا پەروەردەبێت.




# روناکبیرو دەسەڵات

خوێندنەوەی: مەم بورهان قانع

- **ناوی کتێب:** روناکبیرو دەسەڵات
- **ناوی نوسەر:** محەمەد ئەل — شێخ
- **وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:** ئاوات ئەحمەد
- **بڵاوکراوەی:** مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)
- **ساڵی چاپکردن:** ٢٠٠٢
- **ژمارەی لاپەڕە:** ٢٧٤ لاپەڕە
- **تیراژ:** ٧٥٠ دانە

## دەسپێك

روناکبیرو دەسەڵات کە لێکۆڵینەوەیەکە لەبیری فەرەنسی هاوچەرخ, سەربارى پێشەکیەکی لێکۆڵیار, بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوەو هەریەکێکیشی بەسەر چەند نەسکێکدا دابەشکراوە, ئەمە سەرباری ئەوەی, لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا لێکۆڵیار ئەنجامو هەڵسەنگاندنەکانی خستووەتەڕوو.

بەر لە پێشەکیەکەی لێکۆڵیار (دکتۆر سالم یەفوت) کە سەرپەرشتی ئەم لێکۆڵینەوەیەی کردووە کە وەك نامەیەکی ماجستێر پێشکەش بەزانکۆی محەمەدی پێنجەم کراوە لە ریبات, خۆشحاڵی خۆی دەربڕیووە

بــەوەی سەرپەرشــتی ئــەو لێکۆڵینەوەیــەی کــردووە کــە بابەتەکــەی پەیوەنـدی بەیـەکێك لەلایەنـەکانی فەلسـەفەی خۆرئـاوای هاوچـەرخەوە هەیە, کە تا ئێستا لـەلای عـەرەبیش وەك پێویست لێی‌نەکۆڵراونەتـەوەو بایەخیان پــێ‌نەدراوە, ئەمە سەرباری ئەوەی هەر لـەو کورتەنووسـینەی‌دا سەبارەت بە ئەم لێکۆڵینەوەیە, دکتۆر سالم یـەفوت چـەندین خەسـڵەتو لایەنی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەخاتەڕوو.

لەپێشەکیەکەشیدا بۆ لێکۆڵینەوەکەی, لێکۆڵیار رۆشنایی دەخاتەسەر ئـەوەی کـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە مەسـەلەی رونـاکبیرو دەسـەڵات لـەبیری فەرەنســی هاوچــەرخدا دەکاتــە تــەوەری ســەرەکی‌و هەوڵــدەدا هــەر لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئەمرۆ لەگوتاری دەسـەڵات لـەبیری فەرەنســی هاوچـەرخدا بروانــێ, ئەمــە ســەرباری ئــەوەی کــە هــەر لــەم پێشەکیەیدا بۆ لێکۆڵینەوەکەی, لێکۆڵیار رۆشنایی دەخاتەسـەر ئامـانجی هەریەك لە بەشەکانی لێکۆڵینەوەکەو هەروەها ئەو تەوەرانەیش کـە لـەناو لێکۆڵینەوەکەدا باسیان لێدەکرێ.

## بەڵگەنامەی لەدایکبوونی روناکبیر

بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەی محەمەد ئـەل شـێخ کـە سـەبارەت بە روناکبیرو دەسەڵاتە, تەرخانکراوە بۆ سەرچڵیی نەوەیەك, بەومانایـەی لــەخودەوە بــۆ مێــژوو کــە لــە نەســکی یەکــەمی‌دا بــاس لــە دریفــۆس‌و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی روناکبیر دەکا.

لەم نەسکەی ئەم بەشەدا, نووسەر کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بـە رۆڵی روناکبیرو دواجـار پەیوەنـدی رونـاکبیر بەدەسـەڵاتەوە دەخاتـەڕوو, دواتر ئاماژە بەوەدەکا کە رونـاکبیر بەڵگەنامـەی لـەدایکبوونی هەیـە, کـە لەمێـژووی فەرەنسـادا بەمەسـەلەکەی دریفـۆس ناسـراوە, کـە لـەنیوەی دووەمــی ســەدەی نــۆزدەدا شــەپۆلێکی بــەهێزی دژایــەتیکردنی جولەکــە فەرەنسـای گرتـەوەو هـەر لەکۆتاییـەکانی ئـەو سـەدەیەدا, واتـا سـەدەی نۆزدەیەمدا, ئەلفرێد دریفۆس, کە ئەفسەرێکی جولەکەی فەرەنسـی بـوو, لەساڵی ١٨٩٤داو بەتۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئەڵمان دەگیرێ‌و لەدورگـەی شەیتان زیندانی دەکرێ‌و لەساڵی ١٨٩٩دا دادگا تاوانباری‌دەکا.

هــەر لــەم نەســکەدا نووســەر بــەوردی ســەبارەت بەئــەم مەســەلەیەی دریفۆس رۆدەچێ کە دوای گرتنی, ناڕەزاییەکی زۆر لەلایـەن رونـاکبیرانی

ئەوکاتەی فەرەنساوە دروست دەبێ، لەوانە روناکبیرانی گەورەی وەك (ئەمیل زۆلا، ئەناتۆل فرانس، مارسێل پرۆستو لیۆن بلۆم) کە سەبارەت بەتاوانبارکردنی ئەم ئەفسەرە جولەکە فەرەنسیە کە گوایە پەیوەندی سیخوڕی بەئەڵمانیاوە هەبووە، ئەو روناکبیرە ناسراوانە بەیاننامەیەك دەردەکەنو تیایدا رایدەگەیەنن کە دژی شێوازە یاساییەکان لەمەحزەرەکەی ساڵی ١٩٨٤دا دەوەستنەوەو ناڕەزایی دەردەبڕن سورن لەسەر دووبارە پێداچوونەوەی مەسەلەکەی دریفۆس، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەر لەمبارەیەوە ئەمیل زۆلا زنجیرەیەك وتار دەنوسێو تیایاندا رەخنە لە دەسەلاتی ئەوکاتەی فەرەنسا دەگرێو نامەیەك بۆ سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی فەرەنسا دەنوسێو لەرۆژی ١٣ی کانونی دووەمی ١٨٩٨دا دەقی نامەکە بلاودەکاتەوە کە بەناوی (من تاوانبارت دەکەم)ەوە لەنامەکەیدا ناهەقیو بوختانو تاوانە نایاساییانەی سەرکردایەتی بالای سوپای فەرەنسی ئەوکاتە تاوانباردەکا.

نوسەر لەم نەسکەدا ئاماژەبەوەدەکا کە ئەو ناڕەزاییانەو هەلوێستی روناکبیران لەوسەردەمەداو سەبارەت بە مەسەلەکەی دریفۆس پەنجەرەیەك بووە بۆ لەدایکبوونی چەمکی روناکبیرو پێی وایە تەنیا لەدووتوێی رەوتی گشتی هەلوێستە وەرگیراوەکاندا بەرانبەر بەمەسەلەکەی (دریفۆس) دەتوانین لەبەکارهێنانی وشەی روناکبیر تێبگەینو هەروەها نوسەر هاوڕایە لەگەڵ زۆربەی ئەو روناکبیرانەدا کە پێیان وایە مەسەلەکەی دریفۆس شۆڕشێك بوو کە تیایدا روناکبیران سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئەمە سەرباری ئەوەی لێکۆلیار هەرلەم نەسکەدا چەندین رای پێچەوانە سەبارەت بەمەسەلەکەی دریفۆس دەخاتەڕوو، کە لەوکاتەدا هەندێك لە روناکبیران پێیان وابووە روناکبیر شایستەی ئەوەنیە دابەزێتە ساحەی گشتیو بەکەڵکی ئەوەنایەت روناکبیر بچێتە ناو جیهانی سیاسەتەوەو، بۆیە هەرلەوسەردەمەدا گروپێکی روناکبیران بەناوی بەرژەوەندی بالای دەولەتو شەرەفی دادگاو سوپاوە، پێیان وابووە پێویست ناکات روناکبیر خۆی لەمەسەلەکەی دریفۆس هەلبقورتێنێ. هەربۆیە لێکۆلیار لێرەدا ئەوەیش دەخاتەڕوو کە لەبەردەم ئەم لۆژیکەی بەرژەوەندیی بالا حکومەتدا بەوەی نابێ روناکبیران خۆیان لەکێشەکانی مافی مرۆڤ هەلبقورتێنن، مەنتقێکی

تریشدا وەستاوە کە ئەویش مەنتقی یەکگرتوویی مافەکانی مرۆڤە کە مەسەلەکەی دریفۆسەو بەلای‌ئەوەوە بریتی‌بوو لەمەسەلەی دیموکراسی‌و دادپەروەریی کۆمەلایەتی, هەروەك چۆن ئەم مەنتقە سەرکەوتنە بەدەستهێناو دادگا ناچاردەبێ لەژێر فشاری روناکبیرانداو لەسالی ١٩٠٦دا بڕیاری تاوانبارکردنەکەی دریفۆس هەلبوەشێنێتەوەو دریفۆس تەبریە ببێ‌و چەمکی روناکبیریش لەدایك ببێ.

## رووناکبیرو سیاسەت

لەنەسکی دووەمی ئەم بەشەی کتێبی (روناکبیرو دەسەلات)دا, نووسەر باس لە سیاسەتی ئالان دەکا کە ناوی راستەقینەی ئیمیلی ئۆگۆست شارتێیەو فەیلەسوفێکی ناسراوی فەرەنسایەو زۆربەی سەرکردەو بیرمەندانی فەرەنسا لەسەردەستی ئەم فەیلەسوفەدا وانەی دیموکراسیان خوێندووەو زۆربەی کتێبەکانی باسی نەهامەتیەکانی جەنگ دەکەن.

لەم نەسکەدا, لێکۆلیار رۆشنایی دەخاتەسەر سیاسەتی ئەم فەیلەسوفەو هەروەها لێکۆلیار پێی‌وایە: ئێمە لەگوتاری ئەم فەیلەسوفەدا شوێنی نیە, هەروەك چۆن شاعیر لەکۆمارەکەی ئەم فەیلەسوفەدا, جێگای نابێتەوە.. وەك چۆن پێویستە لەکۆمارەکەی ئەفلاتوندا تاجێکی دڕکاویی بکەینە سەری شاعیرو شاربەدەری بکەین, چونکە سۆزی خەلك دەشێوێنێ, ئەوا هەر بیرکردنەوەیەکیش لەلای ئەم فەیلەسوفە لەرێگای ئێمەوە بێ‌و گروپ ئەنجامی‌بدا, لەسیاسەتی ئالاندا بریتیە لەگەمژەیی و بەربەریەت. هەربۆیە لەمبارەیەوە لێکۆلیار ئامـاژە بەقسەیەکی ئەم فەیلەسوفە دەکات کە وتویە: مرۆڤ هەمیشە لەبەردەمی شتەکاندا بیر لە تەنیایی‌و بێدەنگی خۆی دەکاتەوە, هەرئەوەندە خەلك پێکەوە بیربکەنەوە, یەکسەر کارەکان تێك دەچن (هەربۆیە لەسیاسەتی ئەم فەیلەسوفەدا, هەروەك چۆن نووسەر لەم نەسکەی بەشی یەکەمی لێکۆلینەوەکەیدا باسی‌دەکا, هیچ شتێك لەسیاسەتی کۆمەل شەڕەنگێزتر نیەو سیاسەتی فەیلەسوفی بریتیە لە سیاسەتی تاكو لەمبارەیەوە ئەم فەیلەسوفە ناسراوەی فەرەنسا پێی‌وابووە مرۆڤایەتی بەردەوام خۆی لەتاکدا دەبینێتەوە, لەکاتێکدا بەربەریەت خۆی لەکۆمەلدا دەبینێتەوە. هەربۆیە لەم نەسکەداو بۆ زیاتر خستنەڕووی سیاسەتی ئەم فەیلەسوفە,

لێکۆڵیار ئاماژە بەوەدەکا لەلای ئەم فەیلەسوفە فەرەنسیە روناکبیربونی موفــەکیر واتــا بیرمەنــد, مانــای ئەوەیــە لەسیاســەت تێبگــات, کــە لەسیاسەتیش تێگەیشت مانای وایە دەگەڕێتەوە بۆ تاك, بۆ مرۆڤ لەپلـەی سفردا, واتا بۆ مرۆڤی پەتی.

نەسکی سێیەمی ئەم بەشەی کتێبی روناکبیرو دەسەڵات تەرخانکراوە بۆ قسەکرن لەسەر زانکۆی فەرەنسیو نەوەی نوێ, کە تیایدا نوسەر لەمیانــەی رونــاکبیرانی نــەوەی نوێــوە ئاماژەبــەوەدەکا لەکۆتاییــەکانی ســەدەی نۆزدەهــەم تــاوەکو دووەمینجــەنگی جیهــانی, سێ نــاو بەســەر زانکـۆی فەرەنســیدا زاڵبــون کــە ئــەوانیش: هینــری بریگســۆن, لیــۆن برانشفیكو ئەمیل شارتێیە (واتا ئالان) کە لە نەسکی پێشوتردا لێکۆڵیـار رۆشنایی خستەسەر سیاسەتی ئەم فەیلەسوفە.

هەر لەم نەسکەدا, نووسەر ناوی چەندین فەیلەسـوفو رونـاکبیری تـر دەخاتەڕوو, کە لەناو رێڕەوی فەلسەفیو کۆمەڵایـەتیو سیاسـی جیـاوازو هەندێك جار دژبەیەکدا بینراونەتـەوە, لەوانـە: فەیلەسـوفانی وەکـو جـان پۆل سارتەرو ریمۆن ئارۆن.

لێکۆڵیــار بــۆ زیــاتر خســتنەڕووی دیدوبۆچــوونی نــەوەی نــوێو کاریگــەرییان بەســەر زانکـۆی فەرەنسـاوە, نـاوی چـەندین فەیلەسـوفو بیرمەندی تر لەناو ئەم نەسکەی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکـەیدا ریزدەکـاو بەخێراییش رۆشـنایی دەخاتەسـەر دیدوبۆچوونو ئاڕاسـتەی فیکرییـانو رۆڵــی جــەنگ لــەگۆڕینی دیدوبۆچــوونیانداو هــەروەها دیدوبۆچــوونی هەریــەکێك لەوانــە ســەبارەت بەسیاســەتو رۆڵــی رونــاکبیرو چــەندین مەسەلەی تری گرنگ لەم نەسکەدا دەخرێنەڕوو.

## روناکبیرو شۆڕشی خوێندکاران

بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەی محەمـەد ئـەل شـێخ تـەرخانکراوە بــۆ تــاوتوێکردنی روداوەکــانی مایســی ســاڵی ١٩٦٨, واتــا راپــەڕینی خوێنـدکارانو کاریگـەرییان لەسـەربیری فەرەنسـی هاوچـەرخ, نووسـەر پێیوایە لەمەسەلەی دریفۆسەوە — هەروەك چۆن پێشتر باسمـان کـرد — تاوەکو راپەڕینی خوێندکارانی مایسی ١٩٦٨, بەرروونی دەرك بە قـوڵێتیو هێـزی گوتـاری رونـاکبیر دەکـەین کـە شۆڕشـی خوێنـدکاران بریتیـە لـە تەقاندنەوەیەکی نوێی ئەم گوتارە, کە بەدوای گوتاری مایسدا نەوەیـەکی

نوێ خۆدەسەپێنێ کە ئەوانیش ئەوەی: (فۆکۆ, دریدا, جیل دۆلۆز, لیوتارو رۆلان بارت)ن.. هەربۆیە لەیەکەمین نەسکی ئەم بەشەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵیار قسەلەسەر نیوە یەزدانەکانی دوای جەنگ دەکا, کە ئەوانیش مارکسو فرۆیدو نتشەن کە فەیلەسوفی فەرەنسی ریمۆن ڤارۆن ئەو ناوەی لێناونو هەروەها پۆل ریکۆریش ناوی نابوون (ئوستادانی گومانکردن)و فەیلەسوفو رەخنەگری فەرەسی رۆلان پارتیش پێیانی دەوت: سێ پۆلیسەکەمان, کە ئاماژەی پەرینەوەیان بۆ روناکبیرانی دوای جەنگ دەکرد.

لەم نەسکەدا, لێکۆڵیار رۆشنایی دەخاتەسەر فیکری فەلسەفیو دیدوبۆچونی فرۆیدو مارکسو نیتشە کە لە ناوە دیارەکانی فیکرو فەلسەفەی ئەڵمانین, ئەمە سەرباری ئەمەی هەر لەم نەسکەدا لێکۆڵیار هەندێك لە دیدوبۆچونی چەند فەیلەسوفێکی ترمان پێ ئاشنادەکا, لەوانە کانت, دیکارت, هیگڵ, میرلۆپۆنتی, لاکان, ریمۆن ئارۆن, میشێل فۆکۆو رۆسۆو چەندینی تر..

## بۆچونی بیرمەندانو شۆڕشی خوێندکاران

لەدووەمین نەسکی ئەم بەشەیشدا, نووسەر باس لە شۆڕشی خوێندکاری مایسی ١٩٦٨ دەکا کە لەفەرەنسادا سەریهەڵداو تیایدا نووسەر رۆشنایی دەخاتەسەر ئەو رووداوەو دەلالەتەکانیش شیدەکاتەوە..

لەم نەسکەدا, نووسەر باس لەوەدەکا کە شۆڕشی مایسی خوێندکاران لەساڵی ١٩٦٨دا توندترینو گەورەترین شۆڕشی خوێندکارییە کە جیهانی مەدەنی بەخۆیەوە بینیبێ.

سەبارەت بەروداوی مایسی ١٩٦٨ کە لەرِوداوە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەمی ئەوروپا دادەنرێ, لەم نەسکەدا لێکۆڵیار دیدوبۆچونی چەندین فەیلەسوف دەخاتەڕوو کە سەبارەت بەئەم رووداوە دەریانبڕیوە, لەوانە ریمۆن ئارۆن پێیوابووە شۆڕشی مایسی ٦٨ تۆڵەکردنەوەی موفەکیرێك بوو لەوەی تر.

هەر لەم نەسکەی بەشی دووەمیئەم لێکۆڵینەوەیەدا, نووسەر رۆشنایی دەخاتەسەر دروشمەکانی راپەڕینی مایسی ١٩٦٨ کە لەلایەن خوێندکارانەوە بەرزکرابوونەوە, لەوانە: نامانەوێت مرۆڤ لەخزمەتی

بونیادەکانـدابێ, بـەڵکو دەمانـەوی بونیـاد لەخزمـەتی مرۆڤـدابێ. یـان دروشمی: خۆتان رزگاربکەن لە سۆربۆن. یان: لەناوەوەی هەریەکێکماندا پۆلیسێك راکشاوە. یاخود: شۆرش بەگومانکردن دەستپێدەکا, کەواتە با گومان لەخۆمان بکەینو چەندین دروشمی تر.

هەر لەم بەشەداو سەبارەت بە روداوی مایسی ٦٨, لێکۆڵیـار پێیوایـە هەر لەسەرەتاوە شۆرشی خوێندکاران لەمایسی ١٩٦٨, خوێنـدکاران بـۆ دوو ئامانج تێدەکۆشان" ئـەوانیش: پەیوەنـدی بـەردەوام بەکرێکارانـەوەو ئامانجەکەی تر داگیرکردنی زانکۆ بووە. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی لێرەداو لەقسـەکردنیدا سـەبارەت بەراپـەرینی مایسـی ٦٨, لێکۆڵیـار پێیوایـە فەرەنسـیـەکان ئەوەنــدەی لــە مایســی ٦٨و مەســەلەکەی دریفۆســدا قسەیانکردووە, هەرگیز ئەوەندە نەدواون.

هـەر لـە قسـەکردنیدا سـەبارەت بەراپـەرینی مایسـی ٦٨, لێکۆڵیـار قسەلەسـەر گوتـاری مـەرگ لـەم راپەرینـەدا دەکـاو پێیوایـە ئـەوەی لەشۆرشـی مایسـی ٦٨دا سەرنجراکێشـێ بریتیـە لـەئامادەیی گوتـاری مەرگ, گوتارێك کە مەرگی زۆر لە پیرۆزەکانی راگەیاند, هەربۆیـە لـەخۆرا نیـە فەیلەسـوفێکی وەك لـوی ئالتۆسـێر پێیوابـوو: راپـەینی مایسـی ٦٨ گـەورەترین مانگرتنـە لەمێـژووی سـەرمایەداریدا.. ئەمـە لەکاتێکدایـە هەنـدێك لـە رونـاکبیران پێیـان وابـوە راپـەرینی خوێنـدکاران لەمایسـی ٦٨دا, سـەرەتای هەرەسـهێنانی زانکۆیـە وەك لـە ریفـۆرمکردنی. یـاخود فەیلەسـوفێکی وەك لیڤـی شـتراوس پێیوابـووە) بروانـاکـەم کـە مـایس زانکۆی تێکشکاندبێ, بـەڵکو مـایس بۆیـە رووی‌دا چـونە لەوکاتـەدا زانکـۆ خەریکی داڕوخان بوو.

هـەر لـەم نەسـکەدا, لێکۆڵیـار چـەندین دیدوبۆچـوونو دروشمـی تـر سەبارەت بە راپەرینی مایسی ٦٨ دەخاتەروو و لەنەسـکی دواتریشـدا کـە بـۆ کاریگـەریی شۆرشـی مـایس لەسـەر بـیری فەرەنسـی هاوچـەرخ تەرخانکراوە, تیایدا نووسەر رۆشنایی دەخاتەسەر گرنگـی ئـەو راپەرینـە خوێندکارییە لەگۆرینی دیدوبۆچوونی خوێندکارانو مامۆسـتایانی زانکـۆدا بەگشتی" کە زانکۆ بەرهەمهێنەری فیکرەو ئەو راپەرینەیش رۆڵـی گرنگـی گێراوە لەگۆرینی بیری فەرەنسی هاوچەرخدا کە لە زانکۆوە لەدایك بووە, کە یەکێك لە بانگەشەکانی ئەو شۆرشـە کـە بـیری فەرەنسـی هاوچـەرخی گۆری, ئەوەبوو کە بەیانی فاشیەتی دەسەڵات راگەیەندرا, بەوەی هـەموو دەسەڵاتێك فاشییەو ئارەزوکردنی دەسەڵاتیش فاشیستیەتە.

## ڕۆڵو گوتاری ڕووناکبیر

بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەی محەمەد ئەل شێخ، تەرخانکراوە بۆ خستنەرووی دیدوبۆچونی فەیلەسوفە نوێیەکان، کە لەمیانەیدا نووسەر قسەلەسەر ڕۆڵی ڕوناکبیرو گوتاری ڕوناکبیری دەکاو هەروەها هەندێك بۆچوون دەخاتەڕوو کە تیایاندا ئاماژە بەمەرگی ڕوناکبیردەکەن لەدوای ڕاپەڕینی مایسی ٦٨. لە نەسکی یەکەمی ئەم بەشەیشدا، کە دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەیە، نووسەر باس لە ئەفسانەی فەیلەسوفە نوێیەکان، یان ئەفسانەی فەلسەفەی نوێ دەکا، کە یەکێك لەو بۆچونانە ئەوەیە دەتوانین تەسەوری سیاسەت بکەین بەبێ توندوتیژی، بەڵام ناتوانین تەسەوری کۆمەڵایەتی بکەین بەبێ سیاسەت.

لەکۆتایی ئەم کتێبەداو لەئەنجامو هەڵسەنگاندنەکەدا، لێکۆڵیار دەگاتە چەند ئەنجامێك بەوەی ڕوناکبیری فەرەنسی بەزۆر جولەکەیەو هەستاریەکی جولەکانەی هەیەو هەروەها بەئینتمای ڕوناکبیریو بیری گشتی جولەکەیەو مێژووی ڕوناکبیری فەرەنسیش بریتیە لە مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتیە گەورەکان.

هەر لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لێکۆڵیار دەگاتە ئەو ئەنجامەی ڕوناکبیری فەرەنسی بەردەوام حیسابی خۆی لەگەڵ هۆشی ڕابردوویدا پاکتاودەکاو بەردەوام مەرگی ڕوناکبیر ڕادەگەیەنێ.

دەشێ ئاماژە بەوەیش بکەین کە نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ نووسینی ئەم کتێبە قەبارە گەورەیە، سودی لەدەیان سەرچاوەی ئینگلیزی وەرگرتووەو لەهەر بەشێك لەبەشەکانداو لەقسەکردنیدا لەسەر هەر بابەتێکی تایبەت بەتەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکەی، گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە فەلسەفیو فیکریەکان کە زۆربەیان لەلایەن فەیلەسوفە ناسراوەکانی فەرەنساوە نووسراونو وەرگێڕی کوردیش بەزمانێکی پاراو و ڕەوان کتێبەکەی کردووەتە کوردی، ئەمە سەرباری ئەوەی بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەو بەخشینی زیاترین زانیاری بەخوێنەر، دەیان پەراوێزی بۆ بابەتە جیاجیاکان داناوەو تیایاندا چەندین زانیاری خستووەتەڕوو، کە شایانی دەستخۆشیە.

مافە مەدەنیەکان ..

# دادگای تاوانباران
# بەپێی پرۆسیسی یاسا

وەرگێڕان و ئامادەکردنی..
ئاوات ئەحمەد

ژمارەیەك دادگای باڵا پەیوەندییان بە مافی ئەو تاکانەوە هەیە کە بەتۆمەتی جیاجیا تاوانبار دەکرێن. داکۆکیکەران لە مافی تاکەکەسی تاوانبارکراو لە ناو دەوڵەتدا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نابێت تاوانبارکراوان بخرێنە ناو زیندانەوە، هەتا پارێزەرێك یاخود هەر نوێنەرێکی یاسایی نوێنەرایەتییان دەکات و ئاگاداری رەوتی زیندانیکردنەکە دەبێت. ئەگەر تاوانبارکراوێك زیندانیکرا، پێویستە فەرمانی زیندانیکردنەکەی لە لایەنی دادگاوە دەرچووبێت، هیچ لایەنێکی تر بۆی نیە فەرمانی وەها دەربکات. پێویستە لەسەرەتاوە تاوانبارکراو ئاگادار بکرێتەوە کە بە بێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی، کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات، هەروەها نابێت کەسێك تاوانبار بکرێت بە هۆی دانپیانانێکەوە کە لە ژێر فشارو باری نائاساییدا لێی دەرکێشراوە. پێویستە یاسای تایبەت لە لایەنی دادگاوە هەبێت، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك دادوەری گشتی لەسەر بناغەی جیاوازیی رەگەزیی یان سێکسیی مامەڵە لەگەڵ هیچ تاوانبارکراوێکدا بکات.

لە ماوەی نێوان پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوودا چاکسازیی پێنجەم لە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دژی ناچارکردنی تاوانبارکراو تا ئیعتیراف لەسەر خودی خۆی بکات, هەروەها بە هەند نەگرتنی ئەو ئیعتیرافە, زۆرترین مشتومڕی دەستوری لێکەوتەوە, بەتایبەتی کاتێك پەیوەندیی بەو تاکانەوە هەبوو کە تاوانبار کرابوون بە ئەنجامدانی چالاکی روخێنەرانەو بەشداریکردنیان لە تاوانی رێکخراو و زنجیرەییدا. لێکدانەوەی دادگا بۆ چاکسازیی چوارەمیش کاتی خۆی مشتومڕی زۆری لێکەوتبۆوە, ئەویش بریتی بوو لە پارساتی ئاسایشی تاوانبارکراو و رێگە نەدان بە دەسبەسەرکردنی, ئەگەر پۆلیس بەشێوەیەکی نایاسایی بەڵگەی تاوانبارکردنی لەسەر کۆکردبێتەوە. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا, دادگا وردە وردە مەودای لێکدانەوەکانی تەسکتر کردەوەو ئەم پرۆسێسە هەتا سەرەتای نەوەدەکانی خایاند, تا ئەو کاتەی کە چیتر خەڵکی خۆیان هاوکار و داواکەری کۆنترۆڵکردنی تاوان بوون. ئەم کەش و هەوا نوێیەی کە رێژەی تاوان و تاوانی درێژ تێیدا زیادی کردووە, بووەتە هۆی ئەوەی لە ئەمریکاش رێژەی سزادان بە مردن بەرز ببێتەوەو مافەکانی تاوانبار بۆ تێهەڵچوونەوەی دادگاییکردنەکەی سنووردارتر بکرێت.

ئینسایکلۆپیدیای مەدەنیەت

( ٥ )

# جۆن ستیوارت میڵ

**Mill, John Stuart ( ١٨٠٦ - ١٨٧٣ )**

ئامادەکردنی : ئاوات ئەحمەد

فەیلەسوف و ئابوریناسێکی بەریتانییە, کوڕی جەیمس میڵە, کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی سەدەی نۆزدەیەمی بەریتانیا هەبووەو بە یەکێك لە رابەرانی سەردەمی ریفۆرم لە قەڵەم دەدرێت, نەك تەنیا لە فەلسەفەو ئابورییدا, بەڵکو لە بوارەکانی زانستە سیاسییەکان و لۆجیك و ئێتیکیشدا.

## ژیان و چالاکی

لە رۆژی ٢٠ ی مایسدا لە ماڵەکەی باوکی لە پینتۆنڤیڵ لە لەندەن لە دایك بووە, لە تەمەنێکی زۆر زووەوە باوکی دەستی داوەتە فێرکردنی, سەرەتا لە تەمەنی سێ ساڵیدا زمانی یۆنانیی پێخوێندووە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا نوسینی ژمارەیەك لە نوسەرە کلاسیکییەکانی بە زمانی لاتینی دەخوێندەوە, بە تایبەتی حیکایەتەکاتی ئیسۆپ, یاداشتەکانی زینۆفۆن, هەروەها هەموو نوسینەکانی هیرۆدۆتی مێژوونووس. زانیارییەکی قووڵی دەربارەی مێژوو پەیدا کردبوو, سەراسیمەی دایۆجینیەسی لایرتی بوو, حەزیشی لە دیالۆگەکانی ئەفلاتون بوو, هەروەها بە زمانی ئینگلیزیش گەلێك نوسراوی دەربارەی مێژوو خوێندۆتەوە. هەر لەو تەمەنەدا خوی دایە جەبر و ئەندازەکەی ئیکلیدس و سەرپەرشتی فێرکردنی ئەندامەکانی تری خێزانەکەی دەکرد, ئەوانەی

لە خۆی بچووکتر بوون. لە تەمەنی دە ساڵیدا دەیتوانی بە ئاسانی ئەفلاتون و دیمۆتینۆسی سیاسەتمەدار بخوێنێتەوە. لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا خووی دایە لۆجیك و تێزە لۆجیکییەکانی ئەرەستۆی بە زمانی ئەسڵی نوسینیان دەخوێندەوە. ساڵی دواتر ئالودەی ئابوری سیاسی بوو، نوسینەکانی ئابوریناسی سیاسی سکۆتلەندەیی ئادام سمیس و دەیڤید ریکاردۆی ئینگلیزی خوێندەوە. زۆرجاریش لەگەڵ باوکیدا دەچوو بۆ شوێنی کارکردنەکەی و بەهرەیەکی سەرسوڕهێنەری رەخنەگرتنی تێیدا گەشەی کردبوو، بەشێکی زۆری شێوازی بیرکردنەوەی باوکی هەڵگرتبۆوەو فێری شێوازی داکۆکیلێکردنیشیان ببوو. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین منداڵێتییەکی ناشادی بەسەر نەبردووە، بەڵام دوور بووە لە ژینگەی ئاسایی منداڵانەوەو بە رێچکە سروشتییەکەی ئەواندا تێنەپەڕیوەو ئەمەش لەسەر ژیانی ئایندەی رەنگی داوەتەوە.

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بە باشی شارەزای ئەدەبی یۆنانی، فەلسەفە، کیمیا، رووەکزانی، سایکۆلۆجی و یاسا بووە. لە ساڵی ١٨٢٠ دا، رووی کردە فەرەنساو لای خێزانی ساموێل بێنتام، برای جێرمی بێنتامی فەیلەسوف دابەزی. لە ساڵی ١٨٢١ دا گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن و خووی داوەتە سایکۆلۆجیاو یاسای رۆمانی. جۆن ئۆستینی خوێندەوە، باوکیشی زۆر سەراسیمەی ئەم نوسەرە بوو. لە ساڵی ١٨٢٢ دا بووە بە فەرمانبەر لە کۆمپانیای هیندستان، باوکیشی لە هەمان کۆمپانیادا پلەیەکی بەرزی هەبوو. لە ساڵی ١٨٢٨ دا، بووە بە یاریدەدەری پشکنەر و هەتا مردنی باوکی لە ساڵی ١٨٥٦ دا، لەو پۆستەدا دەمێنێتەوەو پاشان دەبێت بە سەرۆکی ئۆفیسەکە.

لە ساڵی ١٨٣١ دا پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ هاربێت تایلۆردا دەگرێت کە ژنێکی بە مێرد بوو، بەڵام هاوسەرەکەی هاریت نابێت بە قۆرت لەبەردەمی خۆشەویستییەکەیانداو هەڵوێستێکی سنگفراوانانە وەردەگرێت. لە ساڵی ١٨٥١ دا، دوای ئەوەی جۆن تایلۆری هاوسەری خۆشەویستەکەی دەمرێت، لەگەڵ خاتوو تایلۆردا، زەماوەند دەکەن. تایلۆر یاریدەی دەدات تا لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی کۆلێردج بێتە دەرەوە. پێکەوە چەندان وتاریان نوسیوەو یاریدەشی داوە لە نوسینەوەی یادەوەرییەکانیدا. هەتا هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکە لەساڵی ١٨٥٨، لەم پۆستەدا ماوەتەوە. لە دروستکردنەوەی ئەنجومەنی

ویـی کۆمپانیاکـەدا, پۆسـتێکیان دایـە, بـەڵام رەتـی کـردەوەو خـۆی خانەنشـین کـرد ( بـە پاداشـتی ١٥٠٠پـاوەن). ماوەیـەك لـە بلاکهێـت و ماوەیـەکی تـر لـە ئـەفینیۆن ژیـاوە. ماوەیـەك دوای خانەنشـینبوونی, هاوسەرەکەی دەمرێت. بۆیە بـە تـەنیا بـەردەوام بـوو لەسـەر زۆرێـك لـەو پرۆژانەی کە پێکەوە لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا گفتوگۆیـان لەسـەر کردبـوو. ئیتر بـوو بـە کەسـێتییەکی ناسـراو و لایـەنگیری مافـەکانی ژنـانو چـینی کارگـەران و ریفـۆرم لـە هەڵبژاردنـدا. پاشـان چـوو بـۆ سـانت ڤێـران لـە فەرەنسـا و لـە نزیکـی ئاڤیگنۆنـەوە لـەناو ڤێلایەکدا لەگـەڵ زرکچـەکەی هیلین تایلۆردا دەژیا (لـە سـاڵی ١٩٠٧ دا مـردووە), ڤێلاکـەی پـڕ بـوو لـە کتێـب و گۆڤـار و رۆژنامـە, ئـیتر دەیخوێنـدەوە دەینوسـی, دەمەتـەقێی لەگەڵ میوانەکانیدا دەکرد, دەچوو بۆ پیاسە, رووەکـی دەروانـد و گـوێی لـە مۆزیـك دەگـرت و خۆشـی پیـانۆژەنێکی بـاش بـوو. سـاڵانەش بـۆ ماوەیەکی کەم سەردانی وڵاتـی دەکـردەوە. وتارەکـانی لـە چـوار بەرگـدا کۆکراونەتەوەو بڵاو کراونەتەوە.

لـە سـاڵی ١٨٦٥ دا هەڵبـژێردرا بـە ئەنـدامی ئەنجومـەنی گشـتی لـە بازنەی وێستمینستەر. توانی پێشنیاری دابینکردنی مـافی هەڵبـژاردن بـۆ ئافرەت بکات و وەکو ریفۆرمێك لـە پێڕەوەکـەی دزرائیلـی بـۆ هەڵبـژاردن بیخاتە روو. بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٦٨ دا, هەڵنەبژێردرایەوە, بۆیە گەڕایەوە بۆ فەرەنساو لەوێ لە ماڵەکـەی خـۆی لـە سـان ڤێـران مایـەوەو خۆی بە نوسین و لێکۆڵینەوەوە خەریك کـرد هـەتا لـە رۆژی ٨ ی مایسـی ١٨٧٣ دا, لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لە ئافینیۆن, مرد.

## نوسین و ژیانی گشتی

لـە سـاڵی ١٨٢٢دا پێڕەوەکـەی جێرمـی بینێتـام دەخوێنێتـەوەو بـە وردیـی دەکەوێتـە لێکۆڵینـەوەی و لـە کۆتـایی ئـەو سـاڵەدا لـە نێـوانی برادەرانی خۆیدا قوتابخانەی کۆمەڵەی سودگەرایی دادەمـەزرێنێت. وەکـو خـۆی پێمـان رادەگەیـەنێت زاراوەکـەی لـە رۆمـانی تۆمـارە سـاڵانەکانی خانـەی یـەزدانیی چـۆن گـالتی سـکۆتلەندییەوە وەرگرتـووە. دواتـر دوو رۆژنامە ئامادەیی خۆیان دەربـڕی بـۆ بڵاوکردنـەوەی نوسـینەکانی: The Travellerکـە سەرنوسـەرەکەی هاوڕێیـەکی بێنتـام بـوو, هـەروەها The Morning Chronicle کـە جـۆن بلاکـی هـاوڕێی بـاوکی بـەرێوەی دەبـرد.

یـەکێك لـە نوسـینەکانی سـەرەتای بریتـی بـو لـە مشـتومڕێکی تۆکمـە دەربـارەی ئـازادیی گفتوگـۆکردن, کـە زنجیرەیـەك وتـار بـوو لەسـەر دادگاییکردنەکەی ریچارد کارلیل کە هەڵسوڕاوێکی رادیکـاڵ و بیرئـازادی سەدەی نۆزدەیـەمی ئینگلیـز بـوو, لـە Chronicle دا بـڵاوی کـردەوە. لـە سـاڵی ١٨٢٤ دا. لـە گۆڤـاری Westminster Review دەینوسـی کـە گۆڤارێکی تایبەت بوو بە رادیکاڵیزم لە فەلسەفەدا.

میڵ شێلگیرانە بـوو بـە لایـەنگیری پێـڕەوە ئاکارییەکـەی بێنتـام, زۆر سەرسام بوو بەوەی بێنتام بە تەواویی شـێوازە زەینییـەکانی لـە ئامـاردا رەتـدەکردەوە. بێنتـام پێـڕەوە زانسـتییەکانی هێنـابووە نـاو مەسـەلە ئاکارییەکانەوە, میل هەرگیز دەسبەرداری ئەم پێڕەوە نەبوو, هەوڵیدا لـە نوسینەکانیدا لەمەڕ دادپەروەریی و ئازادیی, پیادەی بکات و دەری بخات کە پێویستە دوایین مەحەك ئەزمونیی و سودگەرا بێت, هەروەها لەوەشدا لەگەڵ بێنتامدا کۆکە کە دەڵێت رەفتاری ئێمە هەمووی حەتمییە, هـەموو بڕیارەکانمـان پشـت بـە کەسـێتییەکانمان و باوەڕەکانمـان دەبەسـتن و لەسەر هەڵوێستەکانمان بیناکراون. لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت ئەگـەر بمانەوێت دەتوانین ـــ تـا رادەیـەك ـــ باوەڕەکانمـان راسـت بکەینـەوە و کەسێتی خۆمان مشتوماڵ بکەین. لەوانەیە ئارەزووی موڵکایەتیکردن یـان زانین کاریگەرییەکی زۆری هـەبێت, هـەروەها لەوانەیـە ئـارەزووی ئـەوەی "بژین" کاریگەرییەکی زۆری هەبێت.

لە کاروباری ئەو قوتابخانەیەدا بەشداریی کـرد کـە لـە دەوری جێرمـی بێنتـامی فەیلەسـوف دامـەزرا, بێنتـام ئـەرکی پێداچـوونەوەی "تێزێـك دەربارەی شایەتیدان لەبەردەمی دادگادا ـ پێـنج بـەرگ" ی پـێ سـپارد, پێش ئەوەی رەوانەی چاپخانەی بکات, دواتر لە ساڵی ١٨٢٧ دا چاپکراو چەندان پەراوێزو تێبینی و چاککاریی میڵـی پێـوە بـوو. دوای چـاپکرانی کتێبەکــە, بەشــێوەیەکی کاریگــەر بەشــداریی کــرد لــەو گفتوگــۆ و مشتومڕانەدا کە لە ماڵی باوکی لە نێوانی هاورێیانی باوکیدا ساز دەکرا.

یاداشتنامەکەی میل پێمان رادەگەیەنێت کە چۆن لە سـاڵی ١٨٢٦ دا, لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا توشی قەیرانێکی عەقڵی بووەو ماوەیـەکی درێـژ بـە دەستی خـەمۆکی و وەهمـەوە ناڵاندوویـەتی, سـێبوریی بـە خوێندنـەوەی

شیعرەکانی وێردزۆرس دەهات. لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەو ماوەیە چەند بە تامەزۆریی کیمیاو رووەکزانی خوێندۆتەوەو بایەخی داوە بە گرفتە ماتماتییکییەکان, خۆی فێری زمانی فەرەنسیش کردووە. هەروەها چەندان تێبینی خۆی لەمەڕ ژیان و دابو نەریتەکانی وڵاتەکە تۆمار کردووە. لەپڕێکدا بۆی دەرکەوت کە بە چاوی گومان و پرسیارەوە لە بۆچوونەکانی دەڕوانن و بە دیاردەیەکی نائاسایی لە قەڵەمی دەدەن و بگرە پێشی دەڵێن "پیاوە دەسکردەکە" و بە ئامێرێکی روناکبیریی دایدەنێن کە بۆ ئەوە دروست کراوە لە چەند ئاوازێکی دیاریکراو بخوێنێت. میلی باوکی وەکو ئەفلاتون حەزی لە شیعر نەبوو, لە شانشینەکەی خۆیدا جێی نەکردبۆوەو بە دوژمنی راستی لە قەڵەمی دابوو. دروشمێکی تایبەتی بۆ خۆی دانابوو"چەند ناسیاوێکی کەم, هاوڕێی کەمتر, نائاشنایی". ئێستا میلی لاو هەستی دەکرد پێویستە دەسبەرداری ئەم پێڕەوە سەختە ببێت و شێوازی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت, گەرچی زۆر قەرزاری باوکیشی بوو, بەڵام دوای چاکبوونەوەی لە قەیرانەکەی, لە راو بۆچوونە عەقڵییەکانی باوکی و هاوەڵانی باوکی هەڵگەڕایەوەو کەوتە ژێر کاریگەریی کۆلێردج و کارلیل و جۆن سترلینگەوە.

ئیتر لە رەوتەکەی باوکی دوورکەوتەوەو تێڕوانینی تایبەت بە خۆی کریستاڵە کرد. لە ساڵی ١٨٣٠ دا چەند نامەیەکی لە The Exminer دا بڵاو کردەوەو پایزەکەشی سەردانێکی پاریسی کردووە و لەوێ لیبرالیستە لاوەکانی ناسیوەو ئەوانیش لەژێر کاریگەریی نامەکانیدا بوون. پاشان ساڵی دواتر زنجیرەیەك وتاری بە ناونیشانی "رۆحی سەردەم"ەوە نوسیوەو لە هەمان گۆڤاردا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵانی ٣٢ –٣٣ دا گەلێك وتاری بۆ گۆڤارەکانی Tait’s Magazine, The Jurist, and The Monthly Repository ناردووە. لەساڵی ١٨٣٥ دا سێر ولیەم مۆلێسۆرس گۆڤاری The London Reviewی دامەزراندووەو میلیش بووە بە نوسەر تێیدا, پاشان لە ساڵی ١٨٣٦ دا لەگەڵ گۆڤاری The Westminster دا لێکدراون و بووە بە گۆڤاری The London and Westminster Review. لە نوسینە گرنگەکانی ئەو ماوەیەی: "چەند بیرۆکەیەك دەربارەی شیعرو

هەمەجۆرییەکـەی –١٨٣٣ , چـەند نوسـینێك دەربـارەی ئەلفرێـد دی ڤیجـانی –١٨٣٨, بێنتـام –١٨٣٨ , کـۆلێردج–١٨٤٠, دیموکراسـییە ئەمریکییەکەی تۆکیڤیل –١٨٤٠, مێژووی فەرەنسای میشیلێ – ١٨٤٤ و زۆری تریش.

هەر لەو ماوەیەشدا کارە مەزنەکانی خۆی دەربارەی لۆجیك و ئابوریی سیاسـی نوسـیوە, هوشـیاربوونەوەی دووەمـی بـەرەو مرۆڤایـەتی بەشـێوەیەکی قایلکەرانـەو تۆژینـەوەی تۆکمـەو بەڵگـەو دەسـتاوێژی تۆکمـەوە بـووەو بەرەنجامـەکانی پتـەو و لەقنـەکراو بـوون, چـەندان دەرەنجامی لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان و ئاکارناسـیدا بەدەستهێناوە. لێـرەدا تـا رادەیـەك کاریگـەریی ئۆگیسـت کۆنـت فەیلەسـوفی پـۆزەتیڤی فەرەنسی بەسەرەوەیە, بەڵام بە دڵنیایی کاریگـەریی زانـاو ماتمـاتیکزانی ئینگلیـز ئیـزاك نیـوتن لەسـەر زۆر بـووەو سروشـی خـۆی لـە کارەکـانی ئەوەوە وەرگرتووە, کە فیزیاکەی پەسەند کرابـوو, گۆڕانکارییـەکی زۆری لە بیرکردنەوەی مرۆڤـدا کردبـوو. پێشـتریش بیریـارانی وەك جـۆن لـۆك و دەیڤید هیۆم و جێرمی بێنتام و جەیمس میڵ کەوتبوونـە ژێـر کاریگـەریی نیوتنەوەو ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر میڵ هەبوو.

پەرەسـەندنی مـیڵ وەکـو ئابوریناسـێکی سیاسـی بـە سـێ قۆناغـدا تێپـەڕیوە: لـە سـاڵی ١٨٤٤ دا "چـەند وتارێـك دەربـارەی پرسـیارە بـێ وەڵامـەکانی ئـابوریی سیاسـی" بڵاوکـردەوە, کـە چـەند سـاڵێك پێشـتر نوسیبووی. بەشی زۆری ئەم کتێبە بریتیە لـە چارەسـەری گرفتـە ئـاڵۆزە تەکنیکییەکان, دابەشکردنی داهاتی بازرگـانیی نێودەوڵـەتی, کاریگـەریی لاوازبوونی پلەپلە لەسەر بەرهەمهێنان, پێناسەکردنی کاری بەرهـەمهێن و کاری بێبەرهەم, هەروەها پەیوەندییە راشکاوەکانی نێوان قازانج و کرێ. میل لەم کتێبەدا زۆر لە قوتابی دەیڤید ریکاردۆ دەچێت.

قۆناغی دووەمی قۆناغی نوسینی پرەنسیپەکانی ئـابوریی سیاسـییەو لێرەدا سەربەخۆیی بیرکردنەوەی زیاتر دەبێت. ئەم کتێبە دوو بەرگەو لـە ساڵی ١٨٤٨ دا بڵاو کراوەتەوە, هەتا ساڵی ١٨٥٢ دوو جاری تریش چاپی کردۆتەوەو گۆڕانکاریی زۆری تێدا کـردووە. لێـرەدا زیـاتر لـە نوسـەرێکی سوسیالیست دەچێت و بەو تینەوە دەنوسێت, دەکاتە ئەو دەرەنجامـەی

که مەسەله کۆمەڵایەتییەکانیش هێندەی مەسـەله سیاسـییەکان گـرنگن و کاریگەرییان لەسەر هەموو کایەکان و بە تایبەتی ئابوریی هەیە. بـاس لـه مولّکایەتی دەکات و سەرنج رادەکێشێت بۆ ئارامیی و ئاساییشی کۆمـەڵی بـەرایی کـه مولّکایـەتی تایبـەتیی نەناسـیوەو هـەمووان خـاوەنی هـەموو شتێك بوون. گەرچی میل چارەسـەرێکی سۆسیالیسـتانەی بـۆ گرفتـەکان نەدۆزیوەتەوە, بەڵام زۆر لەو پێڕەوە نزیك بۆتەوە.

لـه قۆنـاغی سـێهەمیدا دەبێـت بـه پسـپۆڕی ئـابوریی سایسـی و بـه هاوکـاریی لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەیدا (هارێـت هـاردی) دەکەونـه رێ. بەشـێوەیەکی گشـتی بـاوەڕ وایـه کـه زۆر لـه ژێـر کاریگـەریی خۆشەویستەکەیدا بووبێت, خۆشی دان بـەو کاریگەرییـەدا دەنێـت, بـەڵام بە راشکاوییش دەڵێت که لە دامەزراندنی پێڕەوە تەکنیکییەکەیدا بە هـیچ جۆرێـك قـەرزاری هاریـت نیـە, بـەڵکو ئـەو لـەژێر ئـەو کاریگەریـه بـووه بەئایـدیاکانی ئـەم دەربـارەی تاكوکۆمـەڵ. تاقـه کارێـك کـه بـه سروشـی هاوسەرەکەی نوسرابێت بریتیه لـه وتـاری "مـافی هەڵبـژاردن بـۆ ژنـان". هەرچۆنێك بێت پەیوەنـدی نێـوانی مـیڵ و هاوسـەرەکەی وەکـو مەتـەڵێك وایه. لە ماوەی حەوت سـاڵی ژن و مێردایەتییانـدا, کاروبـاری کۆمپانیاکـه بە تـەواوی میلّیـان قـووت دابـوو, لـەو ماوەیـەدا کـەمترین بەرهـەمی بـڵاو کردۆتەوە.

مـیڵ لـه پـاڵ کـاره فەلسەفییەکانیشـیداو لـه مەسـەله سیاسـییەکانی سەردەمی خۆی دانەبڕاوە. لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکادا, پشـتیوانیی لـه باکور کرد, هـەموو هـەوڵ و توانـای خـۆی بـەکارهێنا بـۆ روونکردنـەوەی لایەنە مرۆییەکانی نەهێشـتنی کۆیلایـەتی. هـەروەها لـه سـاڵی ١٨٦٧ دا, لەگـەڵ خـاتوو پـی ئـەی تـایلۆر, ئیمیلـی دەیڤیـز و چەندکەسـێکی تـردا, ئەندامی دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی مافی دەنگدانی ئافرەتان بـووه. دواتر ئەم کۆمەڵەیە گەشەی کرد و بوو بە یەکێتی ئافرەتان بۆ داواکردنـی مافی دەنگدان. پاشان لە ساڵی ١٨٦٩ دا کتێبی "کویلایەتی ژنان"ی بڵاو کردەوە  کە لە ساڵی ١٨٦١ دا نوسیبووی. دوایین کاری جەماوەریی مـیڵ بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ریفۆرمکردن لە مافی مولّکایەتیکردنی خاکدا, گەلێك وتاریشی دەربارەی نوسیوە.

یەکەمین کتێبی گرنگی میل بریتیە لە پـێڕەوی لۆجیـك ـــ ١٨٤٣, لـە لەندەن چاپکراوە. نێودارترین کتێبـی بریتیـە لـە "دەربـارەی ئـازادی ـــ ١٨٥٩" کـە پێکـەوە لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا نوسـیویانە. لـەم کتێبـەدا لێکۆڵینەوە لەسەر پێرەوی کۆمەڵایەتیی پێش مارکسیزم دەکات, گەرچی نەشـبوو بـە پیـاوێکی سۆسیالیسـت, بـەڵام چـالاکانە تێدەکۆشـا بـۆ باشکردنی گوزەرانی کارگەران. لە ناو پەرلەمانیشدا, بە پیاوێکی رادیکـاڵ لـە قەڵـەم دەدرا, چـونکە داکـۆکیی لـە بیرکردنـەوەکانی وەك مولّکایـەتی میللـی داهاتـە سروشـتییەکان, یەکسـانیی ژنـان, خوێنـدنی تـەوزیمی, سنوردارکردنی رێژەی مندالّبوون دەکرد. هەر هەمان سـاڵ وتـاری "چـەند بیرێك دەربارەی ریفۆرمی پەرلەمانی" نوسی. پاشان لـە سـاڵی ١٨٦١ دا "لێکۆڵینەوەیـەك لـە حکومـەتی نوێنەرایـەتی" نوسـی. داکـۆکیکردنی سەرسـەختانەی لـە مـافی ئافرەتـان بـوە مشـتومڕەکانی لەمـەڕ یاسـای ریفـۆرمی سـاڵی ١٨٦٧, کـە بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی جولانـەوەی مـافی دەنگدان. هەمیشە جەختی لەوە دەکرد کـە پێویسـتە ئینگلتـەرە ئـەرکی سەرشانی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەدا بەجێ بگەیـەنێتو پشـتیوانی لـە ئازادیی بکات.

لەپاڵ هەموو ئەو نوسینە ئازایانەدا, میل لە وتاردانـدا تۆزێـك شـەرمن بـوو, جارجـارە هەسـتی بـە پەشـۆکان دەکـرد, ئینجـا لەسـاڵی ١٨٦٧دا هەڵدەبـــژێردرێت بـــە ســـەرۆکی زانکـــۆی ســـانت ئەنـــدراوس, وتـــاری دەسبەکاربونی لەو زانکۆیە بڵاو دەکاتەوە.

میل پردێکە لە نێوانی بایەخدانی سەدەی هەژدە, بە ئازادیی و زانست و مەیلی سەدەی نۆزدەدا بەرەو ئەزمونگەرایی و ئـابوریی سۆسیالیسـتی. لـــە فەلسەفەشـــدا, لـــە کتێبـــی ســـوودگەراییدا — ١٨٦٣, پرەنســـیپی سوودگەرایی رێکخست و مشـتوماڵی کـرد, کـە پێـڕەوی بـاوکی و جێرمـی بێنتام بوو, هات زانینی لەسەر بناغەی ئەزمونی مرۆڤ دامەزراند و جەختی کردە سەر عەقڵی مرۆڤ. لە ئابوریی سیاسـیدا, داکـۆکیی لـەو سیاسـەتانە کرد کە خۆی بـاوەڕی وابـوو پتـەوترین بناغـەی ئـازادیی تـاکن, هـەروەها جەختی کردە سەر ئەوەی دەشێت لە لایەنی ستەمکاری کۆمەڵایەتیشەوە وەکو ستەمکاری سیاسی, هەڕەشە لە ئازادی بکرێت.

لـە کتێبـەکانی تـری پرەنسـیپەکانی ئـابوری سیاسـی ـــ ١٨٤٨, فەلسەفەی ولیەم هاملتۆن ـــ ١٨٦٥, ئۆگیست کۆنت و پـۆزەتیڤیزم ـــ ١٨٦٥, لـەم کتێبـەدا لەسـەر بناغـەی سـایکۆلۆجیاکەی هیـۆم پێـڕەوی ئەزمونگـــەرایی نـــوێکردەوە, هـــەروەها ســـودگەراییەکەی بێنتامیشـــی مشـتومالّ کـرد بـۆ ئـەوەی لەگـەلّ یاسـا و سیاسـەتدا بسـازێت, سـێ لێکۆلّینەوە دەربارەی ئایین.

لە گەلێك شوێندا هەولّیداوە پرەنسیپەکانی فەلسەفەکەی خۆی پیـادە بکات, کە نیشانەی فراوانیی بیرکردنەوەی و گوڕو تین و لیبرالّییـەتی ئـەو پیـاوەن, وەلێ هەمیشـەش بـە میتـۆدێکی تۆکمـەوە کـاری کـردووە. لـەو کارانـە: چـەند هـەولّێك دەربـارەی مەسـەلە شـیکارنەکراوەکانی ئـابوریی سیاسـی ـــ ١٨٤٤پرەنسـیپەکانی ئـابوری سیاسـی ـــ ١٨٤٨. لـەم دوو نوسینەدا پرەنسـیپەکانی ئـابوریی سیاسـی خسـتۆتە روو, بەشـێوەیەکی تایبـــەتی لـــە تـــوێی پیادەکردنییـــەوە بەســـەر مەســـەلە سیاســـیی و کۆمەلاّیەتییـە گـەورەکانی سـەردەمەکەیدا سـەیری کـردووە. هـەر لـەو نوسـینەدا, بابـەتێکی نوسـیوە دەربـارەی کارگـەریی فـەرمانڕەوایی, کـە پێشوازییەکی زۆری لێکراو دواتریش لـە کتێبـە نێودارەکەیـدا "دەربـارەی ئازادی" بیرۆکەکانی فراوان کردەوەو پێشی خستن.

بە بڕوای میلّ, پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئاکار بریتین لە:

١. بە تەنیا چێژ چاکەیە, یاخود چێژ ئـەو شـتەیە کـە خـۆی لـە خۆیـدا ئارەزوو دەکرێت. کامەرانی شتێکی باش و ویستراوە, تاکـە شـتێکە کـە ئامـانجی مـرۆڤ بێـت, هـەموو ئـەو شـتانەی تـریش کـە حـەزیان لێدەکەین, بریتین لە هۆکـار بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم ئامانجـە. مـیلّ بەلّگـە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە ناهێنێتـەوە, بـەلاّم هـەولّ دەدات چـێژ و کامەرانیی پێکەوە ببەستێتەوەو دەری بخات کە دەگونجێـت شـتێك بابەتی ئارەزوو بێت و خۆی لە خۆیدا چاکیش بێت. هـەموو مرۆڤێـك حەز لە کامەرانیی خۆی دەکـات, بـەلاّم مـەرج نیـە کامـەرانی لەبـەر ئەوەی چاکە, بۆیە حەزی لێدەکەن, میلّیش یەکەمین کەس نیـە کـە بیری لـەوە کردبێتـەوە کـە دەبێـت پـەیوەندییـەکی بـەتین لـەنێوانی چاکەو ئارەزووکرانی شتێکدا هەبێت.

٢. کردەوەکان بەقەدەر ئەوە دروستن کە دەبنە هۆی کامـەرانکردن لـە هەموو ئـەو شـتانەدا کـە پەیوەنـدییان پێـوەی هەیـە, هـەروەها بـە

قــەدەر ئــەوەش هەڵــەن دە دەبنــە هــۆی زیــادکردنی نەهامــەتی. کامەرانی مانـای چێژو نـەبوونی ئـازارە (پرەنسـیپی چێژ, نەسـکی یەکەم). ئەو کامەرانییەی لێرەدا باس دەکرێت, کامەرانیی بکەرەکـە نیە, بەڵکو کامەرانیی هەموو ئەوانەیە کە کردارەکـە دەیانگرێتـەوە. لێـرەدا مـیل کامــەرانی دەگشــتێنێت و فراوانــی دەکاتــەوە, بۆیــە رەخنــەی ئــەوەی لێــدەگیرێت کــە وای کــردووە کامــەرانی تــەواوی خــەڵکی بگرێتــەوەو کامــەرانیی گشــتی شــتێکە پێویســتە وەك "سەرجەمی هەموو کەسەکان" ببینرێت و بە شتێکی ئـارەزووکراوی چاك لە قەڵەم بدرێت.

ئێستا پەیکـەرێکی برۆنزیـی مـیل لەسـەر پـردی سـامێس لـە لەنـدەن دروستکراوە, هەروەها نیگارێکی بەدەست دروسـتکراوی کـە کـاتی خـۆی جـی ئێـف وات راسـتەوخۆ لـە رووی میڵـەوە کێشـاوێتی, لـە گەلـەری نەتەوەیی هەڵواسراوە.

## چەند وتەیەك دەربارەی میل

لەدیاریکردنی بیرۆکەدا کارامەبوو, لە رونکردنەوەی پرەنسیپدا, لە دۆزینەوەیدا لەناو چەندەها حاڵەتی جیاجیادا, لـە رەتکردنـەوەدا, لە جیاکردنەوەدا, لە بەڵگەکارییدا, خاوەنی وردیی دانای یاساناس و ئارام و زرنگیو میتۆدی ئەوی هەیە. "هیبۆلیت تین".

ستیوارت میل زمانحاڵی سەرەکی ئەوە بوو کە لە سـەدەی نـۆزدەدا پێی دەوترا لۆجیکی ئیستیقرائی. چوار پێڕەوە نێودارەکەشـی لـە لێکۆڵینەوەی ئەزمونیدا, لە راستیدا دارشـتەیەکی دەسـکاریکراوی خشتەکانی فرانسیس بیکۆنە لەمەڕ ئامـادەیی و بزریـی و پلـەکان. "هاری پاوەرز ئەکتن".

کتێبی "کۆیلایەنی ژنان" وەکو راگەیاندنێکی عەقڵانییانەی کاریگـەر وایــە بــۆ رەوشــی راســتەقینەی ژنــان لەمێــژوودا, هــەروەها هێرشێکیشـە بـۆ سـەر ئـەو بەکۆیلەکردنـە یاسـاییەی کـە ئـافرەت یەکێکە لە قوربانییەکانی, هەروەها بـۆ سـەر ئاکـارە ناچـارکەرەی زۆری لێدەکات ملکەچ بێت بۆ پیـاو, سـەرباری بلیمەتییـە نـاوازەو نائاساییەکەی, کەچی خوێنەرانی نێـر بـەدڵیان نـەبوو: رۆژنامـەش بە شێت و نائاکاریی ناوی برد, زۆرجـار نێـر و مـێش پێکـەوە دژی بوون. "کیت میلیت".

## تاوتویێ ژمارە، ئەم بابەتانەی شیکردۆتەوە:

یەکەم:

- (ل: ٢٢٤) چوارەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان. قەلاچوالان (٩-١٠/١٠/٢٠٠٣).
- هەڵبژاردنەوەی نوێنەرایەتی خوێندکاران. کوردستان (٢٢-٢٣-٢٤-٢٥/١٢/٢٠٠٣).

دووەم: (ل: ٢٣٠) کۆنگرەی کیمیاوی و فیزیاوییەکان. (١٦-١٧ / ١٠ / ٢٠٠٣).

سێهەم: (ل: ٢٣١) حەوتەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ. سەنتەری گە نجان – هۆڵی دیالۆگ (٢-٧ /١١ / ٢٠٠٣).

چوارەم: (ل: ٢٣٨) کۆنگرەی یەکگرتنی رۆژنامەنوسانی کوردستان. هەولێر (١٣-١٤-١٥/١٢/٢٠٠٣).

پێنجەم: (ل: ٢٣٩) هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەی را پرسی. (کوردستان -٢٤/١/٢٠٠٤).

شەشەم: (ل: ٢٤١) خولی بەرەو کۆمەڵی مەدەنی. (٢١/١/٢٠٠٤).

حەوتەم: (ل: ٢٤٨) خۆپیشاندانی گروپی سەربەخۆیی کوردیی. سلێمانی (١٤/٢/٢٠٠٤).

هەشتەم: (ل: ٢٤٩) سێیەمین خولی ڕێکخراوی گەشە پێدانی دیموکراسی بەهاوکاری (A.B.F)ی سویدی، (١٤ / ٢ / ٢٠٠٤) بۆ (١٤/ ٤/ ٢٠٠٤).

## دیموکراسیو پێشێلکاری سەلەفی

خەباتی پیشەییو دیموکراسیو مەدەنی ڕێکخراوەکان, لەچەند ساڵی رابوردودا, هەتا هاتووە بایەخو بەهای ئابوریو کۆمەڵایەتیو هوشیاری زیاتریان پەیداکردووە. ساڵانە دەیان ڕێکخراوی نوێ دادەمەزرێنو دەکەونە کۆڕی مەدەنیخوازی. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خەریکە لەناو کوردەاریدا کولتوری نوێی ئازادی بڵاودەبێتەوە. ئەم کولتورەش, وەکو هەموو دیاردەیەکی نوێ, سەرەتا چەکەرەیکرد, وردەوردە بەرەو پشکوتن دەگەشێتەوە.

لەدوای راپەڕین, ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بەپەنجەی دەست دەژمێردران. بەشی زۆریشی شەتەك دراوی حیزبەکانو هەر حیزبێکیش لەناو هەندێك لە سەندیکاو یەکێتییە گشتیە پیشەییەکاندا, نوێنەرێکی چاندبوو, ئیتر ئەو سەندیکاو ڕێکخراوانە, لەبریئەوەی هەموو وزەیان بۆ خواستە پیشەییو دیموکراتیەکان تەرخان بکەن, بەشێکی بەرچاوی تواناکانیان دەخستە خزمەتی حیزبەکان. ساڵەها: مامۆستایان, کرێکاران, جوتیارانو ئەندازیاران.. تاد گیرۆدەی ئەقڵیەتی حیزبسالاری بوبون. هەتا, بەرەبەرە ئەو چوارچێوەیە هەڵتەکێنرا (لەناوچەکانی سایەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا) تەنها یەکێتیی جوتیاران یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران ماوون هێشتا لەو چوارچێوە نادیموکراتییە دەرنەهێنراوون.

ئەمساڵ, (١٢) ساڵ بەسەر راپەڕیندا تێدەپەڕێو (١١) ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانو, (٧) ساڵیش بەسەر کۆتاییهاتنی چوارساڵەی شەڕی ناوخۆدا. لەوساڵانەدا, ئەزمونگەلێکی باشی سیاسی, حیزبایەتی, ئیداریو هەتاڕادەیەکیش, ئەزمونی خەباتی دیموکراسیو ئازادیو مەدەنیش, کۆبۆتەوە.

لەو ساڵانەو لەو ویزگانەی دوای راپەڕین, کاری چاك زۆر کراوە, لەپاڵیشیاندا, بەڕاستی کاری خراپیش کەم نەکراوە. هەرە خراپەکەی, شەڕی ناوخۆیەو دەستتێوەردانو دەستڕاکێشانی دەوڵەتانی ناوچەکەیە بۆ ناو هاوکێشە سیاسیو عەسکەریو ئیداریەکان. لەناو ئەو کێشمەکێشەیەدا, کاتێك خەباتی دیموکراسیو پیشەیی بوونی بابەتی

خۆی سەلماندو ئەرکەکانی مەدەنیخوازیش وردەوردە دەرکەوتن, پێمان وایە, هاوتای زیانە هەرەناڵەبارەکانی شەڕی ناوخۆ, چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیو مافی سیاسیو مەدەنی دیموکراسی. ڕێکورەوانیش مەبەستمان هەل قۆستنەوەی هێزە ئیسلامگەراکانە لەسەرەتای شەڕی ناوخۆوە, هەتا ئێستاش" لەوساڵانەی شەڕی ناوخۆ ئیسلامگەراکان توانییان وەکو هێزی سیاسی نەك وەکو کەفائەتی ئیداری هەم کەلێنەکانی شەڕ بۆ مەرامی حیزبیو عەقیدەیی, هەم وەکو سیاسەت, هەم وەکو دەستخستنی پلەوپایەی ئیداری, لە وەزارەتەوە بۆ بەڕێوەبەری ناحیە, سوودلێوەربگرن. لەهەمانکاتدا, هەر لەسایەی دیموکراتیدا, کە زانییان مۆڵەتی یاسایی حیزبو چەند پلەیەکی ئیداری, بەگوێرەی دڵی خۆیان دادی سیاسیان لەناو خەڵکدا نادا, ئیسلامگەراکانیش بایاندایە لای خەباتی دیموکراتیو مەدەنیخوازیو.. جارجارە قسەش لەمەڕ ئازادی سیاسی دەکەن. لەم ڕێڕەوەشدا, هێزە ئیسلامگەراکان (بزوتنەوە, کۆمەڵ, یەکگرتوو) هەرلایەك مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەیەکانیان دامەزران. تەرکیزیشیان کردەسەر خوێندکاران, لاوان, ژنانو بەڵکو وەرزشکارانیش. ڕێکخراوی جیاجیایان دامەزراند. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوانەش, هەر بەناوی ئیسلاموئیسلامەتیەوە ڕایانگەیاند. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی داوا لەوەرزشکاران دەکرا یاریگاکانیش وەکو مزگەوت لێبکەن.

ئێستا.. کە ئاوڕ لەو ساڵانە دەدرێتەوەو تاوتوێیەکی ئەو هەموو سودقۆستنە لەپرۆسەی دیموکراسی دەدرێتەوە, ئاخۆ چی دەردەکەوێ؟

- ئایە.. ئیسلامگەراکان تەقدیری ئەو مۆڵەتە دیموکراسییەیان کردووە؟
- ئایە.. لەڕووی یاساییەوە, مافی ئیسلامگەراکانە هێزی ئیسلامیو ڕێکخراوی ئیسلامی دروستبکەن؟
- ئایە.. ئەو هێزە ئیسلامگەرانە, لەڕووی ستراتیژیەوە بۆ دەسەڵاتی ئیسلامیو ئیسلامی کۆمەڵایەتیو ڕەتکردنەوەی بیری بەرامبەری ئیسلامی, هەتا چەند تەواوکەری یەکترن؟

- لەکوێی جیهاندا, حیزبی تایفیو مەزهەبی مافی یاسایی هەیە؟ ئەمانە بە چهەقێکەوە خۆیان بەنوێنەری ئایینی ئیسلام دەزانن؟ شەرعیەتی ئیسلامی لەچ دەزگایەکی شەرعیو یاساییەوە وەردەگرن؟

وردکردنەوەی هەریەکە لەو پرسیارانە, خەمێکی گەورەی سیاسیو کۆمەلایەتی لەهزردا دروستدەکەن. پرسیارگەلێکی مەعریفیو فەلسەفیو دیموکراسی دەخولقێنن, کە پێمان وایە ئیتر کاتی بەتەنگەوەچونی ئەو پرسیارگەلە هاتووە کە وەلامی شایستە بدرێنەوە. وەلامێك هەلقولاوی هەناوی پرۆسەی دیموکراسیو سیستەمی سکولاریزم بێ.

## سازشو.. ئەرکەکانی دیموکراتی

گەلی کوردستان, دوای خەباتی رزگاری, ئیدی کەوتۆتە بەردەم ئۆبالێکی مێژوویی شارستانی هاوچەرخ. ئەم ئۆبالە بۆ هیچ لایەکی سیاسی قابیلی سازشو رێگەی پێچەوانەی شارستانیەتی سەردەم نییە. بەتایبەتی, سیستەمو ئەزمونە دیموکراسیەکان تەمەنیان دوو سەدە تێپەڕیووە. دوو سەدە لەئەزمونو ئەزمون وەرگرتن بۆ گەلانی وەکو کورد, کێشەگەلێکی زۆرمان لەکۆل دەکاتەوە, گەر بمانەوێ لەگەل پەیامی سەردەکەمەو ئەرکەکانو پێویستیەکاندا, راستگۆبین. رێگەی دیکەمان لەبەردەمدا نییە جگە لە رێبازی دیموکراسی, دەبێ یان دیموکراسی بین یان نەبین. کە رێبازی دیموکراسیشمان هەلبژارد, ئیتر دەبێ پابەندی تەواوی ئەرکەکانی دیموکراسی بین. بەردەوامیش ئەرکمانە خەمی دیموکراسی بخۆین. بەلکو دەبێ خەمی دوژمنانی دیموکراسیش بخۆین.

لەولاتانی جێماو لەکاروانی دیموکراسی, چەند خەم خواردنی پرنسیپەکانو ئەرکەکانی دیموکراسی گرنگن, لەوەش زیاتر خەمخواردنی دوژمنانی دیموکراتی گرنگە. چونکە, هەر دەسەلاتێکی دیموکراسی, خەمی دوژمنانی دیموکراتی نەخوا, بێگومان دوژمنی دیموکراتی لەسەریان ناوەستنو ئەوان لەو دوژمنایەتیکردنەی دیموکراتی بەردەوام دەبن.

دوای زیاتر لەدەهەیەك لەهەوڵی بینای ئەزمونی دیموکراسی کوردستان, دوای تاقیکردنەوەی هەلومەرجە سیاسیەکانو هەڵسەنگاندنی هێزە دیموکراتو دوژمنەکانی دیموکراسی, هەموو لایەکمان بەباشی تاقیکردەوە" سەدامیش روخاوە, چیکە ئەگەری سیاسی چارەنوسساز سەبارەت بە دەوڵەت وەکو خەباتی چەکداری لەبەردەمدا نەماوە هەتا ناکۆکیە سیاسیەکانی بەرەی ناوخۆ بەرامبەر دوژمنی سەرەکی, وەکو جاران بکەینە قوربانی ناکۆکی سەرەکی. ئێستا, ناکۆکی سەرەکی لەناوخۆدا, چ لەعێراقو چ لەسەر ئاستی کوردستاندا, ناکۆکییە لەنێوان دیموکراتخوازو دوژمنانی دیموکراسیدا. ئەم ناکۆکییە, راستە جارێ تازەیە, بەلام ناکۆکی دەرون کۆمەلایەتی, سیاسی, مەزهەبیو رۆحی خەتەرناکیشە.. ئەگەر نەزانرێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا, دەکرێ!

(١٣) ساڵی دوای راپەرین, هەتارادەیەك کار لەبەرامبەر دوژمنو دژەکانی دیموکراسیو ئازادیدا کراوە, بەلام دەکرا لەو سالانەدا, کاری باشتر بکرێ. هەرچیەکیش نەکرابێ, لەگەڵ ئەو کارانەی دەبێ بکرێ, تێکرا, دەبێ بەرەبەرە ئەنجام بدرێن. بەرنامەو پرۆژەو خیتابی هەمەلایەنیتریان بۆ دارێژرێ. دەنا, دوژمنانی ئازادی لەسەرمان نەوەستاونو ناوەستن. بەپێچەوانەوە, دیموکراتخوازەکان لەسەر دوژمنانی ئازادی وەستاوونو هێشتا بێباکیو خەمساردی بەرینەداوون. ئەم خەمساردیو بێباکییە لەرابوردودا زیانی زۆری گەیاندە کاروانی دیموکراسیو قازانجی زۆریشی بەخشییە دوژمنانی دیموکراسی. هەقوایە دەرسو پەندیان لێوەربگیرێ. هەڵەکان دووبارەنەکرێنەوە. هەڵە, لەبەرامبەر دوژمنانی ئازادیداو چ لەناو خۆی هێزە ئازادیخوازەکاندا. هەڵە هەر هەڵەیە. بەهەردوو دیودا هەڵە زیان بەئازادی دەگەیەنێ. هەڵەش, ناکرێ بێ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنو سەرەنجام گەلالەکردن, تێپەرێ.

## دوبارەی دیاردەی نا پەسەند
## لەکۆنگرەی خوێندکاران و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیدا

لەچەند مانگی رابوردودا, چەند هەوڵێكو دیاردەی دوبارەی ناپەسەند, جارێكی تر دیموكراسیو ئازادییان خستەوە ژێر گومانو پرسیار, هەوڵو دیاردەكانیش, چەند پەیوەندیان بەدەسەڵاتەوە هەبوو, هێندەش پەیوەندییان بەرێكخراوە دیموكراتەكانو كادرو تاكی كوردیشەوە هەبوو. بەشێك لەو هەوڵو دیاردانە, ئەمانەن:

- چوارەمین كۆنگرەی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان.
- هەڵبژاردنەوەی نوێنەرایەتی خوێندكاران.
- كۆنگرەی كیمیاویو فیزیاوییەكان.
- كۆنگرەی یەكگرتنی رۆژنامەنوسانی كوردستان.

)( )( )(

كۆمەڵەی خوێندكاران, ئەزمونێكی درێژی خەباتی نهێنیو خەباتی شاخو خەباتی شارو ئازادی هەیە. هەلومەرجی جیاوازو روداوی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە. كۆبونەوەی فروانو كۆنفرانسو سێ كۆنگرەی بەستووە. دەیان هەزار ئەندامو سەدان كادرو نوێنەری هەڵبژێردراوی لەخوێندنگاكاندا هەیە. خاوەنی خیتابی خوێندكارانو پەیامی خوێندكارانەیە. رێكخراوێكە لەباری سیاسییەوە لەسایەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانو دەسەڵاتی حكومەتی كوردستاندایە. بەڵام سوریشە لەسەر داواكردنی خواستەكانی خوێندكاران, بەتایبەتی لەبواری پەروەردەو لەناوەندەكانی خوێندندا, هەڵوێستی باشی هەیە. گەرچی دەتوانێ باشتر هەڵبسوڕێو فشاری زیاتریش بخاتەسەر دیاردە گەندەڵەكانی خوێندن, پەروەردە, پەیوەندی مامۆستاو خوێندكار, خوێندنی هاوچەرخ, ئەقڵە دواكەوتوەكانی بواری پەروەردەو مامۆستای دواكەوتوو, هەروا, دەشتوانێ رەخنەیەكی كاریگەر لە دیاردەی پەسەندكردنی تێزی بێپێزی ماجستێرو خوێندنو خوێندكاری باڵا بگرێ. تەنانەت كار گەیشتۆتە ئەوەی مەترسی گەورە لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندنی باڵا نەك لەبواری زانستە مرۆییەكاندا, بەڵكو

لـەوەرگرتنی خوێنـدکارانی زانسـتی سروشـتیدا هەیـە. خوێنـدکاری نمـرە کەمیش لەکۆلێـژی تەندروسـتیو کۆلێـژەکانی تریشـدا, بـەبڕیاری تایبـەت لەزانکۆی هەولێردا وەرگیراوون.

لەساڵانی ئایندەدا.. پۆل پۆل دکتۆرا بەرێوەن, کە بەشی زۆری مۆری حیزبی لەسەر تەختی بڕوانامەکەیان, زەق دیارە. ئەمانەش, نەك نـاتوانن کەموکوڕی ئاستەکانی دکتـۆرای شەسـتەکان پارسـەنگ بدەنـەوە, بـەڵکو درێژەی ئاستێکی نزمتری میتۆدی لاوازی خوێندن دەبـن لـەناو نـەوەکانی ئایندەشدا. ئایندەیەك کەوا جگە لەئاستی بەرزی زانستەکانی زانکۆ, هـیچ جۆرە بڕیارو مەرامێکی حیزبیو حکومی دادی نادا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.. دەتوانـێ لەبەرامبـەر ئـەو هـەموو دیاردە دزێوانەدا, هەڵوێستێکی جدی وەربگـرێو قـانگی ئـەو مەترسـیانە بدا کە هەرەشە لەخوێندنو خوێندنی باڵا, ئێستا زیاتر لـەجاران دەکـەن. بـەڵام مـەخابن, کۆمەڵـە, بـەو هـەموو سـەنگەو بـەو هـەموو کاریگەریـەی هەیەتی, (هەروا یـەکێتیی مامۆسـتایانیش لـەم بـارەوە دەتـوانن کـاراترو کاریگـەرتر هەڵبسـوڕێن) نـەك نـەیتوانیووە لەئاسـتی ئـەو ئەرکانـەدا هەڵبسـوڕێ, بـەڵکو, جگەلـەوەی لـەباری راگەیاندنـەوە (سـەرەڕای گۆڕانکاری کە کردویەتی) بەڵام هێشتا نیوەی ئەرکـەکانی رانەپەڕانـدووە. کۆمەڵە, لەناوخۆیدا, هێندەی سەرقاڵی گرفتو کێشە لاوەکیەکانی دەرون رێکخراوەیـیو پلـەبازی نـاو ریزەکـانی بـووە, هێنـدە سـەرقاڵی خـەباتی پیشەییو دیموکراسی, بەتایبەتی نوێنەرایەتیو خواستەکانیان نەبووە.

نوێنەرایـەتی.. هـەر هەڵبـژاردنو بردنـەوەی لیسـتی هەڵبـژاردنی رێکخراوەکـان نییـە, بـەڵکو نوێنەرایـەتی پـەیمانی رێکخراوەیـیو گفتـی دیموکراسـیو راسـتگۆیەتی خـەباتی پیشـەیی رێکخـراوە خوێندکاریەکانـە لەناو ناوەندەکانی خوێندنو خوێندکاراندا. کۆمەڵەی خوێندکاران, راسـتە خزمەتی بەرچاوی هەیەو داکۆکیش لەمافەکانی خوێنـدکاران دەکـا, بـەڵام ئەرکی دیموکراسیو مەدەنیو ئازادی زۆریش ماوە, رایانپەڕێنێ.

کۆمەڵـە پێویسـتە جیاوازیـەکی دیـار لـەنێوان ئەرکـە نەتـەوەییو سیاسیەکانی لەکوردسـتاندا, لەگـەڵ ئەرکـە پیشـەییو دیموکراسـیەکاندا, بکـا. ئـەرکی سەرشـانێتی بـەرگری لەکوردسـتانو لەلایەنـە باشـەکانی

حکومەتی هەرێم بکا، بەڵام هاوشانی ئەوە، بەڵکو جاری واهەیە زیاتریش لەوە، ئەرکی دیموکراسی وایلێدەخوازێ سووربێ لەسەر خواستە پیشەییەکانی خوێندکاران لەبەرامبەر هەمان حکومەتو هەمان دامودەزگای پەروەردە، کە لەباری سیاسیو نیشمانیەوە، بەرگرییان لێدەکا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، کۆمەڵەی خوێندکاران هەم پێویستە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی خۆی داڕێژێتەوەو بوار نەدا کادرو هەڵسوڕاوی خۆپەرست یاری بەچارەنووسی ڕێکخراوەکەوە بکەنو بەبیانووی شارچێتیو بەپاساوی نابەجێ، ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەکە دوچاری گێروگاز بکەن. هەربۆ نمونە:

کادری خوێندکاران، هەقوایە بەپێی پێوانەکانی پیشکەوتنو سەرکەوتنو هەڵمەتی خزمەتکردنی خوێندکارن لەلقەکانەوە، بۆ کۆنگرە دیاریبکرێن. لەکۆنگرەشدا، وشیاری وا لەناو ئەندامان‌دا هەبێ، کە کادری باشو هوشیار متمانە وەربگرێ، هی ناشایستەو سەرنەکەوتوش، متمانە وەرنەگرێ. کەچی لەکۆنگرەکاندا دەبینین، کادری وا هەیە لەنوێنەرایەتیدا شوێن دەستی وەکو پێویست دیارنەبووە، کاتێك ئەندام لق یان لێپرسراوی لقیش بووە، بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە بۆتە پاشکۆی لێپرسراو، یان بەڕێوەبەری خوێندنگا، یان سەرۆکی زانکۆ، کەچی لەناو کۆنگرەدا هەر لەمانە خۆیان بۆ سکرتاریەتو سکرتێری خوێندکاران کاندید دەکەن. دەشتوانن یاری بە سۆزی ئەندامانی کۆنگرەوە بکەن. ئەم نەریتە مایەی نیگەرانییە. بەڵکو مایەی پیاچونەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەروەردەی کادرانی کۆمەڵەیە، چۆن کەسێکی سەرنەکەوتوو لە لقدا، لەپشتی پەردەی سەکۆی شەرعی کۆنگرەوە، هەوڵی بۆدەدرێ بکرێتە ئەندامی سکرتاریەت یان سکرتێر؟!

لەنوێنەرایەتیشدا، ئاماری پێویستو چاودێریکردنی پێویستی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان، بەبەردەوامی نییە. کارەکانیان، پێویستیەکانیان، هەڵسوڕانو یارمەتیدانیان، بەپێی پرۆژەی گونجاوی سەرکەوتنی پەیامی نوێنەرایەتی، بۆ دەستنیشان نەکراوە. کۆبونەوەی بەردەوام ولێپێچینەوەی بەردەوام لە هەڵسوڕانی نوێنەرایەتیەکاندا، نییە. ئەمانە

هــەموو بێگومــان کاردەکەنــە ســەر متمانــەی خوێنــدکارو چــالاکی نوێنەرایەتیەکانو رێژەی دەنگدەرانیش. ئەم کەموکورییە بەزوترین کات پێویستە چارەسەربکرێت.

وەکوتر.. پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمساڵ, سەرانسەری بوو. بڕیاروابوو ئازادی دابین بکرێ, بەلام داخەکەم, لەباتی ئازادی بیرو سەربەستی هەڵوێستی خوێنـدکاران, فشارێکی بێتـامی دەسەلاتو پەلاماردانێکی فراوانی خوێندکاران, لەبادینانەوە هەتا هەولێر, کێشەو بێشەیەکی زۆری بۆ خوێندکار خولقاند. سەرەنجام, تەواوی پرۆسەکە, کەوتە بەر شەپۆلی رەخنەی خەڵکو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان.

لێدانی خوێنـدکار, دەرکردنـی خوێنـدکار, گواسـتنەوەی مامۆسـتا, هەڕەشـەلێکردنی کـادرانو خولقـانی کەشوهـەوای تـرس بەچـەکداری جۆراوجـۆرەوە لـەناو خوێندنگاکانـدا, تەنانـەت کـار گەیشـتە رادەی هەڕەشـەلێکردنی دادوەری سەرپەرشـتیاری پرۆسـەکەو دادوەرەکـەش لەبەیاننامەیەکدا پێشێلکاریەکانی سەرجەم بواری گشتی خستەڕوو.

ئـەم رەفتارانـە, پێمـان وایـە, زۆرتـر بـەزیانی یـەکێتی قوتابیـانی کوردسـتان شـکایـەوە. ئـەگـەر ئەمسـاڵ بەهەڕەشـەو گـوڕەشـە لـە (٤٠–٥٠٪)ی دەنگ هێنا, لەسەر ئەو رەوشە بەردەوام بن, لەهەڵبـژاردنی ئایندەدا تەنانـەت سـەلەفییەکانیش لێیـان دەبەنـەوە. ئەمـەش بـەزیانی دیموکراسی دەزانین.

## کینەو.. هەڵبژاردنی خوێندکاران

سـەبارەت بەسـەرەنجامی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانیش, قسـەو بـاسو لێکدانەوەی هەمەجۆر هەیە. کارێکی باشیشە دیالۆگ لەسـەر هەڵبـژاردن بۆتە باوەڕێکی گرنگی کۆمەڵو رای گشتی. بەڵکو ئـەم بـاوەڕە لەسالانی ئاینــدەدا قوڵتردەبـــێو رای گشــتیش, ئامادەگیــەکی کاریگــەرتری لەپرۆسـەکانی هەڵبـژاردنی پەرلـەمان, شـارەوانی, خوێنـدکاران, هـەروا هەڵبژاردنی ئازادانەتری چینوتوێژو سەندیکاو رێکخراوەکانی تریشـدا, رای گشتی کاریگەرییان دەبێ.

هەندێك لەو بیروڕایانە بابەتیو دڵسۆزانە بوون. هەندێکیشیان خـۆییو پڕ لە کینە بوون. بیروڕا بابەتیەکان لەسـەر پێشـێلکاریەکانی هەڵبـژاردن,

باش خۆئامادەنەکردنو چاکتر کارنەکردن لەبەرامبەر ڕێکخراوە تایفەگەرو ئیسلامگەراکاندا، راستو دروست بوون. بیرورا خۆیيو مەرامخوازەکانیش زۆرتر لەسەر ڕێژەی دەنگەکانو بەراوردی ڕێژەی ئەمسالّو سالّانی پێشوو، هەڵچنرابوو. ئەم جۆرە مەرامخوازییە لەهەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردن کەوا کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان، هاوکێشە سیاسیەکان، کێشمەکێشە دەرونیو ناکۆکییەکان تێکڕا کاریان تێدەکەن، لەبەرچاونەگیراوون. چونکە هەڵبژاردنەکە لەبنەچەدا لەنێو بەشێکی کۆمەڵدا دەکرێ کە خوێندکارە، ئەم بەشە لاوون، کەم ئەزمونن، ئارەزوو تەحەکومیان تیا دەکا، حەز زاڵە بەسەریانداو خولیای جۆراوجۆری بەدینەهاتویان هەیە. ئەمە جگەلەوەی باری ئابوریو پێویستیەکانی ژیان هەموو کاریگەری هەیە لەسەریان. هەڵبژاردن لەناو بەشێکی کۆمەڵایەتی خوێندکاری ئاوادا، ڕێسای زانستی نییە. ناشکرێ بەپێوانەی سالّانی پێشوو بپێورێ. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە.

لەدەهەی رابوردوودا، هیچ شتێك لەجێی خۆیدا نەماوە. بەرنامەی حیزبەکان گۆڕاون. سەرکردایەتیەکانیان گۆڕاونو جەماوەریشیان گۆڕاون ئەندامو لایەنگرانیان کەم بوون. کاریگەریشیان لەسەررای گشتی وەکو جاران نییە. ئەمە لەکاتێکدا، حیزبەکان لەجاران زیاتر ناویان هەیە. پەیوەندییان هەیە. دەسەڵاتیان هەیە، حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش، خزمەتیان هەیە. تەنانەت حیزبەکان، لەزەمانی شاخ پێشکەوتوترو دیموکراسیترو ئازادیخوازتریشن. کەچی ڕێژەی ئەندامانیان نیوەی سەردەمی راپەڕینیش نابێ.

ئێمە دڵنیاین.. هەمان ڕێژەی هەڵبژاردنی یەکەمین خولی پەرلەمان، دەنگ بەهەڵبژاردنی دووەمین خولی پەرلەمان نادەن. ڕێژەی دەنگدەران دادەبەزرێ. بەتایبەتی نەوەی ئێستای دوای راپەڕین، جیاوازن لەنەوەی پێشو کاتی راپەڕین. ئەمە رەوشتێکە تەواوی وڵاتانی گرتۆتەوە. بەرۆژئاوای دیموکراسیشەوە.

ڕێژەی دەنگو بەشداری دەنگدەران، پێوانە نیین بۆ حیزبو ڕێکخراوی سەرکەوتوو. بەڵکو دەبێ خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، بەشداربونی، هەڵەکانی، کێشە بابەتیو خۆییەکانی، راستیو

ناڕاســـتیەکانی, لێوەشـــاوەیی و لێنەوەشـــاوەکانی, ڕاگەیانـــدن و کەمتەرخەمیەکانی, دەستێوەردان و دەستێوەرنەدانەکان.. تاد پێویستە ڕەخنەگری ژیرو ڕۆژنامەی خاوەن پەیام و کاربەدەستی ئەقلانی.. ئەو ڕاستیانە بکاتە هەوێنی هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردن. نەك ڕێژەی ئەمساڵ کەمترە لەپار یان زۆرترە.

لەبەرامبەر ئـەو هـەموو ڕێکخـراوە خوێنـدکاری و قوتابیانـە, بەدیموکراسی و سەلەفی و مامناوەنجیەوە, لەبەرامبەر ئەو هەموو فشارە, لەناو ئەو هەموو گرفتە دەرون ڕێکخراوەیی و دەروون حیزبی و دەروون ئاڵۆزییەی ناوخۆدا, لەناو ئەو خوێندکارانەی کە تەنها لەزانکۆی سلێمانیدا (٦٢٥) کەس بەشدارییان نەکردووەو بەشی زۆریان کادرو ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کروردستانن, سەرکەوتنە بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان یەکەمین دەنگ بێنێ. لەسەر ئاستی کوردستانیش هەر یەکەم بێ. ڕێژەی زیاتر لە (١٠٪)ش لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا, زیاتر لەڕێژەی یەکێتی قوتابیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بێنێ. ئەمە لەکاتێکدا, ئەمساڵ, قوتابیانی یەکگرتووی ئیسلامی, لەبەرئەوەی دیموکراسی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییدا هەبوو, هەمو توانایان بۆ بەشداریکردن خستەکار. بەڵام لەهەولێردا, تەنها بەشداریان کردو کەمتر لەساڵانی پێشوو تواناییان خستە مەیدانەکانی هەڵبژاردن.

واتا" قوتابیانی یەکگرتوو, مانۆرو تاکتیکیان لەبەرامبەر ناکۆکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران و یەکێتی قوتابیاندا بەکارهێنا. بێگومان ئەم مانۆرو تاکتیکەش, سیاسەتی جۆراوجۆری پێ پەیڕەوکردون لای هەردوولا. یەکگرتوی قوتابیان هەر بەهەڵپەرستی سەریان هەڵداوەو بەهەڵپەرستیش دەیبەنەسەر. نانێکەو خواردویانە بەڕۆنی هەڵپەرستی!!

گرنگ ئەوەیە.. هەڵبژاردنی ئەمساڵ, بەرچاوی ڕێکخراوە خوێندکارو قوتابیەکانی ڕۆشن کردبێ, کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە, گرفتەکان دوبارەنەکەنەوە. دەستەبەری ئازادی بەڕاستی بکرێ. ڕێوشوێنی هەڵبژاردنیش تۆکمەتر داڕێژرێ. چونکە ئەزمونی دیموکراسی کوردستان لەسەر تاقیکردنەوەیەکی هەڵبژاردن گیرناخوا. بەڵکو هەموو تاقیکردنەوەیەك هەقوایە هزرمان ڕۆشنتر, بڕیارەکانمان ڕاستترو هەڵوێستەکان جوانتر بکا.

## شەنو کەوێکی
## چوارەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکاران

٩-٢٠٠٣/١٠/١٠
**کوردستان – سلێمانی / قەلاچوالان**
**هۆڵی (شەهید شیهاب)**

(کۆنگرە)" لەژیانی هەر حزبو ڕێکخراوو ئۆرگانێکی سیاسی یان پیشەییدا, بەیەکێك لە وێستگە گرنگەکانی ژیانو تەمەنی حسێب دەکرێ, کەوا دەتوانرێ لەسەر جومگە سەرەکیەکانی هەڵوەستەبکرێو خاڵ دابنرێ لەسەر پیتە لاوازەکانیو جارێکی دیکە پەیڕەووپرۆگرامەکەی بخوێنرێتەوەو پێداچوونەوەی وردی بۆبکرێ, هەروەك پێداچوونەوە دەبێ بەستراتیژو کاری رابردوو و ڕەنگرێژکردنی گوتار (خیتاب)ەکەی بەشێوەیەك لەگەڵ ئەمڕۆیدا یەکانگیرو گونجاوبێت.

(کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)یش وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی مەیدانەکە, لەماوەی خەباتی (٢٧) ساڵەی شاخو شاریدا, توانیویەتی نمایندەیەکی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان بێت. وەك چۆن خۆی زایندەی هەناوی شۆڕشگێڕی نوێخوازی گەلی کوردستان بووەو لەو ڕۆژگارە دژوارەی کورددا داینەمۆی بەهێزی ڕەوتی بزوتنەوەی خوێندکاریی کورد بووە کە پتر خۆی لە مانگرتنو خۆپیشاندانە گەورەکانی زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگای شارەکاندا دەبینیەوە, پاش ڕاپەڕینیش, لەگەڵ ئازادکردنی بەشێکی زۆری باشوری کوردستاندا, باڵای پەیامەکەی لەپێناو بەدیهێنانی خەونو خواستی توێژی خوێندکاراندا زراڤتر دەبوو, هەروەکو پێشەنگی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریو یەکبوونی ریزەکانی خوێندکاران بوو تا بەمۆدێرنکردنی دەزگاکانی

پـەروەردەو فێرکـردنو هێنانـەدی داواکـانی خوێنـدکارانو چەسـپاندنی خوێندنی هاوچەرخ, دەکات.

(کۆمەڵـەی خوێنـدکاران) لەزەمـەنی لەدایکبوونیـەوە (٣) کـۆنفرانسو پلینۆمێكو (٤) کۆنگرەی گرێداوە. کە چوارەمین کۆنگرەی لەرۆژانی (٩-١٠/١٠/٢٠٠٣) لەهۆڵی ٠شەهید شیهاب) لەقەلاچوالان بەئامادەبوونی بـەڕێز (مـام جـەلال) لـەژێر دروشمـی ٠پاسـاو لەبـەردەم گـۆڕینی فەلسـەفەی خوێندنو چەسپاندنی خوێندنی هاوچەرخ نەما) بەست.

لـەو کۆنگرەیـەدا کـە بـەڕێزان (د. بەرهـەم ئەحمـەد سالح) سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانو (د. کمـال فوئـاد) ئەنـدامی دەسـتەی کـارگێڕیی مەکتـەبی سیاسـیو (مەلابـەختیار) لێپرسـراوی مەکتـەبی رێکخـراوە دیموکراتیـەکانو (عیمـاد ئەحمـەد) لێپرسـراوی مەڵبەنـدی رێکخسـتنی سـلێمانیو (مامۆسـتا سـەلاحودینی موهتـەدی)و ژمارەیـەك لەئەنـدامانی سـەرکردایەتیو وەزیـرە بـەڕێزەکانی حکومـەتی هـەرێمو نوێنەرانی حزبو رێکخراوە سیاسیو پیشەییەکانی کوردستانو نوێنەرانی مەکتەبـەکانی (ی.ن.ك)و کەسـایەتیو رونـاکبیرو هەڤاڵـە دێرینـەکانی کۆمەڵەو میوانێکی زۆرو بەبەشداری (٥٨٢) ئەندام کـۆنگرە ئامـادەیبوون, سـەرەتا هـەڤاڵ (سـەمەد محەمـەد) سـکرتێری کۆمەڵـەی خوێنـدکاران بەوتەیەکی بەخێرهاتن کۆنگرەکەی کردەوە, پاشان هەڤاڵ (مەلابەختیار) لێپرسـراوی مەکتـەبی رێکخـراوە دیموکراتیـەکان وتەیـەکی کـورتی پێشکەشکردو داوای لەهەڤاڵ (مام جەلال) کـرد کـە بەوبۆنەیـەوە وتارێك پێشکەش بکاتو تێیدا رێنماییەکانی خۆی لەمەڕ ئەرکی نوێی ئەم قۆناغە نوێیە بەخوێندکاران بڵێت.

ئینجـا بـەڕێزی وتـارێکی پێشکەشـکردو لەسـەرەتاوە پیرۆزبـایی کۆنگرەکەی کرد, کە لەئانوساتو هەلومەرجێکی گونجاودا دەبەسترێت. هەڤاڵ (مام جەلال) لەوتەکەیدا جەختیکردەوە کە خوێندکاران لەکۆمـەڵی وەکو کوردەواریی ئێمەدا, لەدنیای سێیەمدا, بایـەخو کاریگـەری تایبـەتی خۆیان هەیە, وتیشی: دەبێت بـزانین کـە خوێنـدکاران گرنگـی تایبـەتیان هەیە هەم لـەکاری خۆیانـدا, هـەم لەخوێندنـدا, هـەم لەهێنانـەدی کـادری کارامەی پێویستدا بۆ گەشـەپێدانی هـەموو لایەنـەکانی کۆمـەڵ, هـەمیش لەرێبەریی خەباتی سیاسیو وشیاریی و کۆمەلایەتیدا.

دواتر بەڕێز (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوتەیەکدا وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بۆ بەشداریکردنی لەکۆنگرەدا وتی" کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان قوتابخانەی خەباتو لەخۆبوردوویی‌و خۆبەختکردنە لەپێناو وڵاتو نیشتمان.

هەروەها پاش ئەمانە هەریەك لەبەڕێز (د.شەونم عبدالقادر) وەزیری پەروەردەو بەڕێز (د. نزار) بەناوی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی‌و بەڕێز (موسا ئەحمەد) سکرتێر یەکێتیی قوتابیان بەناوی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە خوێندکاری‌و قوتابیەکان‌و بەڕێز فەرەیدون دارتاش سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندان بەناوی بۆردی ڕێکخراوەکان وتەیان پێشکەشکرد.

جێی ئاماژەبۆکردنە لەکۆتایی دانیشتنی یەکەمدا پیرۆزبایی حزب‌و لایەن‌و ڕێکخراوە پیشەیی‌و جەماوەریەکان خوێنرایەوە.

پاشان دانیشتنی دووەمی کۆنگرە دەستیپێکرد، کە تەنها ئەندامانی کۆنگرە لەهۆڵەکەدا مانەوە بۆ بەڕێوەچون‌و دەستکردن بەکاروبارەکانی کۆنگرە.

لەسەرەتادا کۆنگرە بڕیارو بەرنامەی کۆمەڵەی گرتەدەستو هەموو پلەیەکی ڕێکخراوەیی لەکادرانی وەرگرتەوەو هەڵیوەشاندەوە تا تەشکیلەی نوێی کۆمەڵە.

دواتر لیژنەیەکی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بۆ سەرپەرشتیکردنی لیژنە لاوەکیەکان‌و ڕاییکردنی کارەکانی کۆنگرە لەچەند هەڤاڵێکی دێرینی کۆمەڵە پێکهات کە ڕۆژگارێك کادری پێشکەوتووی ڕێکخراوەکە بوون.

پاش ئەوە چەند لیژنەیەك دروستکرا: لیژنەی پەیڕەو (بۆ تاوتوێکردنی خاڵ‌و بڕگەکانی پەیڕەو پێشنیارکراو بۆ کۆنگرە)، لیژنەی پرۆگرام (بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆگرامی پێشنیارکراوی کۆمەڵە) لیژنەی نوێنەرایەتی (بۆ دانانی بەرنامەیەك لەپێناو باشتر ڕاییکردنی کاروبارەکانی لیژنەکانی نوێنەرایەتی زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکان‌و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی)، لیژنەی کاروباری کچان (بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو لەپێناو هێنانەناوەوەی ڕەگەزی مێ لەناو توێژی خوێندکاراندا بۆ نێو کایە مەدەنی‌و پیشەیەکان‌و بەشداریپێکردنی لەبوارو ناوەندە جیاجیاکاندا)، لیژنەی ڕاسپاردەکان (بۆ پێشنیارکردنی

چەند خاڵێك تا بـەدەنگی زۆرینـەی ئەنـدامانی كـۆنگرە ببێتـە راسـپاردەو بڕیاری چوارەمین كۆنگرە).

هەروەها كاروبـاری هەریـەك لـەو لیژنانـە جیـاو بەسەرپەرشـتی جیـاو لەشـوێنی جیـا بەڕێوەچـوون, بـەو واتایـەی هـەر لیژنەیـەك لەجێگایـەكی دیاریكراوو بەئامادەبوونی بەشێك لەئەنـدامانی كـۆنگرە گفتوگـۆی لەسـەر بابەتەكەی خۆیدەكرد, چـونكە هـەموو لیژنـەكان لەیەككاتـدا كارەكانیـان جێبەجێدەكرد, كە ئەمەش شـێوازێكی تاڕادەیـەك نوێبـوو, لەبەرئـەوەی هەم زۆر ئیشی لەكۆڵ لیژنـە سـەرەكیەكە دەكـردەوەو هـەمیش كـاتی بـۆ كــۆنگرەو گفتوگــۆ گشــتیەكانیدەگەڕاندەوە, بۆئــەوەی لەدواییــدا لەخســتنەدەنگدانی هــەركام لــەخاڵو بڕگــەكانی هەریــەك لــەو بابەتانــە زۆرترین تێگەیشتنی بۆ هـەبووبێت, بـۆی دوا تـەواوكردنی كارەكـانی ئـەو لیژنانـە, لـەهۆڵی كـۆنگرەو بـەئامادەبوونی سـەرجەم ئەنـدامانی كـۆنگرە پوختــەی ئــەنجامی هــەموو لیژنــەكان خوێندرایــەوەو خــاڵ بــەخاڵو بڕگەبەبڕگـە دوا وتوێـژو راوبۆچـوونی دیكـە (ئەگـەر هـەبووبێت) دەخرانـە دەنگدانەوەو دواتر جێگیردەكران.

كە دەبێ بوترێ تیایاندا دیالۆگی جدی لەمەڕ ئیشوكاری رێكخراوەیـی لەكوردستانو ئەركی فەلسەفەی خوێنـدنو دامـاڵینی بەرگـە بۆگەنـەكانی وەك بەعسیزم لەو میتۆدو فەلسەفەیە كرا.

هەروەها تاوتوێی كارو گوتـاری ئاینـدەی كۆمەڵـەو دووپـاتی خـەباتی ئەم قۆناغە كرایەوە لەپێناو خوێندنی هاوچەرخدا.

هەروەك چۆن جەخت كرایەوە لەسەر گرنگیدان بەخوێندكارانی ناوچـە تازەئازادكراوەكـانی كوردسـتان بـەبێجیاوازی رەگـەز, نەتـەوە, بـیروڕای سیاسی, ئاینو مەزهەب, لەگەڵ بایەخدان بەدەزگا پەروەردەییـەكان لـەو دەڤەرانەدا.

جێی ئاماژەبۆكردنە كە زۆر لە راكانی تـری لێدروسـت دەبـوو (هـاوڕا/ دژەرا) بەمـــەش كەشــێكی جــوانی دیــالۆگی ئازادانــەی لـــەناو كۆنگرەدادروســتكردبوو, كــەوا زۆر لــە ماددەكــان هەڵوەســتەی جــدی لەسەركرا, ئینجا دەنگی لەسەردراو چەسپێنرا.

بۆنمونە گفتوگۆیەکی زۆر لەمەڕ ئەوەدەکرا کە ئایا یەکێك قۆناغـەکانی خوێندنی تەواوکردبێت بۆیهەیە لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا بمێنێتەوە؟

یـاخود دیـالۆگ کـرا لەسـەر ئـەو خوێندکارنـەی کـە پەیمانگایـەك یـان کۆلیــژێکیان تــەواوکردووەو ئێســتا لەکۆلێــژێك یــان پەیمانگایــەکی تــر دەخوێنن, ئایا بۆیان هەیە خۆیان بـۆ سـەرکردایەتی ڕێکخراوەکـە کاندیـد بکەن یان نا؟ کە لەمەشیاندا پاش وتوێـژی زۆرو وەرگرتنـی رای جیـاوازی ئەندامانی کۆنگرە, ڕێگە بەو خوێندکارانەش درا.

هەروەها خاڵێکی دیکە کە دەتوانین بڵـێین چـوارەمین کـۆنگرە ئیشـی زۆری لەسـەرکرد, مەسـەلەی کردنـەوەی نووسـینگەی سـکرتاریت بـوو لەشاری کەرکوكو هەولێر, کە ئەمەش بۆچوونی جیا و بەجێی لەخۆگرتو ئەندامانی کۆنگرە بە راکانیان بەرگریان لەگفتوگۆکە دەکردو کەشـەکەیان جوانتر دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی کردنـەوەی لقـی زیـاتر لەناوچـەکانی کـەرکوكو دهـۆكو هەولێریش بەهەمان شێوە بوە جێگەی دیالۆگی ئەندامانی کۆنگرە.

دوابــەدوای ئەمانــەش کــۆنگرە بــەکۆی دەنــگ بڕیــاری کردنــەوەی نوسینگەیەکی سکرتاریەتی کۆمەڵەی دا لەشاری کەرکوك.

هەروەها بڕیاریدا ناوچەکانی کەرکوكو دهـۆكو هـەولێر بـۆ کارئاسـانی کاروباری ڕێکخراوەیی لقی پتریان تێدابکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کۆنگرە داوایکرد هەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی خوێنـدکاران لەمســاڵی خوێندنــەوە ســەرجەم ناوچــەکانی کوردســتان بەناوچــە ئازادکراوەکانیشەوە بگرێتەوەو سەرتاسەریی بێت.

بڕیاریشـیدا وەك سـەرەتایەکی تـازەو پیـادەکردنی نـەریتێکی جـوانی دیموکراسیانە سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەت لەناو کۆنگرە هەڵبـژێردرێن کە لەناویانـدا یەکـەمین دەنـگ ببێتـە سـکرتێر, هـەروەها بەرپرسـی لـقو ئەندامانی لقەکان لەکۆنفرانسی لقەکانو لەنا ئەنـدام کۆنگرەکـانی خۆیـان بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو هەڵبژێردرێن.

دیارە ئەمەش هەلێکی جوانو ڕێخۆشکەرە بۆ هاتنەپێشـەوەی کـادری ماندوو و ژیر, چونکە لـەم شـێوازەدا تـەنها ئەنـدام کۆنگرەکـانی لقـەکانی خـۆی هەڵیدەبـژێرنو ئەنـدام کۆنگرەکـانی لقـەکانی دیکـە کـە ڕەنگـە تـا ئەودەمە نەیانبینیبێ یان نەیانناسیبێ تەحەککوم بەمەوە ناکەن.

دوابـەدوای دانیشـتنەکانی کـۆنگرەو تـەواوبوونی کارەکـانی سـەرجەم لیژنەکانیش, بەچاودێری دادوەر عەبدولرەزاق ئەحمەد عەبـدوڵڵا پرۆسـەی هەڵبژاردنی سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەت, ئەنجامـدرا کـە لـەکۆی (١٨) کاندید (١١) هەڤاڵ متمانەی ئەندامی سکرتاریەتیان پێبەخشرا, لەناویاندا هـــەڤاڵ (فـــەهمی بورهـــان عومـــەر) بەیەکـــەمین دەنـــگ بـــوو بەسکرتێریکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.

هـــەروەها دەســـتەی تازەهەڵبـــژێردراوی مەکتـــەبی ســـکرتاریەت بەمشێوەیە متمانەیان وەرگرت:

- فەهمی بورهان عومەر ٣٤٩ سکرتێر.
- چیمەن عوبێد ئیسماعیل ٣٣٢ ئەندامی سکرتاریەت.
- زانا عەبدولکەریم ٣٠٥ ئەندامی سکرتاریەت.
- شەم نادر کاکەیی ٢٩٥ ئەندامی سکرتاریەت.
- جەزا قادر محمود ٢٨٢ ئەندامی سکرتاریەت.
- عوبێد رەسول محمد ٢٦٧ ئەندامی سکرتاریەت.
- هۆگر جەعفەر جەمیل ٢٦٦ ئەندامی سکرتاریەت.
- ئەرکان رەئوف عەزیز ٢٤١ ئەندامی سکرتاریەت.
- ماکۆك مەحمود عوسمان ٢٣٠ ئەندامی سکرتاریەت.
- کاروان حەمەسدیق ٢٠٩ یەدەگ سکرتاریەت.
- محەمەد شیراز ٢٠٧ یەدەگ سکرتاریەت.

جێـی ئاماژەبۆکردنـە چـوارەمین کـۆنگرەی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لەزەمینەیەکـدا بەڕێوەچـوو کـە رژێمـی دیکتـاتۆری سـەدام بـەروخان کۆتاییهـاتو گـەلانی عێـراق دوای چـەند سـاڵ ژێردەسـتەیی بـەئازادی شـادبوون, لەونێوەندەشـدا هـەرێمی کوردسـتان بەکـەرکوك‌و خانـەقین‌و ناوچـەکانی تـر شـادبویەوە, بۆیـە کۆمەڵـە لـەو کۆنگرەیـەدا بەتێڕوانینێکی ترەوە گوتاری خۆی بۆ خەباتی دیموکراسی ئاڕاستەکرد.

## کۆنگرەی کیمیایی و فیزیایی

ڕۆژانی (١٦-١٧ / ١٠ / ٢٠٠٣) لەهۆڵی (دیالۆگ)ی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیـیەکان" کیمیـاییو فیزیاییـەکان یەکـەمین کۆنگرەیـان بەسـت. کۆنگرەکـە, زەمینەسـازی بـۆ کرابـوو کـە لـەباری بەرنامـەو پـەیڕەوی نـاوخۆوە, کـاتی کـۆنگرەو بەشـداربوانیەوە, گیروگرفتـی نـەبێ. دووڕونـزیکیش, دەسـتێوەردانی حیزبایـەتی لـەدەوری کۆنگرەکـە نەخولایـەوە. کارەکـانی بەئاسـایی ئەنجامـدران هـەتا هەڵبـژاردن. لـەپڕ, لەنێوان دوو کـادری کۆنگرەکـەدا, دەمـەقاڵێ پەیـدابوو. هـۆڵی کـۆنگرەی شێواند. دوای لێکۆڵینەوە, دەرکەوت خوشـکێکی ئەنـدامی کۆنگرەکـە بـۆ دەسـتەی بـاڵاش هەڵبـژێردرا, بەکۆنـە قـین, قینـی بەرامبـەر خوشـکە هەڵسوڕاویکی چالاکی کیمیاییو فیزیاییەکان هەڵڕشتووە. ئەم کـارە, دوو مانگ کاری کردە سەر ڕەوشـی کارەکـانی کیمیـاییو فیزیـایی. لەمەشـدا, سەلمێندرا کە حاڵەتی دەرونیو کێشـەی تایبـەتی, لای نێـرو مێـی کـورد, هێنـدە کاریگـەرە, تەنانـەت هەڵچـونی وای ناپەسـەند, لـەناو هـۆڵی کـۆنگرەش, لەبەرچـاوی ئـەو هـەموو نوێنـەرەش, دەوروژێنـێ. ئەمـەش دەریدەخا کەوا:

کولتوری دیموکراسیو مەدەنی تاکی کورد, تەنانـەت لەکاتێکدا لـەناو کۆنگرەیەکـدا, سـەریش دەکـەوێ, هـەر کولتـورێکی لاوازە, ڕقو ڕقەبەرایـەتی, بەسـەر ئـازادیو دیوکراسـیدا, لەبـەر گرفتـی تایبـەتی, زاڵدەکرێ, ئەمەش لەناو توێژێکی خوێندەواردا وایە, ئیتر بۆ نەخوێنـەوار دەبێ بزانین چۆنە؟!

تێبینی: سەرەنجامی هەڵبـژاردنی ئازادانـەی کۆنگرەکـە, کاندیـدەکان بەم ڕێژەییەی خوارەوە متمانەیان وەرگرت:

| | |
|---|---|
| ١- عزیز | ١٠١ دەنگ. |
| ٢- کلثوم رسول | ٩٢ دەنگ. |
| ٣- ئومێد اسماعیل | ٩٤ دەنگ. |
| ٤- کەژاڵ سەعید | ٨٢ دەنگ. |
| ٥- منیرە عبدول | ٧٦ دەنگ. |
| ٦- صلاح قادر | ٦٣ دەنگ. |
| ٧- گەیلان حکمت | ٦١ دەنگ. |
| ٨- گوڵشەن عمر | ٦٠ دەنگ. |
| ٩- هیوا صالح | ٥٧ دەنگ. |

هەریەك لەبەڕێزان خاتوو نەسرین محمـود و کـاوە مسـتەفا بەئەنـدامی یەدەگی دەستەی باڵا دەرچوون.

# حەوتەمین فێستیڤاڵی
# بنکەی ئەدەبیو رۆناکبیریی گەلاوێژ

٢-٧ /١١ / ٢٠٠٣
سلێمانی- سەنتەری گەنجان
-هۆڵی دیالۆگ

بەئامادەبوونی بەڕێز (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەڕێز (مەلابەختیار) لێپرسراوی رێکخراوەدیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)و چەند لێپرسراوی حیزبیو حکومیو ئەدیبو نوسەرانی سەرجەم کوردستانو چەند نوسەری عەرەبو جەماوەرێکی زۆر لەهۆڵی (سلێمانی - سەنتەری گەنجان) رۆژی یەکشەممە (٢٠٠٣/١١/٢) حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدروشمی (دیموکراسی راستەقینە دەستەبەری ئازادای ویژدانە)) سازکرا" دوای بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان, وتاری بنکەی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژ لەلایەن مامۆستا رەئوف عوسمان سەرۆکی بنکەی گەلاوێژ بەزمانی عەرەبی خوێندرایەوە, لەو مەراسیمەدا هەریەك لەبەڕێزان (د.بەرهەم) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو کاك (مەلابەختیار) وتاریان پیشکەشکرد, دوای خوێندنەوەی چەندین بروسکەی پیرۆزبایی وتاری یەکێتیی نوسەرانی عێراق لەلایەن (علی حسن فوان)ەوە خوێندرایەوە, هەروەها وتاری شاندی نوسەرانی ئێران لەلایەن (د. روئیای تەلوعی) پیشکەشکرا, شیاوی باسە هەر لەم مەراسیمەدا هەریەك لەم شاعیرانە وەك میوانی فێستیڤاڵ شیعریان خوێندەوە. سورەییا حیسامی بەزمانی فارسی, ناهیدی حوسەینی, کۆسار کەمال پیرۆت بەزمانی کوردی, بەڕێز (حسن راضي) بەزمانی عەرەبی بەشێك لە قەسیدەیەکی پیشکەشکرد.

سەرلەئێوارەی هەمان رۆژو هەر لەو هۆڵەدا ئەم بەڕێزانە دوو بابەتی گرنگیان خوێندەوە کە وەك میوان بەشدارییان کردبوو (د. کەمال مەزهەر

ئەحمەد) بابەتێکی بەناوی (ڕۆژنامەوانی وەك سەرچاوەیەکی مێژوی ڕەسەن) پێشکەشکرد، بەڕێز (مەلابەختیار) بابەتێکی بەناوی (روناکبیرو پەیامی نەتەوەییو پەیمانی مرۆڤایەتی) پێشکەشکرد، م. ڕەئوف عوسمان ئەو دیدارەی بەڕێوەبرد کە بۆ ئەو دوو بەڕێزە تەرخانکرابوو لەژێر ناوی دیداری (شوکور مستەفا) بۆ لێکۆڵینەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی لەهۆڵی (دیالۆگ) دیداری (د. عەلی وەردی) بۆ لێکۆڵینەوە بۆ چەند نوسەرێکی عەرەب کە وەك میوان بەشدارییان کردبوو و دەستیپێکرد، بەڕێوەبەری کۆڕ بەڕێز (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) ئەم بەڕێزانە بەم بابەتانە میوانداریيان کرابوو"

١- د. مالك المطلبي (القصة الكردية: مقتربات اللغة السردية).
٢- فاضل شامر (بنية اللون بوصفها بنية استعارية في شعر شێرکۆبێکەس).
٣- سعيد عبدالهادي (الشعرية الانثوية والخيال الذكوري).

سەرلەئێوارەی هەمان ڕۆژ، بەڕێز فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر) وتارێکی بەناونیشانی (سەرهەڵدانی چینی بۆرجوازی لەسلێمانیدا ١٨٢٠ - ١٩٢٠) وەك میوان پێشکەشکردو بەڕێز (ئازاد توفیق) کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد.

لەدرێژەی چالاکیەکاندا ڕۆژی سیشەممە (٢٠٠٤/١١/٤) سەرلەبەیانی لەدیداری شەهید (مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی) ئەم بەڕێزانە دوو لێکۆڵینەوەیان پێشکەشکرد.

١- ناسر باباخانی (ئەو کەون بوو - دابڕانێك لەچیرۆکی ئیستای کوردی) کە لەجیاتی ئەو، برای بەڕێز سەلاحەدین ئاشتی خوێندیەوە.
٢- سابیر ڕەشید (میتارۆمان لەئەدەبی کوردیدا - ڕۆمانی کاولاش-ی عەبدوڵڵا سەراج وەك نموونە) خوێندەوە.

هەرلەهەمان ڕۆژدا مامۆستا کەمال غەمبار کورتەیەکی لەبابەتەکەی خوێندەوە کە بەناونیشانی (بونیاتی وێنەیی لەشیعری نوێی کوردیدا)بوو.

بۆ ڕۆژی دواتر دیداری شاعیران (هێمن - سیاب) بۆ شیعر دەستیپێکرد هەریەك لەم بەڕێزانە شیعرییان خوێندەوە.

[لـەیلا سـالّحی – بۆکـان – لـەبری ئـەو فەوزیـەی سـولّتانبەگی خوێندیـەوە– شـێروان ئیـبراهیم حەیـدەری– هـەولێر– دانـا عەسـکەر – کەرکوك – کاوە تەها (سلێمانی) – موحسین ئەدیب (سلێمانی) – بەیانی عەزیزی (سنە)– غەمگین کۆساری (سلێمانی) ].

سەرلەئێوارەکەشی پێش ئەوەی دیداری شاعیران (هـەردی – شـاملۆ) دەسـتپێبکات, خەسـرەوجاف بابـەتێکی بەناونیشـان (کـوردو خـەیام نەناسین) پێشکەشکردو لەدواجاردا ئەم بەڕێزانە شیعریان خوێندەوە:

[یـونس رزایـی (بۆکـان), ئـاری عەبـدول لـەتیف, ژوان ئـاوارە – سەلاحەرەش – رۆژ هەڵەبجەیی (سلیمانی) – قاسم شـێروان (هـەولێر) – برهـان ئەحمـەد (کـەرکوك)], بـەڕێز (حەمیـد بانـەیی) ئێوارەکۆڕەکـەی بەڕێوەبرد.

رۆژی پێـنج شـەممە (٢٠٠٣/١١/٦) سـەعات (١٠)ی سـەرلەبەیانی لەدیداری (جگەرخوێن – معین بسیسو) بۆ شـیعر ئـەم بەڕێزانـە شـیعریان خوێندەوە [دلّزار حەسەن (هەولێر) – بابان حمـە (سـلێمان) – رەحمـان موحسین زادە (مەریوان) – شاخەوان عەلی (سـلێمانی) – عەبدولڕەحمان عەلی (سلێمانی)] هەروەها چەند شاعیرێکی میوان لەدەرەوەی فێسـتیڤاڵ چەند پارچە شیعرێکیان خوێنـدەوە لەوانـە: [شـەریف مـورادی – هاشـم سەراج – ئـەنوەر مەسـیفی – کرمـانج هـەرکی – رۆزا کـەمالی ئـەمینی – شـەرمین نەقشـبەندی, کۆڕەکـەش لەلایـەن (ناهیـدی حوسـێنی) خانمـە شاعیری رۆژهەڵاتی کوردستان, بەڕێوەچوو..

سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ لەدیـداری چیرۆکنووسـان: (فوئـاد تـەمۆ – صـادقی هیدایـەت) بـۆ چـیرۆك بـەم بەڕێزانـە چـیرۆکیان خوێنـدەوە: [(ئەحمەد محەمەد ئیسـماعیل – ناسـری وەحیـدی – محەمـەد کـەریم – نەجات نوری)].

بۆ رۆژی هەینی کە دوارۆژی فێستیڤاڵەکە بوو, سەرلەبەیانیەکەی ئـەم بەڕێزانـە چـیرۆکیان خوێنـدەوەو دیدارەکـەش نـاوی لێنرابـوو (مـوکری – جەلیل قەیس):

١– سەمەد ئەحمەد. ٢– عەزیزی محەمەد پور. ٣– حەسەن نازدار.

هەر سەرلەئێوارەی هەمان ڕۆژ پێش ئاهەنگی کۆتایی فێستیڤاڵ بەڕێزان: (سەلاح موهتەدی, مەلابەختیار) وتارێکی گرنگیان خوێندەوە, دواتر بەسرودی ئەی ڕەقیب کۆتای بەفێستیڤاڵەکە هات, خەڵاتەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەمشێوەیە بوو..

**خەڵاتی شیعر:**

- خەڵاتی یەکەمی شیعر بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ, درا بەهەریەك لەم دوو بەڕێزە: (ژوان ئاوارە — موحسین ئەدیب).
- خەڵاتی دووەمی شیعر بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵ درا بەهەریەك لەم سێ بەڕێزە: (ئاری عەبدول لەتیف, سەلاحە ڕەش, برهان ئەحمەد).

لیژنەی هەڵسەنگاندن بریتیبوون لە (قوبادی جەلیزادە, فەرید زامدار, عەبدوڵلا قەرەداغی) بەڕێز عەبدوڵلا قەرەداخی وتاری لیژنەی هەڵسەنگادنی شیعری خوێندەوە.

**خەڵاتی چیرۆك:**

- خەڵاتی یەکەمی چیرۆك بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ, درا بەهەریەك لەم دوو بەڕێزە: (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل, سەمەد ئەحمەد).
- خەڵاتی دووەمی چیرۆك بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ, درا بەم سێ بەڕێزە: (محەمەد کەریم, ناسری وەحیدی, عەزیز محمد پور).
- خەڵاتی سێهەمی چیرۆك بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ, درا بەم دوو بەڕێزە: (نەجات نوری — حەسەن نازدار).

لیژنەی هەڵسنگاندنی چیرۆك بریتیبوون لە (ئاکۆ کەریم مەعروف, ئەرخەوان, شیرین.ك) وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندن لەلایەن (ئاکۆ کەریم مەعروف)ەوە خوێندرایەوە.

**خەڵاتی لێکۆڵینەوە:**

خەڵاتی لێکۆڵینـەوەی حەوتـەمین فێسـتیڤاڵی گەلاوێـژ، درا بـەو چـوار نوسـەرەی کـە بابـەتیان لەفێسـتیڤاڵدا پێشکەشـکرد، بـەڵام شـێوازی پلەبەخشینی نـەگرتبووەخۆ.. ئـەوانیش ئـەم بەڕێزانـە بـوون: (خوسـرەو جاف، کەمال غەمبار، سابیر رەشید، ناسر باباخانی) لیژنـەی لێکۆڵینـەوە بریتیبوون لـە: (فوئـاد مجیـد میسـری، شـاهۆ سـعید، جمـال حسـێن)، و بەڕێز (جەمال حسێن) وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی خوێندەوە.

شابەنی باسە بنکەی گەلاوێژ چەند خـەڵاتێکی تایبـەتی وەك رێزلێنـان لەماندووبونیان بەخشـیە چـەند نوسـەرێکی داهێنـەر، لـەبواری جیاجیـادا لەوانـە: [د. کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد، د. مالـك مطلـبي، د. عبـدالرحمن حاجی مارف، فاضل ثامر، فوئاد مجید میسری، شـێرکۆبێکەس، محەمـەد موکری، خوالێخۆشبوو (ژیلا حوسێنی)، هـەردی، کـەمال جـەلال غـەریب، مامۆستا جمال عبدول، شیرین.ك، ئاوات ئەحمەد، عـەزیز گـەردی، فوئـاد تاهر صادق، عەبدوڵلا کەریم محمود، رۆژنامەی بەدرخان..هتد ].

دیارە بنکەی ئەدەبیو رونـاکبیریی گەلاوێـژ وەك لـە پـەیڕەوپرۆگرامی خۆیـدا هـاتووە، کـە سـاڵانە ئـەو بۆنەیـە برەخسـێنێ، سـەرەتا دەبـێ ئەوەبزانین لەچوارەمین فێستیڤاڵدا بڕی (١٠٠٠٠٠) سـەد هـەزار دینـار وەك خەڵات بۆ هەر سێ بواری (شیعر، چیرۆك، لێکۆڵینەوە) تەرخانکرا، لەبـەر سەرکەوتوویی پرۆسەکە پێنجـەمینو شەشـەمینو ئـەمجارەش حەوتـەمین فێستیڤاڵ بەسەرکەوتویی بەڕێوەچوو، لەگەڵ چەند سەرنجێکدا:

١) فێسـتیڤاڵی ئەمسـاڵ لـەڕووی دەقـی شـیعرو چـیرۆكو لێکۆڵینـەوە بـەمجۆرە بـوو (٩١ دەقـی شـیعر)، (٣٦ دەقـی چـیرۆك)، (١٦ لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر).

جگە لە شیعر کە هەمیشە بەباشو خراپەوە نوسەرو جـەماوری خـۆی هەیـە، بـەڵام بەشـداری چـیرۆكو لێکۆڵینـەوە لـەم فێسـتیڤاڵەدا رووڵەکزیبوون!!

٢) دانانی لیسـتی (پلـەوپێودانگ) بەڕاسـتی گـەورەترین گرفتـە! سـێ فێسـتیڤاڵە کـاری پێدەکرێـت، ئەگـەر سـەیری ئـەم پلەوپێودانگـە بکرێ، وەك پێویست هەقی خۆی نادرێت.

٣) پێشتر دەقە جوانەکان یاخود ئەگەر بکرێ هەموو دەقەکان تەرجەمە بکرێت بۆعەرەبی ئەگەر لەحاڵەتێکی وادا ویستمان نوسەری عەرەب بەشداریبکەن, چونکە گلەیی نوسەرە عەرەبەکان ئەوەبوو کە هیچ تێناگەن! , بەپێچەوانەشەوە ئەگەر نوسەرێکی عەرەب بەشداریکرد بەتایبەتی وەك ئەم فێستیڤاڵە" هەقە پێشتر بکرێت بەکوردی, چونکە بیرمان نەچێ نەوەیەك هەیە لەزمانی عەرەبی ناگەنو ئەگەر زمانی تریش هەبوو ئەوا بەپێچەوانەوە تەرجەمەبکرێت زۆر کارێکی باشە ! !

٤) تیمێکی راکەیاندنی بنکە هەبوایە چ بۆ گۆڤار یا بۆ ئەرشیف یا چاوساغێك بێت بۆ رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی تری راگەیاندن باشترە, هەندێ لە رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی وا هەبوو خۆشیان نەیاندەزانی لەگەڵ کێدا چاوپێکەوتن بکەن, ئەوەتا ئەو رۆژنامانە ماون بزانین پرسیارەکانیان چۆنە, بەڕاستی حەوت فێستیڤاڵە هەر یەك شت دووبارەو سێبارەدەکەنەوە. چاوساغێك یا زمانحاڵی فێستیڤاڵ هەبێت زۆر کاری باشتر دەکاتو لەگەرمەی فێستیڤاڵ رۆڵێکی یەکجار باش دەبینێ.

٥) لەفێستیڤاڵێکی ئاوادا دەکرێ دانیشتنی تایبەت سازبکرێ بەتایبەتی شەوان کە پێشتر بانگەوازی بۆبکری بۆنمونە: ئەمشەو ئەم نوسەرانە تەوەرێکی تایبەتیان هەیە, داوا لەئامادەبوان دەکەین کێ حەزدەکات" بۆیهەیە موداخەلەو پرسیار بکات.. و تەوەرەکەش دیارییبکرێت ئەوا زۆر باشە.

٦) ئەگەر گۆڕانکاریەك لەبەشداریکردندا هەبێت, لەوانەیە باشتربێت, بەتایبەتی لەو سێ بوارە کە بەڕاستی بۆخۆی قورسایی دروستدەکات, یاخود فێستیڤاڵ بۆئەوانە سازبدرێ کە ماون, ئەمەشیان رای هەندی لە نوسەرە بیرمان نەچێ ئەمساڵ هیچ موداخەلەیەکی ئەوتۆ نەکرا, چونکە کاتەکان یەکجار چڕکرابونەوەو بەشداری زۆربون.

## جیاوازیەکانی ئەم فێستیڤاڵە لەگەڵ ئەوانیتردا

١- هەرچەندە زوو بانگەوازی بۆکرا, بەڵام لەڕووی رێکخستنو ئامادەکردندا شایستەبوو.

٢- گلەییو گازندەی میوانەکان زۆر کەم بوونو زۆرتر خۆشحاڵ بوون.

٣- دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە (گەلاوێژنامە) زۆر کارێکی باش بوو, دەکرا پێشتر بیری لێبکرایەتەوەو رۆژانەش بوایە, بۆخۆی کارێکی یەکجار سەرکەوتووانە بوو.
٤- بوونی نامیلکەی (فێستیڤاڵ نما) کارێکی پەسەندبوو.
٥- خەڵاتەکان بەشێوەیەکی گشتی باش بوونو کەس گلەیی نەبوو و بۆڵەبۆڵیش نەدەبیسترا.
٦- هەموو دەقەکان ئاشکراکرانو هیچ گرفتێک لەنێوان لیژنەی ئامادەکارو بەشداربوانو لیژنەکان نەبوو.

لەکۆتایدا پێویستە ئاماژە بەدوو خاڵی گرنگ بکرێت:
یەکەم: ژمارەی میوانی بەشداروبو بریتیبوون لە:
- ٤٩ ئێران.
- ٢٢ هەولێر.
- ١٨ بەغداد.
- ١٣ کەرکوك.
- ٠٥ دهۆك.
- ٠٢ لقی کۆیە (بنکەی گەلاوێژ).
- ٠٢ لقی رانیە (بنکەی گەلاوێژ).

دووەم: دەستەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ بریتیبوون لە:
- (مەلابەختیار) سەرپەرشتی گشتی فێستیڤاڵ.
- لیژنەی بالای فێستیڤاڵ بریتیبوون لە: (رەئوف عوسمان, ئەرخەوان, کاوە حاجی عەزیز, عەبدوللا تاهیر بەرزنجی, ئازادتوفیق, سەلاحەرەش, عیرفان ئەحمەد).
سێهەم: ئەمساڵیش برای ئازیز [شۆرش رەشید — خەڵکی سلێمانیو پەناندە لەشاری (مالموێ)ی سوید, بڕی پەنجا هەزار دیناری کردە خەڵاتی فێستیڤاڵ. نمونەیان هەر زۆر بێ. گەرچی تا ئێسا کاك (شۆرش) تاقانەیە لەم بوارەدا.

## کۆنگرەی یەکگرتنی ڕۆژنامەنوسان

ڕۆژنامەنوسان ڕۆژانی (١٣-١٤-١٥/١٢/٢٠٠٣) لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامە ڕۆژنامەنوسیو دەستەبەرکردنی مافو گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان) کۆنگرەی یەکگرتنیان بەست. ئەم کۆنگرەیە, دوای (٩) ساڵ لەشەڕی ناوخۆو ساڵەها لە دووڵەتکردنی ڕۆژنامەنوسان دەبەسترێ.

کۆنگرەکە, پاش جۆرەها کۆبونەوەی هاوبەشو تاوتوێکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردیی لەنێوان هەردوولادا بەسترا. لەکۆبونەوەکاندا, ڕێکەوتون لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکەو لیستی هاوبەشو بەرنامەی هاوبەشو نەقیبی ڕۆژنامەنوسانیش. بەمەشدا, دەردەکەوێ کە کۆنگرەکە بەزۆری بۆ پیرۆزبایی‌لێکردنی بڕیارە پەسەندکراوەکانی کۆبونەوەکانی پێش کۆنگرەکە, بەستراوە. کە ئەمەش, خۆی لەخۆیدا, تاساندنی دەسەڵاتی کۆنگرەیە.

یەکگرتن.. کارێکی باشە. بەڵام باشتر وایە یەکگرتن لەسەر بنەمای دیموکراسی بێ. دیموکراسیش ئەگەر لەناو نوسەراندا جێبەجێنەکرێ, مەگەر (خوا! !) بەهانای هەڵبژاردنی باقی چینو توێژو ڕێکخراوەکانەوە بێ.

ئەم یەکگرتنە.. ناشێ بکرێتە نموونە بۆ یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکانی (مامۆستایان, ئەندازیاران, هونەرمەندانو.. تاد), بەڵام دەشێ وەکو تاقیکردنەوەیەك سەیری بکەینو چاوەڕوانی سەرەنجامی پێشکەوتنیشی بکەین. چونکە دروشکی سەرەکی کۆنگرەکە کە" (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامە ڕۆژنامەنوسیو دەستەبەرکردنی مافو گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان)ە. ڕەنگە بۆ (دابینکرنی مافو گوزەرانی ڕۆژنامەنوسان) تا ئێستا, تاڕادەیەك سەرکەوتوو بووبن" بەڵام بۆ ئازادییەکە, مەگەر لەمەودا! !

## هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ راپرسی

راپرسی.. مافێکی رەهای دیموکراسییە بۆهەموو گەلێكو چینو توێژو دەسەڵاتێك" ئەگەر ئەم مافە, بەجوانترین شێوە دەستەبەرنەکرێ, بێگومان دەیان گومانو پرسیار دەخریچتەسەر دیموکراسی.

یانی چی.. نەتەوەیەکی کارەساتبار بەچەندین دەوڵەتو, چەندین سیستەمو, چەندین دەستوری میللەتانی سەردەستە, ئێستا کە باشترین هەلی بۆ هەڵکەوتووە, بۆی نەبێ لەناوخۆیدا رای جەماوەرەکەی بپرسێ؟ یان ئاگای لەخۆی نەبێو لەپڕ لەپایتەختدا, چارەنووسی بنوسرێ؟!

گەلێك.. نەتوانێ خۆی رای خۆی بپرسێ, هەرگیز ئەو گەلە ناشتوانێ بەتوانای گەلەکەی, پێش بکەوێو بەخیتابی سەربەخۆیی, سەربکەوێ,

راپرسی.. جگەلەوەی رێبازێکی جەماوەری دیموکراسییە, متمانەپێکردنی گەلێکیشە بەویستی تاكو کۆی کۆمەڵەکەی. بەڵگەی زیندووی باشتر خەملینی هۆشی ناسیۆنالیستی ئەو گەلەشە.

هەلومەرجی ئێستا, باشترین هەلومەرجی بۆ بەکارهێنانی بڕیاری سیاسی کورد, بڕیارێك نەك تەنها حیزبە سیاسیەکانو دەسەڵاتەکان بۆیان هەبێ دیاریبکەن, بەڵکو جەماوەریش بۆی هەبێ دابەزێتە مەیدانی چارەی خۆنوسینی.

هەڵبەتە.. ئایدیای راپرسی یەکەمین جار نیە لەکوردستاندا باسبکرێ. پێشتریش باسکراوە. بەلام هەلومەرجی باسکرنی ئێستای, لەهەلومەرجەکای رابوردوو گونجاوترە. پێشتر وەکو راپرسی سیاسی ناو کۆمەڵ رەوتێکی سیاسی توندڕەو باسی لەراپرسی دەکرد, بەلام باسەکە مەرامی ئایدیۆلۆژی بەدواوەبوو. کە ئێستاش هەلومەرجی بابەتی خوڵقاوە بۆ راپرسی وەرگرتنەکە, کەچی ئەو لایەنە توندڕەوەی لەسەر راپرسی خاوکردۆتەوە. ئەمەش دەریدەخا کە ئەو لایەنانەی لەپەراوێزی روداوە سیاسیەکاندا هەڵوێست وەردەگرن, هەڵوێستەکانیان تەنها بۆئەوەیە کە بڵێین هەینو دڵسۆزترین لەهێزەکانی تر. دەنا کاتێك دێتەسەر مەیدانی کار, ئەوان دەکشێنەوە, ئامادەش نین لەکاتی تەنگانەدا, قوربانیەکیش بدەن.

ئێستا ئیتر ڕاپرسی دەکرێ. هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش نەك دژی نین, بەڵکو هاوکاریشیان دەکەن. وا هەڵمەتی تەوقیع کۆکردنەوەش لەسەرانسەری کوردستانو هەندەرانیش دەستیپێکرد. خۆپشاندانیش هەروا. لەهەمان کاتدا, لە مەجلیسی حوکمدا, مشتومڕ لەسەر دەستوری عێراقو دیموکراسیو فیدرالی لەعێراقدا دەستیپێکردووە. هێزەکان تێکرا سەرقاڵی ئەرکەکانیانن. هەڵمەتبەرانی ڕاپرسیش بەگەرمی خەریکن. جەماوەریش تەواو لەگەڵ پێداگرتنە لەسەر مافی چارەنوسی. هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش سوورن لەسەر مافی فیدراڵ.. ئەم ڕوداوانە, ڕوداوی تریشیان بەدواوەیە. کە بێگومان بەشی زۆری ڕوداوەکان لەقازانجی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان دەشکێتەوە. کەچی لەناو گەرمەی ڕوداوەکاندا, لەکاتێکدا زۆربەی هەرەزۆری کورد لەسەر هەستو ئامادەی هەڵوێستی ڕادیاکاڵیشن, ئا لەم کاتەدا دەبینین" ڕەوتو هێزە توندڕەوەکان, هەریەکەیان بەجۆرێ یان دژن یان بێهەڵوێستن:

- ئیسلامگەرا توندڕەوەکان. سەرقاڵی تیرۆرن.
- بانچەپە توندڕەوەکان.. هەر خەریکی سیاسەتی خەیاڵاوی دوژمنایەتی (بورژوا — ناسیۆنالیسیتن!!)
- پاشماوەکانی بەعس.. لە پیلانو تێکدانو ڕەشەکوژی نەکەوتون.
- ڕوناکبیرە بێ دەربەستەکانیش, هێشتا لەناو گێژاوی لاسایکردنەوەو بڕیاری دابڕاوی فەلسەفیو سیاسیدان.

ئەم ڕەوتانە جیاوازن لەیەكو پلاتفۆرمی جیاوازیشیان هەیە, بەڵام بنەمای هەستی ناسیۆنالیستی ڕزگاریخوازو پابەندی بونیادنانی ئەزمونی دیموکراسی, کوردایەتیو کوردستانی لاوازدەکەن. بەڵام ڕەوتی مێژوو, هەروەکو ڕوبارە سروشتیەکانی ناو سروشت, ئاقاری سروشتی خۆی دەبڕێو دووربێ یان نزیك, هەر بەدوائامانجی چارەی خۆنوسینی کورد دەگا. ڕاپرسیش.. کارێکی گرنگی مێژوویییە. ئەوەی لەگەڵی بێ ویژدانی خۆی ئاسودەو خزمەتێك پێشکەش بەگەلو نیشتمانەکەی دەکا" ئەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆش دژی بێ, بێگومان, باجی سیاسی یان باجی ویژدانی ئەم هەڵوێستەی لەناو کۆمەڵدا, هەردەدا!

## خولی بەرەو کۆمەڵی مەدەنی

ئـەم خولـە لـەرۆژی (٢١/١/٢٠٠٤) دەسـتـیپێکردو مـاوەی پێـنج رۆژی خایانـد, ئـــەم خولـــە لەلایـــەن رێکخـــراوی (کاوانتـــەرپارت)وە ســـازدراو پەیمانگای پـەروەردەی کۆمـەڵی مـەدەنی رێکخـراوی جێبـەجێکاری ئـەم پرۆژەیە بوو.

ئاڕاستەی گرنگ لەکردنەوەی ئەم خولەدا ئەمانەبوو..

١- گرنگیدان بە چەمکە فیکریەکانی کۆمـەڵی مـەدەنی بەشـێوەیەکی ئەکادیمی لەشێوەی چەند وانەیەکدا وترایەوە.

٢- گرنگیدان بەو باسانەی کە پەیوەستە بەکاری رێخراوەییەوە.

٣- هەوڵدان بۆ وشیارترکردنەوەی کادری رێکخراوەکان لەو دوو خاڵـە بەشـــێوەیەك کـــە پاشـــتر لەگەشـــەکردنی رێکخراوەکانیانـــدا سودیلـێببینن.

**خولەکە ئەم باسانەی لەخۆیگرتبوو:**

١) (تیۆرەکـانی کۆمـــەڵی مـــەدەنی) لەلایـــەن (جمـــال حســـێن)ەوە وترایەوە.

٢) (یاسـای رێکخراوەکـان) لەلایـەن (پـارێزەر چـێنەر علـی جـۆلا) وترایەوە.

٣) (ژنـانو رۆڵیـان لـەکاری رێکخراوەییـدا) لەلایـەن (ڤیـان مجیـد) وترایەوە.

٤) (گروپەکانی فشار) لەلایەن (مامۆستا شاهۆ سعید) وترایەوە.

٥) (مافی مرۆڤ) لەلایەن (مامۆستا سامان فەوزی) وترایەوە.

٦) (پـلانو نەخشـەی سـتراتیجی لـەکاری رێکخراوەیـدا) لەلایـەن (سۆزان محمد عارف) وترایەوە.

٧) (راگەیاندنی رێکخراوەیی) لەلایەن (ستران عەبدوڵلا) وترایەوە.

٨) (رۆشنبیرو دەسەلات) لەلایەن (هەلکەوت عەبدوللا) وترایەوە.
نزیکەی (٤٠) بەشداربوو بەشداری ئەم خولانەیان کردو سەرجەمیان لەئاستی سەرۆکی رێکخراو یان مەکتەبی سکرتاریەتو دەستەی بالای رییخراوەکانو ئەم بەشداربوانەش نوێنەرانی (٢٠) رێکخراوی جیاوازبوون.

کردنەوەی ئەم خولانە خۆی لەخۆیدا هەولدانە بۆ بەئاگاترهێنانەوەی کوردەواری لەبنەما گرنگەکانی کۆمەلی مەدەنیو روکردنە مەدەنیەتو بنەما فیکریەکانی بەدیهێنانی کۆمەلێکی تەندروستو ئاواتی تاکی کورد, کە ئەمەش لەسایەی کۆمەلێکی مەدەنیدا دەبێت. کە تێکرا تاکی کوردەواری لەچوارچێوەی مۆرالیەکی گشتیدا ئەرکو مافەکانیان یەکالا بکرێنەوە. ئەم کۆمەلەش لەرێگەی وشیارکردنەوەی کادرو هەلسوراوانی کۆمەلایەتیو رێکخراوەیی دەبێت, ئەم خولەش درێژکراوەی ئەو خولانەیە کە هەمووی لەخزمەت هۆشیاری کۆمەلەکەماندان.

شایەنی باسە لەکردنەوەی ئەم خولەدا, بەرێز (مەلا بەختیار) لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان, وتارێکی پێشکەش کرد, کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی رێکخراوەکانەوە, پیرۆزبایی بەستنی ئەم خولەتان لێ دەکەم, هیوادارم خولەکەتان ببێتە هاندەرێکی باش بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی نوێ بۆ کاروباری رێکخراوەکان, بۆ پێشەوەچوونی خەباتی دیموکراسی, خەباتی ئازادیخوازی, کە بە هەولێ ئێستا لە کلتوری سیاسیو لەناو کۆمەلو لەناو وولاتی ئێمەدا, ئەم کولتورە بلاوبۆتەوەو باسدەکرێ, لە راستیدا کلتورێکی تازەشە, بۆچوونی تازەو رێوشوێنێکی تازەیە.

لە کۆمەلێکدا نەک هەر لەباری سیاسیەوە داگیرکەرانی کوردستان مافی چارەی خۆنووسینیان نەداینێ, نەیان هێشت دەسەلاتمان هەبێت, نەیان هێشتووە دام و دەزگامان هەبێ, نەیانهێشتووە دەولەتمان هەبێت, نەیانهێشتووە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بیربکەینەوە بۆ گەلەکەمان, نەک هەر ئەمە, بگرە لە بوارەکانی تریشدا هەموو شتێك بە دەستی

داگیرکەرانەوە بووە, هەرچی توانایەك هەیە, هەرچی ووزەیەك هەیە, هەرچی ئەقلێكو داهێنانێك, هەموویان خستە ژێر دەستی داگیرکردنی خۆیان. تواناو داهێنانیان, وەکو سامانی کوردستان, تالآن کردین. ئیتر تاکی کوردو کوردەواری, خزمەتی بیری عێراقچی بەسەر کورد سەپێنرا, سەرەنجام وای لێهات نەك هەر خاکەمان داگیرکرا, نەوتمان برا, ئاومان دزرا, کشتوکاڵمان تالآن کرا, شار و شارۆچکە و دێهاتمان وێران کران, سەرەنجام وایلێهات کە ناخی ئینسانەکانی ئێمەش شێوا, لەمەش خراپتر ئەقڵی مرۆڤی ئێمە وێران کراوە, یەکێك لە ئاسەوارەکان کە کاریگەری داگیرکەر لەسەر ئێمەیە, بەتایبەتی داگیرکردن لەسەر دەستی حکومەتێکی دواکەوتووی وەکو حزبی بەعس, کە جگە لەدواکەوتن هیچی دیکەی لەباردا نەبووە. جگە لەبیری ناسیۆنالیستی دواکەوتوو, بیری شۆڤێنیەت, بەرهەمی تری نەبوو. ئاسەوارەکانی ئەو بیرە دواکەوتنە ئێستاش ماوەو ماوەیەکی تریش دەمێنێ. بەلآم داگیرکەری فەرەنسی وا نەبووە, داگیرکەری بەریتانی وا نەبووە, لەکاتی داگیرکردندا کوشتویانە, تالآنیان کردووە, بەلآم سەرەنجام کۆمەڵێك کلتووری باشیان جێهێشتووە. داوودەزگا, یاسا, ژیانی مەدەنی, کاری سیاسیو زانستیان جێهێشتووە. ئاسەوارەکانیان ئێستاش ماوە.

کێشەی گەورەمان ئەوەبووە داگیرکراوی داگیرکراو بووین, رژێمی عێراق, سیستەمەکانی عێراق, دەوڵەتی عێراق خۆی دەوڵەتێکی ژێر دەستەی دوڵەتانی کۆنیالیستی بووە, دوای جمهوریەتیش دوای ١٩٥٨یش ئەم رژێمانە نەیانتوانی ببنە هێڵی سێ لەنێوان دنیای سەرمایەداری و جیهانی سۆسیالستیدا. بە درێژایی مێژوو لە ساڵی ١٩٢١ەوە تاکو ئێستا ئێمە داگیرکراوی داگیرکراو بووین, ئەمەش وەکو ئەوە وایە, سواڵ لە سواڵکەر بکەی, سواڵکەر خۆی چیە تاکو سواڵی لێ بکەیو چاوەڕێش بی تێرت بکا, کە سواڵ لە سواڵکەر دەکەی, بێ گومان ناتوانی بە کولەمەرگیش بژی لەژێر دەستی" ئەوەندەی پێ بکرێ کەمترین بەشە سواڵی خۆییت دەداتێ.

شارەکانی کوردستان ئێستا داگیرکەر بەجێیهێشتوون, خۆشمان دەمانەوێ ئاوەدانیان بکەینەوە, هیچ شارۆچکەیەکی بە ١٠٠ هەتا ٢٠٠

ملیـۆن دۆلار بـۆ ئێمـە نابێتـەوە شارۆچـكەیەكی بـاش, بەشـێوەیەك كوردسـتانو شـارەكانیان وێـران كـردووە, نموونـەی هەرەدواكـەوتووی داگیركـەرن, ئـەم بەعسـیانە, دەوڵـەتانی عـەرەبی سـەری زمـان و بنـی زمانیـان دژایـەتی ئیسـرائیلە و ئیسـرائیل بـە دەوڵـەتی كـافری (مطلق)دەزانن‌و خوێنیان حەڵاڵ كردون. بەڵام نموونەیەك دەهێنمـەوە كـە دەیسەلمێنێ داگیركەرەكانی ئێمە لـە داگیركردنـی ئیسـرائیل خەتـەرناكتر بـوون, مـن خـەڵكی خانـەقینم, خانـەقینمان ڕزگـاركردووە, شـارەكانی تریشمان دیوە كە تازە ڕزگاركراوە, كە چووم بۆ خانەقین (٢٨)سـاڵ بـوو نەمبینیبوو, كە چوومەوە بڕواتان هەبێ هەتا یەك هەفتە ماتەمی دایگرتم, ئەمەندە شارێكی وێران بوو" ئەوەندە ناخۆشیم بینی, ئەوەندە كاولكـاریم بینـی, قـابیلی تەسـەور نـەبوو بـۆ مـن, چـونكە مـن شـارێكی زۆر جـوانم جێهێشتبوو, شارەكەم سەیرانگابوو, بەڵام چوومەوە شارێكی زۆر وێرانـە. سێ چـوار ڕۆژ دوای ئـەوە كـۆڕێكم بەسـت, قسـەیەكم كـرد لەكۆڕەكـەدا, دەمەوێت ئێستا باسی بكەم, لەوێدا گوتم: ئیسرائیل, لە جـەنگی (١٩٦٧) (سیناو تابا)ی داگیركـرد هـەتا سـاڵی (١٩٨٧) لـەژێر دەسـتی داگركـەری ئیسرائیل بوو, دواتر بە گفتوگۆ (سیناو تابا)ی لە ئیسرائیل وەرگیرایەوە, كە میسریەكان (تابا)یان وەرگرتەوە, جـوانترین هاوینەهـەواری دنیـا, كـە عالەم ڕووی تێدەكات (هاوینە هـەواری تابـا)یـە, یەكێكـە لـە سەرچـاوەی سامان و داهاتی دەوڵەتی میسر, ئەسڵەن دەسـتناكەوێ بچـی لـەوێ سـێ ڕۆژ چوار ڕۆژ بژی, ئیسرائیلی كافر (تابا)ی ئاوا جێهێشتووەو (بەعس)ی عـەرەبو موسـڵمانیش كـەركوكو خانـەقینی بـەوێرانی جێهێشـت, وەرە سەیری خانەقین بكە, سەیری كەركوك بكە بزانە ئوتێلێكی تیایە لە ئوتێل بچێ, جادەیەكی تیایە لە جادە بچێ, باخچەیەكی تیایە لـە باخچـە بچـێ, سەیرانگایەكی تیایە لە سەیرانگا بچێ, شوێنێك هەیە تـا منـاڵی بـۆ بـەری بـۆ ئـەوەی یـاری تیـادا بكـات, ئەمـە داگیركـەری دواكـەوتوو, ئـەوەیش داگیركەری پێشكەوتوو. بەقسەش بێ, ئەوان چیان تیا نەهێشـتۆتەوە لـە مەسەلەی پێشـكەوتن و (حریـە) و (ئیشـتراكیەت) و (وەحـدە).. ئەمـەش سەرەنجامەكەیەتی.

خراپتر لەوێرانکردنی شارەکان, وێرانکردنی ئەقڵەکانە. ئەقڵ کە وێران کرا خەتەرە. بۆ نموونە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت, لەئەقڵو مرۆڤی عێراقی دوای سەدامیان کۆڵیوەتەوە, لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژیو زانستی, دەرکەوتووە کە خەڵکەکە لەئازادی دەترسن. ئەوە یەکێکە لە گەورەترین گرفتەکانی خەڵکی عێراق کە ئێستا لە ئازادی دەترسن, لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە لە ئازادی دەترسن, ئەوە گەورەترین گرفتە بۆ ئینسان لە ڕووی نەفسیەوە" ئازادی ناوێ لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە, دەترسێ توخنی بکەوێ, ئەمە ئەقڵو ئەقڵیەتی وێران کراو بەدەستی بەعس. هەروەکو شاروشارۆچکەی وێرانکراو. وێرانکردنی ئەقڵەکە خەتەرترەو بیناکردنەوەی ئەقڵیش ئاڵۆزترو درێژخایەنترە. بەپارە شار بینادەکرێتەوە. بەلام بەپارەو لەماوەیەکی کورتی دیاریکراودا, ئەقڵ بیناناکرێتەوە. دەبێ ئیش لەسەر ئەو ئەقڵە بکەین کە چۆن جادەیەك چاك بکەین, چۆن سلێمانی پالاس چاکبکەینەوە, چۆن (١٨٦) باخچە لەناو شاری سلێمانی چاکدەکەین, پارکی ئازادی چاکدەکەین, بینایەی جوان جوان لە سەهۆڵەکە دەکەین. دەبێ بیریش لەوە بکەینەوە ئەقڵەکانی ئێمەش پێبەپێی گۆڕانکاریەکانی بیناسازی لەجادە و باخچە و بینایەی جوان, دەبێ گۆڕانکاری لە ئەقڵی ئینسانیش بکەین. تایبەت لەناوچە تازەئازادکراوەکاندا.

کە ئەقڵ پێشنەکەوت, جوانترین بینایەی بۆ بکەی, کە تێنەگەیشت ئەو بینایە بەشێکە لە ژیانی, بەشێکە لە کەسایەتی, بەشێکە لە سەربەستی ئەو, بەشێکە لە دەسەلاتی ئەو, بەشێکە لە ئازادی ئەو, بەشێکە لە خۆشیەکانی ئەو بینایە کە نەك خزمەت ناکا, بەڵکو لەماوەیەکی کورتدا, دیسان وێرانیدەکاتەوە. پێویستە گۆڕانو خزمەتو پێشکەوتن, لەباری مادیو لەباری مەعنەویەوە, هاوسەنگو هاوئاهەنگ پێش بخرێ. بۆیە ئەم جۆرە خولانە, ئەم جۆرە هەولانەی مەدەنیەت چەند بلاوبکرێتەوە لەناو کلتوری سیاسی ئێمە, لەناو کۆمەلو لەناو خەڵکی ئێمەدا, مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە کە جارێ زۆر زۆریش کەم هەوڵیان بۆدراوە. دەبێ کاری جدی بکەن, ئەوەندەی ئەم رێکخراوانە لەدەستیان دێ ئێمەش دەتوانین پشتیوانیان بکەین. لە کەناڵی

دەسەڵاتەوە دەستەبەری یاساو بنەمای یاساییان بۆ مسۆگەر بکەین, هەم لەباری ڕێکخراوەییەوە ئەوپەڕی ئازادیان بۆ دابین بکەین, بۆ ئەوەی بتوانن لەناو چین و توێژ و خەڵکی ئەم کۆمەڵە, ئەقڵ تا زوە پەروەردە بکەین. بۆئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەمڕۆ لە دوای بەعس بەدیهاتووە بەتەواوەتیو لەهەمووبارێکەوە پێش بکەوێ.

باشترین دەسەلاتی سیاسی سەرکەوتوو نابێ, ئەگەر باشترین کۆمەڵی پێشکەوتوو پەروەردە نەکاو باشترین خەڵکی پێشکەوتوو بەرهەم نەهێنێ. ئەگەر بێتو دەسەلاتی سیاسی دەسەلاتی مەدەنی نەدا بەکۆمەڵ, کەواتە ئەو دەسەلاتە دەسەلاتی کۆمەڵ نییە. دەسەلاتی دانەبڕاوی چارەنوسساز لەخەڵك تەنها سیستەمە دیموکراتیەکانە. خەڵکی لە هەر کۆمەڵێك کەم یان زۆر, لەملیارێکی ئینسانەوە بۆ کۆمەڵێکی بچووکی ١٥٠–٢٠٠ هەزار لە وولاتانی خەلیجدا, دەسەلاتەکەی خۆی باش دەناسێ, حزبە سیاسیەکانی ولاتانی پێشکەوتوو چەند دیموکراسی بن, هێشتا کەمینەیەکی خەڵك لە دەوری حزبەکان و دەسەلاتە دیموکراتیەکان کۆبوونەتەوە, زۆرینەی خەڵك لە دەرەوەی حزبەکان و دەسەلاتن, ئەم زۆرینەیە مافی هەیە, ئەم زۆرینەیە توانای هەیە, ئەم زۆرینەیە ئەقڵی هەیە, ئەم زۆرینەیە ئاستی هەیە, ئەم زۆرینەیە رەخنەی هەیە, ئەم زۆرینەیە پرۆژەی هەیە, ئەم زۆرینەیە پێشنیاری هەیە, ئەم زۆرینەیە تەنگوچەڵەمەی هەیە. گەر بوارەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ نەرەخسێ, بواری یاسایی, بواری کۆمەلایەتی, بواری خەباتی پیشەیی, بواری خەباتی ئازادی, بواری رەخنەگرتن, بواری کۆڕبەستن و قسەکردن لەسەر تەلەفزیۆن, رۆژنامە نووسین, ئەم بوارانەی بەچاکی بۆ نەڕەخسێنی, ئیتر ئەو زۆرینەیەی خەڵك ناخرێنە ناو پرۆسەی پێشکەوتنەوە, پێشکەوتن تەنها بەو دام و دەزگایانەی دەوڵەت کە دامەزراون نایەتەدی, لەناو کۆمەڵ دامو دەزگاکان بەشێکی ئەرکە مێژوویەکانی دامەزراوی دەوڵەتن بۆ پێشخستنی کۆمەڵی دواکەوتوو.

لە دەرەوەی سنورەکانی دەسەلاتی سیاسی, دەسەلاتی حزبی, دەسەلاتی دەزگاکان, ئیتر دەسەلاتەکانی تر دەستپێدەکات. ئەم دەسەلاتانە ئەگەر گرنگتر نەبن لە دەسەلاتی سیاسی, لە دەسەلاتی

دامودەزگاکان, هیچ کاتێك کەمتر نابن لەو دەسەلاتانە. پێکەوەش, لەدوائەنجامدا, ئەزمونی دیموکراتی پێك دێنن.

نمونەی ولاتانی زۆر گەورەو خاوەن تەکنەلۆژیای جەنگی بێوێنە, وەکو ئۆروپای رۆژهەلاتو سۆڤیەت, هەیە کە بەرگەی نەبوونی ئازادیو دەستەبەرنەکردنی کۆمەلّی مەدەنییان نەگرت. سەرەنجام لە ولاتێکی وەکو پۆلۆنیا, کرێکارێك راپەرینی رابەرایەتی کردو حکومەتەکەی روخاند. ئەو ولاتانە بەرگەیان نەگرت, ئێمە چۆن بەرگەی نەبوونی ئازادی دەگرین, گەر دیموکراتیو ئازادیخوازی راستەقینە نەبین. بەهیواین.. ئەزمونەکانی ژیانو تاقیکردنەوەی سیستەمە روخاوەکان فێریان کردبین, چی بکەینو چۆن پێشبکەوین.

رێکخراوە دیموکراتو مەدەنیخوازەکانیش, بێگومان رۆلّی بەرچاویان دەبێ لەو پرۆسە دیموکراسیو مەدەنیەدا. بەهیوای سەرکەوتنو سەرکەوتنی خولەکەتان.

<u>**تێبینی:**</u> لەهەمان خولدا, بەڕێز (مەلابەختیار) رۆژی (٢٥/١/ ٢٠٠٤). بابەتێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی (دیموکراسی وەك زەرورەتی مێژوویی.. مەدەنیەت وەك زادەی دیموکراسی).

## خۆپیشاندانی گرووپی سەربەخۆیی

رۆژی (٢٠٠٤/٢/١٤) گرووپی سەربەخۆیی کوردیی لەشاری سلێمانیدا, خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان ڕێکخستو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا, ئاپورەیان بەست. بەشی زۆری دروشمو داخوازییەکانی ئەم گروپەو ئەم خۆپیشاندانە, هەتا ئێستا حیزبە سیاسیە دەسەلاتدارەکانی کوردستان نەیانخستۆتە چوارچێوەی داخوازی سیاسی پێشکەشکراو بەمەجلسی حوکمی عێراقی. بەلام, وەکو دی, خۆپیشاندانەکە مۆلەتی رەسمی درایەو هێندەی ئاگاداریش بین, هەموو هاوولاتیەکو ئەندامانی حیزبەکانو ڕێکخراوە دیموکراتیەکانو سەندیکاکان سەربەست بوون لەبەشداریکردنی خۆپیشاندانەکەدا. ئەمەش نیشانەیەکی تری سەرهەلدانی سەرەتای رای گشتی کوردستانەو, سەرەتایەکی گەشی تێگەیشتنی سیاسی باشتری دەسەلاتی کوردستانیشە لەمافی رای گشتیو بیروڕای جیاوازی ئازاد.

بەدەر لەوەی خۆپیشاندانی وا چەند کاریگەرە و چەندیش کاریگەر نییە. بەلام بیرکردنەوەکەو بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەو دەستپێشخەری بۆ خۆپیشاندانەکە, لەباری ویستی مەدەنیانەی خەلکەوە, هاوشانی مەدەنیەکانی ترو ئازادی رای گشتی, کارێکی پەسەندو دلخۆشکەرەیە. رای گشتیو بیروڕای جیاوازو دەسەلاتی مەدەنیش لەناو گەلانی دونیادا, هەروا سەریهەلداوەو بەرەبەرەش, پەریسەندووە. بەهیوایین, ئەم تاقیکردنەوەش, لەسنوری خۆیدا, ئەزمونە دیموکراسیەکەمان دەولەمەند بکاو رای گشتی کوردستانو بیری ئازادیخوازیش, زاخاوی دیموکراسیانە بدا.

## ڕێکخراوی گەشە پێدانی دیموکراسی بەهاوکاری (A.B.F)ی سویدی, سێیەمین خولی بۆ پێگەیاندنی کادران کردەوە

٢/١٤ – ٢٠٠٤/٤/١٤

ئەم خولـەیان, تایبەتـە بـەڕێکخراوەکانی ژنـان, ئەمـەش یەکـەمجارە, ڕێکخراوی گەشەپێدانی دیموکراسیەت, خولێکی لەم جۆرە بکاتەوە, بەڵام بەداخەوە ناوەندی ڕێکخراوی هاوبەشی ژنانیش, وەك پێویست بەپیر ئـەم خولـەوە نـەهاتوون کـە تـەنیا چـوار ڕێکخراویـان بەشـدارییان تێـداکرد. بەبێ‌ئەوەیش بزانین, پاساوی بەشدارینەکردنەکیان چی‌یە؟

دیـارە مـاوەی خولەکـە دوو مـانگ دەخایـەنێ, ئـەم خولـە (٢٠) کـادر بەشـدارییان تیـاکردوە, کادرەکـان هـەموویان ئەنـدامن لـەڕێکخراوەکانی ژنان, ئەم خولە بـەهاوکاری ناوەنـدی هاوبەشـی ڕێکخراوەکـانی ژنـان کـە نەجیبەخان سەرپەرشتی دەکات دەست بەکار بوو.

ناوەندی ڕێکخراوی هاوبەشی ژنانیش پێکهاتووە لەکۆمەڵێك ڕێکخراوی ژنان.

ئەو ڕێکخراوانەی بەشدارییان کردوە لەخولەکەدا بریتین لە:

١) یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.
٢) کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.
٣) یەکێتیی ئافرەتانی سۆسیالیست.
٤) سازمانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە).

ئەو ڕێکخراوانەی دەعوەت بونو نەیانتوانی بەشداری بکەن

١- ڕێکخراوی ئاسودە.
٢- ڕێکخراوی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان.
٣- سەندیکای ئاریشتگاکان.

ماتەریالی خوێندن لەخولەکەدا پێکهات لە:

١) زانستی ڕێکخراوەییو دیموکراسی کۆمەڵگای مەدەنی.

٢) گەشەپێدانی زمانی ئینگلیزی.

٣) فێربوونی زانستی کۆمپیوتەر.

محازەرەکانی ڕێکخراوەیی دیموکراسی کۆمەڵێك مامۆستای پسپۆڕ وانەی تیا دەڵێنەوە لەوانە: (د. ئەکرەم مهرداد) کە محازەرەکانی لەسەر فەرهەنگی دیموکراسیو ڕێکخراوبونە, هەروەها (جمال حسین) کە تایبەت بەکۆمەڵی مەدەنیو ئیسلامی سیاسیە.

لەبواری ئەم محازەرانەدا (ئالا تاڵەبانی)و (وەزیرە جەلال) دەعوەتکراون بۆ چەند محازەرەیەك سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە بنیاتنانی دەستوردا, هەروەها کاك (مەلابەختیار)یش دەعوەت کرا بۆ محازەرەیەك لەژێر ناونیشانی (تیرۆرو ئیسلامگەرا لەهاوکێشەی دیموکراسیدا).

بۆهەر دانەیەك لەوانەکان مەلزەمەی تایبەت چاپ کراوە. فێربونی زانستی کۆمپیوتەریش, فێربونی ئاستەکانی کۆمیوتەرە وەکو (Dos - Windows - Microsoft Excel - Microsoft Word) و هتد.

ماوەی خوێندنی بەشداربوەکان (٣) کاتژمێرە لەرۆژێکدا, خولەکان بێبەرانبەرە بۆ بەشداربوەکان. لەهەمان کاتدا لەلایەن ڕێکخراوەکەوە هەموو پێویستیەکانی خولەکانیان بۆئامادەکراوە.

لەکۆتایی خولەکەشدا بڕوانامەیەکی تەقدیریان پێدەدرێ.

## کۆڕو سیمناری بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان

بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان, زنجیرەیەك کۆڕو سیمناری لەهۆڵی دیالۆگ بەستووە. دیارە سەرجەم ئەو کۆڕو سیمنارانە, گوزارشتیان لەهەلومەرجە تایبەتی و گشتیەکان کردوە, بەتایبەتیش ئەو روداوە گرنگانەی پێویستیان بەهەڵوەستەکردنی تایبەت هەبووە — هەروەها ئاڕاستەی کۆڕو سیمنارەکان زۆربەی هەرەزۆریان رەخنەئامێز بوون. هەتا سەبارەت بەخودی دەسەڵات و ڕێکخراوەکانیشەوە, کە پێمان وایە, ئەم ئاڕاستانە دەتوانن باشتر رسکان وەبەر رەوتی دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیەت دا بدەن. بۆیە لێرەدا تەنها ناونیشان و رۆژو شوێنی کۆڕەو سیمنارەکان دەخەینەڕوو.

ئەو کۆڕو سیمنارنەی لەسلێمانی یاخود لەدەرەوەی سلێمانی بەستراون:

- رۆژی (١/١٠/٢٠٠٣) بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەب, سیمنارێکی بۆ بەڕێز (هەڵکەوت عەبدوڵلا) سازکرد, لەژێر ناونیشانی (ریفراندۆم دەربڕی بەشداریکردنی سیاسی خەڵکە).
- رۆژی شەممە (١٨/١٠/٢٠٠٣) بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەب سیمنارێکی بۆ بەڕێز (فەرید ئەسەسەرد) سازکرد, لەژێر ناوی (حزب و حزبایەتی لەپێنج ساڵی داهاتوودا).
- رۆژی یەکشەممە (١٩/١٠/٢٠٠٣) بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەب سیمنارێکی بۆ بەڕێز (هەڵکەوت عەبدوڵلا) سازکرد, لەژێر ناوی (بۆچی گۆڕانکاری سەختە؟).
- رۆژی دوو شەممە (٢٠/١٠/٢٠٠٣) بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەب, سیمنارێکی بۆ بەڕێز (ستران عەبدوڵلا) سازکرد لەژێر ناوی (تێگەیشتن لە دەسکەوتە سیاسیەکان لەناو گێژەنی زانیاریەکاندا).
- رۆژی سێ شەممە (٢١/١٠/٢٠٠٣) بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری مەکتەب, سیمنارێکی بۆ بەڕێز (یوسف گۆران) سازکرد, لەژێر

ناوی (کوردو تورکمان, ڕەهەندەکانی بونیادنانەوەی پەیوەندییەکان).

- ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٣/١٠/٢٢) بەشی ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری مەکتەب, سیمنارێکی بۆ بەڕێز (جەمال حسێن) سازکرد لەژێر ناوی (ماناکانی گۆڕان دوا جەنگی ئەمریکا).
- ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠٠٣/١٠/٢٣)بەشی ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری مەکتەب, سیمنارێکی بۆ بەڕێز (توانا ئەحمەد) سازکرد لەژێر ناوی (ماناکانی گۆڕان دوا جەنگی ئەمریکا).
- ڕۆژی (٢٠٠٤/٢/٢٥) بەشی ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری مەکتەب, سیمنارێکی بۆ بەڕێز (ستران عەبدوڵڵا) سازکرد لەژێر ناوی (سێکوچکەی پێشکەوتنی سیاسی).

## کۆڕی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژ

١) ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٤/١/١٨) کۆڕێك بۆ (د.یاسین سەردەشتی) بەناونیشانی (تودەو حکومەتی میللی کوردستان).

٢) ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠٠٤/١/١٩) کۆڕێك بۆ مامۆستا (محمود ملاعزت) بەناونیشانی (جەمهوریەتی کوردستان.. پەندو دەرسی بەردەوام).

٣) ڕۆژی چوار شەممە (٢٠٠٤/٢/١١) کۆڕێك بۆ بەڕێز (چێنەر عەلی جۆڵا) بەناونیشانی (فیدراڵو ئایندەی کوردستان).

٤) (٢٠٠٤/٢/١٨) کۆڕێك بۆ بەڕێز (فەرید ئەسەسەرد) بەناونیشانی (ڕێوشوێنەکانی بەرپەچدانەوەی تیرۆر).

٥) (٢٠٠٤/٢/٢٥) کۆڕێك بۆ بەڕێز (عەتا قەرەداخی) بەناونیشانی (گوتاری کوردی.. گوتاری عێراقی).

٦) (٢٠٠٤/١/٢٥) کۆڕێك بۆ بەڕێز (مەلابەختیار) بەناونیشانی (تیرۆرو ئیسلامگەرا لەهاوکێشەی دیموکراسیدا) لەشاری کەرکوك بەڕێوەچوو.

## دروشم و .. پابەندی سیاسی

دروشم نوسین لە یادەکاندا, ئاماژەی گرنگن بۆ ئەو هەلومەرجەی دروشمەکانیان تیادا بڵاودەکرێنەوە, بۆ زانینی رادەی پابەندی لایەنەکان بە دروشمە بەرزکراوەکانیان. بۆیە هەتا ئێستا دروشمێکی زۆر دەنوسرێن و لەبیردەچنەوە.

پێمان باش بوو لەمەودوا, دروشمی ئەو یاد و ساڵرۆژە نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانیانە, بڵاوبکەینەوە کە پەیوەندیان بە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانەوە هەیە. هەتا لە ئایندەدا بزانرێ ئەم دروشمانە رەنگدانەوەی چ بارودۆخێك و چ ئەرکێکی سیاسی بوون.

لێرەدا دروشمەکانی ( چوارەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان, هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران, حەوتەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ) بڵاودەکەینەوە.

### دروشمەکانی چوارەمین کۆنگرەی
### کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

**پاساو لەبەردەم گۆڕینی فەلسەفەی خوێندن و خوێندنی هاوچەرخ نەما**

- **هەتا فەلسەفەی خوێندن نەگۆڕین, کۆمەڵ دیموکراتیزە ناکرێ.**
- **ئازادی سیاسی و ئازادی ویژدان, دوانەی ژیانی دیموکراسین.**
- **لەسەردەمی جیهانگیریدا, میتۆدی خوێندنی دواکەوتوو, ترسناکە.**
- **دواکەوتنی هەموو گەلێك, سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی دواکەوتوو.**
- **مامۆستایان.. لەباخچەی منالانەوە بۆ زانکۆ, پێویستە لەئاستی سەردەمەکە, مامەڵە لەگەڵ خوێندکار بکەن.**
- **خوێندنی هاوچەرخ, بەخوێندنگاو مامۆستای دواکەوتوو. نایەتەدی.**
- **پەیمانگاو زانکۆ, کانگای پێگەیاندنی تواناکانی خوێندنن, بۆیە پێویستە گۆڕانکاری هەمەلایەنەیان تیا بەدیبێ.**
- **چەسپاندنی خوێندنی کوردی, لەکەرکوك و خانەقین و ژەنگارو دەوروبەریان, ئەرکێکی چارەنوسسازی نەتەوەیی گەلی کوردستانە.**

- کوردستانیەتی کەرکوك و خانەقین، باشترین دەستەبەری برایەتی کوردو تورکمان و عەرەب و کلدو – ئاشورییە.
- چەندە خوێندکار پێویستە بۆ ئاستی سەردەم پەروەردە بکرێن، هێندەش مامۆستاو بەڕێوەبەر پێویستە لە فەلسەفەی خوێندنی هاوچەرخ، شارەزابن.
- پێشکەوتنی خوێندنگاو پێشخستنی مامۆستا، دوو ئەرکی هاوچەرخی ئۆرگانیکین.
- بەدیهێنانی خواستە پیشەییەکانی خوێندکاران، هاندەریانە بۆ بوژاندنەوەی تواناکانیان لە پلەکانی خوێندندا.
- هەتا بەشە ناوخۆییەکان پێش بخرێن، خوێندکاری دەرەوەی شارەکان ئاسوودەتر پێدەگەن.
- تێکەڵبونی کوڕوکچ لەهەموو پلەکانی خوێندن، گرێ دەرونیەکانی خوێندکاران کەمتر دەکاتەوە.
- جلوبەرگی هاوچەشنی خوێندکاران، لەهەموو پلەکانی خوێندن، جیاوازی خوێندکاران کەمدەکاتەوە.
- وەرزش و هونەر، پێویستە بکرێتە بنچینەی پەروەردەو ئاراستەکردنی بەهرەی خوێندکار.

## دروشمەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران

- دابین کردنی دیموکراسی لەسەرانسەری کوردستاندا، دەستەبەری ئازادی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکارانە.
- هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران، سیمایەکی جوانی ئەزموونی دیموکراسی کوردستانە.
- بەدابین کردنی ئازادی سەرانسەری لەکوردستاندا، خوێندکاران دەتوانن لەهەڵبژاردن دڵنیابن.
- ئازادی سەرانسەری کوردستان، مەرجی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرایەتی خوێندکارانە.

- هەموو جۆرە فشارخستنە سەر خوێندکار لەهەڵبژاردنـدا، پێویستە لەلایەن سـەرجەم ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و خوێندکارانی وشیارەوە بەرپەرچ بدرێتەوە.
- سەربەخۆیی کەسایەتی خوێندکار لەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاراندا، بەڵگەی وشیاری خوێندکارانە.
- خوێنـدکارو قوتـابی پێویسـتە لەهەڵبـژاردنی نوێنەرایەتیـدا خـاوەن کەسـایەتی سەربەخۆی وشیاربێت.
- دوور لەچەواشـەکاریو بـەگیانی بـەرزی دیموکراسـی، بانوێنەرایـەتی خوێنـدکاران هەڵبژێرین.
- هـەر دەسـەڵاتدارێك و ڕێکخراوێکـی قوتابیـان و خوێنـدکاران، فشـار بخاتە سـەر هەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی، زیـانی گـەورە بـەناوبانگی دیموکراسـی گەلەکـەمان دەگەیەنێت.
- باهەموو ڕێکخراوەکانی قوتابیـان و خوێنـدکاران، بەئاسـتی شیاوی سـەردەم، مامەڵـە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران بکەن.
- ڕێگە نەدات بەبچوکترین فشار لەلایەن دەسەڵاتەوە، بخرێتـە سـەر هـیچ ڕێکخراوێکـی خوێندکاران و قوتابیان لەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتیدا.
- هەتا ئاڵای ئازادی هەڵبژاردن بشەکێتەوە، پێشکەوتنی شارستانی کوردستان گەشتر دەبێت.
- لەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاراندا، ناکرێت سیاسـەتی تـەعریب لەکـەرکوك و خانەقین و شەنگارو زومارو تەلەعفەرو شارو شارۆچکەکانی تر، بەناوی دیموکراسیەوە حەڵاڵ بکرێ.
- پێویسـتە خوێنـدکارانی کـەرکوك، خانـەقین، دووزخورمـاتوو، سـەعدیە، جەلـەولا، مەندەلی، تازەخورماتوو، شەنگار، تەلەعفەر، زومار، قەرەتەپـە، جـەبارەو تێکـڕای شارە تەعریب کراوەکان، لەهەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی خوێندکارانـدا، دڵسـۆزیان بـۆ گەلی کوردستان بەکوردو عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشوریەوە، بسەلمێنین.
- لەکەرکوك و خانەقین و شارە تازە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، پێویستە ڕێگە نەدەین، نوێنەرانی تەعریب کردنی کوردستان، بەشداری هەڵبژاردنی کوردستان بکەن.
- باشـترین ڕێگەچـارەی کێشـەی تـەعریبی کوردسـتان، گەڕانـەوەی هـەموو عەرەبـەکانی تەعریبە بۆ شوێنی باوو باپیرانیان.

- خوێندکارانی ئامادەیی و دواناوەندی و پەیمانگاو زانکۆی کەرکوك، خانەقین، دووزخورماتوو، جەلەولا، سەعدیە، مەندەلی، پردێ، داقوق، دووبز، حەویجە، تازەخورماتوو، ناحیەی تازەو، سلێمان بەگ، قادر کەرەم.. بەوپەڕی ئازادی بەشداری هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکارانی کوردستان بکەن.
- خوێندکارو قوتابیانی هەولێر، بەشەوق و ئازایەتیەوە نوێنەری ڕاستەقینەیان هەڵبژێرن.
- لەیەکەمین هەڵبژاردنی سەرانسەری نوێنەرایەتی خوێندکارانی کوردستاندا، باخوێندکارانی هەولێر گیانی بەرزی دیموکراسی بکەنە هاندەری بڕیاردانیان.
- لەهەولێری شارە شارستانیەکەی کوردستاندا، خوێندکاران دەبێ لەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتی سەرانسەریدا، بەتەواوەتی ئازادی کەسایەتی خۆیان بەکاربێنن.
- وشیاری هەڵبژاردن.. ئەرکی گرنگی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتییە بۆ خوێندکارو قوتابی.
- هەر خوێندکارو قوتابیەك، لەژێر فشار دەنگ بدا، ئەوا کەسایەتی خۆی لەدەست دەدا.

## دروشمەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ

- دیموکراسی راستەقینە, دەستەبەری ئازادی ویژدانە.
- دوای روخانی رژێم.. یەکنەختستنی ماڵێ کورد هیچ پاساوێکی نەماوە.
- لەئازادیدا هەموو وەرزەکان دەبنە بەهاری داهێنان.
- هەتاباڵای ئازادی بەرزتربێ, دەنگی رەخنە بڵندتر دەبێ.
- ئازارەکانی نیشتمان دەبنە گوڵاڵەسوورە.
- وڵاتێك بۆ ئاوەدانی, سەکۆیەك بۆ داهێنان.